دەزگای
چاپ و
پەخشی
سەردەم

د. ئەورەحمانی حاجی مارف

ڕێزمانی کوردی

chalakmuhamad@gmail.com

بەرگی یەکەم

(وشەسازی)

بەشی پێنجەم

- کردار -

سلێمانی - ٢٠٠٠

د. ئەورەحمانی حاجی مارف

CHAIAK M
00 46 - 704 045 250

ڕێزمانی کوردی

بەرگی یەکەم

(وشەسازی)

بەشی پێنجەم

- کـــردار -

سلێمانی - ٢٠٠٠

- ناوی کتێب: رێزمانی کوردی
- نووسەر: د. ئەورەحمانی حاجی مارف
- بابەت: زمان
- چاپی یەکەم سلێمانی/ 2000
- تیراژ: 300
- ژمارەی سپاردن : (233) ی 2000
- کۆمپیوتەرو چاپی دەزگای سەردەم

زنجیرە کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم (83)

پێشەکی

لە زمانی کوردیدا ناو و کردار بە چەندێتی و هەروەها لە ڕوو و چالاکیدا دوو بەشی هەرە گرنگی ئاخاوتنن ، لەگەڵ ئەوەشدا ناو و کردار لە زۆر ڕووەوە لە یەک جوداوازن :

١- لە ڕووی دەنگەوە .
٢- لە ڕووی وشەڕۆنانەوە .
٣- لە ڕووی وشەسازی‌یەوە .
٤- لە ڕووی ڕستەسازی‌یەوە .

جیاوازیی دەنگ لەوەدایە ، کە لە حاڵەتی گەردانی کرداردا تواندنەوە (Assimilation) بەدی دەکرێ ، وەک : (پاراستن : پاراستم > دەپارێزم ...) ؛ (ڕشتن : ڕشتم > دەڕێژم ...)

... بەڵام لە کاتی دۆخی جیاوازی ناودا ئەو جۆرە دەنگانە ناکەونە پاڵ یەک ، لەبەر ئەوە تواندنەوە ڕوونادات [1]

[1] لێرەدا ئەوەی سەرنج ڕابکێشێ ، ئەوەیە کە ئەم دیاردەیە لە زمانی ڕووسیدا بە پێچەوانـەی کوردی‌یەوەیە - واتە لە کاتی دۆخی جیاوازی ناودا تواندنەوە پەیدا دەبێ و کەچی لـە گـەردانی کرداردا نی‌یە .

جیاوازی لە وشەڕۆناندا لەوەدایە ، کە کردار لە بوونی پێشگردا زۆر دەوڵەمەندە . گەلێ پێشگری جۆربەجۆر هەن ، دەچنە سەر کردار و واتا و شێوەی دەگۆڕن ، وەك (گرتن – هەڵگرتن) ؛ (بوون – دابوون) ؛ (ماڵین – ڕاماڵین) ؛ (چوون –تێچوون) ؛ (کردن – ڕۆکردن)... و گەلێکی دی . پاشگر زۆر یاریدەی ڕۆنانی کردار نادات . لە ناودا بە پێچەوانەوە ، پاشگر دەوری چالاك دەبینێ لە ڕۆنانیدا . بەوێنە (ئاسن – ئاسنگەر) ؛ (نان – نانەوا) ؛ (نیسك – نیسکێنە) ... هەرچەندە پێشگریش هاریکاریی ڕۆنانی ناو دەکات ، بەڵام زۆر کەمە و ئەو دەورە چالاکە نابینێ ، کە لەگەڵ کرداردا دەیبینێ .

جیاوازیی وشەسازیی نێوان ناو و کردار لە دۆخ و گەردانداییە ، واتە گۆڕانی کردار بە گوێرەی کەس و کات ... و ناو بەسەر ڕاستەوخۆ و تیان... دا . پێویستە ئەوەش لەبیر نەکرێ ، کە لە کرداردا دوو بنەما هەیە : قەد و ڕەگ...

لە ڕووی ڕستەسازی‌یەوە جیاوازییان لەوەدایە ، کە کردار بەشێوەییەکی سەرەکی وەك گوزارە خۆی دەنوێنێ ، بەڵام ناو وەك نیهاد دەردەکەوێ ...

* * *

کردار لە زمانی کوردیدا خاوەنی تایبەتێتی حاڵەتی کەس (یەکەم ، دووەم ، سێیەم) ؛ ژمارە (تاك ، کۆ) ؛ کات (ڕانەبوردوو : ئێستا ، ئایندە ؛ ڕابوردوو : نزیك ، بەردەوام ، تەواو ، دوور) ؛ ڕێژە (ئیخباری ، ئینشائی ، داخوازی) ؛ ئەرێتی و نەرێتی ؛ تێپەڕی و تێنەپەڕێتی ؛ کارا دیاری و کارا

بزری ؛ سادەیی و ناسادەیی (داڕێژراو ، لێکدراو) ؛ ڕەگ و قەدە... و هەوڵ دەدەین لەم کتێبەدا لە سەرپاکی ئەو باسانە بکۆڵینەوە .

بێگومان هیچ زێدە ڕۆیی نییە ، ئەگەر بڵێین ، ئەو کارانەی لەو مەیدانە جۆربەجۆرانەی لێکۆڵینەوەی (کردان)دا کراون ، گەلێك لەوانە زیاترن ، کە دەربارەی بەشە ئاخاوتنەکانی دی هێنراونەتە بەرهەم . سەبارەت بەو باسە ، وێڕای سەدان لاپەڕە و دەیان وتار و چەندین کتێبی سەربەخۆ و نامەی دوکتۆری و نامەی ماجیستێر بڵاوکراونەتەوە . جا لەبەر زۆریی ئەو لێکۆڵینەوانە ، وەك بەشی یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەمی بەرگی یەکەمی ئەم کتێبەمان "کورتە هەڵسەنگاندنێکی ئەو کارانەی لە مەیدانی لێکۆڵینەوەی (کردان)دا کراون" نەبووە فەسڵێکی تایبەتی ... ئەو کورتە هەڵسەنگاندنە ، کە پتر لە دوو سەد لاپەڕەی گرتبووەوە ، بەداخەوە ، لەبەر کێشەی چاپ ، ناچار بووین لێی لادەین . ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی لە لایەکەوە هەوڵ و کۆششی پێشڕەوانی ئەو بوارە دەرنەکەوێ و ڕووی باشیی کاریان نەخرێتە بەرچاو و کەم و کورتی و ناتەواوییان چارەسەر نەکرێ...[٢]

هیوامە خوێنەری هێژا لەسەر کارێك گلەییم لێ نەکا ، کە لە دەستی خۆمدا نەبێ ... ئاواتمە ئەم نێو چەپکە گوڵەم لێ وەرگرێ و بەختەوەرم بکا ...
بەڵێن بێ دەسکە گوڵی گەورەتر و جوانتری بۆ بچنم .

د. ئەورەحمانی حاجی مارف

---

[٢] ڕەنگە هەندێ پەراوێزی ئەم بەرهەمە و لیستەی سەرچاوەکان کەمێ جێی نەبوونی فەسڵی یەکەم - "کورتە هەڵسەنگاندنێکی ئەو کارانەی لەمەیدانی لێکۆڵینەوەی (کردار)دا کراون" - پڕ بکاتەوە .

کێشەی کردار

لەبەر زۆریی ئەو لێکۆڵینەوانەی دەربارەی کردار لە زمانی کوردیدا کراون ، ڕەنگە بیر بۆ ئەوە بچێ ، کە کێشەکانی کرداری کوردی باش ساغ کرابنەوە ... بەداخەوە ، بەو چەشنە نییە و گەلێ لایەن لە سیستەمی کرداری زمانی کوردیدا هێشتا بە ناڕاشکرایی ماونەتەوە . لەگەڵ ئەوەدا کە سەدان لاپەڕە و دەیان وتار و کتێب لەبارەی باسی هەمەچەشنییەوە بڵاوکراوەتەوە ، کەچی هەندێ لایەنی بە هیچ جۆرێ ڕووناکی نەگەیشتووەتێ .

لە ڕاستیدا باش تێگەیشتنی ئەم سیستەمە ڕێگە بۆ تێگەیشتنی سەرپاکی پێکهاتنی ڕێزمانیی زمانی کوردی و یاسا ناوخۆییەکانی پێشکەوتنی خۆش دەکات ، چونکە کردار لە پێکهاتنی ڕێزمانیی زمانی کوردیدا جێگەیێکی دیار و گرنگی هەیە ، وەك : مەودای بەرفراوانی بەکارهێنانی و فۆرمی زۆر و جۆربەجۆری و دەوری لە سازکردنی ڕستەدا ... وێڕای بایەخی گەورەی بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی پێکهاتنی ڕێزمانی بە گشتی و تێگەیشتنی یاسای ناوەکی و پێشکەوتن و گەشەکردنی بەتایبەتی ،

هەروەها لە پێشخستنی کاری فەرهەنگنووسیشدا جێ‌پەنجەی لێکۆڵینەوەی کردار بە ئاشکرا دیارە .

ئەو کێشە گرنگانەی لە لێکۆڵینەوەی سیستەمی کرداری کوردیدا تا ئەمڕۆ بە تەواوی نەگەیەنراونەتە ئەنجام ئەمانەن :

١-کێشەی سنووری کردار وەك دانەیێکی لێکسیکی .

٢-کێشەی سیستەمی حاڵەتی کردار .

٣-کێشەی سیستەمی فۆرمی ڕێزمانیی کردار .

٤-کێشەی پێکهاتنی وشەسازی (مۆرفۆلۆژی)ی کردار

-١-

کێشەی سنووری کردار وەك دانەیێکی لێکسیکی

کێشەی سنووری کردار وەك دانەیێکی لێکسیکی هەرچەندە لە ڕوویەکەوە وەك کۆمەڵە پێوەندییێکی یەكگرتوو خۆی دەنوێنێ ، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا بەسەر چەند یاسایێکی تایبەتی خاوەن خاسیەتی جیاوازدا دابەش دەبێ :

یەك – مەسەلەی پێوەندیی نێوان پێکهاتنی بنەمای جیاوازی کردار ، کە بەپێی واتای خودی بنەمای کردارەکە ، یاخود بەپێی بەکارهێنانی گیرەکەوە جیاناکرێنەوە .

لەنێو ئەم پێوەندییانەدا پەنجە بۆ پێنج حاڵەتی سەرەکی ڕادەکێشین :

أ) پێوەندیی نێوان ئەو پێکهاتنانەی تەنیا بەپێی حاڵەتی کەس و ژمارەوە جیادەکرێنەوە . بۆ نموونە :

من	دەخۆم
تۆ	دەخۆی(یت)
ئەو	دەخوا(ات)
ئێمە	دەخۆین
ئێوە	دەخۆن
ئەوان	دەخۆن

ب)

١- پێوەندیی نێوان پێکهاتنی گوزارەیی ، کە جیاوازیی حاڵەتێك لە حاڵەتەکان نیشان بدا (جگە لە حاڵەتی کەس و ژمارە). بەوێنە ، وەك پێوەندیی نێوان کات و ڕێژە :

من دەخۆم ... خواردم ... خواردبام

٢- پێوەندیی نێوان پێکهاتنی نیهادی ، کە لە ڕووی جیاوازیی خاسیەتی ناوەوە جیاوازی نەکا . بۆ نموونە :

دان — دراو ...

نووسین — نووسراو...

ج) پێوەندیی نێوان پێکهاتنی نیهادی ، کە لە ڕووی خاسیەتی ناوییەوە جیاوازی نیشان دەدا . وەك :

دان — بدە .

نووسین — نووسەر .

د) پێوەندیی نێوان گوزارە و پێکهاتنی نیهادییێکی زۆر لێوە نزیک . وەك پێوەندیی نێوان چاوگ و ناوی کارا و ناوی بەرکار...

ه) پێوەندیی نێوان پێکهاتنی پێشگر لەگەڵ پێکهاتنی نیهاد . وەك هەڵگر ، پێ‌خۆر ، وەرگێڕ...

بەهۆی بوونـی ئـەو حاڵەتـە جیاوازانـەوە ، پێویسـتـە پەنجە بۆ ئـەوە ڕابکێشین ، کـە دوو حاڵـەتی دوایـی (بەتایبـەتی حاڵـەتی "د") لـە هـەموان گرانتر و پڕکێشەترە .

لـە حاڵـەتی (أ) دا ئـەو پێوەندی‌یـە دەبینـین ، کـە ڕەنگـە وەك ڕێگـەیێکی کلاسیکی دیاری کرابێ ، کە ئەویش پێوەندیی نێوان فۆرمی جیـاوازی یـەك وشەیە : لە کرۆکی ئەم پێوەندی‌یەدا ، مەفهوومی گۆڕینی وشە بنەمایە . بە واتـایێکی دی هـاوجووتیی وشـە لـە فۆرمـی جیـاوازیدا ، یـاخود وشـە وەك دانـەیێکی فۆرمـەکانی ڕێزمـانی . ئـەم پێوەندی‌یـە وەك پێوەندیـی نێـوان دوو وشەی جیاواز نی‌یە و خاسیەتەکانیشی ڕوونتر و ئاشکراتر خۆیان دەنوێنن . ئەگـەر لـە حاڵـەتی (أ)دا مەسـەلەکە نیشـانەی نیسبی‌ی ڕووت بـێ ، ئـەوە لـە حاڵەتی (ب)دا مەفهوومی نیسبی چەسپاوە . بەوێنە پێوەندیی واتایی نێوان دوو کاتی جیاوازی کردارێك ، کە هاوجووتی لە مانای بنەمایاندا هەبێ ، وەك (گەڕام – دەگەڕێم) ، بە هیچ چەشنێك لەو پێوەندیی واتایی‌یە ناچێ ، کە لە نێوان دوو کرداری خاوەن پێکهاتنی جیاوازی وەك (گەڕام ، کڕیم)دا هەیە . لە کرداری (گەڕام – دەگەڕێم)دا لەتەك پێوەندیی هاوجووتیی و هاوشانیی واتـای بنـەمای کردارەکـەدا ، هـەروەها خـاوەنی پێوەندیـی هـاوجووتی و هاوشـانیی تەواوکردنی واتان . بۆ نموونە (ئەوان) گەڕان ، (ئەوان) دەگـەڕێن ، نـەك هـەر لـە ڕووی یەکێتیی واتاوە – (گەڕان) پێکەوە بەندن ، بەڵکو لەو ڕووەشەوە کە لە ئاخاوتندا خـاوەنی گشتیی واتـای گوزارەیین ، جـا بـا لـە هـەر حاڵـەتێکی

ڕێزمانیشدا بن : (دەگەڕێن) و (گەڕان) لە (ئەوان دەگەڕێن) و (ئەوان گەڕان)دا ، ئاشکرا دیارە ، کە وەك یەك گوزارە ڕادەگەیەنن ، بێ ئەوەی گوێ بدرێتە یەکێتیی ڕادەیان . ئەم مەسەلەیە پێوەندیی بەرانبەر ڕاوەستانی "دەگەڕێم"ی تاکی "دەگەڕێن"ە لەگەڵ یەکتردا و "گەڕام"یش لە هەمان کاتی "دەگەڕێم"دا نی یە .

لە حاڵەتی (ج)و بەتایبەتی لە حاڵەتی (د)دا پێوەندیی نێوان پێکهاتنی جیاواز ، بێگومان پتر لەیەك دوورن ، چونکە ئەو پێکهاتنانە تەواو پێکەوە نەبەستراون . ڕاستە ، چاوگی (دان ، نووسین...) و ناوی بەرکار (دراو ، نووسراو...) تا ڕادەیێك لە یەك نێزیك دەبنەوە ، ئەویش لەوەدا ، کە هەردووکیان بریتین لە فۆرمی نیهاد ، بەڵام ئەو لە یەکتر نێزیك بوونەوەیە لە بوارێکی یەکجار گشتیدایە . هەرچی ئەو لە یەکتر نێزیکیەشە ، گەلێك لەو جیاوازییە کەمترە ، کە وەك بەشە ئاخاوتنی جیاواز خۆیان دەنوێنن : چاوگ خاسیەتی ناوی تێدایە و ناوی چاوگیش خاسیەتی ئاوەڵناوی هەیە . بەو پێیە – واتە چاوگ و ناوی بەرکار وەك بەشە ئاخاوتن لەیەك دوورن و تەنیا لەباری یەکێتیی بناغەوە بەیەکەوە بەندن .

حاڵەتی (د) ، کە جیاوازیی نێوان تاکە تاکەیە ، ئەو پێکهاتنانە دەگرێتە خۆ ، کە بە واتای گوزارەیی ، یان نیهادی یەك ناگرن . لەبەر ئەوەی گوزارە بە زۆری وەك خاسیەتی کردار جیادەکرێتەوە ، بۆیە نیهاد – واتە فۆرمی ناوی گەلێ جار لەگەڵ سیستەمی فۆرمی کردار دانانرێ . ئەمەش سەربەخۆ جیاکراوەتەوە و لە زووشدا وەك بەشە ئاخاوتنێکی تایبەتی تەماشادەکرا ... کەچی لەگەڵ ئەوەشدا لە زماننا‌سیی پراکتیکیدا ؛ لە ڕێزمانی پراکتیکی و فەرهەنگدا ، چاوگ و ناوی بەرکار و ناوی کارا و ناوی ئامێر و ناوی چاوگ و ناوی جێگا ... وەك فۆرمی کردار تەماشادەکرێن .

هەرچی حاڵەتی (ە)ە ، لێکۆڵینەوە لێی بایەخێکی گەورەی هەیە لە تەماشاکردنی کێشەی گشتیی سنوورەکانی کرداردا وەك یەك وشە ، چونکە ئەو جۆرە پێکهاتنانە ، پێکهاتنی هەرە نێزیکن لە کردارەوە .

دوو – مەسەلەی شیکاری (تحلیلی)ی فۆرمی کردار ، یان کێشەی سنوور لە نێوان شیکاریی فۆرمی کردار و یەکگرتنی دوو فۆرم یان پتر .

ئەم مەسەلەیە بەتەواوی جیاوازیی نێوان شیکاریی فۆرمی وشە و یەکگرتنی نامەنتیقی وشە دیاری دەکا .

سێ – مەسەلەی سنووری واتایی وشە لە بواری کرداردا .

ئەم کێشەیە خاسیەتێکی تایبەتی وەردەگرێ و بەسەر چەند بابەتێکدا دابەش دەبێ . بۆ نموونە :

واتای تێپەڕاندن و واتای تێنەپەڕاندن

واتای کارا دیاری و واتای کارا بزری

-٢-

کێشەی سیستەمی حاڵەتی کردار

کێشەی سیستەمی حاڵەتی کردار بەسەر دوو مەسەلەی بنەڕەتیدا دابەش دەبێ :

١- مەسەلەی حاڵەتی لێکسیکی و حاڵەتی لێکسیکی ڕێزمانیی کرداری کوردی .

لێرەدا مەبەست لە حاڵەتی لێکسیکی ، ئەو جۆرە دانە زمانییانە خاوەن خاسیەتە گشتییانەن ، کە لە بەراوردکردنی تایبەتێتی واتایی دیاری کراوی

دوو وشە ، یاخود پتردا بەدەردەکەون . ئەگەر ئەو بەراوردکردنە ، لە هەمان کاتدا پێوەندیی بە مەسەلەی ڕێزمانیشەوە هەبوو – واتە بە باری گۆڕان و یەک کەوتنی وشە لە ڕستەدا – ئەوە ئەو حاڵەتەی لێی پەیدا دەبێ ، حاڵەتێکی لێکسیکی – ڕێزمانییە . بۆ نموونە ، لە بەرانبەر یەکتر ڕاکرتنی سیستەمی کرداری کوردیدا ، وشەی وەک (خواردن) و (خواردنەوە) ؛ (نوستن) و (نوستنەوە)... حاڵەتێکی لێکسیکیی ئاشکرا دەبینرێ ، کە دەکرێ وەک حاڵەتی گۆڕینی مەفهوومی وشە دووبارە بوونەوەی پرۆتسێس دیاری بکرێ ، چونکە لەم حاڵەتەدا جیاوازیی نێوان وشەکان بە حاڵەتی ڕێزمانییەوە بەند نییە . ئەم حاڵەتە ، حاڵەتی لێکسیکی (ڕووت)ە. بەڵام ئەگەر بڵێین : (من) خواردم ؛ (من) ئاوم خواردەوە ... گۆشتەکە خورا ؛ ئاوەکە خورایەوە... ، ئەوە ئەم بارە ، حاڵەتی لێکسیکی –ڕێزمانییە ، کە دەشێ بە حاڵەتی دیاری کردنی (کارا و بەرکار) ناوببرێ . لێرەدا جیاوازیی نێوان وشەکان پێوەندی بە جیاوازیی خاسیەتی ڕێزمانییەوە هەیە .

٢–مەسەلەی سیستەمی حاڵاتی ڕێزمانیی کردار .

لەم پرۆتسێسەدا دوو باس جیادەکرێتەوە :

ا) مەسەلەی پێکهاتنی حاڵاتی ڕێزمانی – واتە دیاری کردنی حاڵەتە ڕێزمانییەکانی زمانی کوردی (بۆ نموونە : لە زمانی کوردیدا حاڵەتی کارا بزر هەیە یان نا ؟ ئەگەر هەیە خاسیەتەکانی چین ؟) .

ئەوەی لێرەدا لەبارەی حاڵاتی ڕێزمانییەوە مەبەستە ، دەرکەوتنی جیاوازییە لە ئەنجامی بەراوردکردنی فۆرمی جیاوازی تاکە وشەیەکدا ، نەک جیاوازیی وشەی هەمەجۆر .

ب) مەسەلەی پێوەندیی نێوان حاڵاتی جیاجیای ڕێزمانی .

لێرەدا مەبەست لەو بارودۆخەیە ، کە حاڵەتێکی ڕێزمانی ، یان دانەییکی ڕێزمانی لە سیستەمی کرداردا هەمیشە بەپێی پێوەندی بە حاڵەتێکی دیاری

کـراوی ڕێزمانی‌یـەوە ، یـان دانـەیێکی دی دیـاری کـراوەوە دەردەکـەوێ و بێگومان حاڵەتێکی ڕێزمانیی سێیەم نیشان دەدا ... بـۆ نموونـە لـە زمـانی کوردیدا کردار کە جێناوی لکاو وەردەگرێ پێوەندیی بە کات و هێز (تێ‌پەڕی و تێنەپەڕی)یەوە هەیە .

-٣-

کێشەی سیستەمی فۆرمی ڕێزمانیی کردار

کێشـەی سیسـتەمی فۆرمـی ڕێزمـانیی کـردار ، یـان بـە واتـاییکی دی نەخشەی کێش و پێوانەی کردار پێوەندی‌ییکی توند و تۆڵی بەو کێشـانەوە هەیە ، کـە لـە سـەرەوە باسمـان کـردن . بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا ، دەشـێ وەك کێشەییکی سـەربەخۆ جیـا بکرێتـەوە ، چونکـە خـاوەنی خاسیـەتی تایبـەتی خۆیـەتی ، کە بریتی‌یە لە کۆکردنەوە و یەك خستنی ئەنجامی ئەو کێشانەی پێشتر لێیان دواین ... بۆیە باسی فرەواتایی (Polysemantic) و هاوبێژی (Homonym) فۆرمی ڕێزمانیی کردار مەسەلەی بنەڕەتیی ئەم کێشەیەیە . بۆ نموونە (دەچن) لە (ئێوە دەچن بۆ قوتابخانە)دا و (دەچن) لە (ئەوان دەچن بۆ قوتابخانـــە)دا . ئەگـــەرچی وتنـــی (دەچـــن) لـــە هـــەردوو ڕســـتەکەدا یەکە ، بەڵام گومانیش لەوە ناکرێ ، کە لێرەدا مەبەست یەك فۆرمی ڕێزمانی نی‌یە ، بەڵکو دوو فۆرمی ڕێزمانیی جیاوازە و پێوەندی‌یان لەگەڵ یەکتردا هەر ئەوەندەیە ، کە هاوبێژی یەکدین . (دەچن)ی ڕستەی یەکەم ، کەسی دووەمی کۆیە و (دەچن)ی ڕستەی دووەمیش بۆ کەسی سێیەمی کۆیە .

-٤-

کێشەی پێکهاتنی وشەسازیی کردار

کێشەی پێکهاتنی وشەسازیی کردار ، ئەم باسانە دەگرێتەخۆ :

ا) باسی کەرەستەی گۆڕینی کردار .

ب) باسی کەرەستەی ڕۆنانی کردار .

لە تەماشاکردنی بەشە ئاخاوتنەکانی دیدا بینیمان ، کە هەر بەشە ئاخاوتنێك هەمیشە بە ڕوونی بەم یان بەو حاڵەتی وشەسازیەوە بەندە ، کە بریتی‌یە لە خاسیەت و تایبەتێتی ئەو بەشە ئاخاوتنە : ناو — ژمارە ، ڕەگەز... ؛ ئاوەڵناو — پلە... هتد .

بێگومان ، ئەو حاڵەتانەی کردار پێکەوە دەبەستن و دەیانکەنە بەشە ئاخاوتنێکی سەربەخۆ ، پێویستە لە کرداردا بۆی بگەڕێین . جا بەجێ هێنانی ئەو کارە وەنەبێ شتێکی ئاسان بێ .

وەك باوە ، خاسیەتی کردار لە حاڵاتی (کەس) و (کات) و (ڕێژە)دا تەماشا ئەکرێ . بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ، ئەو حاڵەتانە تەنیا بەشێکی فۆرمی کردارن و بۆیە ناتوانن ببنە کەرەستەی جیاکەرەوەی کردار وەك بەشە ئاخاوتنێك . لە ڕاستیدا ، ئەگەر بۆ نموونە وادابنرێ ، کە حاڵەتی کەس خاسیەتی وشەسازیی کردار دیاری ئەکا ، ئەوە ئەبێ بەرانبەر بە چاوگ و ئەو وشانەی لە چاوگەوە وەرئەگیرێن و فۆرمی کەس جیایان ناکاتەوە ، چی بڵێین ؟ وێڕای ئەوە ، حاڵەتی کەس وەنەبێ لە هەموو زمانێکدا هەبێ .

حاڵەتی کات زۆر جار وەك خاسیەتی تایبەتی کردار تەماشا دەکرێ ، لەبەر ئەوەی کردار پرۆتسێس ڕادەگەیەنێ و پرۆتسێسیش لە سنووری کاتدا کاردەکا . بەڵام ئەمە ، ئەوە ناگەیەنێ ، کە بوونی حاڵەتی ڕێزمانیی کات هەمیشە دەبێ لە کرداردا هەبێ .

وەك دەزانین ، حاڵاتی ڕێزمانی لە ڕێی بەرانبەر یەکتر ڕاگرتنی هەندێ (بەلای کەمەوە دوو) فۆرمەوە دەردەبڕدرێ . بەبێ ئەو بەرانبەر یەکتر ڕاگرتنە ناشێ حاڵاتی ڕێزمانی دیاری بکرێ . بە نموونە ، حاڵەتی دۆخ ، دەمێ پەیدا دەبێ ، کە فۆرمی دۆخی حاڵاتی جیاواز هەبێ . ئەگەر لە زماندا تەنیا یەك (دۆخ) هەبێ ، ئەوە لە ڕاستیدا ناکرێ ناوبنرێ دۆخ . بەو پێیە ، ناشێ باسی حاڵاتی ڕێزمانیی دۆخ بکرێ . بەو جۆرە ، ئەگەرچی بیری کات ڕاستەوخۆ کەوتووەتە مەفهوومی کردارەوە و لەبەر ئەوەی لە کرداردا هەیە ، دەکرێ لە حاڵەتی ڕێزمانیی کات بکۆڵرێتەوە و بۆ ئەمەش پێویستە چەند فۆرمێکی کات بەرانبەر یەك ڕابگیرێن . ئەو جۆرە بەرانبەر یەکتر ڕاگرتنەی سێ فۆرم — ئێستا و ڕابوردوو و ئایندە — خاسیەتی ڕێژەی ئیخباریە . لە ڕێژەی داخوازیدا ئەو بەرانبەر یەکتر ڕاگرتنە ناکرێ و حاڵەتی ڕێزمانی کات لە ڕێژەی داخوازیدا نیە . لە ڕووی حاڵەتی کاتەوە ناکرێ بوترێ (بنووسە) کاتی ئایندەیە یان ئێستایە (لێرەدا واتای فۆرمی حاڵەتی داخوازیی کاتی ڕابوردوو لادەبا) . لە ڕێژەی تیانیشدا حاڵەتی ڕێزمانیی کات نیە . هەموو ئەمانە ، لە ڕاستیدا شاهیدی ئەوە دەدەن ، کە حاڵەتی کات نەك هەر لە حاڵەتی نیهاد (ناو)ی‌دا نیە ، بەڵکو لە هەندێ باری گوزارەیی‌یشدا وەك حاڵەتی گشتیی کردار دەرناکەوێ .

هەرچی حاڵەتی ڕێژەیە پێوەندیی تەواوی بە فۆرمی گوزارەیی‌یەوە هەیە . ناوەرۆکی بنەڕەتیی گوزارەیی بریتی‌یە لە پێوەندی دیاردەیێك بە واقیعەوە —

گوزارەوە . ئەو جۆرە پێوەندی‌یانە لە فۆرمی نیهادی (ناوی)دا نی‌یە ، کە تەنیا ناوی پرۆتسێس ، یان دیاردە دەبەن .

بەم چەشنە ، حاڵەتی ڕێژە لە فۆرمی گوزارەیی‌دا دەوری بنەڕەتی دەبینێ ، بەڵام لە حاڵەتی نیهادی‌دا دەرناکەوێ . لەبەر ئەوە حاڵەتی ڕێژەش ، هەروەك حاڵەتی کەس و کات ناکرێ بە خاسیەتی سەرجەمی کردار دابنرێ .

ئەوەی پتر گشت فۆرمی کردار بگرێتە خۆ ، حاڵەتی کارا دیاری و کارا بزری‌یە ، کە بە شێوەیێکی یەکجار توند پێوەندی بە دەربڕینی پێوەندیی نێوان پرۆتسێس و بابەتی ئەو پرۆتسێسەوە هەیە . هەر فۆرمێکی کردار ، یان کارا دیارە ، یان کارا بزرە . لە هەر فۆرمێکی کرداردا بە ئاشکرایی دیارە ، چۆن ئەو پرۆتسێسە ، یان ئەو دیاردەیە ، بەو بابەتەوە بەندە و چۆن خاسیەتی نیشان داوە . ئەگەر بابەتە دیارخراوەکە وەك سەرچاوەی پرۆتسێس نیشان درابێ ، ئەوە کردار لە فۆرمی کارا دیاری‌دا خۆی دەنوێنێ . بەڵام ئەگەر بابەتە دیارخراوەکە بریتی‌بێ لە بەرکاری ڕوودان ، کە لە دەرەوە ئاڕاستە کرابێ ، ئەو دەمە کردار فۆرمی بزر وەردەگرێ .

چاوگ

لە زمانی ئاوێستادا کردار فۆرمی تایبەتی و گشتیی چاوگی نییە . بۆ ڕاگەیاندنی واتا و ئەرکی چاوگ فۆرمی هەمەجۆری دۆخی تیانی ناوی ڕوودان لە کاردان . لە نێو ئەو دۆخانەدا زەحمەتە بتوانرێ فۆرمێك دیاری بکرێت ، کە بووبێتە چاوگ و چووبێتە سیستەمی کردارەوە . یەکەم نیشانەی ئاسایی ئەو جۆرە دیاری کردنە ، بریتییە لە کرداری ئاڕاستە و ئەویش ناتەواوە : لە زمانی ئاوێستادا گەلێ لەو ناوانەی لە کردارەوە کەوتوونەتەوە ، هێزی کرداریان تێدا پارێزراوە : "یەت بە ڤانی ئەیوی ڤەنیا (ئەبی – ڤەن – یاس)... ئەژیم دەهاکەم" – واتە (بوومە سەرکەوتوو)

یاخود ناوی ڕوودان لە دۆخی بەرکاریدا دەبێتە تەواوکەری ڕاستەوخۆ . وەك (ڤەیدیەم) ، (مەنثرەم) .

لەبەر ئەوە دیاریکردنی چاوگ کەم یا زۆر لە جغزی گومان و نادیاریدا دەمێنێتەوە . جا لە نێو ئەو حاڵەتانەدا ، کە پتر پشتی پێ ببەسترێ ، ئەم فۆرمانەی خوارەوەن :

١–فۆرمی بەرکاری ناڕاستەوخۆی ناوی ڕوودانی هەمەچەشن و بەتایبەتیش ئەوانەی (–تی)یان تێدایە . وەك :

(سەپتەیەی ، سوپتەیەی)

٢–فۆرمێکی تایبەتی ، کە ئەویش هەر لە فۆرمی بەرکاری ناڕاستەوخۆوە کەوتووەتەوە ، بەڵام لە دۆخەکانی دیدا هاوڕێنەیان نییە و بۆیە وا

بڕدەکەینەوە ، حاڵەتی هەرە نێزکی‌یان لە بۆچوونمانەوە بۆ چاوگ ئەوانەن ، کە لە ڕەگی کردارەوە وەرگیراون و کۆتاییان بە (–دیای) هاتووە :

"جەی دیای" (کوشتن)

"فۆیددیای" (زانین)

... هتد .[1]

چاوگ لە زمانی فارسیی ناوەڕاستدا بریتی‌یە لە قەدی کرداری ڕابووردوو و + نیشانەی (– ەن) : "کەرتەن" (کردن) ؛ "ڕەفتەن" (ڕۆیشتن) ؛ "گوفتەن" (گوتن) .[2] لە ڕووی واتاوە چاوگ لە هەمان کاتدا (ناوی ڕوودان)یشە و لەبەر ئەوەشە لەگەڵ پێشبەند و پاشبەنددا بێت .

وێڕای ئەوە لە زمانی فارسیی ناوەڕاستدا چاوگ فۆرمی کورت (بێ نیشانەی "– ەن")یشی هەیە ، کە لەگەڵ قەدی کرداردا هاوشانن . وەك : "کەرت" (کردن) ؛ "گوفت" (گوتن) ؛ "ڕەفتن" (ڕۆیشتن) ... ئەم جۆرە فۆرمەش بەتەنیا بەکار نایەت و لەگەڵ کرداری دی‌دا دێت .[3]

---

[1] س. ن. سۆکۆڵۆف، زمانی ئاوێستا، مۆسکۆ، ۱۹٦۱، ل ۱۰۵ –۱۰٦.

[2] ئەگەر لەباری مێژوویی‌یەوە بۆ ئەو کێشەیە بچین ، نیشانەی چاوگ لە زمانی فارسیی ناوەڕاستدا پێویستە (–تەن) بێ (لە "تەنەیی"ی فارسیی کۆنەوە) ، بەڵام بەپێی یەکسان بوونی پلەی بەهێزی و پلەی بێ هێزیی زووی ڕەگ و جیاکردنەوەی بنەمای کاتی ڕابوردوو وەك مۆرفێمێکی تایبەتی لە زمانی فارسیی ناوەڕاستدا بزووتنەوەیێکی وشەسازی سنووری ناوخۆی چاوگ ڕووی دا ؛ دەنگی (ت) هاتە سەر بنەما و کۆتایی چاوگ بوو بە (–ەن) . بەڵگەی ئەم ئەنجامەشمان ئەوەیە ، کە پارچەی (کەر) لە کرداری (کەرتەن)و (ڕەف) لە کرداری (ڕەفتەن) و (گوف) لە کرداری (گوفتەن) و (دا) لە کرداری (دانەن) ... دا لە زمانی فارسیی ناوەڕاستدا لە خودی خۆیاندا ناتوانن لە وشەگۆڕی و وشەڕۆنانی کرداردا هاریکاری بکەن . خۆ ئەگەر وەك پارچەیێکی وەسفی‌یش تەماشا بکرێن ، ئەوە نابنە دانەیێکی وشەسازیی واتادار.

[3] ف. س. ڕاستۆرگویڤا ، زمانی فارسیی ناوەڕاست ، مۆسکۆ ، ۱۹٦٦ ، ل ۱۱۷ – ۱۱۸.

لە زمانی موجانی‌دا چاوگ لە قەدی کرداری ڕابوردوو و نیشانەی (– ا) یان (– ان) پێک دێ . وەک : "نێوست + ا / ان – نێوستا / نێوستان" (دانیشتن) .[٤]

لە هەموو دیالێکتەکانی کۆمەڵی زمانە شوگانۆ – ڕووشانی‌یەکاندا چاوگ فۆرمی کورت و فۆرمی تەواوی هەیە . فۆرمی کورتی چاوگی زوربەی کردارەکان لەگەڵ قەدی کاتی ڕابوردووی کرداردا وەک یەکن . بەوێنە : "نڤشت ، نەڤشت" (نووسین) ... هەرچی فۆرمی تەواویشە بەیاریدەی نیشانەی (– ۆو ، – ەو) پێک دێ ، وەک : "نڤشتۆو ، نەڤشتەو " (نووسین) ...[٥]

لەزمانی یازگولیامی‌دا چاوگ لە ڕەگی کاتی ئێستای کردار و نیشانەی (–ەژ) پێک دێ . وەک : "لەڤەژ" (گوتن) ؛ "مەرەژ" (مردن) ...[٦]

لە زمانی ڤاخانی‌دا چاوگ بە ئیزافەکردنی نیشانەی (– اك) یان (– ن) بۆ سەر ڕەگی کاتی ئێستای کردار پێک دێ . وەک : "گز + ا ك – گزاك" (هەڵستان) ، "جەڕ + اك – جەڕاك" (کردن) ؛ "ژۆی + ن – ژۆین" (خوێندنەوە)...[٧]

چاوگ لە زمانی بلووجیدا لە ڕەگی کاتی ئێستای کردار و نیشانەی (– ەك) پێک دێ . وەک : "گر + ە ك – گرەك" (بردن) ؛ "ژەن + ە گ– ژەنەگ" (لێدان) ...[٨]

---

[٤] ت. ن. پاخالینا ، زمانە پامیری‌یەکان ، مۆسکۆ ، ١٩٦٩ ، ل ١٤٩ .

[٥] هەمان سەرچاوە ، ل ٤٠ .

[٦] هەمان سەرچاوە ، ل ٧١ .

[٧] هەمان سەرچاوە ، ل ١٠٤ .

[٨] ف . ئا . فوروژۆڤا ، زمانی بلووجی ، مۆسکۆ ، ١٩٦٠ ، ل ٥٦ .

نیشانەی چاوگ لە زمانی فارسیی نوێدا "- تن" و "- دن"ە و ئەگەر (ن) لابرێ کاتی ڕابوردوو پەیدا دەبێ :

بستن ، فروختن ، زیستن ....

بردن ، کندن ، زدن ...[9]

لە زمانی ڕووسیدا چاوگ کۆتایی بە دەنگی (ت) یان (تی) دێ ...[10]

* * *

لەم کورتە گەشتەدا تێبینی دوو دیاردە دەکەین :

یەك:

هەندێ نووسەر وا باسەکەیان دامەزراندووە، کە چاوگ لە ڕەگ یان قەد ونیشانەی چاوگ پێکهاتبێ و برێ نووسەری دی بەپێچەوانەوە دەڵێن ، ئەگەر نیشانەی چاوگ لە چاوگ بکرێتەوە قەد پەیدا دەبێ - واتە ئەوە ساغ نەکراوەتەوە ، کە چاوگ سەرچاوەی کردارە ، یاخود چاوگ خۆی لە کردارەوە وەرگیراوە .

هیچ نووسەرێکی ڕێزمانی کوردی‌یش نەیتوانیوە ئەوە ساغ بکاتەوە ، کە چاوگ سەرچاوەی کردارە یاخود چاوگ خۆی لە کردارەوە وەرگیراوە ، چونکە ئەم باسە تابڵێی گرانە و وێڕای ئەوەش ئاسۆیێکی ڕوون نی‌یە بتوانرێ لەبەر

---

[9] ذو النور ، دستور پارسی در صرف و نحو و املای فارسی تهران ، ١٣٤٣ ، ل ٢٦٤ .

[10] ن . س . ڤالگینا ، د . ئ . ڕۆزێنتال ، م . ئی . فۆمینا ، ف . ف . تساپکیڤیچ ، زمانی ڕووسیی ئەمرۆ ، چاپی چوارەم ، مۆسکۆ ، ١٩٧١ ، ل ٢٣٧ .

ئیشکی‌دا ئەو گرێ کوێرەیەی پێ بکرێتەوە ... بەداخەوە هەندێ نووسەری ڕێزمانی کوردی بێ ئەوەی هیچ بەڵگەیێکی مێژوویی یان مەنتیقی هەبێ ، بە تەئسیری زمانێکی بێگانە بڕیاری بێ سێ و دووی بۆ ئەو کێشەیە داوە[11] .

---

[11] مامۆستا محەمەد مەعرووف فەتتاح لە وتاری "کار پۆلێن کردن بەپێی ڕۆنان" (گۆڤاری "ڕۆشنبیری نوێ" ، ژ ١٣١ ، بەغدا ، ١٩٨٩ ، ل ٤٠ – ٥٩)دا نووسیویە ، دەڵێ : "کاری سادە لە زمانی کوردیدا نی‌یە" (ل٤٠).

ئەگەر نووسەری ئەم وتارە وا دابنێ ، کە زیادی خراوەتە سەر ڕەگ و قەدی لێ پەیدا بووە و بە زیادی خستنەسەر قەدیش چاوگ پێك هێنراوە ، ئەوە دەبێ ئەو ڕایەی بە بەڵگەی مێژوویی یان هیچ نەبێ زیربێژی ئیسپات بکات . وێڕای ئەوە ، دیاردەی وای نێوان ڕەگ و قەد هەیە ، تەم و مژی تەواو بخەنە سەر ئەو جۆرە ڕایە ، کە مامۆستا محەمەد دەربڕیوە . وەك :

أ) هاوجووتی و هاوشانیی کۆمەڵێك ڕەگ و قەد . وەك :

چاوگ	ڕەگ و قەد
دروون	دروو
سوون	سوو
گروون	گروو
جوون	جوو
بەستن	بەست
پەرستن	پەرست
... هتد .	

ب) دووریی فۆرمی هەندێ ڕەگ و قەد لە یەکەوە . وەك :

چاوگ	ڕەگ	قەد
گوتن / وتن	لێ	گوت / وت
زاین	زێ	زا
نان	نێ	نا

=

دان	دە	دا
مان	مێن	ما
ویستن	وێ	ویست
بیستن	بێ	بیست
ڕستن	ڕێس	ڕست
پاڵاوتن	پاڵێو	پاڵاوت
بژاردن	بژێرە	بژار

... هتد .

ئەگەر مامۆستا محەمەد وا بیربکاتەوە ، کە لە زمانی کوردیدا کرداری سادە نەبێت ، دەبێ لێم ببوورێ چەند سەرنجێکی قایل نەبوونی بخەمە پێش چاو و هەندێ پرسیاری لێ بکەم :

١- (دروو ، سوو ، گروو ، جوو ، بەست ، پەرست ...) ، کە لە یەک کاتدا ڕەگیش و قەدیش بن ، ئەوە بێ بیرکردنەوە دەزانین لە یەک مۆرفێم پێک هاتوون . هەر شتێکی یەک مۆرفێمیش سادەیە و هەرگیز ناشێ ناسادەبێ ، کەچی مامۆستا محەمەد دەڵێ : "کار لە کوردیدا دەبێت بە لای کەمەوە لە دوو کەرت (مۆرفێم) پێک بێت" (ل٤٤) .

٢-ئێمە دەزانین (لێ) ڕەگە و (وت) قەدە ، بەڵام نازانین کام مۆرفێم خراوەتە سەر (لێ) و کردوویەتی بە (وت) . خۆزگە مامۆستا محەمەد ئەو مۆرفێمەی پێ دەوتین ، تا بڕوای پێ بکەین ، کە (وت) مۆرفێمێکی سادە نی‌یە و ناسادەیە ... بەڵێ لەوە تێدەگەین ، خاوەنی ئەو ڕایە کێشەکە دەباتەوە سەر بەکارهێنانی کردار لە ڕستەدا و دەیبەستێ بە وشەی دی‌یەوە ، بۆیە بۆ ئەمەش دەپرسین : ئایا لە ڕستەی (ئازاد بە منی وت ، بڕۆ ...)دا ، دەشێ (وت) بە مۆرفێمێکی بە (ئازاد) یان بە (من)ەوە گرێ دراو دابنرێ ؟... بێ‌گومان نەخێر .

٣- (زێ) ڕەگی (زاین)ەو قەدەکەشی (زا)یە . جیاوازیی ڕەگ و قەد لە بەیەکتر گۆڕینەوەی دەنگی (ێ) و (ا) دایە - واتە زیادی‌یێک نەچووەتە سەر (زێ) تا بیکا بە (زا) . بەو پێ‌یە (زا) سادەیە و ناسادە نی‌یە . بێتو بەپێی بەرنامەی نووسەری وتاری "کار پۆلێن کردن

=

=

بەپێی ڕۆنان " بگەڕێینەوە بۆ ڕستە و بڵێین (ئەگەر ماینەکەت خۆش دەوێ ، کە زا جوانووەکەی بە کەس مەدە) ، ئەوە سەرلەنوێ (زا) بە هەمان سادەیی بەکارهاتووە . هەر بەو شێوەیە (نێ) ڕەگی (نان)ە و قەدەکەشی (نا)یە ؛ (دە) ڕەگی (دان)ەو (دا)قەدێتی ... لەمانیشدا جیاوازی تەنیا لە گۆڕینەوەی دوا دەنگیاندایە و هیچ پاشگرێك لە ناواندا نی‌یە بۆ کردنی مۆرفێمێك بە دوو مۆرفێم ...

٤- لە زۆر حاڵەتدا زیادی‌یێك دەخرێتە سەر ڕەگ و قەدی لێ پەیدا دەبێ ، یاخود دەتوانین بڵێین هەندێ دەنگ لە قەد دەکرێتەوە و ئەوەی دەمێنێتەوە دەبێتە ڕەگ ... بەڵام ئەوانەی قەد بە مۆرفێمێکی ناسادە دادەنێن و لەو ڕایەدان کە لە (ڕەگ + پاشگر) ڕۆدەنرێ ، دەبێ بۆ (مێن)ی ڕەگ و (ما)ی قەدی (مان) چی بڵێین ؟ (مێن) ، کە ڕەگە لە سێ دەنگ پێکهاتووە ، کەچی (ما) ، کە قەدە لە دوو دەنگ سازبووە!. بێ‌گومان ڕێ بەخۆم نادەم بڵێم لەبەر ئەوەی ژمارەی دەنگەکانی (مێن) لە هی (ما) زیاترە ، دەبێ (ما) لە (مێن)ەوە وەرگیرابێ ، بەڵام گلەیم لێ ناکرێ ، ئەگەر بڵێم سێ لە دوو زیاترە و بپرسم چی خراوەتە سەر (مێن) بۆ ئەوەی (ما)ی لێ دارێژرێ ؟

ئەگەرچی بواری هێنانەوەی ئەو جۆرە نموونانە زۆر فراوانە ، ئێمە لەو ڕایەداین ، ئەو چەند بەڵگە کەمە بەس بن بۆ ڕەت کردنەوەی ئەو لێکدانەوەیەی دەڵێ : "کاری سادە لە زمانی کوردیدا نی‌یە" .

مامۆستا محەمەد لە بەردەوامی ئەو باسەیدا دەڵێ : "دەبێ لە پۆلێنکردنی کاردا جیاوازی نەکرێ لە نێوان گیرەکی ڕێزمانی و نارێزمانی و هەموویان هەر بە مۆرفێمی بەند دانرێن . هەر لەبەر ڕۆشنایی ئەم بنەمایەدا بەلای ئێمەوە کاری سادە لە کوردیدا نی‌یە ، بە واتای ئەوەی کە کار لە کوردیدا دەبێت بە لای کەمەوە لە دوو کەرت (مۆرفێم) پێك بێت " (ل ٤٤) و، بەمە هەنگاوی پتر بەرەو نادروستی هەڵهێناوە .

وەك لە سەرەوە ڕوونمان کردەوە ، تەنانەت ئەگەر بەپێی بەرنامەی مامۆستا محەمەدیش تەماشای کرداری کوردی بکەین ، گەلێ قەدی کرداری سادە بەدی دەکەین ، کە لە ڕستەشدا وەك کردارێکی ڕابووردووی سادە کاردەکەن . کەواتە چۆن بتوانین ئەو ڕایەی وەربگرین ، کە

=

دەڵێ : "هەموو کارێك لە هەر دەم و تافێکدا بێت بەلای کەمەوە دەبێ لە دوو مۆرفیم پێك بێت " (ل٤٦) .

ئێستاش دێینە سەر چاوگ و ڕەگی کردار ، کە نووسەر (-ن)ی چاوگ بە پاشگر دادەنێ و (دە)ی پێش ڕەگ بە پێشگر و دەڵێ : "دەبێ لە پۆلێنکردنی کاردا جیاوازی نەکرێ لە نێوان گیرەکی ڕێزمانی و نارێزمانی و هەموویان هەر بە مۆرفیمی بەند دانرێن ..." .

بەر لە هەر شت ئەوە دێنینەوە یاد کە ، نە هیچ نووسەرێکی ڕێزمانی کوردی و نە مامۆستا محەمەد خۆشی ، ئەوەیان ساغ نەکردووەتەوە ، کە چاوگ سەرچاوەی کردارە ، یاخود چاوگ خۆی لە کردارەوە وەرگیراوە . تەنانەت ناتێکیش ناشێ ئەو قسانە بکرێ ، کە ئەوە یەکالا بکرێتەوە ، چاوگ لە کردار وەرگیرابێ ... چونکە ئەگەر ئەو گومانەش بڕەوێنرێتەوە ، کێشە سەرەکی‌یەکە هەر دەمێنێتەوە ، کە جیاوازیی گەورەی گیرەکی ڕێزمانی و نا ڕێزمانی‌یە . بچووکترین بنکەی وشە ، کە واتای سەرەکیی وشە هەڵگرێ ، لە زانستی زماندا بە مۆرفیمی ڕیشەیی – Root Mopheme) ناسراوە . هەرچەندە بنەمای وشە مانای سەرەکی هەڵدەگرێ ، بەڵام ئاسان نی‌یە زمان تەنیا بە بنەمای وشە و وشەی سادە مەبەست دەربڕێ .

ڕەگ و قەدی کردار بە یارمەتی پێشگر و پاشگر دەتوانن سەدان وشە دروست بکەن و سەدان مانا و مەبەست دەربڕن . بەوێنە :

*پێشگر + ڕەگ . وەك :

بوێر ، ببڕ ، بکوژ ... نەبەز ، نەمر ، نەترس ... پێخەف ، پێنووس ...

*ڕەگ + پاشگر . وەك :

خوێنەر ، نووسەر ... زانا ، توانا ... کڕیار ، فرۆشیار ... گەڕۆك ، خشۆك ... ترسنۆك ، گرینۆك ... نووسەك ، کوتەك ... کوشندە ، بەخشندە ... دیدە ، گەڕیدە ... کۆکە ، ناڵە ... فرکە ، کێڵکە ... سووتەن ، ڕێژەن ...

*قەد + پاشگر . وەك :

=

کەوتوو ، خەوتوو ... مردە ، بووە ... خوێندەوار ... کردگار ...

... هتد . (بۆ زانیاریی زیاتر لەو بارەیەوە ، بڕوانە : أ-ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی ، بەغدا ١٩٧٦ ، ل ٢٤٣ - ٢٦٧ ؛ ب- ڕەفیق محەمەد شوانی ، ئەو وشانەی لە چاوگەوە وەردەگیرین ، نامەی ماجیستێر ، زانکۆی سەلاحەددین ، ١٩٨٨ .)

دەبینین ئەو پێشگر و پاشگرانە کە دەچنە سەر ڕەگ یاخود قەدی کردار (ناوی کارا) ، (ناوی بەرکار) ، (ناوی چاوگ) ، (ناوی جێگا) ، (ناوی ئامێر) سازدەکەن . بەم چەشنە ئەو پێشگر و پاشگرانەی دەوری (وشەڕۆنان) دەبینن ، جۆرێکی تایبەتین لە مۆرفیم و لە زانستی زماندا بە (مۆرفیمی وشەدارێژ – Derivational Morpheme) ناسراون .

لە سەرەوە لە مۆرفیمی وشەدارێژ دواین و نیشانمان دا ، کە چۆن لە کاتێکدا دەچنە سەر بنەمایێک وشەیێکی نوێی دارێژراو دێنە کایەوە ... بەڵام پێویستە ئەوەش لەیاد نەکەین کە وشەکانی زمان لەناو خۆیاندا پێوەندیی هەمیشەیی‌یان هەیە . ئەو وشانەی دەستەواژە و ڕستە پێک دەهێنن پێوەندیی ئاشکرا و دیاری کراویان لەگەڵ یەکتردا هەیە .بۆ دەربڕینی هەر مەبەستێک ، وشەکان بە گوێرەی دەستووری ئەو زمانە دەچنە پاڵ یەك و فۆرمی پێویستی خۆیان وەردەگرن و ڕستە پێک دەهێنن و مەبەستی دیاریکراو دەگەیەنن . وەك :

-١

(-وو) : ئازاد دەمێکە هاتووە .

(-با) : ئەگەر ڕۆیشتبام باشتر بوو .

(-ایە) : خۆزگە بچوومایە ...

... هتد .

-٢

(دە - / نە-) : دەچم / ئەچم بۆ قوتابخانە

(بـ -) : برۆ بۆ قوتابخانە

=

=

(بـ -) : بچم بۆ قوتابخانە

... هتد .

بەو نموونانـەی سـەرەوەدا ، ئـەوەمان بـۆ دەردەکـەوێ کـە یـەکێک لـە هـۆ کاریگـەرەکانی ڕێکخستنی وشە ، مۆرفێمی وشەگۆڕە . مۆرفێمی وشەگۆڕ دەچێتە سـەر وشـە و حـاڵەتی جیـاوازی ڕێزمانی پێک دێنێ . مۆرفێمی وشەگۆڕ کە بریتی‌یە لە نیشانە ، وەك پێشگر و پاشگر بە سـەرەتا و کۆتایی وشەوە دەلکێن . لە بەشی یەکەمی ئـەو نموونانـەی سەرەوەدا ، نیشـانەی (–وو ، –یـا ، –یە ...) بە کۆتایی کردارەوە لکاون و حاڵەتی جیاوازی ڕێزمانی‌یان دەربڕیـوە . لـە وشـەکانی بەشی دووەمیشدا (دە – / ئە – بـ – ، بـ – ...) کە لە سەرەتاوە هاتوون هەمان ئەرکیان بـەجێ هێناوە .

بەم چەشنە بۆمان ڕوون بووەوە ، کە لەزمانی کوردیـدا دوو جۆر مۆرفێمـی وشـەگۆڕ هەیـە و دەشێ پێیان بوترێ (نیشانە) . ئەو نیشانانەی بە کۆتایی‌یەوە دەلکێن بە (Inflexion) ناسراون . نیشانەی کۆتایی لە زوربەی زمانەکانی جیهاندا باوە . هەرچی جۆری دووەمی نیشـانەیە ، کـە لـە سەرەتاوە دێت و لە زمانی کوردیدا باوە، لە زانستی زماندا (Augment) ی پێ دەوتـرێ . ئـەم جۆرەیان لە کەم زماندا بەدی دەکرێ . بەوێنە لە زمـانی ئینگلیـزی و ڕووسـی ...دا نی‌یـە ، لـە "زمانی یۆنـانی‌ی کـۆن و سانسـکریتی‌دا دەبێتـە نیشـانەی کـرداری ڕابـوردووی سـادە و دوور" (بڕوانە : گ. س. گاچکینا ، کێشەی واتای مۆرفێم ، لێنینگراد ، ۱۹٦۳ ، ل ٤٠).

مۆرفێمی وشەدارێژ و مۆرفێمی وشەگۆڕ ، وەك مۆرفێمی ڕیشەیی سەربەخۆ کارناکـەن و واتـا نابەخشن . لەبەر ئەوە هەندێ جار لە زانستی زماندا بـە هـەردووکیان دەڵێـن (مۆرفێمـی بـەند ، یاخود مۆرفێمی ئەفیکسی) .

وێڕای هەموو ئەوەی لێی دواین ، پەنجە بۆ چەند خاڵێك ڕادەکێشین :

١- پێشگر و پاشگر دەتوانـن وشـەیێک لـە بەشـێکی ئاخاوتنـەوە بکەنـە بەشـێکی دیکـەی ئاخاوتن ... بەڵام نیشانە ناتوانێ ئەو ئەرکە ببینێ.

=

٢- لە وشەی ناسادەی زمانی کوردیدا پاشگر هەمیشە لە دوای بنەمای وشەوە دێت و ئینجا بە دوای ئەودا نیشانە - واتە هەمیشە پێشگر پێش نیشانە دەکەوێ .

٣- پێشگر و پاشگر مانای دارێژە (المعنى الاشتقاقي- Derivational Meaning) دەدەن ، هەرچی نیشانەیە مانای نیسبی (المعنى النسبي - Relational Meaning) دەگەیەنێ .

جا کە مۆرفیمی وشە ڕێژ کەرەستەی چالاکی ڕۆنانی وشە بێت و مۆرفیمی وشەگۆڕیش ئەرکی ڕێکخستنی وشە ببینێ و حالاتی ڕێزمانی پێک بێنێ ، ئیتر چۆن ڕێگە بە خۆمان بدەین ، کە هەر لەبەر ئەوەی هەردوو جۆر مۆرفیمی بەندن و سەربەخۆ و بەتەنیا واتا نابەخشن جیاوازی لە نێوانیاندا نەکەین و بە یەک شتیان دابنێین . ئەمە ئەو پەندە کوردی‌یە باوەم دێنێتەوە یاد ، کە دەڵێ : " هەرچی ڕیشی سوور بوو هەمزاغا نی‌یە" .

ئەنجام ئەوە دەگەیەنێ ، کە نە (-ن)ی چاوگ پاشگرە و نە (دە-)ی نیشانەی بەردەوامی پاشگرە و نە کردار بەو نیشانانە دەبێتە ناسادە .

مامۆستا محەمەد لە ڕوون کردنەوەی ئەو ڕایەیدا ، کە وتوویە : "کاری سادە لە زمانی کوردیدا نی‌یە" ، ڕەخنە لە نووسەرانی ڕێزمانی کوردی دەگرێ ، کە کرداری دارێژراو و کرداری سادەیان جیاکردووەتەوە و ، نووسیویە : ئەمە "نەک هەر دیاردەیێکی ناپێویستە ، بەڵکو بەپێچەوانەی ڕاستی‌یەکانی زمانی کوردی و بەندیش نی‌یە بە هیچ بنەمایەکی ڕێزمان و واتایی‌یەوە " (ل٤٠) .

پێشگر و پاشگر کە بچنە سەر بنەما و ڕواڵەت و ناوەڕۆک بگۆڕن و شتی نوێ ڕۆبنێن - واتە یەکێک لەو دوو گیرەکە ، کە مۆرفیمی بەندن ، بچێتە سەر مۆرفیمێکی ڕیشەیی ، کە سادەیە و واتای هەیە ، بیکا بە ناسادە و واتای بگۆڕێ ، ئیتر چۆن بەند نی‌یە بە هیچ بنەمایێکی ڕێزمانی و واتایی‌یەوە .

بۆ ڕوون کردنەوەی ئەو وتانەمان لە ڕستەی "١- ئازاد دارێکی لە نەوزاد دا " ؛ "٢- ئازاد شیعرێکی بەسەر نەوزاددا هەڵدا " ؛ "٣- ئازاد ئاوی لە پەرداخەکە وەردا " ؛ "٤- دوێنێ بارمتەکەم بەخاوەنی‌دایەوە "دا ، ... (دا) و (هەڵدا) و (وەردا) و (دایەوە) دەکەینە نموونە . (دا) کە بنەمای (دان)ە مۆرفیمێکی ڕیشەیی‌یە و سادەیە و واتای هەیە و لە ڕستەی یەکەمدا بە ڕوونی دەبینرێ . بەڵام کاتێ لە ڕستەی دووەم و سێیەم و چوارەمدا پێشگری (هەڵ- ، وەر-) ، یان

=

پاشگری (-ەوە)مان ئیزافەکرد ، بوو بە ناسادە و واتاشی گۆڕا ... جا ئەمە بنەمای ڕێزمانی و واتایی نەبێ ، دەبێ بنەمای ڕێزمانی و واتایی چی بێ ؟
ئەگەر مامۆستا محەمەد بۆ ڕستەی یەکەم لە ڕوانگەی پێوەندیی (دا) بە وشەی (دارێکی)یەوە بیربکاتەوە ، ئەوە بەو پێیە زۆربەی ڕستەی کوردی بێ تەواوکەر دەمێنێتەوە و پێکهاتنیان تەنیا برێتی دەبێ لە نیهاد و گوزارە ... وەك دەزانین لە ڕستەی "ئازاد شەرواڵێکی جوانی دروو)دا : (ئازاد)- نیهادە و (شەرواڵێکی جوان)- تەواوکەری گوزارەیە و (درووو)- گوزارەیە و کردارێکی سادەیە . بەڵام بەپێی نەبوونی کرداری سادە ، دەبێ دەستەواژەی (شەرواڵێکی جوانی دروو) بە کرداری ناسادە دابنرێ ... لەو ڕایەدام ، ئەو جۆرە لێکدانەوەیە ئەگەر نەشبێتە هۆی شێواندن و تێکدانی هەندێ یاسای ڕێك و پێك و لەباری زمانەکەمان ، هەر وەك شتێکی نامۆ دەمێنێتەوە و لە لێکۆڵینەوەی زمانەوانیدا جێی نابێتەوە .
هەروەها لە ڕستەی "من ڕێگەم لە تۆ بەست" و "ئازاد درۆێکی خراپی بەدەم منەوە هەڵبەست" و "بەرخەکەم دابەست" ... دا ، کرداری (بەست) بەهیچ چەشنێك نە لە ڕووی پێکهاتنەوە و نە لە باری واتەوە بە چەشنی (هەڵبەست) و (دابەست) نییە - واتە ئەمان داڕێژراون و ئەو سادەیە ؛ ئەمان واتایێك دەگەیەنن و ئەو واتایێکی دی - جا بۆیە دەبێ هاوڕێ و دۆستی دێرینم لێم ببورێ ، بڵێم لام ئاسان نییە لەگەڵی ڕێبکەوم ، کە دەڵێ : "جیاکردنەوەی کاری داڕێژراو لەکاری سادە نەك هەر دیاردەیێکی ناپێویستە ، بەڵکو بە پێچەوانەی ڕاستییەکانی زمانی کوردییە و بەندیش نییە بە هیچ بنەمایەکی ڕێزمان و واتاییەوە ، بە واتایەکیتر ، ئەو کارانەی کە زمانەوانەکان بە سادە ناویان دەبەن لە ڕووی واتا و ڕێزمانەوە هەر کاری داڕێژراون و لەهەموو لایەنێکەوە وەك ئەمان ڕەفتار دەکەن . جیاکردنەوەیان لە یەکتری نەك هەر لە جێی خۆیدا نییە ، بەڵکو دەبێتە هۆی سەرلێتێکدان و بزربوونی چەند یاسایەکی گشتی کوردی و هەندێ ڕاستیی ڕێزمانی زمانەکەش دەشارێتەوە" (ل٤٠) و بە زێدە ڕۆیی نازانم ، ئەگەر بڵێم سەرپاکی ئەوەی لەو چەند دێرەدا دەری بڕیوە ، بە تەواوی دژ بە هەڵکەوتی زمانی کوردییە و بە پێچەوانەی ئەوەوە دەڵێم : "جیاکردنەوەی کرداری داڕێژراو لە کرداری سادە دیاردەیێکی پێویستە و لەگەڵ ڕاستییەکانی زمانی کوردیدا بەتەواوی دەگونجێ و بە بنەمای ڕێزمانی و واتاییەوە بەندە . ئەو کردارانەی بە سادە ناویان براوە لە ڕووی واتا و ڕێزمانەوە سادەن و وەك داڕێژراو ڕەفتار ناکەن و ، جیاکردنەوەیان لە یەکتری لە جێی خۆیدایە و دەبێتە هۆی ئاشکراکردن و

=

ئیسپات کردنی چەند یاسایێکی گشتیی کوردی و هەندێ ڕاستیی زمانەکە دەردەخەن" (ئەورەحمان) .

ئەوەی من بیزانم مامۆستا محەمەد مامۆستایێکی زۆر وردە ، بەلام بەداخەوە لەم وتارەیدا شتی ئەوتۆی تۆمارکردووە ، لە نووسینی زانستیدا جێی نەبێتەوە ... بەداخەوە تەنانەت لەگەڵێ شوێندا شێوازی دەربڕینی بووەتە هۆی زێدە ڕۆیی و کەمکردنەوەی باوەڕ بە نووسینەکەی . بەوێنە کاتێ باسی ناپێویستیی جیاکردنەوەی کرداری سادە و دارێژراوی کردووە ، وتوویە : "لە هیچ زمانێکی جیهاندا جیانەکراوەتەوە" (ل ٤٠ ، س ٢)... بڕواناکەم زمانەوانێک پەنجا زمانیش بزانێ بوێرێ قسەی وا بکات!...

مامۆستا محەمەد بەدوا ئەمەدا بۆ باشتر ئیسپات کردنی نەبوونی کرداری سادە لە زمانی کوردیدا هەندێ بەڵگەی دی وا دێنێتەوە ، ئەوانی پێشوو لەچاو ئەمەدا هەزار شوکرانە بێژییان دەوێ . بۆ درێژە پێنەدان تەنیا دوو بەڵگەیان دەخەینە بەرچاو :

یەکەم-

نووسەر دەڵێ : نووسەرانی ڕێزمانی کوردی بۆیە پێشگری (هەڵ - ، دا - ، ڕا - ...) و پاشگری (-ەوە)یان بە مۆرفێمی وشەدارێژ داناوە ، چونکە ئەمە "دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەم پێشگرانە و ئەو پاشگرە وەك ئاوەڵکار ڕەفتار دەکەن" (ل٤٢) ... "هەڵبژاردنی ئەم پێشگرانە و جیاکردنەوەیان لە هی تر کە وەك ئەمانن لە ئەرك دا شتێکە بە ئارەزوو بووە و بەند نەکراوە بە هیچ بنەمایەکی ڕێزمانیەوە . بۆ نموونە پێشگری (بەر - ، دەر - ، پێش - ، پاش -) لە کاری (بەرکەوت ، سەرکەوت ، دەرکەوت ، پێش کەوت ، پاش کەوت)دا دیسانەوە هەر ئەرکی ئاوەڵکار دەبینن و دەبوایە ئەم کارانەش هەر دارێژراو بونایە ، کەچی بەلای زۆریانەوە بە لێکدراو دانراون هەر لەبەر ئەوەی کە ئەم پێشگرانە (بە سەربەخۆش) دەبینرێن و بێ ئەوەی ئاگاداری ئەو ڕاستییە بن کە ئەمانە جۆرێکی ترن و لەگەڵ شێوە سەربەخۆکاندا لە ئەرك و واتادا جیابوونەتەوە ، بۆ نموونە (سەر) لە کاری (سەرکەوت)دا ، جیاوازە لە (سەر) لە (سەرتاش و سەردان)دا لە ڕووی ئەرك و واتاوە بەوەدا کە (سەر)ی یەکەم ئاوەڵکارە و (سەر)ی دووەم ناوە و

chalakmuhamad@gmail.com

=

ئەدامیکی لەشە و ئەوی تریان بە واتای (بۆ سەرەوە) دێت . لەلایەکی تریشەوە ، هەر (سەر)ی یەکەم پێشگرە و ئەویتر وشەیە" (ل٤٢) .

دانانی پێشگری (هەڵ - ، دا- ، ڕا-) و پاشگری (-ەوە) بە ئاوەڵکردار و تێکەیشتنی ئاوەڵکرداری (بەر ، دەر ، پێش ، پاش ...)بە پێشگر تێکەڵکردن و هەڵەیێکی زمانەوانیی گەورەیە.

(بۆ وەڵامی ئەم بەندە ، بڕوانە پەراوێزی ژمارە ١٧ و ١٩ ی ئەم کتێبە) .

سەرباری ئەوەی لەو دوو پەراوێزەدا وتوومە دوو تێبینی دیش دەخەمە پێش چاو :

١-ئێمە لەو بڕوایەدا نین ، نووسەرانی ڕێزمانی کوردی هێندە ساویلکە و بێ سەلیقە بن ، کە جیاوازی لە نێوان (سەر)ی ئاوەڵکردار – (سەرکەوت) و (سەر)ی ناو – (سەرتاش ، سەردان) دا نەکەن و نەزانن ئەمانە هاوبێژن ... حەز دەکەم مامۆستای هێژا ئەوە بزانێ ، کە (سەر)ی ئاوەڵکردار مۆرفێمی بەند نی‌یە تاکو بخرێتە خانەی پێشگرەوە . دەزانین پێشگر و پاشگر بەتەنیا بەکارنایەن ، هەرچی مۆرفێمی (بەر ، دەر ، پێش ، پاش...)ە ، بە تەنیا ڕوون و ئاشکرا دەبینرێن . بەوێنە کورد دەڵێ : "بەر لەوەی ببم بە مامۆستا ، کرێکار بووم" ؛ "پاش من ئازاد دەچێت بۆ بازاڕ" ... ئەگەر ئەو ئاوەڵکردارانە پێشگر بوونایە وا سەربەخۆ بەکارنەدەهێنران . ئەگەر پێشگری (هەڵ - ، دا - ، ڕا-...) و پاشگری (-ەوە)ش ئاوەڵکردار بوونایە ، هەڵبەت دەبوو ئەوانیش بە هەمان چەشنی (بەر ، دەر ، پێش ، پاش ...) ببینرانایە .

٢- هەر لەبەر ئەوەی پێشگری (هەڵ-) بۆ واتای بزووتنەوەی بەرەو ژوور بەکاردێ و واتای ئاوەڵکرداری (سەر)یش هەر هەمان ڕووی بزووتنەوەی تێدایە ، مامۆستا محەمەد بڕیاری پێشگر بوونی بۆ داوە – واتە لەسەر بناغەی واتا باسەکەی دامەزراندووە و خاسیەتی ڕێزمانیی لەبەر چاو نەگرتووە . بەپێی زانینی ئێمە لە مێژە ئەو ڕایە دوورخراوەتەوە ، کە پێشگر بە گرووپی لێکسیکی مۆرفێم دابنرێ .

=

ئەگەرچی هەندێ بەڵگەی ئەوتۆمان هەیە لە ڕێیانەوە چاوگ بە سەرچاوەی کردار دابنێین ، بەڵام لەبەرئەوەی چەند لایەنێکی مێژوویی ناناشکرامان بۆ ڕوون نەبووەتەوە ، بۆیە لە نووسینی ئەم کتێبەدا هەرسێ (ڕەگ) و (قەد) و (چاوگ)مان کردووەتە کەرەستە .

دوو :

لە بەشێکی زۆری ئەو زمانانەی لێیان دواین ، نیشانەی چاوگ بە هەمان چەشنی زمانی کوردی دەنگی (-ن) ە .

=

بەپێی ئەو لێکدانەوەیەی مامۆستا محەمەد بێ ، دەبێ لە حاڵەتی وەك : (چوونەسەر ، بردنەسەر ، هاتنەسەر ، خستنەسەر ...)دا (سەر) پاشگر بێ ! وشە پاش و پێش دەکەوێ ، بەڵام پێشگر هەرگیز ناچێتە ڕیزی دواوە و پاشگریش نایەتە ڕیزی پێشەوە ...

دووەم-

نووسەری وتار هەندێ لەو نموونانەی کردوونی‌یە بەڵگەی نیشاندانی ئەوەی وتوویە : "کار لە کوردی‌دا دەبێت بەلای کەمەوە لە دوو کەرت (مۆرفێم) پێک بێت" ، ڕستەن ، نەك وشە . بەوێنە (دام گیرساندن) ، (دایان دەگیرسێنم) ... لەوەش سەرنج ڕاکێشتر ئەوەیە ، هەر خۆی ڕوونی کردووەتەوە ، کە لە (دام گیرساندن)دا (م) کارایە و (ن) بەرکارە . لە (دایان دەگیرسێنم)یشدا (یان) بەرکارە و (م) کارایە ... جا ئەم جیاکردنەوە و تێکەڵ کردنەی ئەرکی وشەسازی و ڕستەسازی تەنیا هەڵەیێکی زمانەوانی‌یە ، نەك بەڵگە و نەبوونی‌ی کرداری سادە لە زمانی کوردیدا .

(بۆ وەرگرتنی زانیاریی تەواو لەبارەی کەم و کورتی‌یەکانی وتاری "کاربۆڵێن کردن بەپێی ڕۆنان"ی مامۆستا محەمەد مەعرووف فەتتاح ، بڕوانە : (د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف ، وتاری "کاربۆڵێن کردن بەپێی ڕۆنان" و چەند سەرنجێك ، گۆڤاری "ڕۆشنبیری نوێ" ، ژ ١٣٩ ، بەغدا ، ١٩٩٧ ، ل ٨-١٦) .

گشت چاوگێکی زمانی کوردی کۆتایی بە دەنگی (ـن in / n)[12] دێت- واتە لەم زمانەدا تاکە چاوگێك نییە کۆتایی بە دەنگی (ـن) نەهاتبێ و بەو (ـن) ە دەوترێ (ـن)ی چاوگ . لە پێش ئەو (ـن)ی چاوگییەشەوە یەکێك لەم پێنج دەنگە (ا ، ی ، وو ، ت ، د) دێت و لە ڕێزمانی چاولێکەریی کوردیدا ، چاوگ بەناوی ئەو دەنگانەی پێش (ـن) ناونراون – واتە : چاوگی ئەلفی ؛ چاوگی یائی ؛ چاوگی واوی ؛ چاوگی تائی ؛ چاوگی دالی .[13]

(١٢) واتە بەدوا دەنگی بزوێندا (ـن) دێت و بەدوا کۆنسوناتیشدا (in-) . بەواتایەکی دی ، ئەگەر دەنگی پێش کۆتایی (ا ، ی ، وو) بێت ، نیشانەی چاوگ لە شێوەی (n-)دا دەردەکەوێ ، بەڵام لە دوا (د ، ت) ەوە دەبێ بە (in-) .

(١٣) لە بەشە دیالێکتی هەوراماندا چاوگ کۆتایی بە دەنگی (ـی) دێت و پێش (ـی) چاوگیش دوو دەنگی (ە) یان (ا) دێن ، وەك :

وارده‌ی – (خواردن)

وناى – (بينين)

(بڕوانە : أ- محەمەد ئەمین هەورامانی ، زاری زمانی کوردی لە ترازووی بەراورددا ، بەغدا ، ١٩٨١ ، ل ١٨٧ ؛ ب- دکتر ابراهیم پور ،دستور زبان کردی ، تهران ؟ ، ل ١٣ .

چەند نموونەیێك :

نە زانای عەزمم شار شیرازەن

گرتەی ئێرانم یەکسەر نیازەن

(میرزا ئولقادر ، ل ١٣٦)

تۆ دیدەت ، پەی قەسد ، کوشتەی من ، ڕەشتەن

چمان ، کە (صەیدی) ، بابەی تۆش کوشتەن

(صەیدی ، ل ١٦٤)

بەپێی فۆرمی چاوگ و پێوەندیی بنەمای ڕەگ و قەد ، دەتوانرێ کرداری سادە بەسەر پێنج کۆمەڵدا دابەش بکرێ :

١-کۆمەڵی بە (-ان) کۆتایی هاتووە :

کۆمەڵی چاوگی بە (-ان) کۆتایی هاتوو تێنەپەڕ و تێپەڕیش دەگرێتەوە :

أ) تێنەپەڕ . وەک :

ئاوسان ، ئاڵۆزان ، ئێشان ، برژان ، پیشان ، ترسان ، تۆران ، خنکان ، ڕژان ، ڕوان ، ڕووخان ، ژاکان ، سووتان ، شێوان ، شیان ، کوڵان ، گەڕان ، گلان ، لەرزان ، لەوەڕان ، قڵیشان ، مان ، وەستان ... هتد .

ب) تێپەڕ . وەک :

بێژان ، پێچان ، پێوان ، دان ، شێلان ، کێڵان ، گێڕان ، لێدان ، نان ، هێنان ، پێوان ... هتد .

٢-کۆمەڵی بە (-ین) کۆتایی هاتوو .

ئەم کۆمەڵە چاوگە تێنەپەڕ و تێپەڕیش دەگرێتە خۆ . وەک :

أ) تێنەپەڕ :

-

هەرچەندە زیرۆح ، ڕۆش نەحەیاتەن

یەکسەر تسبیحی ، گۆیای سەناتەن

(صەیدی ، ل ٢٢٠)

بارین ، بەزین ، پەڕین ، تەزین ، تەپین ، تەقین ، تۆقین ، خزین ، خەنین ، چەقین ، ڕۆیین ، ڕوانین ، ڕزین ، لەقین ، لەوەڕین ، لەرزین ، کۆکین ، کەنین ، گەنین ، فڕین ، مەیین ، وەڕین .

ب) تێپەڕ :

ئاژنین ، بڕین ، بەخشین ، بینین ، پۆشین ، پشکنین ، پچڕین ، پرسین ، تاشین ، توانین ، چنین ، دڕین ، دۆزین ، دۆشین ، زانین ، ژەنین ، سڕین ، سمین ، کڕین ،ماڵین ، مژین ، نووسین ، هاڕین ... هتد .

تێبینی :

کردارە تێنەپەڕەکانی ئەم کۆمەڵە ، گەلێ جار لەگەڵ تێنەپەڕە بە (-ان) کۆتایی هاتووەکاندا هاوواتایی و هاوشانی سازدەکەن . وەک :

خزین	خزان
چەقین	چەقان
ڕزین	ڕزان
لەوەڕین	لەوەڕان
... هتد .	

٣-کۆمەڵی بە (-وون) کۆتایی هاتوو .

ئەگەرچی ئەم کۆمەڵەش ، وەک ئەوانی پێشوو تێنەپەڕ و تێپەڕیشی هەیە ، بەڵام ژمارەی ئەو چاوگانەی دەکەونە نێو ئەم کۆمەڵەوە یەکجار کەمن :

ا) تێنەپەڕ :

بوون ، چوون .

ب) تێپەڕ :

جوون ، دروون ، سوون ، گروون ...

٤-کۆمەڵی بە (-تن tin -) کۆتایی هاتوو

بەشی زۆری کردارەکانی ئەم کۆمەڵە تێپەڕن و بەشێکی کەمیشیان تێنەپەڕن . وەك :

ا) تێنەپەڕ :

بزووتن ، خەفتن / خەوتن ، ڕۆیشتن ، کەوتن ، گەیشتن ، نوستن ، نیشتن ، هاتن ... هتد .

ب) تێپەڕ :

ئاژووتن ، بیستن ، بزاوتن ، بەستن ، پالاوتن ، پاراستن ، پەرستن ، چێژتن/ چێشتن ، خستن ، دیتن ، ڕشتن ، شتن / شوشتن ، کرۆشتن ، کوشتن ، گرتن ، گەستن ، هاویشتن ، هێشتن ، ویستن ... هتد .

٥-کۆمەڵی بە (-دن din) کۆتایی هاتوو:

ئەم کۆمەڵە هەر کرداری تێپەڕ دەگرێتە خۆ (جگە لە "مردن") ، کە تێنەپەڕە . وەك :

ا) تێنەپەڕ :

مردن

ب) تێپەڕ :

بردن ، بژاردن ، بواردن ، خواردن ، خوێندن ، چاندن ، ژماردن ، ژەندن ، سپاردن ، سەندن ، کردن ... هتد[١٤] .

---

(١٤) سەرنج ڕاکێش ئەوەیە ، د. زارێ بە ناوی ئەو چاوگانەی کۆتاییان بە (-اندن)ەوە دێت ، کۆمەڵی شەشەمی دیاری کردووە و بۆ ئەو کۆمەڵە کرداری وەك : (ئالاندن ، بەزاندن ، چواندن ، =

تێبینی :

١-لە بەشێکی زۆری کردارەکانی ئەم کۆمەڵەدا دەنگی (ر) لەپێش (-دن)ەوە دێت : (مردن ، بردن ، بژاردن ، بواردن ، خواردن ، ژماردن ، سپاردن ، کردن ...)و لە بەشێکی کەمیشیاندا دەنگی (ن) دەکەوێتە پێش (-دن)ەوە : (خوێندن ، ژەندن ، سەندن ، چاندن ...)[١٥]

٢-لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا دەنگی (د)ی پێش (ن)ی چاوگ نی‌یە . وەك :

کرمانجیی خواروو	کرمانجیی ژووروو
بردن	برن
کردن	کرن
...	
مردن	مرن

=

شکاندن ...)ی کردووەتە نموونە - واتە ئەو کردارە تێ نەپەڕانەی بە یاریدەی پاشگری (-اندن) کراونەتە تێپەڕ . لێرەدا چەند تێبینی‌یێک دەخەینە ڕوو :

١-د. زاری لە سەرەتاوە باسی کۆمەڵەکانی کرداری سادە دەکا ، بەڵام ئەو کردارانەی پاشگری (-اندن) وەردەگرن ، لە سادەیی دەشۆرێن و دەبنە داڕێژراو .

٢-بەپێی ئەو بۆچوونەی د. زاری بێ ، دەبێ کۆمەڵی (-انەوە ، -ێنەوە ، - وونەوە ، -تنەوە ، -دنەوە)ش دیاری بکرێ . وەك (گەڕانەوە ، دۆزینەوە ، چوونەوە ، هاتنەوە ، خواردنەوە) . بەڵام ئاشکرا دیارە (-ەوە)ش وەك (-اندن) پاشگرە و ناشێ بخرێتە نێو ئەو باسەوە .

(بڕوانە : د. زاری یووسف ، دیالێکتی سلێمانی زمانی کوردی ، مۆسکۆ ، ١٩٨٥ ، ل ٩٠ - ٩١) .

(١٥) ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی وای داناوە ، کە تەنیا لە چاوگی (خوێندن)دا ، دەنگی (ن) دەکەوێتە پێش (-دن)ەوە و بە بێزۆکی لە قەڵەم داوە (ل ٢٧٠) .

٣-لە هەندێ ناوچەی کوردەواریدا دەنگی (د)ی پێش (-ن)ی چاوگ دەکرێت بە (ت) . وەك :

سپاردن	سپارتن
بواردن	بوارتن
هەناردن	هەنارتن
خواردن	خوارتن
ژماردن	ژمارتن

... هتد[١٦]

* *

*

چاوگ یان فۆرمی دیارنەخراو ئەگەرچی پێکهاتن و تایبەتێتی‌ی خۆی هەیە ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سەر بە فۆرمە گەردان نەکراوەکانی کردارە و واتای ڕوودان ڕادەگەیەنێ بێ ئەوەی نیشارەت بۆ پێوەندێتی بە ڕێژە یان کات یان کەس یان ژمارەوە بکات . لەم ڕووەوە چاوگ وەك ناوی مەعنەوی لە کاردایە ، بەڵام ئەم پرۆتسێس نیشان دەدا و هەرچی ناویشە شت دیاری دەکا . چاوگ تایبەتێتی حاڵەتی کردار (ڕێژە ، کات ، کەس ، ژمارە)ی نی‌یە ، بەڵام ئەرکی هەمە جۆری ڕستەسازی بەجێ دێنێ و بەتایبەتی هەندێ ئەرکی ئەوتۆ ، کە فۆرمی گەردان کراو ناتوانێ جێبەجێی بکات .

پێوەندیی هەمیشەیی چاوگ بە کردارەوە بەڵگەی وشەسازی و ڕستەسازی ئیسپاتی دەکەن : بوونی تێنەپەڕی و تێپەڕی (مردن - مراندن) ؛ کارا

[١٦] شایانی باسە ، لیژنەی زمان و زانستەکانی کۆڕی زانیاری کورد هەندێ لەو تایبەتێتی‌یانەی کۆمەڵی چاوگی بە (-دن) کۆتایی هاتووی یادداشت کردووە (بڕوانە : ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی ، ل ٢٧٠ - ٢٧١) .

دیاری و کارا بزری (کوشتن - کوژران)... دیاری کردنی بە هۆی ئاوەڵکردارەوە (خێرا ڕۆیشتن)[17] و بەرکار وەرگرتن (ئاوخواردنەوە)[18]... هتد .[19] لەباری ڕستەسازی‌یشەوە چاوگ دەتوانێ وەك ئەندامی سەرەکیی ڕستە و وەك تەواوکەر خۆی بنوێنێ .

تایبەتێتی‌ی ناویی چاوگ لەوەدا دەردەکەوێ ، کە چاوگیش بەهەمان چەشنی ناو دەتوانێ نیشانەی ناسیاوی و نەناسیاوی وەرگرێ : (مردنەکەی باوکت بووە مایەی خەم و پەژارەی هەموان)[20] ؛ (ئەوە چۆن هاتنێك بوو؟)[21] ؛

---

[17] دەرمانی دەردی ئێمە خوێندنە
ڕەوشتی پاك و خزمەت کردنە

(بێ کەس ، ل ٧٠)

[18] ئەی‌ویست تێبگا ڕۆژێك پێش مردن
بۆ تێگەیشتوو چی چاکە کردن

(پیرەمێرد ، ل ٤٢٧)

بیست و حەوت ساڵە تاڵە ژیانم
لە ژێر دەستیی تۆ زۆر پەرێشانم

(بێ‌کەس ، ل٧٦)

[19] شایانی باسە ، د. زارێ باسی بەشێکی زۆری ئەو تایبەتێتی‌یانەی کردووە (بروانە : دیالێکتی سلێمانی زمانی کوردی ، ل ٨٠ – ٨١) .

[20] دڵ کە ناخۆش بوو برادەر جەژنی ئەو تەعزێیە هەر
عالەمێ شایی بکا ، من بەستەیە گریانەکەم

(بێ‌کەس ، ل ١٧٥) .

[21] قەڵەشانێ نەوابێ کە بە چاو فەرقی کرابێ
هەروەك ، کە لە سێوێکی درابێ دەمی نەشتەر

(ئەدەب ، ل ٤٧)

لەگەڵ پێشبەند و پاشبەنددا دێت : (لە ڕۆیشتندا ئاگات لە خۆت بێ)[22] ؛ وەك دیارخەر و دیارخەریش دێ و نیشانەی ئیزافەی دەچێتە سەر : (هاتنی ئازاد بێ مەبەست نەبوو)[23] ؛ (کاتی خوێندن دەستی پێ کردووە)[24]... لە ڕستەشدا وەك نیهاد خۆی دەنوێنێ : (خوێندن کەڵکی زۆرە)[25] و دەوری تەواوکەری ڕاستەوخۆ (بەرکار) دەبینێ (خوێندنم تەواوکرد)[26] و دەبێتە بەشی ناویی گوزارە (هەر خەریکی کوشتن و بڕینە) ...

---

[22] پیاو نەبێ بۆ سەندنی حەققی لە مردن سڵ نەکا
هەر (بڕووخێ) بەس نییە ، تاکو نەسەنرێ نادرێ

(بێکەس ، ل ٨٢)

[23] لەتەك هەموو عەزاب و ژیانی بێ هیوادا
ئەم ڕەنجی ساڵەهایەم ، کە گشتی چوو بە بادا

(هەردی ، ل ٦٥)

[24] تاقە خونچەی باخی ژیانم
زیندووکەرەوەی ئاواتی بێگیانم

(هەردی ، ل ٥٣)

[25] کاکە دانیشتن ماڵ وێران نەکا
بێ ئیشی ئینسان پەرێشان نەکا

(بێکەس ، ل ٩٧)

[26] جیلوەت لە چاوم ون نەبێ
هەرگیز لای تۆ نووستن نەبێ

(گۆران ، ل ١٤)

لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروو و شێوەی موکری و ئاخاوتنی هەندێ ناوچەی کرمانجیی خواروودا چاوگ وەک ناوی جنسی مێ خۆی دەنوێنێ :[37]

لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا ئەگەر دیارخراو ناوبێ و ژمارەی تاکی جنسی مێ بێ ، نیشانەی (-ا) وەردەگرێ . چاوگیش کاتێ دەوری دیارخراو دەبینێ ، بەهەمان شێوەی ناو نیشانەی (-ا)ی جنسی مێی دەچێتە سەر . وەک :

أ) ناو :

شەمعا ویصالێ هەر گەشە
شەوقا شەمالێ ئاتەشە[28]

(جزیری ، ل ٦٣)

ب) چاوگ :

خوەرنا نیشەڤ بهێلە سبەهێ لێ شخولێ نیشەڤ مەهێلە سبەهێ .

(کوردۆ ، ل ٢٣٢)

ناوی جنسی مێ لە دۆخی تیاندا لە دیالێکتی ژووروو و هەندێ بەشە دیالێکتی خواروودا چۆن نیشانەی (-ێ) وەردەگرێ ، چاوگیش لە دۆخی ناوبراودا وەک ناو هەمان نیشانەی (-ێ)ی پێوە دەلکێ :

---

[27] شایانی باسە ، مامۆستا قەناتی کوردۆ هەندێ لەو تایبەتێتییانەی یادداشت کردووە (بڕوانە : دەستووری زمانی کوردی ، ل ١٧٢).

[28] بۆ پتر زانیاری لەو بارەیەوە ، بڕوانە لاپەڕە (٢٤٣ - ٢٤٤)ی بەشی یەکەمی بەرگی یەکەمی ئەم بەرهەمە - (ناو) .

أ) ناو :

یەك نارمانج
یەك ڕێزان
یەك ڕامان
خەباتێ بکی
ژ بۆ کوردستان

(صەبری ، ل ٦٧)

چاوم عەیشۆکێ ئۆمەری
گولێ ڕۆیی لۆ نەوبەری

(فۆلکلۆر ، ل ٤٠)

بە سەری شێخ حوسێنی
ئاوێ لۆ کەپرێ دێنی

(تحفەء مظفریە ، ب١ ، ل٩٠)

... هتد[٢٩]

ب) چاوگ:

دەلیلێ بارانێ بانە ، دەلیلێ مرنێ تانە .

(کوردۆ ، ل ٢٣)

سووندەکی دەخوا (تەراق) بە ژنێ
(تاران)م نابەی بەبێ کوشتنێ

(فۆلکلۆر ، ل٣٦)

... کە هاتەوە وەلاتی ، عێلانی وێی لێ خڕبوونەوە ؛ دیسان یاغی بوو ، دەستی کرد بە قەلات دروست کردنێ .

(تحفەء مظفریە ، ب١ ، ل١٧٩)

---

[٢٩] بڕوانە لاپەڕە (١٧٢ – ١٧٨) و (١٨١ – ١٨٤)ی هەمان سەرچاوە .

لە زمانی کوردیدا هەندێ چاوگ هەیە بە سادەیی- واتە بێ یاریدەی پێشگر یاخود پاشگر ، واتا ناگەیەنێ . وەك :

*پێشگر .

پڕووزان	هەڵپڕووزان
پلۆسین	داپلۆسین
پسکان	ڕاپسکان

* پاشگر.

بەشین	بەشینەوە
پاڕان	پاڕانەوە
پرخان	پڕخاندن
پرژان	پرژاندن

... هتد .

کرداری تێنەپەڕ و کرداری تێپەڕ

پێویستە ئەوە بزانین ، کە وشە هەر ئەوەندە نی یە دانەییەك بێ لە کۆمەڵی وشەکانی زمان، یان تەنیا پارچەییەك لە "کەرەستەی بیناى زمان" بێ . وشە ئەو دانەیەی کۆمەڵی وشەکانی زمانە ، کە وا ڕاستەوخۆ پێبەندی یاسا و دەستووری ڕێزمانە . ڕێزمانیش بریتی یە لە کۆمەڵێ یاسا و دەستوور لەبارەی گۆڕینی وشە و چوونە پاڵ یەکدی وشە لە ڕستەدا . بۆ ئەوەی یاساییکی ئاشکرای ڕێزمانی ، یاخود دەستوورێکی دیاری کراوی ڕێزمانی وشەییکی پێ جیابکرێتەوە ، دیارە دەبێ ئەو یاسایە ، یان ئەو دەستوورە باڵ بەسەر گشت ڕووییکی وشەکەدا بکێشێ ، نەك تەنیا بەسەر هەندێ فۆرمی‌دا ... بەم پێ‌یە دەتوانین بڵێین ، خودی ڕوودانی گۆڕانی ڕێزمانیی وشە ، دەرکەوتن و بەڵگەی دیاری کردنی تێکڕای مەبەستی یەکێتی خاسیەتی ڕێزمانی‌یە . واقیعی بوونی یاسای گشتیی ڕێزمانی لە یەکگرتنی وشەدا دەرکەوتن و بەڵگەی ئەوەیە ، کە وشە بە گشتی خاوەنی خاسیەتی دیاری‌کراوی ڕێزمانی‌یە . لە هەر فۆرمێکی ڕێزمانی‌دا وشە جیادەبێتەوە ، بەڵام سەرپاکی سیستەمە فۆرمی‌یە ڕێزمانی‌یەکەی وشە ، خاسیەتی دیاری‌کراوی گشتیی ڕێزمانی دەداتێ و دەیخاتە کۆمەڵێکی دیاری‌کراوی ڕێزمانی‌یەوە ، یان گرووپێکی وشەوە ...

کێشەی دیاریکردنی جیاوازیی پێوەندیی نێوان چەند وشەیێك و چەند فۆرمێکی یەك وشە ، یەکێکە لەو باسە گرنگانەی پێویستی بە لێکۆڵینەوەیە ... دەزانین (دەمرێ) ، (مرد) ، (دەمرد) ، (مردووە) ... وشەی جیاواز نین و فۆرمی جیاوازی یەك وشەن و پێوەندیتی فۆرم کۆیان دەکاتەوە . لەگەڵ ئەوەشدا ، کە هەریەك لەو فۆرمانە خاوەنی واتای خۆیەتی ، بەڵام هەموویان خاوەنی واتاییکی هاوبەشن ، کە ئەویش ڕوودانە . جا "واتای گشتیی ڕوودان" ، کە هەموو ئەو فۆرمانە دەگرێتە خۆ ، بە تایبەتێتیی گشتیی ڕێزمانییانەوە بەندە . هەر تایبەتێتی ڕوودانیشە جیایان دەکاتەوە لە وشەی (مردوو)ی هاوبنەمای واتا یەکجار نێزێك لێیانەوە . دەشێ بوترێ " واتای گشتیی ڕوودان " تایبەتێتی هەموو فۆرمێکی کردارە .

لە بواری فۆرمی کرداردا بەرانبەر یەکتر وەستانی تێنەپەڕاندن و تێپەڕاندن دێتە پێش چاو ... لە زمانی ڕووسی و ئینگلیزیدا چ کرداری تێنەپەڕ و چ کرداری تێپەڕ فۆرمی جیاوازی یەك وشەن[٣٠] ... لە زمانی کوردیدا لەگەڵ ئەوەدا ، کە وەك زمانی ڕووسیی و ئینگلیزی فۆرمی جیاوازن و لە سیستەمی یەك وشەدا کۆدەبنەوە ، بەڵام هەندێ کردار هەن ، کە شێوەی تێنەپەڕ و تێپەڕیان وشەی جیاوازن و فۆرمی جیاواز نین .

نموونە بۆ فۆرمی جیاواز :

مردن	مراندن
شکان	شکاندن
نوستن	نواندن

... هتد .

---

[٣٠] بروانە : ئا. ئی. سامیرنیتسکی ، وشەسازیی زمانی ئینگلیزی ، مۆسکۆ ، ١٩٥٩ ، ل ٢١٥ .

نموونە بۆ وشەی جیاواز :

کەوتن	خستن
بوون	کردن
چوون	بردن ، ناردن
مانەوە	هێشتنەوە

... هتد .

ناو و جێناو و ناوەڵناو و ئاوەڵکردار بە تێپەڕاندن و تێنەپەڕاندنەوە بەند نین ، بەڵام ئەمە تایبەتێتی کردارە و دەشێ ناوبنرێ (دۆخی پێوەندێتی‌ی بەرکار) .

کردار وەنەبێ وا بە ئاسانی و ڕوونی بەسەر تێنەپەڕ و تێپەڕدا دابەش بکرێ . زۆر جار هەر لەیەک کرداردا دەشێ تێپەڕاندن و تێ نەپەڕاندن گەڵێ لکی لێ ببێتەوە و ئەو لکانەش بە زەحمەت یەکتر بگرن . لەسەر بناغەی خاسیەتی تێپەڕاندن و تێنەپەڕاندن دابەش کردنی ئەم دەستە کردارە یان ئەو دەستە کردارە و لەبەرچاوگرتنی گشت توانایێکی پێوەندیی نێوان هەردوو دەستەی ئەو دۆخە لە سنووری تاکە وشەیەکدا ، ئەرکێکی تایبەتی‌یە و پێویستی بە لێکۆڵینەوەی سەربەخۆیە .

باسی تێپەڕاندن و تێنەپەڕاندن بە شێوەیێکی گشتی ، کێشەیێکی تایبەتی‌یە لە بواری کارا بزریدا و جیاوازە لەوەی لە بواری کارا دیاریدا دەیبینین . چۆن فۆرمی بزر ، نەک هەر لە ڕووی وشەسازی‌یەوە ، بەڵکو لە ڕووی ڕستەسازی‌یشەوە ، لە فۆرمی دیار جیادەبێتەوە ، بەهەمان ڕێگەش تێپەڕاندن و تێنەپەڕاندن لێک دەترازێن .

لە ڕووی واتاوە کردار دابەش دەبێ بەسەر دوو دەستەی گەورەدا : تێپەڕ و تێنەپەڕ ، کە وا لە پێوەندییاندا بە بەرکارەوە لەیەکتر جیادەبنەوە .

کرداری تێپەڕ واتای چالاکیی کارا و ڕێچکەی بەرەو بەرکار نیشان دەدات : زەوی دەکێڵین ، ڕۆژنامە دەخوێنمەوە . ئەم جۆرە ڕوودانانە ناشێ بەبێ بەرکار بێ : کێڵان ناکرێ ، ئەگەر زەوی نەبێ . خوێندنەوە پێک نایە ، ئەگەر ڕۆژنامە یان کتێب یان هەر کەرەستەیێکی دی خوێندنەوە نەبێ . بەرکار واتای ئەو کردارانە ڕوون دەکاتەوە و دەچەسپێنێ . گەلێ جار کردار بەبێ بەرکار واتای تەواو ناگەیەنێ . بۆ نموونە : قوتابی‌یەکە خوێندی‌یەوە ؛ ئازاد هێنای...

کرداری تێنەپەڕ پێوەندیی ڕوودان بە کاراوە ڕادەگەیەن : منداڵەکە نوست ، پووشەکە سوتا ... ئەم جۆرە کردارانە پێویستیان بە بەرکار نی‌یە .

جیاوازی لە ڕووی پێوەندی بە بەرکارەوە ، دەبێتە تایبەتێتی‌یێکی ڕستەسازیی ئەو دوو دەستە کردارە .

بەهێزبوون یان بێ‌هێزبوونی پێوەندی بە بەرکارەوە دەبێتە هۆی بوونی کرداری تێپەڕ بە تێنەپەڕ و بەپێچەوانەوە تێنەپەر بە تێپەڕ ... بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا کرداری (بوردن) ، لە گەرداندا وەک تێنەپەڕ جێناوی لکاو وەردەگرێ : بوردم ، بوردیت ، بورد ، بوردین ، بوردن ، بوردن ... کەچی کە دەڵێین : (بمبووره ، دەتبوورم ...) دەبێ بە تێپەڕ .

واتە ئەم کردارە لە باری ڕستەسازی‌یەوە تێپەڕە و لەباری وشەسازی‌یەوە تێنەپەڕە[31] ... بێ‌گومان ڕوون کردنەوەی ئەم دوولایەنی‌یە ، پێویستی بە لێکۆڵینەوەی مێژوویی هەیە .

[31] شایانی باسە ، مامۆستا مەسعوود محەمەد پەنجەی بۆ ئەو ڕاستی‌یە ڕاکێشاوە (بڕوانە : ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی بەپێی لێکۆڵینەوەی [illegible]ەی زمان و زانستەکانی کۆڕ ، بەغدا ، ١٩٧٦ ، ل ١٢٤ – ١٢٥ .

لە زۆر حاڵەتدا کرداری تێنەپەڕ و تێپەڕ لە ڕووی ڕۆنانەوە پێوەندییان بە یەکەوە هەیە . بۆ نموونە (-اندن) ، کە دەخرێتە سەر کردارێکی تێنەپەڕ ، دەیکا بە تێپەڕ :

شکان	–	شکاندن
تەزین	–	تەزاندن
مردن	–	مراندن
... هتد .		

لە زمانی ڕووسی و ئینگلیزیدا کاتێ پێشگر دەخرێتە سەر هەندێ کرداری تێنەپەڕی سادە ، دەیکاتە تێپەڕ ، یاخود بەپێچەوانەوە تێپەڕ دەکا بە تێنەپەڕ ...[٣٢] بەڵام لە زمانی کوردیدا پێشگر[٣٣] کرداری تێنەپەڕ ناکات بە تێپەڕ و تێپەڕیش ناکات بە تێنەپەڕ[٣٤]. وشەی (بەزین) و (دابەزین)

---

[٣٢] بڕوانە :

أ) ئا. ن. گفۆزدێڤ ، زمانی ئەدەبیی ڕووسیی ئەمڕۆ ، بەرگی یەکەم ، چاپی سێیەم ، مۆسکۆ ، ١٩٦٧ ، ل ٢٩٦ .

ب) سەرچاوەی ناوبراو ، ئا. ئی. سامیرنیتسکی ، وشەسازیی زمانی ئینگلیزی ، ل ٢١٧ .

[٣٣] ڕاستە لە زمانی کوردیدا پێشگر کرداری تێنەپەڕ ناکات بە تێپەڕ و تێپەڕیش ناگۆڕێ بۆ تێنەپەڕ ، بەڵام پاشگری (-اندن) دەورێکی گەورە دەبینێ لە کردنی کرداری تێنەپەڕ بە تێپەڕ . جا بۆیە ڕاست نییە ، کە مامۆستا مەسعوود محەمەد پاشگریشی لە پاڵ پێشگردا داناوە و وتویە : "... پێشگر و پاشگری کوردی سروشتی فیعلەکان ناگۆڕن ، واتە لازم ناکەن بە متعدی و متعدیش ناکەن بە لازم" (ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی بەپێی لێکۆڵینەوەی لیژنەی زمان و زانستەکانی کۆڕ ، "گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد" ، بەرگی سێیەم ، بەشی دووەم ، ل ٢٦٥) .

[٣٤] هەندێ لە نووسەرانی ڕێزمانی کوردی لە کاتێکدا کە سوودیان لە سەرچاوەی ڕووسی یان ئینگلیزی وەرگرتوە ، تایبەتێتی زمانی کوردییان تێدا نەخوێندووەتەوە. لەبەر ئەوەی لە =

هەردووکیان تێنەپەڕن و وشەی (کێلان) و (هەڵکێلان)یش هەردووکیان تێپەڕن .

لەبەر ئەوەی لە زمانی کوردیدا نیشانەیێکی مۆرفۆلۆژی نی یە ، کە کرداری تێپەڕ و تێنەپەڕی لەیەکتر پێ جیابکرێتەوە ، بۆیە زوربەی نووسەران لەسەر بناغەی واتا لەم کێشەیە دواون .

بەڵێ یەکێ لە تایبەتی یە بنجی یەکانی کرداری تێنەپەڕ ئەوەیە ، کە وا بەرکاری ناوێت ، بەو واتایە کە ڕاستەوخۆ تاوی کارا ناچێت بۆ سەر هیچ وشەیێك لە دەرەوەی وشە و واتای کردارەکە خۆی .

هەندێ نموونەی کرداری تێنەپەڕ :

گەڕان ، ڕژان ، برژان ، پیشان ، کوڵان ، خنکان ، سووتان ، ئاوسان ، جووڵان ، لەرزان ، ژاکان ، ئێشان ، لەوەڕان ، ترسان ، مان ، ڕووخان ، ڕمان ، ئاوسان ، گلان ، قڵیشان ، ڕوان ، وەستان ، هەڵستان ، ئاڵۆزان ، ئاڵۆزکان / ئاڵۆسکان ، بڕان ، تۆران ، شێوان ، شیان ...

=

زمانی ڕووسی و ئینگلیزیدا پێشگر یاریدەی گۆڕینی کرداری تێنەپەڕ بۆ تێپەڕ یان تێپەڕ بۆ تێنەپەڕ دەدات ، وایان بڕیار داوە لە کوردیشدا دەبێ هەر بەوچەشنە بێ ... شایانی باسە ، مامۆستا مەسعوود محەممەد نەکەوتووەتە ئەو هەڵەیەوە و هەرچی کێشەی کرداری (کردن) و (ڕاکردن)یشە ، بەم جۆرەی لێك داوەتەوە : "وشەی (ڕاکردن) بەپێچەوانەی دەستووره گشتییەکە فیعلی (کردن) تێیدا لە تێپەڕەوە بووە بە تێنەپەڕ ، چونکە (ڕاکردن) خۆی تێنەپەڕە ... ئەم (ڕا)یەی ناو وشەی (ڕاکردن) پێشگر نی یە ، بەڵکو کورت کرایەوەی وشەی (هەڕا)یە بە واتای (غار) . لەمەوە دەردەکەوێ لازم بوونی (ڕاکردن ، هەڕاکردن) دەگەڕێتەوە بۆ وشەی (هەڕا) کە پێشگر نی یە و وشەیێکی سەربەخۆیە" (ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی ... ، "گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد" ، بەرگی سێیەم ، بەشی دووەم ، ل ٢٦٥ - ٢٦٦) .

لەرزین ، تەزین ، ڕزین ، کۆکین ، تەپین ، وەرین ، خەنین ، پێکەنین ، خزین ، تۆقین ، تەقین ، لەقین ، چەقین ، کەنین ، فڕین ، بارین ، ڕوانین ، لەنگین ، گەیین ، لەوەڕین ، ڕۆیین ، مەیین ، بەزین ، وەرین ، پەڕین ، پەڕینەوە ...[٣٥]

چوون ، بوون ...

مردن ...

[٣٥] بەشێک لە چاوگی بە (ان) کۆتایی هاتوو لەگەڵ چاوگی بە (ین) کۆتایی هاتوو ، بەرانبەر یەک دەوەستن . وەک :

لەرزان	لەرزین
تەزان	تەزین
لەوەڕان	لەوەڕین
خزان	خزین
تەقان	تەقین
لەقان	لەقین
تۆقان	تۆقین
ڕزان	ڕزین
ڕمان	ڕمین
چەمان	چەمین
چەسپان	چەسپین
چەقان	چەقین
وەران	وەرین
گەوزان	گەوزین

... و گەلێکی دی .

هاتن ، نوستن ، کەوتن ، گەیشتن ، نیشتن ، خەوتن / خەفتن ، بزووتن ، ڕۆشتن ...

لەزمانی کوردیدا کرداری تێنەپەڕ لە ڕووی هێزەوە دوو جۆرە :

١-تێ نەپەڕی خوازەکی (الارادی) .

لەم جۆرە کردارانەدا دەوری کارا شتێکی ئاشکرا و ئیرادییە .

وەك :

ئازاد هات .

کورەکە ڕۆیشت .

چۆلەکەکە فڕی .

منداڵەکە گەڕا .

٢-تێنەپەڕی ڕوودان .

لەم جۆرە کردارانەدا کارا دەورێکی تایبەتی خۆی نییە بەو واتایە کە ئیشەکە بە بێ خواهیشتی کارا دێتە دی . وەك :

ئاوەکە ڕژا .

شووشەکە شکا .

دیوارەکە ڕووخا .

سوارەکە گلا . [٣٦]

---

[٣٦] بەڵام کرداری تێپەڕ (کێڵان ، دان ...) ئاوتریَ (کێڵا ، دا...) ، تەنیا لە ڕێی (را)ی کارا نادیارەوە دەبێ بە (زەوییەکە کێڵرا ، باجەکە درا...) ...

هەرچی کرداری تێنەپەڕە ، کە دەکرێ بەکارا نادیار :

١-لەنێوان ڕەگ و (را) دا (ێـ) پەیدا دەبێ :

شکا - شکێنرا ، هات - هێنرا ، سووتا - سووتێنرا ، ڕووخا - ڕووخێنرا ...

=

لە زمانی کوردیدا زۆربەی کرداری ڕوودان لە چاوگی ئەلفی یەوە وەردەگیرێن . وەك :

ڕژان ، شکان ، سووتان ، خنکان ، ڕمان ، ڕووخان ، برژان ، پسان ، پیشان ، کولان ، ئاوسان ، خنکان ، ترسان ، گلان ، قلیشان ...

تایبەتێتییەکی بنجیی کرداری تێپەڕیش ، ئەوەیە پێویستی بە بەرکار هەیە بۆ تەواو کردنی ماناکەی .

کرداری تێپەڕیش وەك تێنەپەڕ لە ڕووی هێزەوە دوو جۆرە :

١-ئەو کردارەی پێویستی بە یەك بەرکار هەیە و تاوی ناڕوا بۆ دووەم . وەك :

گورگ مەڕ دەخوات – (مەڕ) – بەرکارە

زەویم کێلا – (زەوی) – بەرکارە .

٢-ئەو کردارەی پێویستی بە پتر لە بەرکارێك هەیە :

پارەت دەدەمێ – (پارە) و (ت – تۆ) بەرکارن[٣٧] .

هەندێ نموونەی کرداری تێ پەڕ :

هێنان ، لێدان ، هەڵدان ، پێوان ، گێڕان ، کێلان ، پێچان ، شێلان ، بێژان ، وێران ، دان ، نان ...

=

٢- کە دەوترێ (شووشەکە شکا) ، ئەوە (شووشە) کارایە ، بەلام ، کە دەوترێ (شووشەکە شکێنرا) ، ئەوە (شووشە) بەرکارە.

[٣٧] ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی بەپێی لێکۆڵینەوەی لیژنەی زمان و زانستەکانی کۆڕ ، بەغدا ، ١٩٧٦ ، ل ١٠٠ –١٠٥ .

کڕین ،ماڵین ، مژین ، نووسین ، دڕین ، سڕین ، چنین ، بڕین ، دۆزین ، دۆشین ، سمین ، بەخشین ، پچڕین ، زانین ، ئاژنین ، بینین ، پرسین ، پشکنین ، ڕۆشین ، تاشین ، توانین ، ژەنین ، هاڕین ...

دروون ، سوون ، گروون ، جوون ... [38]

خواردن ، ناردن ، چاندن ، بژاردن ، خوێندن ، ژماردن ، ژەندن ، کردن ، سپاردن ، بواردن ، سەندن ، بردن ...

خستن ، ڕشتن ، گەستن ، شتن / شوشتن ، ئاژووتن ، بیستن ، دیتن ، گرتن ، هاویشتن ، کوشتن ، کرۆشتن ، ویستن ، وتن ، هێشتن ، بەستن ، پاڵاوتن ، پاراستن ، پەرستن ، چێژتن / چێشتن ...

تێبینی :

هەندێ چاوگی دەستەی بە (ان) کۆتایی هاتوو ، کە تێیاندا (ر) یان (ڕ) دەکەوێتە پێش (ا) کەوە ، وەك :

بران ، بڕان ، دران ، دڕان ، کران ، گیران ، شۆڕان ، کوژران ، وتران ... سەرنجی چەند نووسەرێکیان ڕاکێشاوە :

د. زارێ یووسف بە دەستەیێکی تایبەتی داناون و لە ژێر ناوی (کرداری کارا نادیار)دا ڕیزی کردوون[39] . مامۆستا مەسعوود محەمەد تەنیا لە (دڕان ،

---

[38] د. نەسرین فەخری (بوون)ی لە ڕیزی تێنەپەڕیش و تێپەڕیش داناوە (بڕوانە : د. نەسرین فەخری و د. کوردستان موکریانی ، ڕێزمانی کوردی بۆ پۆلی یەکەمی بەشی کوردی زانکۆی سەلاحەددین ، ١٩٨٢ ، ل ١٠٤ – ١٠٥) .

[39] د. زارێ یووسف ، دیالێکتی سلێمانی زمانی کوردی ، مۆسکۆ ، ١٩٨٥ ، ل ٨٧ .

بڕان ، گیران ، گۆڕان) دواوە و لە نێوانیاندا (دڕان ، بڕان)ی بە کرداری تێنەپەڕ داناوە و (گێڕان ، گۆڕان)یشی بەکرداری کارا نادیار لەقەڵەم داوە[٤٠] ...

ئێمەش لە لێکۆڵینەوەی ئەو کردارانەدا ، گەیشتووینەتە ئەو ئەنجامەی سەرپاکیان بە تێنەپەڕ دابنێین ، ئەویش چونکە :

١-تێکڕایان لە ڕێژەی ڕابوردووی بەردەوامدا وەك کرداری تێنەپەڕ جێناوی لکاو وەردەگرن :

دەبرام ، دەبڕام ، دەدڕام ، دەکرام ، دەگیرام ...

بەڵام دەزانین ، کە لە کرداری تێپەڕدا جێناوە لکاوەکە دێتە پێشەوە . وەك :

دەم گێڕا ، دەم وێرا ، دەم کڕی ، دەم بڕی ، دەم پچڕی ...

٢-هەندێکیان وەك کرداری تێنەپەڕی ئاسایی پاشگری (-اندن) وەردەگرن و دەبنە تێپەڕ : (دڕاندن ، کوژراندن ، بڕاندن ...) . وەك ئاشکراشە ، پاشگری (-اندن) کرداری کارا نادیار ناکاتە کرداری کارا دیار ، بەڵکو کرداری تێنەپەڕ دەکاتە تێپەڕ .

وەرنەگرتنی پاشگری (-اندن) لە لایەن بەشێکی دییانەوە ، هەرگیز نابێتە بەڵگەی دانەنانیان بە تێنەپەڕ ، ئەویش لەبەر ئەوەی گەلێ کرداری دی تێنەپەڕ هەن و پاشگری (-اندن) وەرناگرن ، وەك : هاتن ، مان ، ڕۆیشتن ... بەڵکو بەرانبەریان تێپەڕ هەیە . وەك :

---

[٤٠] ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی بەپێی لێکۆڵینەوەی لیژنەی زمان و زانستەکانی کۆڕ ، بەغدا ، ١٩٧٦ (ڕای مەسعوود محەمەد ، ل ١٢٥ - ١٢٩) .

تێپەڕ	تێنەپەڕ
هێنان ، هانین	هاتن
هێشتن ، هێڵان	مان
ناردن	ڕۆیشتن
خستن	کەوتن
بزاوتن ، بزافتن	بزووتن
بردن ، ناردن	چوون
ڕشتن	ڕژان
سوین ، سوون	سوان
کێشانەوە	کشانەوە
قەڵاشتن	قڵیشان
هەڵگرتن	هەڵستان
هێشتنەوە ، هێڵانەوە	مانەوە
کردن	بوون
بەردان	بەربوون

... و هەندێکی دی .[41]

[41] لیژنەی زمان و زانستەکانی کۆڕی زانیاری کورد بەشێکی زۆری کردارەکانی ئەو لیستەیەی یادداشت کردووە (بڕوانە : ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی ، ل ١٢٣) .

جا ئەو چاوگانەش ، کە بە (ان) کۆتاییان دی و تێیاندا (ر) یان (ڕ) کەوتووەتە پێش (ا)کەوە ، هەر وەك ئەو لیستەیەی سەرەوە ، بەرانبەر گشتیان کرداری تێپەڕ هەیە . وەك :

تێپەڕ	تێنەپەڕ
بردن	بران
دان	دران
کردن	کران
گرتن	گیران
شوشتن	شۆران
گوتن	گوتران
کوشتن	کوژران
دڕین	دڕان
بڕین	بڕان
گۆڕین	گۆڕان
گێڕان	گەڕان
سڕینەوە	سڕانەوە
پچڕین	پچڕان

وێڕای ئەو جۆرە بەرانبەر یەکتر وەستانە بنجی‌یەی کرداری تێنەپەڕ و تێپەڕ ، کە بەشێکی یەکجار کەمی کردار دەگرێتەوە ، بارێکی ڕێزمانیش هەیە ، کە زوربەی زۆری کردارە تێنەپەڕەکانیان پێ دەبێ بە تێپەڕ . ئەویش بەکارهێنانی پاشگری (-اندن)ە[٤٢] بە دوا کرداری تێنەپەڕدا .

---

[٤٢] ئەم پاشگرە لە زمانی فارسیدا لە شێوەی (-اندن) و (-انیدن)دا دەبینرێ :

=

ئەم پاشگرە (–ند ، –اند ، –دن ...) نی‌یە ، وەك هەندێ لە نووسەرانی ڕێزمانی کوردی دایان ناوە ، بەڵکو (–اندن)ە ، چونکە لە باری ئاساییدا بە باشی دەردەکەوێ ، بەڵام وەك زۆر دیاردەی دی زمانی کوردی ، لە هەندێ حاڵەتدا بە شێوەیێکی دیکە دەبینرێ و ئەمە بووەتە هۆی گۆڕینی شێوەی .

کاتێ بە یاریدەی پاشگری (–اندن) کرداری تێنەپەڕ دەکرێ بە تێپەڕ ، بە شێوەیێکی سەرەکی نیشانەی چاوگ – (ان ، ین ، دن ، تن)[٤٣] – لادەدرێ و (–اندن) دەخرێتە سەر بناغەی چاوگ ، بێ ئەوەی ڕوودانێکی فۆنەتیکی بێتە گۆڕێ . وەك :

تێنەپەڕ	بناغەی چاوگ		پاشگر	تێپەڕ
گەڕان	گەڕ	+	اندن	گەڕاندن
ڕژان	ڕژ	+	اندن	ڕژاندن
سووتان	سووت	+	اندن	سووتاندن
لەرزین	لەرز	+	اندن	لەرزاندن
پەڕین	پەڕ	+	اندن	پەڕاندن
مردن	مر	+	اندن	مراندن
خەوتن	خەو	+	اندن	خەواندن

=

چوپان بز را چراند

اب گیاه را رویانید

(بروانە : ذو النور ، دستور پارسی در صرف و نحو و املای فارسی ، تهران ، ١٣٤٣ ، ل ٢٨ – ٢٩) .

(٤٣) جگە لەو چاوگانەی کۆتاییان بە (وون) دێت .

وێڕای ئەم شێوە سەرەکی‌یە بۆ گۆڕانە ، کە زۆری چاوگەکان دەگرێتە خۆ ، هەندێ حاڵەتی بیژۆکیش هەیە :

١-ئەگەر چاوگێك کۆتایی بە (وون) بێ ، ئەوە (ن) لادەبرێ و بزوێنی (وو)ی پێشی دەبێ بە کۆنسۆنانتی (و – W)[٤٤] :

چوون – چواندن

بوون – بواندن[٤٥]

٢-بێتو چاوگێك کۆتایی بە (تن) بێت و دەنگی پێش نیشانەی چاوگەکە (س) یان (ش) بێت ، ئەوە ئەو دەنگانەش ، واتە (س ، ش) ـ تێدەچن . وەك :

نوستن – نواندن

گەیشتن – گەیاندن

تێبینی :

١-لەو چاوگە تێنەپەڕانەی لە بنجدا بەرانبەریان چاوگی تێپەڕ هەیە :

ا) بەشێکیان هەروەها بە پاریدەی (–اندن)یش دەبنە تێپەڕ .

وەك :

---

[٤٤] لیژنەی زمان و زانستەکانی کۆڕی زانیاری کورد وای داناوە ، کە (ن) لادەبرێ و (اندن)ی دەخرێتە سەر (ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی ، ل ١٢١) ، بێ ئەوەی باسی ئەوە بکا ، کە بزوێنی (وو –U) دەبێت بە کۆنسۆنانتی (و – W) .

[٤٥] نەك هەر لەم بارەدا بزوێنی (وو – U) دەبێ بە کۆنسۆنانتی (و – W) ، بەڵکو هەر چاوگێکیش ، ئەگەر بناغەکەی بە بزوێنی (وو – U) کۆتایی بێت ، دەبێ بە کۆنسۆنانتی (و -W) . وەك :

بزووتن – بزواندن

پشکووتن – پشکواندن

کەوتن	— کەواندن	، خستن .
بزووتن	— بزواندن	، بزاوتن ، بزافتن .
چوون	— چواندن	، بردن ، ناردن .
ڕژان	— ڕژاندن	، ڕشتن .
دڕان	— دڕاندن	، دڕین .
گەڕان	— گەڕاندن	، گێڕان .
پچڕان	— بچڕاندن	، پچڕین .

... هتد .

ب) بەشێکیشیان (–اندن) وەرناگرن . وەك :

بۆ (هاتن) ، کە تێنەپەڕە و بەرانبەری (هێنان ، هانین)ی تێپەڕ هەیە ، کەس ناڵێ (هاندن) یان (هاتاندن) ...

٢–هەندێ کردار هەر تێنەپەڕن و بەرانبەریان تێپەڕ نی‌یە و کەچی پاشگری (–اندن)یش وەرناگرن . وەك :

(سرەوتن) هەیە و (سرەواندن) نی‌یە .

(نیشتن) دەوترێ و (نیشاندن ، نیشتاندن) ناوترێ .

(زان) باوە و (زاناندن) نەبیستراوە .

(گەنین) هەیە و (گەناندن) نی‌یە .

... هتد [٤٦].

---

[٤٦] سروشتی ڕوودانی ئەو جۆرە وشانە ، شتێکی ناوەکی‌یە و ڕێگەی ئەوەی نی‌یە کەسێك لە لاوە بەسەر یەکێکی دی‌دا بسەپێنێ – واتە ناشێ لە لاوە کارا بۆ ئەم کردارانە پەیدا بکرێ ... شایانی باسە ، مامۆستا مەسعوود محەمەد بە وردی ئەو تایبەتێتی‌یەی ڕوون کردووەتەوە و وتوویە : "تۆ دەتوانی یەکێکی تر (بخەوێنی وەیا بشێوێنی) بە هۆی ئەو ئامرازانەوە کە خەوتن و شێوان پەیدا دەکەن بەڵام ناتوانی لە دەروونی هەمان کەسدا (سرەوتن) پەیداکەیت چونکە سرەوتنەکە لە لاوە نایەت بۆی ... " (ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی ... ، ل ١١٢) .

جگە لە بەرانبەر یەکتر وەستانی بنجی دوو جۆرە کرداری تێنەپەڕ و تێپەڕ و سەرەڕای ڕێگەی ڕێزمانی بە یاریدەی پاشگرێ (-اندن) ، ڕێگەی لێکسیکیش هەیە ، کە ئەوانیش بە یاریدەی وشەی (هێنان ، خستن ...)ەوەیە ، کە دەشێ هەندێ کرداری تێنەپەڕیان پێ بکرێ بە تێپەڕ . وەك :

هێنانە پێکەنین ، خستنە پێکەنین

هێنانە گریان ، خستنە گریان

... هتد .

پاشگری (-اندن) لەگەڵ ئەو ئەرکە سەرەکی و باڵایەدا ، کە کرداری تێنەپەڕ دەکات بە تێپەڕ ، هەروەها دەوری ڕۆنانی کرداری تێنەپەڕیش دەبینێت ... بۆ نموونە ، دەچێتە سەر ناوی دەنگە سروشتییەکان و دەیانکات بە کرداری تێنەپەڕ . وەك :

قیژە	+	اندن	=	قیژاندن
گرمە	+	اندن	=	گرماندن
باعە	+	اندن	=	باعاندن
زیڕە	+	اندن	=	زیڕاندن
باڕە	+	اندن	=	باڕاندن

... هتد [٤٧].

---

[٤٧] هەرچی وشەکانی (گریاندن ، تەقاندن ، تۆقاندن ، تەپاندن...) ە ، کە نەبوونەتە تێنەپەڕ و بوونەتە تێپەڕ ، هۆی ئەوەیە ، کە ئەم کردارانە لە ناوی سروشتییەوە وەرنەگیراون ، بەڵکو لە ناوی چاوگەوە (گریە ، تەقە ، تۆقە ، تەپە ...)ەوە یان لە چاوگی تێنەپەڕی (گریان ، تەقان ، تۆقان ، تەپان ...)ەوە وەرگیراون .

لەم ڕووداوەدا ، کە دوو بزوێن – واتە (ە)ی کۆتایی ناوە سروشتی‌یەکان و (ا)ی سەرەتای پاشگری (–اندن) – دەکەونە پاڵ یەك ، ئەوە لە ئەنجامدا (ا) دەمێنێتەوە و (ە) تێدەچێ .

* * *

لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا لەگەڵ کرداری تێنەپەڕی ڕابوردوو و تێنەپەڕ و تێپەڕی ڕانەبوردوودا دەستەی یەکەمی جێناوە کەسی‌یە جوداکان – واتە جێناوەی دۆخی ڕاستەوخۆ : (ئەز ، تو ، ئەو ، ئەم ، هوون ، ئەو / ئەوان) دەبنە کارا . لەگەڵ کرداری ڕابوردووی تێپەڕیشدا دەستەی دووەمی جێناوە کەسی‌یە جوداکان – واتە جێناوی دۆخی تیان : (من ، تە ، ئەوێ / وێ ، ئەوی / وی ، مە ، وە ، ئەوان / وان) وەك کارا خۆیان دەنوێنن :

(١)کرداری تێنە پەڕی ڕابوردوو و تێنە پەڕ و تێ پەڕی ڕانەبوردوو :

جیناوی دۆخی ڕاستەوخۆ	تێنەپەڕ						تێپەڕ	
	ڕابوردوو				ڕانەبوردوو		ڕانەبوردوو	
	نزیک	بەردەوام	تەواو	دوور	ئێستا	داهاتوو	ئێستا	داهاتوو
ئەز	کەتم	دکەتم	کەتمە	کەتبووم	دکەڤم	بکەڤم	دبژێرم	ببژێرم
تو	کەتی	دکەتی	کەتی‌یی	کەتبووی	دکەڤی	بکەڤی	دبژێری	ببژێری
ئەو	کەت	دکەت	کەتی‌یە	کەتبوو	دکەڤە	بکەڤە	دبژێرە	ببژێرە
ئەم / هوون / ئەو / ئەوان	کەتن	دکەتن	کەتنە	کەتبوون	دکەڤن	بکەڤن	دبژێرن	ببژێرن

(٢) کرداری تێ پەڕی ڕابوردوو :

جێناوی دۆخی تیان	نزیك	بەردەوام	تەواو	دوور
من تە ئەوێ / وێ ئەوی / وی مە وە ئەوان / وان	کر	دکر	کرییە	کربوو

لە دیالێکتی کرمانجیی خواروودا لەگەڵ کرداری تێنەپەڕی ڕابوردوو و تێنەپەڕ و تێ پەڕی ڕانەبوردوودا دەستەی جێناوە لکاوە بێ هێزەکان : (م ، ی ، . ، ین ، ن ، ن) دێن . لەگەڵ کرداری ڕابوردووی تێپەڕیشدا دەستەی دووەمی جێناوە بەهێزەکان : (م ، ت ، ی ، مان ، تان ، یان) بەکاردێنرێن :

(١) کرداری تێنە پەڕی ڕابوردوو و تێنە پەڕ و تێ پەڕی ڕانەبوردوو :

جێناوی لکاوی بێ هێز	تێنەپەڕ					تێ پەڕ
	ڕابوردوو				ڕانەبوردوو	
	نزیك	بەردەوام	تەواو	دوور		
م	مردم	دەمردم	مردووم	مردبووم	دەمرم	دەنووسم
ی	مردی (یت)	دەمردی (یت)	مردووی (یت)	مردبووی (یت)	دەمری (یت)	دەنووسی (یت)
.	مرد	دەمرد	مردووە	مردبوو	دەمرێ (ێت)	دەنووسێ (ێت)
ین	مردین	دەمردین	مردووین	مردبووین	دەمرین	دەنووسین
ن	مردن	دەمردن	مردوون	مردبوون	دەمرن	دەنووسن
ن						

(٢) کرداری تێ پەڕی ڕابوردوو :

جێناوی لکاوی بەهێز	نزیك	بەردەوام	تەواو	دوور
م	ناردم	دەم نارد	ناردوومە	ناردبووم
ت	ناردت	دەت نارد	ناردووتە	ناردبووت
ی	ناردی	دەی نارد	ناردوویەتی	ناردبووی
مان	ناردمان	دەمان نارد	ناردوومانە	ناردبوومان
تان	ناردتان	دەتان نارد	ناردووتانە	ناردبووتان
یان	ناردیان	دەیان نارد	ناردوویانە	ناردبوویان

بۆ لێك جیاکردنەوەی کرداری تێپەڕ و تێنەپەڕ ، وێڕای دیاریکردنی تیۆریی زانستانە ، لە زمانی کوردیدا ڕێگاییێکی پراکتیکی یەکجار ئاسانیش هەیە ، کە ئەویش بە هۆی جێناوە کەسی یە لکاوەکانەوەیە لە دیالێکتی خوارووداو جێناوە کەسی یە جوداکانەوەیە لە دیالێکتی ژووروودا :

١- بە هۆی جێناوە لکاوە کەسی یەکانەوە لە دیالێکتی کرمانجیی خوارووداو .

ئەگەر کردارێك تێپەڕبوو ، ئەوە جێناوی کەسیی لکاو لە حاڵەتی ڕابوردووی بەردەوامی ئیخباری و ئینشائیدا بە پێشی کردارەکەوە دەلکێ و لە هەموو حاڵەتەکانی دیدا هەر بە کۆتایی یەوە دەنووسێ .

بەڵام لە کرداری تێنەپەڕی ڕابوردووی بەردەوامدا دەبینین جێناو هەر لە کۆتایی یەوە دەمێنێتەوە و وەك کرداری تێپەڕی ڕابوردووی بەردەوام نایەتە پێشەوە . ئەگەر بۆ بەڵگە هەندێ کرداری تێنەپەڕ بکەینە تێپەڕ دەبینین جێناو دێتە پێشەوە ، وەك :

دەنوستین   دەمان نواند
دەچووین   دەمان چواند

دەکەوتین	دەمانخست
دەمردین	دەمانمراند
دەگەڕاین	دەمانگەڕاند

... هتد

دیاری کردنی بە پێشەوە یان بە کۆتاییەوە لکانی جێناوی کەسیی لکاو بە کرداری ڕابووردوی بەردەوامی ئیخباری و ئینشائیەوە ، کێشەیێکی گەورەی زمانی دەرەوێنێتەوە و دەستوورێکی سەرسوڕهێنمان بۆ ئاشکرا دەکا ، کە ئەویش ئەوەیە :

ئەگەر هەر کردارێ لە گەرداندا دەرکەوت کە لە کاتی ڕابوردووی بەردەوامدا جێناوی کەسیی لکاو بە پێشیەوە دەلکێ ، ئەوە ئەو کردارە تێپەڕە . خۆ بێتو لە هەمان ڕێژەدا جێناو بکەوێتە کۆتاییەوە ، ئەوە ئەو کردارە تێنەپەڕە .

ئاسانترین ڕێگە بۆ ئیسپات کردنی ئەو دەستوورە ، ئەوەیە جێناوی لکاوی کەسی یەکەمی تاک وەربگرین ، کە بۆ هەردوو کرداری تێپەڕ و تێنەپەڕ هەر (م)ە و لەگەڵ کۆمەڵێك کرداردا تاقیبکەینەوە :

تێنەپەڕ	تێپەڕ
گلان –	گلاندن –
دەگلام	دەمگلاند
بگلامایە	بمگلاندایە
سووتان –	سووتاندن –
دەسووتام	دەمسووتاند
بسووتامایە	بمسووتاندایە

نوستن –	**نواندن –**
دەنوستم	دەمنواند
بنوستمایە	بمنواندایە
خنکان –	**خنکاندن –**
دەخنکام	دەمخنکاند
بخنکامایە	بمخنکاندایە
ترسان –	**ترساندن –**
دەترسام	دەمترساند
بترسامایە	بمترساندایە
شکان –	**شکاندن –**
دەشکام	دەمشکاند
بشکامایە	بمشکاندایە
بەزین –	**بەزاندن –**
دەبەزیم	دەمبەزاند
ببەزیمایە	بمبەزاندایە
خەوتن –	**خەواندن –**
دەخەوتم	دەمخەواند
بخەوتمایە	بمخەواندایە
کەوتن –	**خستن –**
دەکەوتم	دەمخست
بکەوتمایە	بمخستایە
هاتن –	**هێنان ، هانین –**
دەهاتم	دەمهێنا ، دەمهانی
بهاتمایە	بمهێنایە ، بمهانییایە

چوون –

دەچووم

بچوومایە

ڕۆیشتن –

دەڕۆیشتم

بڕۆیشتمایە

گەڕان –

دەگەڕام

بگەڕامایە

گۆڕان –

دەگۆڕام

بگۆڕامایە

چەقین –

دەچەقیم

بچەقیمایە

بردن –

دەمبرد

بمبردایە

ناردن –

دەمنارد

بمناردایە

گێڕان –

دەمگێڕا

بمگێڕایە

گۆڕین –

دەمگۆڕی

بمگۆڕییایە

چەقاندن –

دەمچەقاند

بمچەقاندایە

خواردن –

دەمخوارد

بمخواردایە

خوێندن –

دەمخوێند

بمخوێندایە

... هتد

٢-بە هۆی جێناوە کەسییە جوداکانەوە لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا .

هەر کردارێك بێتو لە دەمی ڕابوردوودا جێناوە کەسییە جوداکانی دەستەی یەکەم : (ئەز ، تو ، ئەو ، ئەم ، هوون ، ئەو / ئەوان) لەگەڵ بێن ، ئەوە ئەو کردارە تێنەپەڕە . بەڵام ئەگەر جێناوە کەسییە جوداکانی دەستەی دووەم : (من ، تە ، ئەوێ / وێ ، ئەوی / وی ، مە ، وە ، ئەوان / وان) بێنە تەکی ، ئەوە ئەو کردارە تێپەڕە .

باشترین ڕێگە بۆ ئیسپات کردنی ئەو دەستوورە ، ئەوەیە جێناوی کەسیی جودای کەسی یەکەم وەربگرین ، کە بۆ کردای تێنەپەڕی ڕابوردوو (ئەز)ە و بۆ کردای تێپەڕیش (من)ە :

تێنەپەڕ	تێپەڕ
ئەز -	من -
کەتم	کر
چووم	گۆت
هاتم	ستاند
ڕوونشتم	خار
گهیشتم	خاند

کردار لە ڕووی ڕۆنانەوە

کردار وەك ناو و ئاوەڵناو لە ڕووی ڕۆنانەوە دابەش دەبێ بەسەر (سادە) و (ناسادە)دا ؛ (ناسادە)ش بەسەر (داڕێژراو)و لێکدراودا .

کرداری سادە

وەك : بوون ، چوون ، دان ، نان ، جوون ، دروون ، سوون ، مان ، کردن ، بردن ، هاتن ...

کرداری داڕێژراو

لە زمانی کوردیدا کرداری داڕێژراو بە یارمەتیی پێشگر و پاشگر پێك دێ[٤٨] . بۆ ڕۆنانی کرداری داڕێژراو هەندێ پێشگر و پاشگر هەن ، دەچنە سەر (کرداری سادە)و دەیکەنە کرداری داڕێژراو[٤٩]

ا- پێشگر .

ئەو پێشگرانەی کرداری داڕێژراو سازدەکەن دوو جۆرن :

---

[٤٨] هەرچەندە کرداری داڕێژراو بە یارمەتیی پێشگر و پاشگر پێك دێ ، بەڵام لەم کارەدا پێشگر دەوری گرنگترە .

[٤٩] هەرچی ناو و ئاوەڵناوی داڕێژراوە بە یارمەتیی پێشگر و پاشگر لە (ناو و ئاوەڵناو و ئاوەڵکردار)ی سادە دروست دەکرێن . بەڵام بۆ ڕۆنانی کرداری داڕێژراو پێشگر و پاشگر هەر بە (کردار)ەوە دەلکێن ، جگە لە پاشگری (-اندن) ، کە دەچێتە سەر ناوی دەنگە سروشتیەکان و هەندێ ناوی دیکە و دەیانکاتە چاوگ و کردار .

یەک – پێشگری سادە . وەک :

١- (ڕا-)

بەرانبەر ئەم پێشگرە لە ئێرانیی کۆندا "فراچە" ؛ لە ئاوێستادا "فرەچە" ؛ لە فارسیی کۆندا "فاچا" ؛ لە فارسیی ناوەڕاستدا "فراج"[٥٠] لە فارسیی نوێدا "فرا (ز)" دەوەستێ و لە زمانی پشتۆدا بە هەمان شێوەی کوردی دەبینرێ[٥١].

پێشگری (ڕا-) لە سەرەتادا واتای بزووتنەوەی بەرەو پێشەوەی دەگەیاند و دواتر واتای فراوانتر بوو[٥٢]. ئێستا مانای جۆراوجۆر دەگەیەنێ ، وەک لەو نموونانەی خوارەوەدا بەدی دەکرێن :

کرمانجیی خواروو	کرمانجیی ژووروو
ڕادان	ڕادان
ڕاگرتن	ڕاگرتن
ڕاخستن	ڕاخستن
ڕاکێشان	ڕاکشاندن

جگە لەو واتا جیاوازانە ، دەبینین ، کە پێشگری (ڕا-) ڕێچکەی بزووتنەوە بەرەو سەرەوەش نیشان دەدا ، وەک : ڕابوون ، ڕاپەڕین .

---

[٥٠] وەک : "فراج مەتەن ، فراج ڕەفتەن ، فراج ڕەسیتەن ..." (بڕوانە : ڤ . س . ڕاستۆرگویڤا ، زمانی فارسیی ناوەڕاست ، مۆسکۆ ، ١٩٦٦ ، ل ٨٢)

[٥١] ن . ئا . دڤۆریانکۆڤ ، زمانی پشتۆ ، مۆسکۆ ، ١٩٦٠ ، ل ٣٤ .

[٥٢] ڕ . ل . تسابۆلۆڤ ، لەبارەی مێژووی مۆرفۆلۆژیی زمانی کوردییەوە ، مۆسکۆ ، ١٩٧٨ ، ل ٧٤ .

٢-(هەڵ-) ، لە کرمانجیی ژووروودا (هل-) .

وێنەی ئەم پێشگرە لە ئێرانیی کۆندا "ردڤە" یە ، لە ئاوێستادا "ئردوە ، ئردڤە" یە بە واتای (بەرەو سەرەوە) . لە فارسیی ناوەڕاستدا "وول"ە[٥٣] بە واتای "بۆ سەرەوە" .

پێشگری (هەڵ- / هل-) لە زمانی کوردیی ئەمڕۆدا بە زۆری بۆ بزووتنەوەی بەرەو ژوور بەکاردێت ، بەڵام هەندێ جار مەبەستی تریش دەگەیەنێ .

کرمانجیی خواروو	کرمانجیی ژووروو
هەڵکردن	هلکرن
هەڵبوون	هلبوون
هەڵچوون	هلچوون
هەڵبڕین	هلبڕین
هەڵدان	هلدان
هەڵهاتن	هلهاتن
هەڵگرتن	هلگرتن
هەڵفڕین	هلفڕین

... هتد[٥٤] .

---

[٥٣] وەك : "وول ئامەتن" (هەڵهاتن - بۆ خۆر) (بڕوانە : ڕاستۆرگوێڤا ، زمانی فارسیی ناوەڕاست ، ل ٨٣) .

[٥٤] مامۆستا قەناتی کوردۆ لەبارەی ئەسڵی پێشگری (هەڵ - / هل -)ەوە نووسیویە : "ئەم پێشگرە پێوەندیی بنەچەیی لەگەڵ وشەی (هێلان)دا هەیە ، کە لە ڕەگی (هێل)و پاشگری (-ان)

٣-(دا-) .

ئەم پێشگرە زۆر چالاك و بە بەرهەمە و گەلێك مانا دەبەخشێ و بە زۆری ڕێچکەی بزووتنەوە لەسەرەوە بۆ خوارەوە نیشان دەدات . وەك :

کرمانجیی خواروو	کرمانجیی ژووروو
داکەوتن	داکەتن
داگرتن	داگرتن
داهاتن	داهاتن
داخستن	داخستن
... هتد .	

٤-(ڕۆ-) ، لە کرمانجیی ژووروودا (ڕوو-)

ئەم پێشگرە بەرانبەر "فرەڤەتە"ی[٥٥] ئێرانیی کۆن و ئاوێستا ؛ "پرەڤەتا"ی هیندیی کۆن ؛ "فرۆت"ی فارسیی ناوەڕاست[٥٦] ؛ "فورۆ"ی فارسیی نوێ دەوەستێ .

=

پێکهاتووە . وشەی (هێلان) لە کرمانجیی ژوورووودا بە واتای (بەرزایی ، تەپۆلکە ، هەڵسان ... دێت" (دەستووری زمانی کوردی - بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجیی ژووروو و خوارووو مۆسکۆ ، ١٩٧٨ ، ل ١٤٨) .

[٥٥] بە واتای "خوارەوە" .

[٥٦] وەك : "فرۆت فەشتەن (ڕۆچوون) ، فرۆت شوتەن (ئاوابوون - بۆ خۆر) ..." (بڕوانە : ڕاستۆرگوێڤا ، زمانی فارسیی ناوەڕاست ، ل ١٨٣) .

ئەم پێشگرە بە گشتی بزووتنەوە بەرەوخوار ، یاخود ناوەوە نیشان ئەدا . وەك :

کرمانجیی خواروو – ڕۆکردن ، ڕۆچوون ، ڕۆنان ...

کرمانجیی ژووروو – ڕۆنشتن ، ڕوونشتاندن ...

٥-(وەر-) .[٥٧]

شێوەی ئەم پێشگرە لە زمانی ئێرانیی کۆن و ئاوێستا و فارسیی کۆندا "وپەر"ە . لە فارسیی ناوەڕاستدا "ەپەر ، ەوەر" ؛ لە فارسیی نوێدا "ەبەر ، بەر" .

پێشگری (وەر-) لە هەردوو دیالێکتی سەرەکیی کوردیدا وەك یەك دەبینرێ و مانای پێچکردنەوە و گەڕانەوە و هەڵگێڕانەوە و گۆڕین و گوێزانەوە ... ی تێدایە . وەك :

وەردان ، وەرگێڕان ، وەرگەڕان ، وەرگەڕاندن ، وەرچەرخان ، وەرگرتن ... هتد .

ئەم پێشگرە لە هەندێ بەشە دیالێکتی کوردیدا ، بەتایبەتی لە زمانی کوردەکانی ئەرمەنستان و تورکمەنستان و ئازەربایجاندا لە شێوەی (-وەل)دا دەبینرێ . وەك "وەڵگەڕاندن ، وەڵگەڕیان ..."[٥٨] .

٦-(ڕێ-) . وەك :

ڕێخستن ، ڕێخشاندن ...

---

[٥٧] تایبەتیی پێشگری (هەڵ - ، ڕۆ - ، وەر-) لەوەدایە ، کە لە زمانی کوردیی ئەمڕۆدا هاوبێژیان نییە .

[٥٨] چ. خ. باکاییف ، زمانی کوردەکانی سۆڤێت ، مۆسکۆ ، ١٩٧٣ ، ل ٢٥٧ .

٧-(پێ-) .

ئەم پێشگرە بە زۆری نیشانی بزووتنەوەی ڕوودان بەرەو بەرکارێک ڕادەگەیەنێ . وەك :

پێکەنین ، پێگەیشتن ، پێزانین ، پێناسین ، پێکەوتن (پێکەتن) ...

٨-(تێ-)

بزووتنەوەی ڕوودان بەرەو شوێنێکی دیاریکراو نیشاندەدا . وەك :

تێگەیشتن ، تێگرتن ، تێکەوتن (تێکەتن) ، تێکردن (تێکرن) ، تێخستن ...

٩-(لێ-)[٥٩] .

ئەم پێشگرە نیشانی بزووتنەوەی ڕوودان بەرەو کەسێك یان شتێك دەدات . وەك :

لێخوڕین ، لێدان ، لێنان ، لێکەوتن (لێکەتن) ...

١٠-(ژێ-) .

ئەم پێشگرە تەنیا لە کرمانجیی ژووروودا بەکاردێ . لە کرمانجیی خواروودا پێشگری (لێ-) بەرانبەری دەوەستێ . وەك :

---

[٥٩] هەرچی پێشگری (پێ ، تێ ، لێ)یە پێوەندییان لەگەڵ (پاشبەند)دا هەیە و لە هەردوو دیالێکتی سەرەکیی کوردیدا زۆر بەکاردێنرێن . بە شێوە لەوە دەچێ ، کە پاشگری (ڕێ)یش هەر وەك ئەوان بێ ، بەڵام ڕاستی لە ناوەرۆکدا هێشتا هیچمان بۆ ئاشکرا نەبووە .

کرمانجیی ژووروو	کرمانجیی خواروو
ژێپرسین	لێپرسین
ژێبرین	لێبرین
ژێستاندن	لێستاندن[٦٠]

١١-(وێ -)[٦١]، له کرمانجیی ژووروودا (ڤێ-)[٦٢] وەك :
وێچوون ، وێکەوتن ...
ڤێکەتن ، ڤێخستن ، ڤێساندن ...[٦٣]

١٢-(ڤە-) .

بەرانبەر ئەم پێشگرە کوردیە لە ئێرانیی کۆن و ئاوێستادا "ەپە" ؛ لە فارسیی ناوەڕاستدا "ەپەچ" ؛ لە فارسیی نوێدا "باز" بەرچاودەکەوێ .
پێشگری (ڤە-) تەنیا لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا بەکاردێنرێ و لە باری واتا و ئەرکی وشەڕۆنانەوە بەرانبەر پاشگری (-ەوە)ی کرمانجیی

[٦٠] ق. کوردۆیێف ، دەستووری زمانی کوردی (بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجیی ژووروو و خواروو) ، مۆسکۆ ، ١٩٧٩ ، ل ١٥٣ - ١٥٤ .
[٦١] پێشگری (وێ-) لە شێوەی موکریدا بە گشتی و لە هەندێ شێوەی دیکەی کرمانجیی خوارووداا بەکاردێت .
[٦٢] پێشگری (ڤێ-) لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا بەکاردێت ... لە هەندێ بەشە دیالێکتی کرمانجیی خوارووداا دەبێتە (وێ-) .
[٦٣] مامۆستا کوردۆ لە باسی پێشگری (ڤێ-)دا وتوویە : "وا پێ دەچێ شێوەی فۆنەتیکیی پێشگری (ڤە-) بێ" (سەرچاوەی ناوبراو ، دەستووری زمانی کوردی ، ل ١٤٩) .

خواروو دەوەستێ . ئەم پێشگرە ڕێچکەی ڕوودان بۆ دواوە ، بۆ لایەنی جیاواز نیشان دەدا و دووبارە بوونەوەی ڕوودان ڕادەگەیەنێ . وەك :

ڤەگرتن ، ڤەخارن ، ڤەکشان ، ڤەگەڕین ، ڤەکرن ...(٦٤)(٦٥)

---

(٦٤) بۆ ساخکردنەوەی ئەسڵ و دەور و واتای ئەو پێشگرانە کەڵکم لە گەلێ سەرچاوە وەرگرتووە و بەتایبەتی :

أ)ڤ. س. ڕاستۆرگویڤا ، زمانی فارسیی ناوەڕاست ، مۆسکۆ ، ١٩٦٦ .

ب)ڕ. ڵ. تسابۆڵۆڤ ، لەبارەی مێژووی مۆرفۆلۆژیی زمانی کوردییەوە ، مۆسکۆ ، ١٩٧٨ .

ج)ق. کوردۆییڤ ، دەستووری زمانی کوردی (بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجیی ژوورو و خواروو) ، مۆسکۆ ، ١٩٧٨ .

د) ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی ، بەپێی لێکۆڵینەوەی لیژنەی زمان و زانستەکانی ، بەغدا ، ١٩٧٦ .

(٦٥) لیژنەی "زمان و زانستەکانی کۆڕی زانیاری کورد" بە شێوەیێکی زانستی و نموونەی جوان و لەبارەوە باسی ئەو پێشگرە سادانەی کردووە و دەوری هەر یەکێکیانی دیاری کردووە . بەڵام لیژنەی ناوبراو پێشگری (ڕۆ- / ڕوو-) و (ڕێ) و (ژێ)ی ، کە ئەمانیش لە ڕۆنانی کرداری دارێژراودا دەورێکی گرنگ دەبینن ، لەیاد کردووە و بە هیچ جۆرێك ناوی نەهێناون (بڕوانە ل٢٣٦ – ٢٣٩) . کەریمی ئەیووبی و ئی. ئا. سمیرنۆڤا باش لە تێکڕای ئەو پێشگرانە دواون (جگە لە "ڤە" و "ڤێ" و "ژێ" کە سەر بە دیالێکتی کرمانجیی ژووروون) . بەڵام کەم و کورتی ئەمان و سەرجەمی زانایانی قوتابخانەی سۆڤێت لەوەدایە ، کە پێشگری (ڕێ ، پێ ، تێ ، لێ ، ژێ ...)یان بە ناسادە داناوە و وا ڕادەگەیەنن ، کە لە ئەنجامی یەك کەوتنی (ل ، ب ، د ، ژ)ی کرمانجیی ژووروو و (لە ، بە ، دە ، لە)ی کرمانجیی خواروو لەگەڵ جێناوی (ێ) سازبوون... بەر لە هەر شت ، وەك لە بەشی دووەمی ئەم کتێبەدا "جێناو" (ل٥٦ – ٤٧ ، ٥٩...)دا پەنجەم بۆ

... هتد . (٦٦)،(٦٧)

ڕاکێشاوە ، ئەوە دێنمەوە یاد ، ئەوەی نووسەرانی ڕێزمانی کوردی لە یەکێتی سۆڤێت مامەڵەی جێناوی لکاویان لەگەڵ (ێ)دا کردووە ، شتێکی دوور لە هەڵکەوتی زمانی کوردییە .

ئەو پێشگرە سادانەی لە سەرەوە لێیان دواین ، لە نووسینەکانی مامۆستا نووری عەلی ئەمین‌دا باسیان لێوە نەکراوە . تەنیا ئەوە نەبێ ، کە لە لاپەڕە (١٥٦ – ١٥٧)ی کتێبی "ڕێزمانی کوردی"دا ، (هەڵ ، دا ، ڕا ، ڕۆ...) بە ئاوەڵکردار دانراوە و (پێ ، تێ ، لێ)یش بە پێتی پەیوەندی لە قەڵەم دراوە . ڕاستە (پێش ، سەر ، لا ، بەر...) وەك ئاوەڵکردار و جارجارەیەکیش وەك پێشگر خۆیان دەنوێنن ، بەڵام (هەڵ ، دا ، ڕا ، ڕۆ...) هەر پێشگرن و هیچ دەمێك نابنە ئاوەڵکردار . هەرچی (پێ ، تێ ، لێ...)یشە پێوەندییان بە پاشبەندەوە هەیە ، بەڵام بەر لە هەرشت پێشگرن ... سەرەڕای ئەو کەم و کورتییە ، نووسەر لە کتێبی "گرتنی کەلێنێکی تر لە ڕێزمانی کوردی"دا (ل٥٣ – ٥٦) هەندێ نیشانەی ، وەك (ئە – دە)ی موزارەعەت و (ب)ی فەرمانی بە پێشگر داناوە .

(٦٦) مامۆستایان : ق . کوردۆ و ڕ . ل . تسابۆلۆڤ ، وێڕای ئەو پێشگرە سادانەی لێیان دواین ، هەروەها دەستەیەك پێشگری دییان باس کردووە ، کە کەم بەرهەمن و لەگەڵ کرداردا پێ‌گەیشتوون و تێکەڵ بە ڕەگی بوون و تەنانەت لە گەردان‌کردنیشدا لێی جیانابنەوە . ئەو جۆرە پێشگرانەش تەنیا لە ڕێی لێکۆڵینەوەی مێژووییەوە دەتوانرێ دیاری بکرێن . وەك ئەمانەی خوارەوە :

(ا-) . وەك :

ئانین ، ئاژۆتن ، ئاڤێتن / ئاویشتن ، ئالاستن / لێستن ...

ئەم پێشگرەی کردار ، کە لە هەردوو دیالێکتی کرمانجیی ژووروو و خوارووودا وەك یەکە ، لەو ناوانەشدا دەبینرێ ، کە لە کردارەوە وەرگیراون . وەك :

=

ئاڤا / ئاوا / (بە فارسیی نوێ "ئاباد" ؛ بە فارسیی ناوەڕاست "ئاپاتە") .

ئەم پێشگری (ا-)یە لە زمانی ئێرانیی کۆن و ئاوێستا و فارسیی کۆن و فارسیی ناوەڕاست و فارسیی نوێدا هەمان شێوەی کوردی هەیە . بۆ نموونە لە فارسیی ناوەڕاستدا"ئامەتەن" (هاتن) .

(بـ - bi) .

ئەم پێشگرە لە هەردوو دیالیکتی سەرەکیی کوردیدا لە یەك شێوەدا دەبینرێ . وەك :

بیستن / بهیستن .

شێوەی ئەم پێشگرە لە ئێرانیی کۆندا (ڤ) ؛ لە ئاوێستا و فارسیی کۆن و فارسیی ناوەڕاستدا (ڤی)یە .

نموونە لە فارسیی ناوەڕاستەوە :

"ڤیریختەن" (ڕاکردن) ؛ "ڤیتەرتەن ، ڤیتەشتەن؛ (تێپەڕین) ؛ "ڤیچیتەن" (هەڵبژاردن) .

(هن - / ن-) .

ئەم پێشگرە لە دیالیکتی کرمانجیی ژووروودا لە شێوەی (هن -)دا دەردەکەوێ و لە کرمانجیی خوارووشدا لە قاڵبی (ن-)دا بەرچاودەکەوێ . وەك :

هنگافتن - ئەنگاوتن

هنجرین - (ئەن)جنین

ئەم پێشگرە لە ئێرانیی کۆندا "هەم" ؛ لە ئاوێستادا "هەم ، هم ، هەن ، هن" ؛ لە فارسیی ناوەڕاستدا "هەن ، هن" ؛ لە فارسیی نوێدا (هەن ، ن)ە .

بەوێنە لە فارسیی ناوەڕاستدا دەوترێ "هەنداختەن" (فڕێدان)

(ن - ni) . وەك :

نهارین ، نێرین / نوارین ، نۆڕین

نڤین ، نڤشتن / نوستن (لە ئێرانیی کۆندا "نهاد")

=

=

وێنەی ئەم پێشگرە لە ئێرانیی کۆن و فارسیی ناوەڕاست و فارسیی نوێدا هەر (ن - ni)ە و لە ئاوێستا و فارسیی کۆنیشدا (نی)یە .

لە فارسیی ناوەڕاستدا ، وەك :

"نپشتن" (نووسین) ؛ "نشاستەن" (نیشتن) ؛ "نهاتەن" (دانان) .

(گ - / گو-) . وەك :

گەیین - گەیشتن

گوشین - گوڤاشتن

گواستن - گوهارتن

ئەم پێشگرە لە ئێرانیی کۆندا (ڤ)ە ؛ لە ئاوێستا و فارسیی کۆندا (ڤی) ؛ لە فارسیی ناوەڕاست و فارسیی نوێدا (گو)ە .

بۆ نموونە لە فارسیی ناوەڕاستدا "گومێختان" (خستنە پێکەنین) .

(تە-)

ئەم پێشگرە تەنیا لە چەند وشەیێکی دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا بەدی دەکرێ ، کە ئەسڵیان ئاشکرا نییە . وەك :

تەمرین (کوژانەوە)

تەمراندن (کوژاندنەوە)

ئەم پێشگرە ڕەنگە پێوەندی بە پێشگری "تەر"ی فارسیی ناوەڕاستەوە هەبێ .

(وە-) .

ئەم پێشگرە ئەسڵی ئاشکرا نییە و لە هەردوو دیالێکتی کرمانجیی ژووروو و خوارووودا وەك یەکە .. بەوێنە :

وەستان ، وەشان - وەشاندن ...

=

=

(ی -) .

ئەم پێشگرە تەنیا لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروو و لە کرداری "ئێخستن"دا بەدی دەکرێ .

... هتد .

(بڕوانە : دەستووری زمانی کوردی - بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجیی ژووروو و خواروو ، مۆسکۆ ، ١٩٧٨ ، ل ١٤٥ - ١٤٦ ؛ لەبارەی مۆرفۆلۆژیی زمانی کوردییەوە ، مۆسکۆ ، ١٩٧٨ ، ل ٧١ - ٧٢) .

(٦٧) لە زمانی کوردیدا هەندێ وشە هەن ، وەك : (دەر ، بەر ، سەر ، لا ، پێش ، پاش ، دوا ، ژێر ، خوار ، بن ...) لە پێش کردارەوە دێن و واتای تازە پێك دێنن ... جا زۆربەی زۆری نووسەرانی ڕێزمانی کوردی ئەمانە بە پێشگر دادەنێن و بەشێکی کەمیش بە وشەی واتاداریان لە قەڵەم دەدەن .

بەوێنە کەریمی ئەیووبی و ئی. ئا. سمیرنۆڤا بە پێشگریان دادەنێن و دەڵێن : "ئەو پێشگرانە ئەوانەن کە لە شێوەی ناو و ئاوەڵکرداردا هاوبێژ (مشترك لفظی - Homonym)یان هەیە" (بڕوانە : دیالێکتی کوردی موکری ، ل ١٠٨) . ق. کوردۆ نووسیویە : "پێشگری (بەر ، سەر ، دەر ، پێش ، پاش ، پەی ، دوو / دوا ، ناڤ / ناو / نێو ، بن ، ژێر) لە ڕووی بەکارهێنانەوە وشەی ئەرك گێڕن . هەروەها وەك پێشبەند و پاشبەند و ئاوەڵکرداریش بەکاردێنرێن . کاتێ وەك پێشگری کردار خۆیان دەنوێنن ، ڕێچکەی ڕوودان دیاری‌دەکەن و لە گەلێ حاڵەتدا واتای کردار دەگۆڕن" (بڕوانە : دەستووری زمانی کوردی - بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجیی ژووروو و خواروو ، ل ١٤٩) . ڕ. ل. تسابۆلۆڤ وتوویە : "گرووپی ... (دەر ، بەر ...... سەر) دەکرێ وەك پێشگر تەماشا بکرێ" بڕوانە : لەبارەی مێژووی مۆرفۆلۆژیی زمانی کوردییەوە ، ل ٧٧) ... مامۆستا نووری عەلی ئەمین وەك پێشگر ناوی نەبردوون و وەك ئاوەڵکردار لێیان دواوە (بڕوانە : ڕێزمانی کوردی ، ل ١٥٧) . لیژنەی زمان و زانستەکانی کۆڕی زانیاری کورد ، هەرچەندە لەو کێشەیە دواوە ، بەڵام ڕای خۆی نەداوە (بڕوانە : ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی ، ل ٢٥٥ - ٢٥٦)... بە باوەڕی من ، ئەمانە بەر لە هەر شت وشەی واتادارن :

=

=

گومان لەوە ناکرێ کە (دەر) وشەیێکی چالاکی سەربەخۆیە . ئەم وشەیە بە هیچ جۆرێك و لە هیچ شوێنێکدا نەبووەتە پێشگر و دەوری پێشگر نابینێ . هەموو ئەو وشانەی (دەر) بە پێشیانەوە دەلکێ : (دەربردن ، دەربڕین ، دەربوون ، دەرپەڕاندن ، دەرپەڕین ، دەرچوون ، دەرخستن ، دەردان ، دەرکردن ، دەرکەوتن ، دەرکێشان ، دەرهاتن ... دەرلنگ ، دەربەست ، دەربەند ، دەربەدەر...) وشەی لێکدراون ، نەك دارێژراو . لە تێکڕای ئەو نموونانەدا ، کە (دەر)یان تێدایە ، (دەر) هەر ئەو واتایە دەبەخشێ کە سەربەخۆ بەکاربهێنرێ ... ئەگەر لە ڕووی خۆنواندنیشەوە کەمێك وردبینەوە ، ئەوە یەکجاری گومان نامێنێ ، کە (دەر) پێشگر نی‌یە . بۆ نموونە ئەگەر پاشگری (-گە / -گا ، -ك ik ، -ەکی ، -وو ، -ە...) لە دوای (دەر)ەوە دابنێین ، ئەوە وشەی (دەرگە / دەرگا ، دەرك ، دەرەکی ، دەروو ، دەرە ...) پەیدا دەبێ . خۆ گومان لەوەدا نی‌یە ، کە (-گە / - گا ، -ك ik ، -ەکی ، -وو ، -ە...) پاشگرن . جا ئەگەر (دەر) پێشگر بێ ، ئەوە دەبێ بڵێین وشەکانی (دەرگە / دەرگا ، دەرك ، دەرەکی ، دەروو ، دەرە...) لە (پێشگر + پاشگر) دروست بوون ، کە وەك ئاشکرایە ئەو جۆرە پێکهاتنە لە زمانی کوردیدا نی‌یە . یاخود بێتو لە وشەی (کوناودەر) بڕوانین ، ئەوە بە پێی ئەو ڕا هەڵەیە بێ ، دەبێ لێرەدا پاشگر بێ و لە وشەی (سەردەرکردن)یشدا ناوگر بێ ... جا (دەر) چی دەرچوو ؟ سەرەڕای ئەوە دەیان وشە و دەستەواژەی کوردی هەن ، کە (دەر) هاوبەشیی تێ‌یاندا کردووە و لە هەر شوێنێکدا بە جۆرێ دەبینرێ ، وەك : (دەربەدەر ، دەرودوو ، دەرودراوسێ ، دەشت و دەر ، سەرودەر ، سەربەدەر ، چاولەدەرەوە ، بەردەرگانە ، شاربەدەر ، سەردەرچوون ، سەردەرکردن ، سەردەرکەر ، دەرلنگ ، دەربەند ، دەربەست ، دەرگەوان ...) .

ڕاست و دروست ئەوەیە ، کە (دەر) وشەیە و پاشگر نی‌یە . بەپێی ئەو بۆچوونەی تەنیا ئاوڕ لە لایەنی ڕوخسار دەداتەوە ، دەبێ سەدان وشەی وەك (کا ، ددان ، کڕ ، کار ، ماچ ، کپ ، بار ، مل ، قژ ، ڕیش ، ناو ...) لە وشەی وەك (کاکێشان ، ددانکێشان ، کڕبوون ، کارکردن ، ماچ کردن ، کپبوون ، بارکردن ، ملدان ، ڕیش‌هاتن ، ناولنگ ...)یشدا پێشگر بن ، بەڵام ئەمانیش پێشگر نین و پێشگر شتێکی دی‌یە .

=

دوو- پێشگری ناسادە

پێشگری ناسادەش دوو جۆرە :

ا) ئەوانەی لە ئەنجامی تێکەڵبوونی پێشگری سادەی (پێ ، لێ ، تێ ، ژێ) لەگەڵ پاشبەندی (دا ، ڕا ، وە) دروست بوون . وەك :

١-(پێدا-) .

ئەم پێشگرە لە کرمانجیی خواروو و ژووروودا وەك یەك دەبینرێ و ڕێچکەی بزووتنەوە بەسەر ڕووی شتێکدا یا بۆ ناو شتێك ، یاخود بە ناو شتێکدا نیشان دەدا . وەك :

=

وا لەو لیستەیەی خوارەوەدا بەرانبەر یەکیان دادەنێین و خوێنەر دەکەینە حەکەم ، تا بزانی هیچ جیاوازییێك لە نێوانیاندا هەیە :

دەرکێشان	ددان‌کێشان ، کاکێشان
دەربوون	کربوون ، سەوزبوون ، کپ‌بوون
دەرکردن	کارکردن ، بارکردن ، ماچ‌کردن
دەردان	مل‌دان ، نان‌دان
دەرهاتن	ڕیش‌هاتن
دەرلنگ	ناولنگ

بۆ زێدە ڕوونکردنەوە ئەوەش دەڵێم ، ئەگەر تەنیا تەماشای ڕواڵەت بکەین ، ئەوە شتی ئەوتۆ دەڵێین ، کە زانستی زمان لێمان بێتە دەنگ . بۆ نموونە بەپێی ڕواڵەت ، دەبێ وشەی (بەردەرگانە) لە دوو پێشگری (بەر-) ، (دەر-) و دوو پاشگری (-گا) ، (-انە) پێکهاتبێ .

وشەی (دەرگەوان) لە پێشگری (دەر-) و دوو پاشگری (-گە) ، (-وان) سازبووبێ .

ئەمە دەربارەی (دەر) . هەرچی ئەوانی دیشە : (سەر ، لا ، پێش ، پاش ، دوا ، ژێر ، خوار ، بن ...) بە هەمان شێوە وشەی واتاداری سەربەخۆن و پاشگر نین .

پێدابردن ، پێداچوون ، پێداهاتن ، پێداڕشتن / پێداڕێتن ...

٢-(پێوە-) ، لە کرمانجیی ژووروودا (پێڤا-)

ڕووی بزووتنەوە بەرەو بەرکار نیشان دەدا . وەك :

کرمانجیی خواروو	کرمانجیی ژووروو
پێوەگرێدان	پێڤاگرێدان
پێوەدروون	پێڤادرووتن
پێوەنالآندن	پێڤانالاندن
... هتد .	

٣-(تێدا-) .

ئەم پێشگرە ڕوودانی ناوەوەی شتێك ڕادەگەیەنێ . وەك :

تێدابوون ، تێداچوون ، تێدامان ، تێداکردن / تێداکرن ...

٤-(تێوە-) ، لە کرمانجیی ژووروودا (تێڤا-)

تێوەگلان ، تێوەچوون ...

تێڤاکرن ، تێڤازەلقاندن ، تێڤاگوڤاشتن ...

٥-(پێڕا-) . وەك :

پێڕاگەیشتن ، پێڕاچوون ، پێڕاهاتن ، پێڕاگهاندن ...

٦-(تێڕا-) . وەك :

تێڕاکردن / تێڕاکرن ، تێڕاچوون ، تێڕابردن ...

٧-(لێڕا) .[٦٨] وەك

لێڕاهاتن ، لێڕابردن

ب) پێشگری ناسادەی (پێك - ، تێك - ، لێك - ، وێك - ، ڕێك -) کە لە ئەنجامی تێکەڵ بوونی پێشبەندی (دە ، بە ، لە ، وە ، ڕە) لەگەڵ ژمارەی (یێك ، یەك) پەیدابوون . بەرانبەر ئەم پێشگرانە لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا پێشگری (پەڤ ، تەڤ ، ژەڤ ، لەڤ) هەیە ، کە لە پێشبەندی (ل ، ب ، د ، ژ) و جێناوی هاوبەشیی (هەڤ) پێکهاتوون :

١-(پێك-) ، لە کرمانجیی ژووروودا (پەڤ) . وەك

(پێك-) - بە + یەك

(پەڤ) - ب + هەڤ

پێکهێنان ، پێکهاتن ...

پەڤگرێدان ، پەڤکەتن ، پەڤدرووتن ...

٢-(تێك-) ، لە کرمانجیی ژووروودا (تەڤ) .

(تێك-) - دە + یەك

(تەڤ-) - د + هەڤ

---

[٦٨] پێشگری (تێڕا-) و (لێڕا) ئەگەرچی کەم کەمێ لە زۆربەی دیالێکت و بەشە دیالێکتەکانی زمانی کوردیدا بەرچاو دەکەون ، بەڵام بەگشتی سەر بە بەشە دیالێکتی موکرین .

تێکچوون ، تێکشکان ...

تەڤدان ، تەڤچوون ...

٣-(لێک-) ، لە کرمانجیی ژووروودا (ژەڤ-) .

(لێک-) - لە + یەک

(ژەڤ-) - ژ + هەڤ

لێکدان ، لێکبوون ...

ژەڤکەتن ، ژەڤئاڤێن

٤-(وێک-) ، لە کرمانجیی ژووروودا (لەڤ-) .

(وێک-) - بە (وە) + یەک

(لەڤ-) - ل + هەڤ

وێک کەوتن ، وێکخستن...

لەڤدان ، لەڤئانین...

٥-(ڕێک-) .

(ڕێک-) - ڕە + یەک

ڕێکبوون ، ڕێکخستن ...

... هتد .[٦٩]

---

(٦٩) کەریمی ئەیووبی و ئی. ئا. سمیرنۆڤا لەو ڕایەدان کە وا ئەو پێشگرانە لە ئەنجامی بوونە پێشگرهەندی ئامرازەوە پەیدابوون (سەرچاوەی ناوبراو ، ل١١٤) . د. قەناتی کوردۆ دەڵێ : "پێشگرە پێا - (سۆرانی : پێوە -) ، پێدا - ، تێڕا - لە ئەنجامی تێکەڵ بوونی پێشگری ئاسادە(پێ ، تێ) و پاشبەندی (ڕا ، دا ، ڤا) وە سازبووون (سەرچاوەی ناوبراو ، ل ١٥٧) .

ڕ. ل تسابۆلۆڤ شێوەی پێکهاتنی ئەو پێشگرانەی بەم جۆرەی خوارەوە لێک داوەتەوە :

=

هەر یەك لەو پێشگرانەی دەچنە سەر چاوگێکی سادە ، دیمەن و واتایان دەگۆڕن ، واتە : ١- لە ڕووی پێکهاتنەوە دەبنە داڕێژراو ؛ ٢- لە ڕووی ماناشەوە گۆڕانێك دێتە گۆڕێ . بەوێنە "دان" بە مانای (بەخشینی شتێك بە کەسێك) دێت ، هەرچی "دادان"ە مانای : (١-تیژکردنی سەری دار و قەڵەم ؛ ٢- چوونە خوارەوە و لێچوونی شتی شل "گۆزەکە ئاو دادەدا" ؛ ٣- فێرکردن "دەرس دادان"...) دەگەیەنێت ... وشەی "کردن" مانای (بەجێ هێنانی کارێك)ە ، کەچی "هەڵ کردن" مانای (بەرزکردنەوەی ئاڵا یا داگیرساندنی چرا...) دەبەخشێت . یاخود وشەی "گەڕان" واتای (هاتوچۆکردن) دەدات ، بەڵام کە پێشگری (لێ)ی پێوە دەلکێ "لێ گەڕان" پەیدا دەبێ و مانای (وازهێنان) دێتە کایەوە ... هتد .

ب)پاشگر .

لە زمانی کوردیدا دوو پاشگر هەن ، کرداری داڕێژراو دروست دەکەن :

=

(پێدا-) = بە + هی + دا

(پێوە - / پێڤا-) = بە / بـ + هی + ەوە / ڤا

(تێدا-) = دە / د + هی + دا

(تێوە- / تێڤا -) = دە / د + هی + ەوە / ڤا

(پێڕا-) = بە / بـ + هی + ڕا

(تێڕا-) = دە / د + هی + ڕا

(سەرچاوەی ناوبراو ، ل ٨٠)

١-(-ەوە) .[٧٠]

---

(٧٠) دەربارەی ئەم پێشگر و پاشگرە د. نەسرین فەخری لەژێر ناوی "پاشگر و پێشگری : (ڤە - یان - وە) لە زمانی کوردیدا"دا (گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد ، ب١ ، ژ ١ ، بەغدا ، ١٩٧٣ ، ل ٢٣٤ - ٢٧٣) وتارێکی بلاوکردووەتەوە و تێیدا بە درێژی و بەڵگەوە لە واتا و دەور و پێکهاتن و ... ی دواوە و گەلێک ڕووی ئەو کێشەیەی ڕوون کردووەتەوە ... دوا بە دوای ئەم وتارە مامۆستا شێخ محەمەد خاڵیش بە ناوی "پێشگر و پاشگر"ەوە (گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد ، ب ٢ ، ژ ١ ، بەغدا ، ١٩٧٤ ، ل ٢٥٦ - ٢٧٩)و عەمید ئەحمەد حەسەنیش لە بەشی یەکەمی بەرگی سێیەمی هەمان گۆڤاردا (ل ٣١٩ - ٣٥٨) هەر لە ژێر ناوی "پێشگر و پاشگر"دا لەو باسەی کۆڵیوەتەوە . مامۆستایانی ناوبراویش لەو ڕووەوە هەندێ ڕای جوان و لەباریان دەربڕیوە . ساڵی ١٩٨١ یش مامۆستا ڕەئووف ئەحمەد ئالانی بە سەرناوی "کێشەیەک لە ڕێزمانی کوردیدا"دا کتێبێکی گەورەی پڕ بەڵگە و کەرەستەی ڕەسەنی بلاوکردەوە و تێیدا زورب‌ەی زۆری تەم و مژی پاشگری (-ەوە)ی ڕەواندووەتەوە ... جگە لەو چوار مامۆستایە ، هەروەها زووتر مامۆستایان : نووری عەلی ئەمین ، قەناتی کوردۆ ، مەکەنزی ... ش لەو باسە دواون .

ئەوەی لەم بارەیەوە پێویستە پەنجەی بۆ ڕابکێشین ، ئەوەیە کەوا زوربەی زۆری نووسەران بە (-ەوە)و (-وە)یان داناوە ... هەرچی د. نەسرین فەخرییە لەو ڕایەدایە کە ئەم پاشگرە تەنیا شێوەی (-وە)ی هەیە . بەڵگەشی ئەوەیە ، کە لە شێوەی کرمانجیی ژووروودا کاتێک دەبێتە پێشگر (ڤە-) بەکاردێت . بزوێنی (ە)ش بە پیتێکی پەیوەندی دادەنێ کە گوایا یارمەتیی لکاندنی پاشگری (-وە) بە پیتی کۆنسۆنانتی پێش خۆیەوە دەدات .

بەڕای من ئەو تەنیا بەڵگەیەی د. نەسرین فەخری زۆر کەمە بۆ ئەوەی ئەو پاشگرە بە (-وە) دابنرێ . جگە لەوەش سەرنجی ڕاستی مامۆستا مەسعوود محەمەد ، کە دەڵێ : "هیچ مانێک نییە لەوەدا بگوترێت پاشگرەکە تێکڕای (ەوە)یە چونکە لە هەموو ئەو میسالانەدا کە کار دێنەوە ئەم بزوێنەی پێشەوە (ە) دەدیترێت ، تەنانەت واش دەبێت کە پیتە بزوێن دەبێتە کۆتایی کار ، پیتێکی کۆنسۆنانت دێت و ئەم بزوێنە دەپارێزێت ، وەک (هاتوومەتەوە - کە لێرەدا - ت - هات و

=

ئاشکرایە کە (ـەوە) لە دیالێکتی کرمانجیی خوارووردا پاشگرە ، بەڵام پێویستە سەرنج بۆ ئەوە ڕابکێشین ، کە ئەم (ـەوە)یە لە کرمانجیی ژووروودا خۆی وەك پێشگر دەنوێنێ . لەبەر ئەوە دەتوانین (ـەوە) نەك تەنیا بە پاشگر ، بەڵکو لە هەمان کاتدا بە پێشگریش دابنێین . وەك :

خواردن - خواردنەوە - ڤەخارن

گەڕان - گەڕانەوە - ڤەگەڕان

پاشگری (ـەوە) لە بەشە دیالێکتی جافی و هەورامانیدا لە شێوەی (ـۆ)دا خۆی دەنوێنێ . وەك :

=

بزوێنەکەی پاراست" . "لە گەلێك شێوە ئاخاوتندا دەگوترێ (گەڕایەوە ، کوژایەوە ...) کە لەو شوێنانەدا پیتێکی (ی) پەیوەندی وەك (نون الوقایە) دێت و بزوێنەکەی سەرەتای (ەوە) دەپارێزێت" ... " بێ گومان لەو شێوانەدا ، کە دەبێتە پێشگر ئیمکان نیە بزوێنەکەی پێشەوە (ە) خۆ بەدەربخات ، کە ئەمە بەدیهییەکە و کوتانەوەی لزووم نیە" (بڕوانە : گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد ، ، ب٤ ، بەغدا ، ١٩٧٦ ، ل ٣٧٣ - ٣٧٤) ، ئەوە ئەو بۆچوونەی د. نەسرین فەخری هەڵدەوەشێنێتەوە و ڕایەکی ڕاست و زانستی دێنێتە کایەوە .

سەرەڕای هەموو ئەو بەڵگانە ، پێویستە ئەوەش لەیاد نەکەین کە لە زمانی کوردیدا وشە هەن لە پێکهاتنیاندا (و)ی کۆنسۆنانت بەڕەوانی لە دوای دەنگی کۆنسۆنانتەوە هاتووە و پێویستی بە بزوێنی (ە)ی پەیوەندی نەکردووە پێکیانەوە بلکێنێ ، وەك لە (سروە)دا .

جا ئەمانە ئەوە دەسەلمێنن کە ئەو پاشگرە دەبێ (-ەوە) بێ ، نەك (-وە)و ، بەو پێیە بزوێنی (ە) دەبێ ڕەسەن بێ ، نەك بۆ پێوەندی هاتبێتە ناوەوە... ئەگەر ئەمانەش هێشتا تەواو ئیسپاتی ئەو ڕاستی‌یە نەکەن ، ئەوە مامۆستا ئالانی لە بەرهەمی ناوبراویدا هەموو گومانێکی ڕەواندووەتەوە و دیاری کردووە ، کە فۆرمی ئەو پاشگرە (-ەوە)یە .

جافی – ناچێتۆ ، نابێتۆ

هەورامانی – سووتەیۆ ، کوشتەیۆ[71]

لە دەستە شێوەی ئەردەڵانیدا لە قاڵبی (–ەو)دا دەردەکەوێ . وەك :

هاتەو ، کردەو[72]

لە لوڕیدا لە قاڵبی (–وا)دا و لە شێوەی پێشگردا خۆی دەنوێنێ . وەك :

واچوگە (کولانەوە)

واکردە (کردنەوە)[73]

" ئەم (وە)یەی کوردی لە هێندێ لە شێوە ئێرانیێکاندا بەکاردەبرێ . بۆ وێنە لە گێلەکیدا – کە شێوەیەکە هێشتا بە تەواوی ساخ نەبووەتەوە کە سەر بە چ کۆمەڵە زمانێکی ئێرانی‌یە – وشەی ڤەکُن Vekon بۆیکەوە – بکەرەوە بەکاردەبرێ "[74].

... هتد .[75] ، [76] ،

---

[71] بڕوانە : ڕەئووف ئەحمەد ئالانی ، کێشەیەك لە ڕێزمانی کوردی‌دا ، بەغدا ، ١٩٨١ ، ل ١٦٣ ، ١٦٩ – ١٧٢ .

[72] هەمان سەرچاوە ، ل ١٥٣ – ١٥٨ .

[73] هەمان سەرچاوە ، ل ١٨٣ – ١٨٤ .

[74] د. جەمال نەبەز ، زمانی یەکگرتووی کوردی ، بامبێرگ ، ١٩٧٦ ، ل ٢٩ .

[75] دەربارەی بەکارهێنانی پاشگری (–ەوە) وەك پێشگر ، بڕوانە باسی : پێشگری (ڤە–) ، ل ٧٤-٧٥ .

[76] لە هەندێ حاڵەتدا هاوبێژی (ەوە / وە) دەبینرێ ، کە مەبەستی ئەم باسەی ئێمە نی‌یە . بەوێنە :

=

... (٧٧)

ئەم پاشگرە دەورێکی گەورە و گرنگ دەبینێ و گەلێك واتا دەگەیەنێ و دەیان وشەی نوێ پێك دێنێ . واتا سەرەکییەکانی (دووبارەبوونەوە ؛ گۆڕینی واتای وشە ؛ گەڕانەوە ؛ گۆڕینی مەفهوومی وشە ...)ن .

أ- دووبارەبوونەوە . وەك :

هەڵستان - هەڵستانەوە

نووستن - نووستنەوە (٧٨)

ب- گۆڕینی واتای وشە . وەك :

بەربوون - بەربوونەوە (٧٩)

لێکدان - لێکدانەوە (٨٠)

ج- گەڕانەوە . وەك :

=

أ- وەك پاشبەند : لە هەولێرەوە ، بۆماڵەوە ...

ڕۆیشتن - ڕۆیشتنەوە

چوون - چوونەوە [٨١]

د-گۆڕینی مەفهوومی وشە . وەك :

کردن - کردنەوە

خواردن - خواردنەوە

... هتد .

٢- (-اندن) [٨٢] .

دەوری هەرە سەرەکیی ئەم پاشگرە ئەوەیە ، کە کرداری تێنەپەڕ (الفعل اللازم – Intransitive) دەگۆڕێ بۆ تێپەڕ (الفعل المتعدی – Transitive) - واتە کاتێك پاشگری (–اندن) دەچێتە سەر چاوگی تێنەپەڕ ، ئەوە دەیکاتە تێپەڕ [٨٣] . وەك :

سووتان + اندن = سووتاندن

نوستن + اندن = نواندن

---

[٨١] کاتێ پاشگری (–ەوە) دەچێتە سەر "ڕۆیشتن" و "چوون" ، دەبنە "ڕۆیشتنەوە" و "چوونەوە" و مانای گەڕانەوە بۆ هەمان شوێن بەدی دەکرێ .

[٨٢] د. نەسرین فەخری باش بۆ ئەوە چووە ، کە ئەم پاشگرە (–اندن)ە ، نەك (–اند) یان (–دن) . ڕاسترین بەڵگەشی ئەوەیە ، کە لە ناوی کرداردا (ناڵە – ناڵاندن...)دا بە ڕەوانی دەردەکەوێ (بڕوانە : د. نەسرین فەخری ، پاشگری (اندن) لە زمانی کوردیدا ، "گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد" ، ب ٣ ، ژ ١ ، بەغدا ، ١٩٧٥ ، ل ١٩٨ – ٢٤٢) .

[٨٣] لەبەر ئەوەی دەوری سەرەکیی (–اندن) ئەوەیە ، کە کرداری تێنەپەڕ دەگۆڕێ بۆ تێپەڕ ، بۆیە بیر لەوە دەکەینەوە ، بزانین (–اندن)– (پێشگر)ە یا (نیشانە)یە... بێگومان ئەگەر دەوری ڕۆنان نەبینێ و تەنیا مانای ڕێزمانی بگەیەنێ ، ئەوە دەبێ (نیشانە) بێت ... بەڵام ئەم باسە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی تەواو و زانستی هەیە .

مردن + اندن - مراندن

چوون + اندن - چواندن

دڕین + اندن - دڕاندن

... هتد .

جگە لەوە پاشگری (-اندن) کرداری تێنەپەڕ لە دەنگە سروشتییەکان دروست دەکا ، وەك : (میاو + اندن - میاواندن ؛ بۆڕە + اندن - بۆڕاندن...) . هەروەها هەندێ ناوی دیکە دەکاتە چاوگ و کرداری تێپەڕ ، وەك : (ڕەنج + اندن - ڕەنجاندن ؛ نرخ + اندن - نرخاندن ...) (٨٤) .

دوو پاشگری (-ەوە) و (-اندن) خاوەنی هەندێ تایبەتێتی ئەوتۆن ، کە توێژەر بخەنە گومانی بە پاشگر دانانیانەوە :

أ- " ئەم زیادییە (اندن - ئەوڕەحمان) چ پێی بگوترێت (پاشگر) چ پێی بگوترێت (اداة - امراز) ، وەیا زیادیی تصریفی چەند دەورێك لە کاری کوردیدا دەبینێت سروشتیکی تایبەتیشی هەیە کە جودای دەکاتەوە لە پاشگری تر ئەویش ئەمەیە کە وا تێکەڵ بە تکوینی کار دەبێت ، وە لە تصریفدا (لەماضییەوە بۆ مضارع) شکڵی دەگۆڕێت" (٨٥) . بەوێنە :

-اندن > اند - خەواندی

نواندی

برژاندی

-اندن > دن - برژاندن

---

(٨٤) بۆ وەرگرتنی زانیاریی تەواو دەربارەی پاشگری (-اندن) ، بڕوانە : د. نەسرین فەخری ، پاشگری (-اندن) لە زمانی کوردیدا ، "گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد" ، ب ٣ ، ژ ١ ، بەغدا ، ١٩٧٥ ، ل ١٩٨ - ٢٤٢) .

(٨٥) ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی ، ل ٢٤٢ .

سووتاندن

شکاندن

- اندن > ێن - دەبرژێنێ

دەسووتێنێ

دەشکێنێ

... هتد .

٢- ئەو کردارانەی پاشگری (-ەوە) یان (-اندن) یان پێوەیە لەحاڵەتی جێناو لە کۆتاییەوە هاتنیاندا جیاوازییێك هەیە ، ئەویش ئەوەیە :

ا) ئەگەر کردارەکە پاشگری (-ەوە)ی پێوە بێ ، ئەوە جێناوەکە دەکەوێتە پێش پاشگرەکەوە . وەك :

ڕەگ ، قەد	جێناو	پاشگر	کردار
نووس	م	ەوە	دەنووسمەوە
ڕۆ	ن	ەوە	دەڕۆنەوە
چ	ین	ەوە	دەچینەوە
...			
نارد	مان	ەوە	ناردمانەوە
چوو	یت	ەوە	چوویتەوە
کرد	یان	ەوە	کردیانەوە [٨٦]

[٨٦] ئەمەش تەنیا لە حاڵەتێکدا دەبێ ، کە کردارەکە گەردان کرابێ ، دەنا ئەگەر چاوگ بێ ، ئەوە جێناوەکە دەکەوێتە دوای پاشگرەکەوە . وەك : نووسینەوەم ، ڕۆیشتنەوەیان ، چوونەوەمان ، ناردنەوەمان ، کردنەوەمان ...

ب) بێتو کردارەکە پاشگری (-اندن)ی لەگەڵ بێ ، ئەو دەمە جێناوەکە لە دوای پاشگرەکەوە دێت . ئەم حاڵەتەش لەگەڵ سەرجەمی ناو و ناوەڵناو...ی دارێژراودا یەک دەگرێتەوە . وەك :

وشە	پاشگر	جێناو
سووتاندم	اندن	م
سووتاندمان	اندن	مان
برژاندیان	اندن	یان
...		
ئاسنگەرم	گەر	م
دارستانمان	ستان	مان
...		
ورگنیت	ن	یت
هەولێریم	ی	م
...		

نەك هەر ئەو حاڵەتەی ، کە یەك جێناوی لکاو بە دەوری کارا لەگەڵ ئەو کردارانەی سەرەوەدا هاتووە ، بەڵکو تەنانەت ئەگەر دوو جێناوی لکاویش وەربگرن ، کە یەکێکیان ببێتە نیشانەی کارا و ئەوی دییان نیشانەی بەرکار ، هەر بە هەمان چەشن دەبینرێن - واتە :

١-دەکەونە پێش پاشگری (-ەوە)وە و ٢- بەدوا پاشگری (-اندن)دا دێن . وەك :

ناردیانیەوە - جێناوی (یان ، ین) ، پاشگری (-ەوە) . (ئەوان ئێمەیان ناردەوە)

ناردمنەوە - جێناوی (م ، ن) ، پاشگری (-ەوە) . (مـن ئەوانم ناردەوە)

...

شکاندمانن - پاشگری (-اندن) ، جێناوی (مان ، ن) . (ئێمە ئەوانمان شکاند)

سووتاندیانین - پاشگری (-اندن) ، جێناوی (یان ، ین) . (ئـەوان ئێمەیان سووتاند .

...[87]

---

[87] مامۆستا مەسعوود محەممەد لە کتێبی "چەند حەشارگەیێکی ڕێزمانی کوردی"دا (بەغدا ، ١٩٧٦) وێرای (-ەوە) و (-اندن) ، هەروەها (-ا) و (-کا) و (-را)یشی بە پاشگری کردار داناوە و ڕەخنەی توند و تیژی لە زمانناسانی کورد گرتووە ، کە دەرکیان بە بوونی ئەو چەند پاشگرەی دی نەکردووە . ئەگەرچی نووسەر بۆ دانانی (-ا) و (-کا) و (-را) گەلێ بەڵگە و نموونەی باشی هێناوەتەوە ، بەڵام بەداخەوە بەشی زۆری بۆچوونەکانی لەبەردەم زانستی زماندا لاواز دەوەستن .

بەوێنە، مامۆستا مەسعوود هیچ گومانی لەوە نییە ، کە لە وشەکانی (ترسا ، کێلا ، هێنا ، ڕاوەستا ... ترشا... ، ڕما ، تەقا ، خزا... جۆشا ، خرۆشا ، خولایەوە ، جوولا ... سووتا ، برژا...) و گەلێکی دیدا (-ا) پاشگرە و نیشانە نییە (ل ١٧-٢٥)و دەڵێ : "لێرەدا ڕەنگە ئیعتیرازێك بگیرێت و بگوترێت ئەم دەنگەی (ا) لە کۆتایی کارەکەدا بەشێکی ئەسڵی کارەکەیە وە یاخود شێوەیێکی تصریفییە نەك (پاشگر) ، بەڵام ئەختێك بەراوردکردنی کارەکە لەگەڵ هی تری وەك ئەودا کە بە ڕواڵەت (ا) یان لە کۆتاییدا هەیە پێمان دەسەلمێنێ ئەم (ا)یە پاشگرە نەك شێوەی تصریف وەیا پیتی ئەسڵی وشەیە" (ل ١٨-١٩) .

لە ڕاستیدا (ا) نیشانەی کاتی ڕابوردووە و بۆ ڕەت کردنەوەی ناڕاستیی دانانی بە پاشگر هیچ پێویست بە قووڵبوونەوە و لێکۆڵینەوە ناکات ، تەنیا ئەوەندە بەسە ، کە بڵێین ئەگەر ئەو (ا)یە پاشگر بوایە ، ئەوە لە کاتی ڕانەبوردوودا لە سەرجەمی نموونەکاندا نەدەبوو بە (ێ) : (ترسا - =

=

دەترسێ ، کێلا - دەکێڵێ ، هێنا - دەهێنێ ، ڕاوەستا - ڕادەوەستێ ... ترشا - دەترشێ ... ڕما - دەڕمێ ، تەقا - دەتەقێ ، خزا - دەخزێ ... جۆشا - دەجۆشێ ، خرۆشا - دەخرۆشێ ، خولایەوە - دەخولێتەوە ، جوولا - دەجوولێ ... سووتا - دەسووتێ ، برژا - دەبرژێ ...) .

جا ئەگەر (ا) بە پاشگر دابنرێ ، ئەوە دەبێ (ێ)یش بانگی پاشگر ڕوونی بۆ بدرێ .

نووسەر بۆ پاشگری (-کا) لەسەرەتادا وای نیشان داوە ، کە لە پێکـهێنانی (نـاو ، ئاوەڵنـاو ، ناوی ئامێر...)یشدا دەبینرێ و دەڵێ : "هەر خۆیەتی دەردەکەوێتەوە لە هاتنی بە شێوەی پاشـگر لە کۆتایی هەندێك فیعلی کوردیدا" (ل ٣٦)... بەڵێ ئەو نموونانەی بـۆ ئـەم بەشە هێنراونەتـەوە دەنگی (ك)یان تێدایە ، بەڵام زوربەیان نە پاشگری (-ك)ن و نە (-کا) . لە وشەی "سەرەك" ؛ "سەرۆك" ؛ "بەیانەکی"... دا پاشگرەکان (-ەك) ، (ۆك) ، (-ەکی)... ن .

دواتر نووسیویە : "ئەم پاشگرەی (کا)ش ... وا دەبێ بە دوا وشەی واتاداردا دێت و دەیکـات بە فعل ...:

ئاڵۆز - ئاڵۆزکا..." (ل ٣٦ - ٣٧) .

بەر لە هەرشت ئەوە دێتەوە یـاد کـە لـە "ڕێزمـانی ئاخـاوتنی کـوردی"دا وتـراوە : "سـاغ کردنەوەی ئەو لایەنە ئاخۆ (چاوگ) سەرچاوەی ئیشتیقاقە ، وەیـاخود چـاوگ خـۆی لـە کـارەوە وەرگیراوە ، باسێکی فراوانە و دەمەتەقێیـەکی ورد و قـووڵ هـەڵدەگرێت . لـە زمـانی عـەرەبیدا بەرەێکی گەورەی زاناکانی زمان لە کۆنـەوە بڕیـارێکی گشتییان داوە کـە (چـاوگ - مصـدر) سەرچاوەی کار و ئیشتیقاقە... زمانەکەمان هەڵدەگرێت (چاوگ)ی تێدا بکرێت بە سەرچاوە ، وەیا کاری ڕابوردوو ، ئەو سەرچاوە بێت . لە هەمان کاتدا ڕێگەیەکی سێیەمیش هەیە بۆ دەست نیشـان کردنی سەرچاوەی ئیشتیقاق کە ئەویش (ڕەگی کار)ە" (ل ٢٦٢) . ئەگەر مەسەلە بەو جۆرە بێ ، ئیتر مامۆستا مەسعوود چۆن وا بە ئاسانی بڕیاری داوە وشەی (ئاڵۆز) بە یارێدەی پاشـگری (کـا) کراوە بە کردار .

ڕاستی و دروستی ئەوەیە ، لە زمانی کوردیدا کرداری (ئاڵۆزان) و (ئاڵۆزکان) هەیە . ئەمەش هەروەك بوونی (شتن) و (شوشتن)ە ، یـاخود (سوون) و (سووین)ە ... بـەپێی ئـەو بۆچوونـەی مامۆستا مەسعوود بێ، دەبێ (وش)ی (شوشتن)و (ی)ی (سووین)یش پاشگر بن .

=

=

رێرای هەموو ئەوەش ، ئەگەر (کا) پاشگر بوایە ، دەبوو بکەوێتە دوای (ن)ی چاوگەوە ، نەك پێشی‌یەوە . چونکە وەك ئاشکرایە ، لە زمانی کوردیدا پاشگر دەکەوێتە کۆتایی وشەوە . ئەوەتە کورد دەڵێ : (ڕۆیشتنەوە) ، نەك (ڕۆیشتەوەن) ؛ (بردنەوە) ، نەك (بردەوەن)....

هەروەها زیادیی (ئاڵۆزکان) لە (ئاڵۆزان) دوو دەنگی (کا) نی‌یە و تەنیا (ك)ەو ئەو (ك)ەش بە هیچ چەشنێك پاشگر نی‌یە . خۆ ئەگەر نووسەر بە ناوگری دابنایە ، دەکرا کەمێ دەمەتەقێی لەسەر بکرێ .

ئەوەی پتر سەرنج ڕابکێشێ ، ئەوەیە مامۆستا مەسعوود محەمەد لە کۆتایی باسی (کا)دا چەند وشەیەکی دی : (بزرکا ، خلیسکا ، پەشۆکا...)ی کردووە بە نموونەی ئیسپاتی بە پاشگر دانانی (کا) .

(ك)ی نێو سەرپاکی ئەو وشانە ، وەك هەموو دەنگەکانی دی وشەکان دەنگێکی ئاساییە . ئاشکرایە ، چاوگەکانیان (بزرکان ، خلیسکان ، پەشۆکان...)ەو ئاشێ بوترێ (بزران ، خلیسان ، پەشوان ...) .

بەگوترەی ئەو ڕایە دەبێ لە وشەی (قلیشان ، کێشان ، هێشتن ، هاویشتن ...)دا (شا) و (شت) پاشگر بن . یان لە (پاراستن ... ئاوسان...)دا (ست) و (سا) پاشگر بن ...

ئەوەی مامۆستا مەسعوود محەمەد دەربارەی سێیەم پاشگر (-ر)ی کارا بزر وتوویە ، ڕەنگە زێدە ڕۆیی نەبێ ، ئەگەر بڵێم بەشی هەرە زۆری هەڵە و نادروستی بێ .

نووسەر لە دەست پێ‌کردنی ئەو باسەدا وتوویە : "پاشگری سێیەم ... زۆریش باسی کراوە بەڵام بێ ئەوەی هەست بەوە بکرێ کە پاشگرە" (ل٢٩)... و دەتوانم "بە نووسینەکەی خۆم دەربارەی پاشگری (را) بڵێم ئاشکراکەری حەشارگەیێك..." ل٣١)... "... وا دەزانم هەقم هەیە بەم نووسینە لەبارەی پاشگری (را)وە بڵێم خەریکە حەشارگەیێکی ڕێزمانی کوردی لە نۆژەن ئاشکرا دەکات" (ل ٣٥)...

نە دوور دەکەومەوە و نە پەنجە بۆ کاری زانایانی هەندەران ڕادەکێشم ، بەڵام هەر ئەوەندە دەڵێم ، هەژدە ساڵ بەر لەو نووسینەی مامۆستا مەسعوود ، لە نامیلکەی "گرتنی کەلێنێکی تر لە ڕێزمانی کوردی - پێشگر و پاشگر" ی مامۆستا نووری عەلی ئەمیندا ڕوون و ئاشکرا (را) بە پاشگر دانراوە و وتراوە : "پاشگری (را) .

=

=

ئەم پاشگرە بۆ گەلێ مەرام بەکار ئەهێنرێ

١-ئەلوێ فرمانی ڕابوردووی (متعدی معلوم)ی پێ بکرێ بە (مجهول) ... وەك :

کێڵرا

فرۆشرا

...

... ..." (ل٤١ – ٤٢)

ئەوەیە ئەنجامی گوێ نەدانە سەرچاوە و ئاوڕنەدانەوە لە بەرهەمی ئەوانەی لە ڕۆژگارێکی کۆن و ئەنگوست لە چاودا بە بیری ژیر و وریاوە ڕەچەیان بۆ شکاندووین .

مامۆستا مەسعوود لە بەردەوامیی ئەو باسەیدا وتوویە : "وا دەزانم هۆی ئەم هەست نەکردنەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستییە کە لە ڕێزمانەکانی غیری کوردی پاشگرێك نی‌یە بووەستێتە بەرانبەر ئەم پاشگرە ، لەبەر ئەمە مومکین نەبووە لە ڕێی شوێن پێ هەڵگرتنەوەی زمان شناسانی بێگانە کەس تێی هەڵئەنگێوێت " (ل ٢٩) .

بەپێی زانینی ئێمە لە زۆر زماندا پاشگر هەیە بەرانبەر ئەم پاشگرەی کوردی دەوەستێ . لە سەرروو ئەوەشەوە ، نەك هەر لە زمانی کەم ناسراوی گەلتی و توخاری‌دا ، بەڵکو لە زمانی یەکجار بەناوبانگی لاتینی‌یشدا ، وەك کوردی هەر (-ر) پاشگری کارا بزری‌یە ... خۆزگە بە خۆڕایی نووسەرانی ڕێزمانی کوردی وا خەتابار نەدەکرد ! .

بەدوا ئەمەدا وتراوە : "ئەم پاشگرەیان ئەدائە زۆر مەشوورە زۆر باسکراوەکەی فعلی (مبنی للمجهول)ە کە لە زاری کرمانجیی خوارووودا دوو دەنگی (را)یە " (ل ٣٠) . مامۆستا مەسعوود کە زۆر پێ لەسەر چاولێکەری و بیرکردنەوەی ڕێزمانناسانی کورد دادەگرێ ، کەچی ئەوەتە خۆی کەوتووەتە ژێر سێبەری چاولێکەری‌یەوە و وەك زۆر نووسەر پاشگری کارا بزری بە (-را) تێ‌گەیشتووە . لە ڕاستیدا ئەو پاشگرەی ئەو لێی دواوە (-را) نی‌یە و (-ر)ە ، هەرچی (ا)یە نیشانەی کاتی ڕابوردووی کردارە لە حاڵەتی کارا بزری و هەندێ حاڵەتی دی‌دا .

کرداری لێکدراو

کرداری لێکدراو بە یاریدەی ناو و ئاوەڵناو و ئاوەڵکردار و ژمارە و ئامراز .... پێک دێ .

١-بە یاریدەی ناو .

ناو (مادی بێ یا مەعنەوی) دەتوانێ لە پێکهێنانی کرداری لێکدراودا بەشدار بێ . وەک : (دەست بڕین ، پێگرتن ... بیرکردنەوە ، شەرمکردن ...) .

ناوی داڕێژراو و لێکدراویش وەک ناوی سادە دەتوانن یارمەتیی پێکهێنانی کرداری لێکدراو بدەن :

ا-ناوی سادە . وەک :

مل + نان - ملنان [٨٨]

شەڕ + کردن - شەڕکردن

---

[٨٨] زۆر جار جگە لەو دوو وشە واتادارەی وشەی لێکدراو پێک دەهێنن ، پێشگر یا پاشگریش لەناو وشەی لێکدراودا دەبینرێ . وەک (مل لێنان ، دەست کردنەوە ، چاولێداگرتن ، سەرلێشێواندن ، ڕەشەبابەهەڵکردنەوە...) . لیژنەی زمان و زانستەکانی کۆڕی زانیاری کورد ئەم جۆرە پێکهاتنەی ناوناوە "کرداری ئاوێتە". لە ڕاستیدا ئەم وشانەش هەر وشەی لێکدراون . ئەگەر لەبەر ئەو زیادیە لیژنە ئەمە بە جۆرێکی دیکە دابنێ ، ئەو دەم دەبێ واز لەو ڕایە بێنێ ، کە لە بەشی (ناو)دا وشەی : (شەولەبان ، بن بەردەقیلە ، گوڵەگەنم ، شەکرەسێو...)ی بە ناوی لێکدراو داناوە ، یاخود لەبەشی (ئاوەڵناو)دا وشەی (گوڵبەدەم ، چاوبەکل ، دەست لەسەرسنگ...)ی بە ئاوەڵناوی لێکدراو داناوە و دەبێ بە ئاوێتە ناویان بهێنێ . بەو پێیە دەبێ بۆ ئەو کردارانەش کە لەسێ وشەی واتادار پێک هاتوون ، وەک : (چڵکاوخواردن ، سەرخۆش بوون...) زاراوێکی تایبەتی دابنێ .

ب-ناوی داڕێژراو . وەك :

جێگە + کردنەوە - جێگەکردنەوە

ڕێگا + گرتن - ڕێگاگرتن

ج-ناوی لێکدراو . وەك :

چڵکاو + خواردن - چڵکاو خواردن

ماستاو + کردن - ماستاوکردن

ناو دەتوانێ لە دروست کردنی کرداری لێکدراودا بەشدار بێ .

أ- ئاوەڵناوی سادە . وەك :

سوور + بوون - سووربوون

بڵند + کردن - بڵندکردن

ب_ ئاوەڵناوی داڕێژراو . وەك :

نەخۆش + کەوتن - نەخۆشکەوتن

بەهێز + بوون - بەهێزبوون

ج- ئاوەڵناوی لێکدراو . وەك

سەرخۆش + بوون - سەرخۆشبوون

ڕووڕەش + کردن - ڕووڕەشکردن

٣-دووبارەکردنەوەی (ناو ، ئاوەڵناو) + کرداری (کردن ، بوون...)

وەك :

کونکونکردن

کونکونبوون

وردوردکردن

لەتلەتکردن

... هتد .

ئـەو کـــرداره لێکدراوانـــەی لـــە ئـــەنجامی دووبـــاره کردنـــەوەی (ناو ، ناوەڵناو ...)و کرداری (کردن ، بوون...) پێك دێ لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا پاشگری (-ی) یـان (-کـی) دەکەوێتـە نێـوان وشـەی دووبـاره و کردارەکەوە . وەك :

هورهوریکرن

پرتیپرتیبوون

قولیقولکیکرن [٨٩]

٤-بە یاریدەی ناوەڵکردار . وەك :

دەربوون

دەرکردن

کەم بوون / کێم بوون

زیادکردن / زێدەکردن

پێش خستن

دواکەوتن

٥-بە یاریدەی ژماره . وەك :

یەکبوون

یەکگرتن

[٨٩] بروانە : ق . کوردۆیێف ، دەستووری زمانی کوردی (بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجیی ژووروو و خواروو) ، مۆسکۆ ، ١٩٧٨ ، ل ١٤٠ .

یەککەوتن

٦-بە یاریدەی ئامراز (بەتایبەتی ئامرازی پەژارە و خۆشی) . وەک :

ئاخهەڵکێشان

داخخواردن

خۆزگەخواستن

٧-هەندێ لەو وشانەی لە زمانی کوردیی ئەمڕۆدا مانای سەربەخۆیان نییە ، وەک : (تووش ، فڕێ ، بەخێو ، نقوم ، تووڕ ، پەک ، واز ، هان ...) دەتوانن لە پێکهێنانی کرداری لێکدراودا بەشدار بن . وەک :

تووش + بوون - تووشبوون

فڕێ + دان - فڕێدان

بەخێو + کردن - بەخێوکردن

نقوم + بوون - نقومبوون

تووڕ + هەڵدان - تووڕهەڵدان

پەک + کەوتن - پەککەوتن

واز + هێنان - وازهێنان

هان + دان - هاندان [٩٠]

---

[٩٠] ئەوەی لەم ڕووەوە جێگەی سەرسوڕمان بێ ، ئەوەیە کە عەمید ئەحمەد حەسەن (شی ، گل ، فێر ، نقوم ، پیشان ، فووت ، یەک ، پەیدا ، بەرپا ، گلۆر ، تێهەڕ ، گوم ...) ی بە پێشگر داناوە (عەمید ئەحمەد حەسەن ، پێشگر و پاشگر ، "گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد" ، ب ٣ ، ژ ١ ، بەغدا ، ١٩٧٥ ، ل ٣٢٢ - ٣٢٣) . بێگومان ناتوانرێ ئەوانە بە پێشگر دابنرێن ، بەڵکو وشەن ، هەرچەندە زۆریان مانای سەربەخۆی خۆیان نیە و سەربەخۆ بەکار نایەن ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وشەی داڕێژراو پێک ناهێنن و دەبینین وشەی لێکدراو دروست دەکەن .

٨- بەیاریدەی ناوی چاوگ یان ڕەگی کردار . وەك :

پرسکردن

خەوکردن ، خەوهاتن

... هتد .

(کردن / کرن) و (بوون) و (دان) و (نان) و (بردن / برن) و (گرتن) و (هێشتن) و (خواردن) و (کەوتن / کەتن)و (هاتن) و (چوون) و (مان) ، (هێنان / ئانین) و (کێشان / کشاندن) و (دیتن) و (خستن) ... لە پێکهێنانی کرداری لێکدراودا دەورێکی گەورە دەبینن .

لەنێو ئەو کردارانەدا ، کە لە سەرەوە ناومان بردن ، کرداری (کردن / کرن)و (بوون) بۆ پێکهێنانی کرداری لێکدراو لە هەموویان زیاتر بەکار دەهێنرێن . وەك :

کرداری (کردن / کرن) .

زین	+	کردن	-	زینکردن
گوڵ	+	کردن	-	گوڵکردن
تۆبە	+	کردن	-	تۆبەکردن
گاڵتە	+	کردن	-	گاڵتە کردن
...				
شەڕ	+	کرن	-	شەڕکرن
داوا	+	کرن	-	داواکرن
...				
سوور	+	کردن	-	سوورکردن
گەورە	+	کردن	-	گەورەکردن
جوان	+	کردن	-	جوانکردن
گەرم	+	کردن	-	گەرمکردن

...

سار	+	کرن	=	سارکرن
بەلاڤ	+	کرن	=	بەلاڤکرن

...

زیاد / زێدە + کردن / کرن = زیادکردن / زێدەکردن

... و سەدان وشەی دی وەك : (پیرکردن ، زلکردن ، بارکردن ، لەبەرکردن ، هارکردن ، ترشکردن ، شیرینکردن ، خۆشکردن ، کەرکردن ، بەرزکردن ، نزمکردن ، شڕکردن ، ماچکردن ، پڕکردن ...)

لە زمانی فارسیی ناوەڕاستدا بۆ ڕۆنانی کرداری لێکدراو هەمان ڕێگەی ئەمڕۆی کوردی بە برەو بووە و بەتایبەتی کرداری "کەرتەن" (کردن) زۆر دەوری بینیوە . وەك :

"زین کەرتەن" (زین کردن)

"ڕۆسنیه کەرتەن" (ڕووناك کردن ، ڕووناك کردنەوە)

"ئازمایش کەرتەن" (کۆشش کردن) .

... هتد [٩١]

لە زمانی پشتۆشدا ژمارەیەکی زۆر وشە بە هاریکاری "کول" (کردن) دروست بوون . وەك :

"لاسلیك" (ئیمزا) + "کول" (کردن) = "لاسلیك کول" (ئیمزا کردن)

... هتد [٩٢]

کرداری (بوون) .

گەرما	+	بوون	=	گەرمان‌بوون
سەرما	+	بوون	=	سەرمابوون

---

[٩١] ف. س. ڕاستۆرگویڤا ، زمانی فارسیی ناوەڕاست ، مۆسکۆ ، ١٩٦٦ ، ل ٨٤ .

[٩٢] ن. ئا. دڤۆریانکۆڤ ، زمانی پشتۆ ، مۆسکۆ ، ١٩٦٠ ، ل ٥٨ .

...

ڕەش + بوون = ڕەشبوون

زل + بوون = زلبوون

تێر + بوون = تێربوون

هەژار + بوون = هەژاربوون[٩٣]

...

دەر + بوون = دەربوون

...

یەك + بوون = یەكبوون

... هتد[٩٤]

هەرچی کرداری (دان) و (نان) و (بردن / بڕن) و (گرتن) و (هێشتن) و (خواردن / خارن) و (کەوتن / کەتن) و (هاتن) و (چوون) و (مان) و (هێنان / نانین) و (کێشان / کشاندن) و (دیتن) و (خستن) ... یشە بەپێی توانای خۆیان لە دروست کردنی کرداری لێکدراودا بەشدار دەبن . وەك :

بڕیار + دان = بڕیاردان

جنێو + دان = جنێودان

ناو + نان = ناونان

---

[٩٣] هەرچەندە کرداری (بوون) لەگەڵ ناو و ناوەڵناو و ناوەڵکردار و ژمارە ... دا ڕێك دەکەوێ ، بەڵام لەگەڵ ناوەڵناودا پتر دەگونجێ .

[٩٤] لە زمانی پشتۆشدا :

"نژدی" (نزیك) + "کیدل" (بوون) = نژدی کیدل" (نزیك بوون ، نزیك بوونەوە) .

(سەرچاوەی ناوبراو ، زمانی پشتۆ ، ل ٥٩) .

ڕاو	+	نان	-	ڕاونان
ئابڕو	+	بردن	-	ئابڕوبردن
ناو	+	بردن	-	ناوبردن
ڕێ	+	برن	-	ڕێبرن
وێنە	+	گرتن	-	وێنەگرتن
بین	+	گرتن	-	بین‌گرتن
بانگ	+	هێشتن	-	بانگ‌هێشتن
جێ	+	هێشتن	-	جێ‌هێشتن
خۆڵ	+	خواردن	-	خۆڵ‌خواردن
نان	+	خواردن	-	نان‌خواردن
سەر	+	کەوتن	-	سەرکەوتن
ژێر	+	کەتن	-	ژێرکەوتن
دەست	+	کەتن	-	دەست‌کەتن
ناو	+	هاتن	-	ناوهاتن
سەر	+	هاتن	-	سەرهاتن

... هتد [٩٥].

[٩٥] کەریمی ئەیووبی و ئی . ئـا . سمیرنۆڤـا ، قـەناتی کـوردۆ ، زاری یووسـف ... بـەدوور و درێژی دەربارەی کرداری لێکدراو دواون . ئێمەش بە تایبەتی سوودێکی زۆرمان لەم بەشەی ئـەو بەرهەمانە وەرگرتووە و گەلێک نموونەمان لێ دەرهێناوە .

بنەمای کردار

لە شێوە و ناوەڕۆکی هەموو کردارێکدا ، ڕابوردوو بێت یان ڕانەبوردوو ، بنەمایێك هەیە ، کە هەڵگری واتای کردارەکەیە و لە قاڵبەکانی کرداردا دووبارە دەبێتەوە و ناگۆڕێت و دەشێ پێی بوترێ (بنەما) .

لەزمانی کوردیدا ، هەروەك زمانە ئێرانی‌یەکانی دی [٩٦] ، کردار خاوەنی دوو بنەمایە : بنەمای کاتی ڕابوردوو و بنەمای کاتی ڕانەبوردوو. وا پەسەنددەکەین بە بنەمای کاتی ڕابوردوو بڵێین (قەد) و بۆ بنەمای کاتی ڕانەبوردووش زاراوەی (ڕەگ) وەربگرین.

---

[٩٦] لە زمانی بلووجیدا کردار خاوەنی دوو بنەمایە : بنەمای کاتی ڕابوردوو و بنەمای کاتی ڕانەبوردوو (بڕوانە : ف . ئا . فورولۆڤا ، زمانی بلووجی ، مۆسکۆ، ١٩٦٠ ، ل ٤٠) . لە هەموو دیالیکتەکانی گرووپی زمانە شوگانو - ڕووشانی‌یەکاندا دوو بنەمای کردار جیادەکرێتەوە : بنەمای کاتی ئێستا و بنەمای کاتی ڕابوردوو : (بڕوانە : ت . ن. پاخالینا ، زمانە پامیری‌یەکان ، مۆسکۆ ، ١٩٦٩ ، ل ٢٩-٣١) . لە زمانی یازگولیامی و ڤاخانی و ئیشکاشیمی و مونجانی .. یشدا بنەمای کاتی ڕابوردوو و کاتی ڕانەبوردوو هەیە (هەمان سەرچاوە ، ل٦٦ - ٦٧ ، ٩٧-٩٨،١٢٢-١٢٣ ، ١٤٥).

-١-

قەدی کردار

ئەگەر لە ڕوانگەی چاوگەوە ، بەدوا قەدی کرداردا بگەڕێین ، دەبینین هەر چاوگێگ بێ ئەوەی هیچ بیژۆکێک هەبێ ، کە (ن)ی چاوگی لێ بکرێتەوە ، ئەوەی دەمێنێتەوە قەدە ، وەك :

				قەد		
تێنەپەڕ	وەستان	ـن -	وەستا	:	وەستام
	لەرزین		لەرزی	:	لەرزیم
	چوون		چوو	:	چووم
	مردن		مرد	:	مردم
	کەوتن		کەوت	:	کەوتم

			قەد		
تێپەڕ	هێنان	ـن -	هێنا	:	هێنام
	کڕین		کڕی	:	کڕیم
	دروون		دروو	:	درووم
	خوێندن		خوێند	:	خوێندم
	گرتن		گرت	:	گرتم

هتد

قەدی کردار لە زمانی کوردیدا بنەمای گشت جۆرە ڕابوردوویێکی (نزیك ، بەردەوام ، تەواو ، دوور)ی ڕێژەی ئیخباری و ئینشائی‌یە و هەروەها کەرەستەی پێکهێنی ناوی کارا و ناوی بەرکار و ناوی چاوگ و ناوی جێگایشە.

بەوێنە :

ڕابوردووی ئیخباری

تێنەپەڕ

	کرمانجیی خواروو		کرمانجیی ژووروو	
	چاوگ	قەد	چاوگ	قەد
	کەوتن	کەوت	کەتن	کەت
١-ڕابوردووی نزیك:		کەوت– م		کەت – م
		کەوت– ین		کەت – ن
٢-ڕابوردووی بەردەوام:		دە – کەوت – م		د – کەت – م
		دە – کەوت – ین		د – کەت – ن
٣-ڕابوردووی تەواو:		کەوت –وو – م		کەت – م –ە
		کەوت – وو– ین		کەت – ن – ە
٤-ڕابوردووی دوور:		کەوت – بوو – م		کەت – بوو – م
		کەوت – بوو – ین		کەت – بوو – ن

تێپەڕ :

	کرمانجیی خواروو		کرمانجیی ژووروو		
	چاوگ	قەد	چاوگ	قەد	
	گرتن	گرت	گرتن	گرت	
١-ڕابوردووی نزیک:		گرت – م		من / مە > گرت	تە ئەز گرت – م
		گرت – مان			
٢-ڕابوردووی بەردەوام:		دە –م – گرت			
		دە – مان – گرت			
٣-ڕابوردووی تەواو:		گرت – وو – مە			
		گرت – وو– مانە			
٤-ڕابوردووی دوور:		گرت – بوو – م			
		گرت – بوو – مان			

ڕابوردووی نیشانی

تێنەپەڕ:

	کرمانجیی خواروو		کرمانجیی ژووروو	
	چاوگ	قەد	چاوگ	قەد
	کەوتن	کەوت	کەتن	کەت
١-ڕابوردووی نزیک:		کەوت- م		کەت –ب–م
		کەوت- با –م		کەت – ب–ین

٢-ڕابـــــــــوردووی		پ-کەوت-با-م-ایە		پ-کەت – اما
بەردەوام:		پ-کەوت-با-ین-ایە		پ-کەت- انا
٣-ڕابوردووی تەواو:		کەوت – پ –م		پ- کەت-اما
		کەوت – پ- ین		پ-کەت-انا
٤-ڕابوردووی دوور:		کەوت – بوو-با-م-ایە		کەت-بوو-یاما
		کەوت – بوو –با- ین-ایە		کەت-بوو-یانا

تێپەڕ:

	کرمانجیی خواروو	
	چاوگ	قەد
	گرتن	گرت
١-ڕابوردووی نزیک:		گرت- با–م
		گرت–با–مان
٢-ڕابوردووی بەردەوام:		ب–م–گرت–بایە
		ب–مان–گرت–بایە
٣-ڕابوردووی تەواو:		گرت–ب–م
		گرت –ب– مان
٤-ڕابوردووی دوور:		گرت–بوو–م–ایە
		گرت –بوو–مان–ایە

ناوی کارا

لە زمانی کوردیدا قەد بە یاریدەدەی پاشگر ناوی کارا پێك دێنن :
١- پاشگری (-وو)

ئەم پاشگرە کە دەچێتە سەر قەدی کرداری تێنەپەڕی خوازەکی (الارادی) ناوی کارا پۆدەنێ[٩٧] . پاشگری (-وو)لەباری ئاساییدا-واتە کاتێك قەد بە دەنگی نەبزوێن کۆتایی دێت [٩٨]. بەرەوانی دەردەکەوێت ، بەڵام وەك زۆر دیاردەی دی زمانی کوردی ، لە هەندێ حاڵەتدا بە شێوەیێکی تر دەبینرێ و ئەمە بووتە هۆی تێکەڵ کردن. جا بەم بۆنەیەوە سەرنج بۆ ئەوە ڕادەکێشین:

[٩٧] بەڵام لەگەڵ قەدی کرداری تێنەپەڕی ڕوودانیدا ناوی بەرکار پێك دێنن.. زوربەی نووسەرانی ڕێزمانی کوردی، ئەو فۆرمی ناوی کارایەی لە عەرەبیدا لە کرداری تێنەپەڕەوە پەیدا دەبێ ، بە باڵای کوردییاندا بڕیوە و ئەوەیان بەدی نەکردووە ، کە لە زمانی کوردیدا لە تێنەپەڕی گوێزانەوەوە ناوی کارا پێك دێ و لە تێنەپەڕی ڕوودانیشەوە ناوی بەرکار.

شایانی باسە ، لیژنەی زمان و زانستەکانی کۆڕی زانیاری کورد (ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی ...) (ل ٢٤٤)و مامۆستا ڕەفیق محەممەد شوانی لە نامەی ماجیستێری یەکەیدا "ئەو وشانەی لە چاوگەوە وەردەگیرێن" (ل٨٤) بە شێوەیێکی زانستی ئەو کێشەیەیان ساغ کردووەتەوە .

[٩٨] لە زمانی کوردیدا سەرپاکی قەد یان کۆتاییان بە نەبزوێنی (ت ، د)دێت، یان بە بزوێنی (ا ، ی ، وو) - واتە قەد هەمیشە بەیەکێک لەو پێنج دەنگە (ت ، د ، ا ، ی ، ن ، وو) کۆتایی دێت .

ا- ئەگەر قەدێك کۆتایی بە دەنگی نەبزوێنی (ت ، د) بێت، ئەوە (-وو)ی بە ڕەوانی پێوە دەلکێنرێ ، بێ ئەوەی هیچ زیادی و کەمی‌یێك بێتە گۆڕێ. وەك:

چاوگ	قەد	پاشگر	ناوی کارا
کەوتن	کەوت		کەوتوو
خەوتن	خەوت	-وو	خەوتوو
هاتن	هات		هاتوو
...هتد			

ب-ئەگەر قەدێك بە بزوێنی (ا ، ی) کۆتایی بێت ، ئەو کاتە پاشگری (-وو) لە شێوەی (و-W)دا دەردەکەوێ وەك:

چاوگ	قەد	پاشگر	ناوی کارا
دامان	دا -ما		داماو
گەڕان	گەڕا	-وو> -و W	گەڕاو
فڕین	فڕی		فڕیو
...هتد			

ج-بێتو قەدێك بە بزێنی (وو) کۆتایی بێت ، ئەوسا یەکێك لەو دوو بزوێنە - واتە (وو)ی کۆتایی قەدەکە ، یاخود (-وو)ی پاشگرەکە- تێ دەچێ و یەکێکیان دەمێنێتەوە. وەك :

چاوگ	قەد	پاشگر	ناوی کارا
هەڵبوون	هەڵ– بوو		هەڵ بوو
ڕابوون	ڕا – بوو		ڕابوو
زاڵبوون	زاڵ – بوو		زاڵ بوو
سیسبوون	سیس – بوو		سیس بوو
		– وو	
هەڵچوون	هەڵ – چوو		هەڵچوو
ڕۆچوون	ڕۆ– چوو		ڕۆچوو
دەرچوون	دەر– چوو		دەرچوو
بەسەرچوون	بەسەر – چوو		بەسەرچوو

...هتد [99]

پاشگری (–وو) لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا لە شێوەی (–ی)دا بەکاردێ و دەوترێ:

هاتی ، کەتی...

مایی ، بوویی...

لەرزی...

واتە:

ا–ئەگەر قەد کۆتایی بە دەنگی نەبزوێن بێت ، ئەوە (–ی)ی بە ڕەوانی وەردەگرێ : (هاتی ، کەتی..)

---

[99] ناوی کارا لە فۆرمی سادەی (بوون ، چوون) دوە پەیدا نابن و تەنیا لەفۆرمی ناسادەیانەوە دەکەونەوە.

ب-کاتێ قەد کۆتایی بە بزوێنی (ا ، وو) دێت ، ئەوە لەنێوان کۆتایی قەد و پاشگرەکەدا نیمچەبزوێنی (ی -y) پەیدا دەبێ : مایی ، بوویی...)

ج-بێتو دوا دەنگی قەد بزوێنی (ی) بێت ، ئەو دەمە یەکێك لەو دوو (ی)یە -واتە (ی)ی قەد و (-ی)ی پاشگر تێدەچێ: (ڕزین : ڕزی+ ی - ڕزی).

پاشگری (-وو) لە هەندێ ناوچەی وەك هەولێر و کۆیە و خۆشناوەتی ... یشدا بە چەشنی دیالێکتی کرمانجیی ژووروو لە شێوەی (-ی)دا خۆی دەنوێنێ و دەوترێ (هاتی ، ڕۆیشتی ، نوستی...).

٢- پاشگری (-ە)

ئەم پاشگرە دەچێتە سەر قەدی چەند کردارێکی تێنەپەڕ.

وەك :

چاوگ	قەد	پاشگر	ناوی کارا
بوون	بوو		بووە
مردن	مرد	-ە	مردە
لێکەوتن	لێ - کەوت		لێکەوتە
پەك کەوتن	پەك - کەوت		پەككەوتە[100]

(100) مامۆستا سەعید صدقی کابان تەنیا (چووە ، بووە)ی بە ناوی کارای ئەو جۆرە پێکهاتە داناوە (بڕوانە : مختصر صرف و نحوی کوردی ، ل ٢٠) . هەرچی لیژنەی زمان و زانستەکانی کۆڕی زانیاری کوردە ، هەندێ نموونەی دی ئیزافەی سەر ئەو باسە کردووە (بڕوانە : ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی ... ، ل٢٤٥ - ٢٤٦) .

قەدی کرداری تێنەپەڕ چ بە ڕووتی ، چ پێشگر یان وشەی واتاداری لە پێشەوە بێ ، بە ئاسانی هەردوو پاشگری (-وو)و (-ە) وەردەگرێ و ناوی کارا پێک دێ. وەک :

کەوت	:	کەوتوو
مرد	:	مردوو
.....		
هەڵ - کەوت	:	هەڵکەوتوو
لێ - کەوت	:	لێ کەوتوو
.....		
سەر - کەوت	:	سەرکەوتوو
پەک - کەوت	:	پەککەوتوو

هەرچی کرداری تێپەڕە بە سادەیی یان بە داڕێژراوی ناتوانێ لە ڕۆنانی ناوی کارادا بەشداری بکا ، بەڵکو تەنیا دەمێک بۆی هەیە ئەو کارە بەجێ بێنێ ، کە وشەیێکی واتاداری لە پێشەوە بی . وەک :

سادە	:	Ø
داڕێژراو	:	Ø
لێکدراو	:	پیاوکوشتوو
		باوکمردە

لێرەدا لەبەر ئەوەی وشەی پێشەوە (پیاو ، باوک) جێگای بەرکار دەگرێتەوە ، واتای وشە لێکدراوەکە دەبێتە کارا و دەشزانین بەرکار پێویستی بە کارایە.

٣- پاشگری (-ەوار)

ناوی کارا	پاشگر	قەد	چاوگ
خوێندەوار	-ەوار	خوێند	خوێندن

ئەم پاشگرە بەدوا ناودا زۆر دێت[١٠١] ، بەلام لەگەڵ قەددا ، تەنیا لە پاش قەدی (خوێندن)ەوە دێت ، کە تێپەڕە.

٤- پاشگری (-گار)

ناوی کارا	پاشگر	قەد	چاوگ
کردگار[١٠٢]	-گار	کرد	کردن

تێبینی :

١-تەنیا چوار پاشگری (-وو)و (-ە)و (-ەوار)و (-گار) توانستی یاریدەدانی پێکهێنانی ناوی کارایان هەیە. (-وو)و (-ە) چالاکن‌و (-ەوار)و (-گار) سستن.

٢-دوو پاشگری (-وو)و (-ە) لەگەل قەدی کرداری تێنەپەڕدا بە سادەیی یان بە داڕێژراوی یان بە لێکدراوی ، چالاکانە لە ڕۆنانی ناوی کارادا بەشداری دەکەن. هەرچی قەدی کرداری تێپەڕە بە سادەیی یان بە داڕێژراوی ناتوانێ لەگەڵ ئەو پاشگرانەدا ناوی کارا پێکبێنێ، بەڵکو دەمێك بۆی هەیە، ئەو ئەرکە بەجێبێنێ، کە وشەیێکی واتاداری لە پێشەوە بێ‌و وشەکەش بەواتای کارا بێت.

---

[١٠١] بۆ وەرگرتنی زانیاری لەو بارەوە ، بڕوانە : پەراوێزی (٦١)ی لاپەڕە (١٣١) بەشی یەکەمی بەرگی یەکەمی ئەم کتێبە - (ناو) .

[١٠٢] ئەم پاشگرە دەچێتە سەر ڕەگیش ، وەك : (پاراستن : پارێز + گار = پارێزگار) . (بڕوانە : ل١٥٨ ی ئەم کتێبە) . ولە هەردوو باریشدا کردار هەر تێپەڕە .

٣-دوو پاشگری (-ەوان)و (گار) ناچنە سەر قەدی کرداری تێنەپەڕو بەدوا قەدی کرداری تێپەڕدا دێن.

٤-ناوی کارا دەشێ لە بەکارهێناندا ببێتە ئاوەڵناوی کارا و لەنێو ناوی کارادا پتر ئەو وشانە دەبنە ئاوەڵناوی کارا ، کە پێکهاتنیان بریتی‌یە لە : قەد + پاشگری (-وو) وەك:

پیاوی / مردوو

منداڵی / نوستوو

میوەی / ڕزیو

....[١٠٣]

٥-کاتێ لە پێش ناوی کارای وەك (ڕۆیشتوو ، کەوتوو ...)ەوە وشەی واتادار دێت و دەیانکاتە لێکدراو ، ئەوە بە تەواوی واتای وەسفیەت وەردەگرن و دەبنە ئاوەڵناوی کارا . وەك :

دەست + ڕۆیشتوو - دەستڕۆیشتوو

سەر + کەوتوو - سەرکەوتوو

......هتد.

٦-وشەی واتادار و قەد پێکەوە ناوی کارا سازناکەن و پێویستە بەدوا قەدەکەدا پاشگرێك بێن ، ئەوجا ناوی کارا پەیدا دەبێ . بەڵام وشەی واتادار و ڕەگە پێکەوە ناوی کارا پێك دێنن[١٠٤].

---

[١٠٣] بۆ وەرگرتنی زانیاریی تەواو دەربارەی بوونی ناوی کارا بە ئاوەڵناوی کارا ، بڕوانە : لاپەڕە ١٢٤ - ١٢٥ای بەشی سێیەمی ئەم کتێبە - (ئاوەڵناو) .

[١٠٤] بڕوانە : لاپەڕە (١٥٠-١٦٢)ی ئەم نووسینە .

ناوی بەرکار

کاتێ قەد دەبێتە بنەمای ناوی بەرکار ، بەهەمان چەشنی ناوی کارا پاشگر دەبێتە یاریدەدەر :

۱- پاشگری (-وو)

لەسەرتای ناوی کارادا لەوە دواین ، کە پاشگری (ـوو) دەچێتە سەر قەدی کرداری تێنەپەڕی خوازەکی و ناوی کارا پێك دێ. ئێستاش ئەوە یادداشت دەکەین ، کە هەمان پاشگری (ـوو) لەگەڵ قەدی کرداری تێنەپەڕی ڕوودانندا ناوی بەرکار پێدەنێن. ئەم پاشگرە لە حاڵەتی پێکهێنانی ناوی بەرکاریشدا بە هەمان چەشنی حاڵەتی سازکردنی ناوی کارا خۆی دەنوێنێ - واتە، کە بە دوای دەنگی نەبزوێندا دێ، بە ڕەوانی دەردەکەوێ و دەمێك دەکەوێتە پاش بزوێنی (ا ، ی)یەوە شێوەی (و-w) وەردەگرێ و لە دوا دەنگی (وو)شەوە یەکێکیان دەمێنێتەوە . بەوێنە:

أ-بەدوا نەبزوێندا

چاوگ	قەد	پاشگر	ناوی بەرکار
مردن	مرد	ـوو	مردوو

ب-لە دوا بزوێنی (ا ،ی) یەوە:

چاوگ	قەد	پاشگر	ناوی بەرکار
سووتان	سووتا	وو > و-w	سووتاو
پزین	پزی		پزیو

ج- پاش بزوێنی (وو):

ناوی بەرکار	پاشگر	قەد	چاوگ

پاشگری (-وو)ی ناوی کارای دیالێکتی کرمانجیی خواروو چۆن لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا لە قاڵبی (-ی)دا دەردەکەوێ، بەهەمان چەشن لە دۆخی ناوی بەرکاریشدا هەر دەبێ بە (-ی)و لە شێوەی خۆنواندنیشیدا هیچ جیاوازی‌یەك پەیدا نابێ:

ناوی بەرکار	پاشگر	قەد	چاوگ
مری	-ی	مر	مرن

....هتد

جیاوازیی دیاری پاشگری (-وو)ی حاڵەتی کاراییو حاڵەتی بەرکاری ئەوەیە، کە لە حاڵەتی کاراییدا بە ئاسانی دەچێتە سەر قەدی کرداری تێنەپەڕ، بەڵام ئەگەر وشەیێکی واتاداری لە پێشەوە نەبێ بەدوا قەدی کرداری تێپەڕدا نایەت ... هەرچی حاڵەتی بەرکاری‌یەتی ، وێڕای ئەوەی لە بوارێکی فراواندا لەگەڵ قەدی کرداری تێنەپەڕدا ڕێکدەکەوێ ، لە دوو حاڵەتی دی‌یشدا دەردەکەوێ:

ا-تا ڕادەیێك بە قەدی کرداری تێپەڕیشەوە دەلکێ.

وەك :

ناوی بەرکار	پاشگر	قەد	چاوگ
پاراستوو	-وو	پاراست	پاراستن
کوشتوو		کوشت	کوشتن
خواردوو		خوارد	خواردن

بردن	برد	بردوو
شێلان	شێلا	شێلاو
پێوان	پێوا	پێواو
پۆشین	پۆشی	پۆشیو
بەخشین	بەخشی	بەخشیو
......هتد		

پێویستە پەنجەش بۆ ئەوەش ڕابکێشین ، ئەگەر لەپێش قەدەوە وشەیەکی واتادار هەبێ و شوێنی کارای گرتبێتەوە ئەوە مانای وشە لێکدراوەکە دەبێتە بەرکار ، چونکە کارا پێویستی بە بەرکارە . وەك:

خواگرتوو

ئاوبردوو

خواپێداو

...

ب-بەدوا قەدی زوربەی کرداری کارا بزردا دێت . وەك :

چاوگ	قەد	پاشگر	ناوی بەرکار
کێڵران	کێڵرا		کێڵراو
شێلران	شێلرا		شێلراو
....			
نووسران	نووسرا		نووسراو
بینران	بینرا		بینراو
....			
درووران	دروورا	-وو	درووراو

جووران	جوورا	جووراو
...		
چاندران	چاندرا	چاندراو
ژەندران	ژەندرا	ژەندراو

ئەم پاشگرە لە هەندێ ناوچەی دیالێکتی کرمانجیی خوارووا (کۆیە ، هەولێر..) لە شێوەی (ی-ا) دا خۆی دەنوێنێ و دەوترێ : کێلرای ، شێلرای ...

٢- پاشگری (-ە).

ئەم پاشگرە دەچێتە سەر قەدی کرداری تێپەڕ و تەنیا بەدوا قەدی کۆتایی هاتوو بە نەبزوێنی (ت ،د)دا دێت و جاروبارەش لە هەندێ ناوچەی کوردەواری لەگەڵ قەدە بە (ا ، ی ، وو) کۆتایی هاتووەکاندا دێ:

چاوگ	قەد	پاشگر	ناوی بەرکار
کوشتن	کوشت		کوشتە
گرتن	گرت		گرتە
گەستن	گەست		گەستە
گوتن / وتن	گوت / وت		گوتە / وتە
پاڵاوتن	پاڵاوت		پاڵاوتە
ڕستن	ڕست	-ە	ڕستە
ڕشتن	ڕشت		ڕشتە
...			
کردن	کرد		کردە
بژاردن	بژارد		بژاردە
...			

تێبینی :

١-لەگەڵ قەددا تەنیا دوو پاشگری (-وو)و (-ە) توانستی یاریدەدانی ڕۆنانی ناوی کارایان هەیە .

٢-پاشگری (-وو) بۆ ڕۆنانی ناوی بەرکار دەچێتە سەر قەدی کرداری تێنەپەڕی ڕوودان و تێپەڕ و کارا بزر . هەرچی پاشگری (-ە)یە ، تەنیا بە دوا قەدی کرداری تێپەڕدا دێت .

ناوی چاوگ

بۆ پەیدابوونی ئەو ناوی چاوگانەی قەد لە ڕۆنانیاندا هاریکاری دەکا، دیسان تەنیا ڕێگەی پێوەلکانی پاشگر هەیە :

١- پاشگری (-ار) . [١٠٥]

ئەم پاشگرە لە سنوورێکی یەکجار تەسکدا بەکاردێ و بەتایبەتی لە سێ کرداری تێپەڕی (کوشتن ، گوتن / وتن ، کردن)دا باش دەردەکەوێ [١٠٦] .

---

[١٠٥] بۆ زانیاریی دی لە بارەی پاشگری (-ار)ەوە ، بڕوانە : پەراوێزی (٥٦)ی لاپەڕە (١٢٨)ی بەشی یەکەمی بەرگی یەکەمی ئەم بەرهەمە - (ناو) .

[١٠٦] پاشگری (-ار) بە دوا قەدی کرداری تێنەپەڕی (مردن)یشدا دێ : (مردار) ، بەڵام لێرەدا دەیکاتە ناوەڵناو .

چاوگ	قەد	پاشگر	ناوی چاوگ
کوشتن	کوشت		کوشتار
گوتن / وتن	گوت / وت	-ار	گوتار / وتار
کردن	کرد		کردار

٢- پاشگری (-ە) .

ئەم پاشگرە دەچێتە سەر قەدی کرداری تێپەڕ :

چاوگ	قەد	پاشگر	ناوی چاوگ
گوتن / وتن	گوت / وت		گوتە - وتە
ڕستن	ڕست		ڕستە
کوشتن	کوشت	-ە	کوشتە
ڕشتن	ڕشت		ڕشتە
... هتد .			

ئەم ڕێژەیە دەشێ بۆ (ناوی بەرکار)یش بەکاربهێنرێ .

٣- پاشگری (-وە / -ەوە) .

ئەم پاشگرە دەچێتە سەر قەدی کرداری تێپەڕیش و تێنەپەڕیش . وەك :

	چاوگ	قەد	پاشگر	ناوی چاوگ
تێپەڕ	کردن	کرد		کردەوە
	...			
تێنەپەڕ	فڕین	فڕی	-وە / -ەوە	فڕیوە
	پاشماوە	پاش - ما		پاشماوە
	...[107]			

[107] سەبارەت پاشگری (-وە / -ەوە) ، بڕوانە : پەراوێزی (٦٠)ی لاپەڕە (١٣٠)ی بەشی یەکەمی بەرگی یەکەمی کتێبی (ڕێزمانی کوردی)ی خاوەنی ئەم نووسینە - (ناو) .

٤- پاشگری (-ەمەنی) .

	چاوگ	**قەد**	**پاشگر**	**ناوی چاوگ**
تێپەڕ	خواستن	خواست	-ەمەنی	خواستەمەنی
	خواردن	خوارد		خواردەمەنی
	...			
تێنەپەڕ	سووتان	سووتا		سووتەمەنی [١٠٨]
	تەقین	تەقی		تەقەمەنی
	...			

تێبینی :

١-لەگەڵ قەددا تەنیا چوار پاشگری (-ان) و (-ە) و (-وە / ەوە) و (-ەمەنی) دەتوانن هاریکاری پێکهێنانی ناوی چاوگ بکەن .

٢-دوو پاشگری (-ان) و (-ە) لە ڕۆنانی ناوی چاوگدا هەر دەچنە سەر قەدی کرداری تێپەڕ ، بەڵام دوو پاشگری (-وە / -ەوە) و (-ەمەنی) دەچنە سەر تێپەڕیش و تێنەپەڕیش .

[١٠٨] ئەم پاشگرە ، کە دەچێتە سەر قەدی بە بزوێن کۆتایی هاتوو ، بزوێنی کۆتایی قەدەکە تێ دەچێ .

ناوی جێگا

ئەوری قەد لە ڕۆنانی ناوی جێگاشدا سستە و تەنیا لە چەند وشەییکی کەمدا دەبینرێ . دوو پاشگری (-گە / گا)[109] و (-مان)یش پاشگری ئاشکرا و دیاری ئەو پێکهاتنەن .

١- پاشگری (-گە / -گا) .

ئەم پاشگرە دەچێتە سەر قەدی کردای تێپەڕ . وەك :

چاوگ	قەد	پاشگر	ناوی چاوگ
پەرستن	پەرست	-گە / -گا	پەرستگە / پەرستگا
خوێندن	خوێند	-گە / -گا	خوێندگە / خوێندگا

٢- پاشگری (-مان) .

ئەم پاشگرە ، کە لەگەڵ قەدی کرداری (نیشتن)دا (کە تێنەپەڕە) هاتووە : (نیشت + مان) = (نیشتمان) ، ناوی جێگەی دروست کردووە ، بەڵام لەگەڵ قەدی کرداری (دروون) دا (کە تێپەڕە) ، واتای پێکهێناوە .

---

[109] سەبارەت پاشگری (-وە / -ەوە) ، بڕوانە :

أ-باسی ئەو ناوی جێگایانەی لە ڕەگ و پاشگری (-گە / -گا) ڕۆدەنرێن (لاپەڕە ١٧٠ ی ئەم نووسینە) .

ب-بەشی یەکەمی بەرگی یەکەمی ئەم بەرهەمە - (ناو) ، لاپەڕە ١١٦ ، پەراوێزی ٢٨ .

-٢-

ڕەگی کردار

ئەگەر لە ڕوانگەی چاوگەوە بۆ ڕەگی کردار بگەڕێین [١١٠] ، ڕێگەیێکی بنەڕەتی و چەند حاڵەتێکی بیژۆك دەبینین :

[١١٠] ئەگەرچی لە چەند لێکۆڵینەوەیێکی کەمی زمانەوانیی لای خۆماندا ، چاوگ بۆ وەدەست هێنانی ڕەگی کردار ، کراوەتە سەرچاوە ، بەڵام دەبێ ئەوە لەبیر نەکەین ، کە بەشێکی زۆری نووسەرانی ڕێزمانی کوردی لە ڕوانگەی قەدی کردارەوە شوێن دۆزینەوەی ڕەگی کردار کەوتوون . بەوێنە ، بڕوانە : (د. قەناتی کوردۆ ، دەستووری زمانی کوردی ، مۆسکۆ ، ١٩٥٧ ، ل ١٥٨ – ١٦٢ ؛ ئی. ئی. تسوکیرمان ، لەبارەی ڕێزمانی کوردی‌یەوە ، مۆسکۆ ، ١٩٦٢ ، ل ٧٦ – ٩٥ ؛ ك. ڕ. ئەیووبی و ئی. ئا. سمیرنۆڤا ، دیالێکتی کوردی موکری ، لێنینگراد ، ١٩٦٨ ، ل ٦٩ – ٧٥ ؛ چ. خ.باکاییڤ ، زمانی کوردەکانی سۆڤێت ، مۆسکۆ ، ١٩٧٣ ، ل ١٦٦ –١٧٠ ؛ D. N. Mackenzi, Kurdish Dialects Studies , London , 1961 , PP. 85 - 87 , 177 - 180. ... هتد) .

بەڵام سەرنج ڕاکێش ئەوەیە ، د. وریا عومەر ئەمین دەڵێ : "ڕێزمانی تەقلیدی چاوگی کردووە بە سەرچاوە و لێ‌یەوە ڕەگی ڕابوردوو وەرئەگرێ بە لابردنی (ن)ی چاوگ ... بەڵام پەیوەندیی مۆرفۆلۆجی‌ی نێوان ڕەگی ڕابوردوو و داهاتووی دەست نیشان نەکردووە . واتا ئەو یاسایانەی نەخستۆتە ڕوو بە هۆیانەوە ڕەگی داهاتووی فرمان لە ڕابوردووی وەربگرێ " (کات و ڕەگی فرمان ، گۆڤاری "ڕۆژی کوردستان" ، ژ ٦٥ ، بەغدا ، ١٩٨٤ ، ل ٧٨) ...

=

بەر لە هەرشت ئەو ڕاستی‌یە دەخەمە پێش چاو ، کە وێکچوونێکی زۆر لە نێوان کەرەستە و بۆچوونەکانی ئەم وتارەی د. وریا و لاپەڕە (٨٥ – ٨٧ ؛ ١٧٧ – ١٨٠)ی کتێبی ناوبراوی د. مەکەنزی‌دا هەیە .

وێڕای ئەوەی زۆربەی زۆری نووسەرانی ڕێزمانی کوردی بە دەیان ساڵ بەر لە د. وریا ئەو یاسایانەیان خستووەتە ڕوو ، کە بە هۆیانەوە ڕەگیان لە قەد پێ وەرد ەگیرێ ، ئەوەش ڕوون و ئاشکرا دەبینرێ ، کە لێکۆڵینەوەکانیان لەوەی ئەو قووڵتر و وردتر و تێر و تەسەلترە و هەڵەشیان یەکجار کەمترە .

بەداخەوە ، ئاوڕنەدانەوە لەو خەرمانە بە بەرەکەتەی پێشڕەوان و پەلەکردن بوونەتە هۆی هەڵەی گەورە و ناتەوایی زۆری وتاری ناوبراوی د. وریا :

نووسەر لە سەرەتادا نووسیوێتی : " لەم وتارەدا هەوڵ ئەدەین پەیوەندی‌ی مۆرفۆلۆجی‌ی نێوان ڕەگی کاتی ڕابوردوو و ڕەگی کاتی داهاتووی فرمانی کوردی بخەینە ڕوو . واتا ئەو یاسایانەی ئەشێ بە هۆیانەوە ڕەگی داهاتوو لە هی ڕابوردوو وەربگیرێ " (ل ٧٨)

بێ‌گومان پێوەندیی مۆرفۆلۆژیی نێوان قەدی کردار و ڕەگی کردار – واتە ئەو یاسایانەی دەشێ بە هۆیانەوە ڕەگی لە قەدەوە پێ وەربگیرێ ، ڕێگەیێکی دروست و زانستانەیە .

ئەوەتە د. وریا مەبەستی بووە لە ڕێگەی نیشاندانی پێوەندیی مۆرفۆلۆژیی نێوان قەدی کردار و ڕەگی کرداراوە زانیاریی نوێ بخاتە ڕوو و لەسەر ئەو ڕێگەیە نەڕوات ، کە چاوگی تێدا کراوە بە سەرچاوە ، کەچی لە سەرەتای هەر یاسایەکدا لە بریتی – ئەوەی لە ڕوانگەی قەدەوە بۆ ڕەگ بگەڕێ ، پەنجەی بۆ چاوگ درێژ کردووە – واتە بۆ ئەو شێوازەی خۆی بە " ڕێزمانی تەقلیدی" ناوی دەبا . چەند نموونەیێک :

* لە دەست پێ کردنی یەکەم یاسای دۆزینەوەی ڕەگدا وتوویە : " گەر هات و چاوگەکە (یائی) بوو واتا (ی) تیا پێش (ن) دەرکەوت ڕەگی داهاتووی بە لابردنی (ی)یەکە دەس ئەکەوێ" (ل ٧٩) .

*"گەر چاوگەکە ئەلفی بوو " (یاسای دووەم ، ل ٧٩)
*"گەر چاوگەکە واوی بوو " (یاسای سێیەم ، ل ٧٩)
*"گەر فرمانەکە دالی بوو " (یاسای چوارەم ، ل ٨٠)

=

=

... و هەندێکی دی .

ناتەواویی دیاری وتاری "کات و ڕەگی فرمان" ، ئەوەیە هەندێ یاسا باس نەکراوە و گەلێ قەد و ڕەگ ناو نەبراوە . بۆ نموونە ، ڕەگی چاوگی (زاین) و (خوێندن ، ژەندن) و (ئەنگاوتن ، ئاخاوتن) و (داشتن) و (ویستن) و (گەیشتن ، ڕۆیشتن) و چەندینی دی ، کە هەندێکیان بەر یاسای تایبەتی دەکەون و بەشێکیان بێزۆکن ، یادداشت نەکراون .

بەشێك لەو یاسایانەش ، کە باس کراون ، پڕ ناتەواوین . بەوێنە لە بەشی (ب)ی یاسای دووەمدا وتراوە :

" ب- گەر فرمانەکە تێنەپەڕ بوو ڕەگی داهاتووی بە گۆڕینی (ا) بە (ێ) دەست دەکەوێ :

چاوگ	ڕەگی ڕابوردوو	ڕەگی داهاتوو
سووتان	سووتا	سووتێ
گریان	گریا	گریێ
ترسان	ترسا	ترسێ" (ل٧٩)

بەڵێ ئەوە دەستوورێکی بنەڕەتی‌یە ، ئەگەر قەدی کرداری تێنەپەڕ کۆتاییی بە دەنگی (ا) بێت ، بۆ وەرگرتنی ڕەگ لێ‌یەوە (ا) دەکرێ بە (ێ) . وەك :

چاوگ	ڕەگی ڕابوردوو	ڕەگی داهاتوو
گەڕان	گەڕا : گەڕام	گەڕێ : دەگەڕێم
خنكان	خنكا : خنكام	خنكێ : دەخنكێم
پسان	پسا : پسام	پسێ : دەپسێم

... و گەلێکی دی .

لەم دەستوورەدا سێ کردار بێزۆکە : (وەستان ، گریان ، ترسان) – واتە (ا) کەیان ناکرێ بە (ێ) ، بەڵکو لادەبرێ : (وەستا – وەست : دەوەستم ؛ گریا – گری : دەگریم ؛ ترسا – ترس ؛ دەترسم) .

=

ڕێگەی بنەڕەتی

ڕێگە بنەڕەتی‌یەکە ئەوەیە ، کە زوربەی زۆری چاوگەکان ، چ تێنەپەڕ و چ تێپەڕ ، بە لابردنی (ن)ی چاوگ و دەنگەکەی پێشەوەی (ا ، ی ، وو ، د ، ت) پەیدا دەبن - واتە بە لابردنی نیشانەی چاوگ (ان ، ین ، وون ، دن ، تن) . وەك :

تێنەپەڕ :

چاوگ		نیشانەی چاوگ		ڕەگ
وەستان	-	ان	-	وەست : دە - وەست - م
لەرزین	-	ین	-	لەرز : دە - لەرز - م
چوون	-	وون	-	چ : دە - چ - م
مردن	-	دن	-	مر : دە - مر - م
کەوتن	-	تن	-	کەو : دە - کەو - م

تێپەڕ :

هێنان	-	ان	-	هێن : دە - هێن - م
کڕین	-	ین	-	کڕ : دە - کڕ - م

=

د. وریا بۆ نموونەی ئەو دەستووره ڕێك و ڕێکە لە نێو ئەو چەندین نموونە ڕاست و ڕەوانەدا ، سێ بەڵگەی هێناوەتە ، کە دوانیان (گریا - گری ؛ ترسا - ترس) بێزۆکن و بەر دەستوور ناکەون و تاکە یەکێکیان (سووتا - سووتێ) بەپێی یاساکە دەڕوات .

... و هەندێکی دێ .

×

وو

خوێندن	–	دن	–	خوێن : دە - خوێن - م
گرتن	–	تن	–	گر : دە - گر - م

سەرپاکی چاوگە تێنەپەڕە بە (وون)و (دن) کۆتایی هاتووەکان و تێپەڕە (ین)یەکان و زوربەی زۆری تێنەپەڕی (ین)ی و تێپەڕی (ان)ی و کەمێکی تێنەپەڕی (تن) ، (ان) و تێپەڕی (تن) ، (دن) بەر ئەم دەستوورە دەکەون[111] :

١-ئەو چاوگانەی سەرپاکیان بەر ڕێگە بنەڕەتی‌یەکە دەکەون :

أ- تێنەپەڕی بە (وون) کۆتایی هاتوو :

چاوگ	ڕەگ		
چوون	چ[112]	:	دەچم
بوون	ب[113]	:	دەبم

ب- تێنەپەڕی بە (دن) کۆتایی هاتوو :

چاوگ	ڕەگ		
مردن	مر[114]	:	دەمرم

---

(111) هیچ یەکێک لە چاوگە تێپەڕە بە (وون) کۆتایی هاتووەکان بەر ڕێگە بنەڕەتی‌یەکە ناکەوێ .

(112) ئێرانیی کۆن (شەڤ ، شیەڤ) ؛ ئاوێستا (شەڤ ، شیەڤ) .

(113) ئێرانیی کۆن (بو) ؛ ئاوێستا (بەڤ) .

(114) ئێرانیی کۆن و ئاوێستا (مەر) .

ج- تێپەڕی بە (ین) کۆتایی هاتوو :

چاوگ	ڕەگ		
کڕین	کڕ	:	دەکڕم
ماڵین	ماڵ [115]	:	دەماڵم
مژین	مژ	:	دەمژم
نووسین	نووس [116]	:	دەنووسم

چاوگ	ڕەگ		
دڕین	دڕ	:	دەدڕم
سڕین	سڕ	:	دەسڕم
چنین	چن	:	دەچنم
بڕین	بڕ	:	دەبڕم
دۆزین	دۆز	:	دەدۆزم
دۆشین	دۆش	:	دەدۆشم
سمین	سم	:	دەسمم
بەخشین	بەخش	:	دەبەخشم
پچڕین	پچڕ	:	دەپچڕم
زانین	زان [117]	:	دەزانم
ئاژنین	ئاژن	:	دەئاژنم
بینین	بین [118]	:	دەبینم

[115] ئێرانیی کۆن (مرد / ز) ؛ ئاوێستا (مەرز) .

[116] ئێرانیی کۆن (پەیس) .

[117] ئێرانیی کۆن و ئاوێستا (زان) ؛ فارسیی کۆن (دان) .

[118] ئاوێستا (ڤەێنە / ڤەینە) ؛ هیندیی کۆن (ڤینەتی) ؛ فارسی ناوەڕاست (ڤێن) .

پرسین	پرس [119]	:	دەپرسم
پشکنین	پشك	:	دەپشکنم
پۆشین	پۆش	:	دەپۆشم
تاشین	تاش [120]	:	دەتاشم
توانین	توان	:	دەتوانم
هاڕین	هاڕ	:	دەهاڕم

... هتد .

٢-ئەو چاوگانەی زۆربەی زۆریان بەر ڕێگە بنەڕەتی‌یەکە دەکەون :

أ- تێنەپەڕی بە (ین) کۆتایی هاتوو .

چاوگ	ڕەگ		
لەرزین	لەرز	:	دەلەرزم
تەزین	تەز	:	دەتەزم
پزین	پز	:	دەپزم
کۆکین	کۆك	:	دەکۆکم
تەپین	تەپ	:	دەتەپم
وەڕین	وەڕ	:	دەوەڕم
خەنین	خەن	:	دەخەنم
خزین	خز	:	دەخزم
تۆقین	تۆق	:	دەتۆقم
تەقین	تەق	:	دەتەقم
لەقین	لەق	:	دەلەقم
چەقین	چەق	:	دەچەقم
فڕین	فڕ	:	دەفڕم

[119] ئێرانیی کۆن (پرس) ؛ ئاوێستا (فرەس) ؛ فارسیی کۆن (فرەس) .

[120] ئێرانیی کۆن (تاخش) ؛ ئاوێستا (تاش ، تەشە) ؛ هیندیی کۆن (تەکش) .

ڕوانین	ڕوان	:	دەڕوانم
بەزین	بەز [131]	:	دەبەزم

... و گەلێکی دی

تێبینی :

لە کۆمەڵە چاوگی تێنەپەڕی بە (ین) کۆتایی هاتوودا ، تەنیا (ژین) و (زاین) بەر دەستووره بنەڕەتی‌یەکە ناکەون .

ب- تێپەڕی بە (ان) کۆتایی هاتوو :

چاوگ	ڕەگ		
هێنان	هێن	:	دەهێنم
پێوان	پێو	:	دەپێوم
گێڕان	گێڕ	:	دەگێڕم
کێڵان	کێڵ [132]	:	دەکێڵم
شێلان	شێل	:	دەشێلم
بێژان	بێژ [133]	:	دەبێژم
وێران	وێر [134]	:	دەوێرم

... هتد .

[131] ئێرانیی کۆن و ئاوێستا (ڤەز)

[132] ئێرانیی کۆن و ئاوێستا (کەر)

[133] ئێرانیی کۆن و ئاوێستا (ڤەك)

[134] ئێرانیی کۆن و ئاوێستا (ڤەر)

تێبینی :

لە کۆمەڵە چاوگی تێپەڕی بە (ان) کۆتایی هاتوودا ، تەنیا دوو چاوگی (دان ، نان) ناچنە نێو دەستووورە بنەڕەتی‌یەکەوە .

٣-ئەو چاوگانەی کەمێکیان بەر ڕێگە بنەڕەتی‌یەکە دەکەون :

أ- تێنەپەڕی بە (تن) کۆتایی هاتوو :

چاوگ	ڕەگ		
کەوتن	کەو [١٢٥]	:	دەکەوم
خەوتن	خەو	:	دەخەوم
بزووتن	بزوو	:	دەبزووم

تێبینی :

چاوگی (هاتن ، نوستن ، گەیشتن ، ڕۆیشتن ...) لە دەستوور لایان داوە .

ب- تێنەپەڕی بە (ان) کۆتایی هاتوو :

چاوگ	ڕەگ		
ترسان	ترس [١٢٦]	:	دەترسم
وەستان	وەست	:	دەوەستم
گریان	گری [١٢٧]	:	دەگریم

تێبینی :

وێڕای ئەو سێ چاوگە - واتە (ترسان ، وەستان ، گریان) و چاوگی "مان"، سەرجەمی ئەوانی دی : (گەڕان ، ڕژان ، خنکان ، سووتان ، ڕووخان ، ڕمان ...) بەر دەستووورە بنەڕەتی‌یەکە دەکەون .

---

[١٢٥] ئێرانیی کۆن (کەپ)

[١٢٦] ئێرانیی کۆن (ترس) ، ئاوێستا (تەرسە) .

[١٢٧] ئێرانیی کۆن و ئاوێستا (گەر) .

ج- تێپەڕی بە (تن) کۆتایی هاتوو :

چاوگ	ڕەگ		
ئاژووتن	ئاژوو	:	دەئاژووم
گرتن	گر[128]	:	دەگرم
...			

تێبینی :

چاوگی (خستن ، ڕشتن ، گەستن ، شتن / شوشتن ، بیستن ، هاویشتن ، کوشتن ، کرۆشتن ، ویستن ، وتن ، هێشتن ، پالاوتن ، پاراستن) خاوەنی دەستووری جۆربەجۆرن .

د-تێپەڕی بە (دن) کۆتایی هاتوو :

چاوگ	ڕەگ		
خوێندن	خوێن[129]		دەخوێنم
ژەندن	ژەن	:	دەژەنم

تێبینی :

هەرچی (خواردن ، ناردن ، چاندن ، بژاردن ، ژماردن ، کردن ، سپاردن ، بواردن ، بردن ...)ە بەر دەستووری بیژۆك دەکەون .

[128] ئێرانیی کۆن و ئاوێستا و فارسیی کۆن (گرەب) .

[129] ئێرانیی کۆن (هڤەن) ، فارسیی ناوەڕاست (هڤەن) .

ڕێگەی بیژۆک

١-لابردنی دوا دەنگ - واتە (ن)ی چاوگ

ا-گشت تێپەڕێکی چاوگی بە (وون) کۆتایی هاتوو :

چاوگ	ڕەگ		
دروون	دروو[130]	:	دەدرووم
سوون	سوو[131]	:	دەسووم
گروون	گروو	:	دەگرووم
جوون	جوو[132]	:	دەجووم

ب-کەمێ لە چاوگە تێپەڕە بە (تن) کۆتایی هاتووەکان :

چاوگ	ڕەگ		
بەستن	بەست	:	دەبەستم
بیستن	بیست	:	دەبیستم
پەرستن	پەرست	:	دەپەرستم[133]

---

(130) ئێرانیی کۆن (در) .

(131) ئێرانیی کۆن (سو ، سەڤ) .

(132) ئێرانیی کۆن (جیەڤ) .

(133) ئەوەش بەر گوێ دەکەوێ ، کە وشەی (بەستن) و (بیستن) و (پەرستن) ، (ت)ەکەیان دەفرتێنرێت و دەوترێ : (دەبەسم) ، (دەبیسم) ، (دەپەرسم) و بەو پێیە بەر دەستوورە بنەڕەتییەکە دەکەوێت . هەرچی چاوگی (بیستن)ە ، ڕەگەکەی لە شێوەی (بێ)یشدا دەبینرێ . لەم حاڵەتەدا بەر یاسای لابردنی سێ دەنگی کۆتایی و گۆڕینی (ی)ی کۆتایی بە (ێ) دەکەوێت .

ج-چاوگێکی تێپەڕی بە (دن) کۆتایی هاتوو :

سەندن   سەند   :   دەسەندم[١٢]

د- چاوگێکی تێنەپەڕی بە (ین) کۆتایی هاتوو :

ژین   ژی[١٢٥]   :   دەژیم

٢- لێکردنەوەی دوا دەنگ و گۆڕینی (ا)ی کۆتایی بە (ێ) یان (ە) .

ا- کردنی (ا) بە (ێ) .

سەرجەمی چاوگە تێنەپەڕە بە (ان) کۆتایی هاتووەکان (جگە لە "ترسان ، وەستان ، گریان"[١٣٦] و "مان"یش ، کە ڕەگەکەی "مێن"ە) و تاکە چاوگی (نان) بەر ئەم دەستوورە دەکەون .

تێنەپەڕ :

چاوگ			ڕەگ			
گەڕان	-ن-	گەڕا	>	گەڕێ	:	دەگەڕێم
ڕژان	-ن-	ڕژا	>	ڕژێ	:	دەڕژێم
خنکان	-ن-	خنکا	>	خنکێ	:	دەخنکێم

---

[١٣٤] لە وشەی (سەندن)یشدا قووت دانی (د) دەبیسترێ - واتە لە بریتی (دەسەندم) دەوترێ (دەسەنم) . ڕەگی ئەم چاوگە لە حاڵەتی سواندا دەکەوێتە نێو دەستووره بنەڕەتی‌یەکەوە . ئەم چاوگە لە شێوەی (سەنین)یشدا دەبینرێ . لەم بارەدا بەر یاسای لابردنی دوو دەنگی کۆتایی و کردنی (ە)ی پێش کۆتایی بە (ێ) دەکەوێ .

[١٣٥] ئێرانیی کۆن و ئاوێستا و فارسیی کۆن (گەی) .

[١٣٦] لە هەندێ ناوچە ، تەنانەت بۆ (ترسان) و (وەستان) و (گریان)یش دەوترێ (دەترسێم ، دەوەستێم ، دەگریێم) . بەپێی بەکارهێنانی ئەو ناوچانە ، ئەم دوو چاوگەش بەر دەستووری بنەڕەتی ناکەون و ناچنە نێو دەستووری بێزۆکی دووەمەوە .

سووتان	-ن-	سووتا	>	سووتێ[١٣٧]	:	دەسووتێم
ڕمان		ڕما	>	ڕمێ	:	دەڕمێم
ڕسان		ڕسا	>	ڕسێ	:	دەڕسێم

تێپەڕ:

نان	-	ن-	نا	> نێ	:	دەنێم

ب- گۆڕینی (ا) بە (ە).

تەنیا چاوگی (دان) ئەم ڕێگەیەی گرتووە.

دان		-ن-	دا	> دە[١٣٨]	:	دەدەم

٣-لابردنی دوو دەنگی کۆتایی - واتە نیشانەی چاوگ - و هەندێ گۆڕانکاری.

ا- کردنی (ا)ی کۆتایی بە (ێ)

چاوگ		نیشانەی چاوگ	ڕەگ			
زاین	-	ین	-زا	> زێ[١٣٩]	:	دەزێم
هاتن	-	تن	-ها	> هێ > ێ[١٤٠]	:	دەهێم، دێم[١٤١]

---

[١٣٧] ئێرانیی کۆن (سەوك)، ئاوێستا (سەوک).

[١٣٨] ئێرانیی کۆن و ئاوێستا و فارسیی کۆن (دا).

[١٣٩] ئێرانیی کۆن و ئاوێستا (زە - ن).

[١٤٠] ئێرانیی کۆن (ی)، ئاوێستا (ئەی).

[١٤١] ڕەگی کاتی ڕانەبوردووی (هاتن) کورت کراوەتەوە، واتە لە (هێ) وە بووە بە (ێ): (دەهێم) بووە بە (دێم).

تێبینی :

تەنیا دوو چاوگی (زاین) و (هاتن) بەر ئەو یاسایە دەکەون ، کە هەردووکیان تێنەپەڕن .

ب) کردنی (ا)ی پێش کۆتایی بە (ێ) .

بەشێکی زۆری چاوگی تێپەڕی بە (دن) کۆتایی هاتوو و سەرپاکی ئەو کردارە تێنەپەڕانەی بە یاریدەی پاشگری (-اندن) کراون بە تێپەڕ و چەند وشەیێکی کەمی چاوگی تێپەڕی بە (تن) کۆتایی هاتوو بەر ئەم دەستوورە دەکەون :

چاوگ				رەگ		
بژاردن	-دن-	بژار بژار	<	بژێر [142]	:	دەبژێرم
سپاردن	-دن-	سپار سپار	<	سپێر [143]	:	دەسپێرم
بواردن	-دن-	بوار بوار	<	بوێر	:	دەبوێرم

=

لە هەندێ بەشە دیالێکتی ژووروودا (د)ی سەرەتای (دێم) دەبێ بە (ت) و دەوترێ (تێم) . لە ناوچەی سلێمانیش هەمان (د) کلۆر دەکرێ و (ێ)یش دەگرێ بە (ە) : (یەم) . لە گەلێ ناوچەشدا ، بە تایبەتی لە ناوچەی موکریاندا (هێ)ی ڕەگی (هاتن) بێ کورت کردنەوە بەکاردێنرێ و دەوترێ (دەهێم) .

[142] ئێرانیی کۆن (ڤجار) ، ئاوێستا (گەر) .

[143] ئێرانیی کۆن (سپەر) ، فارسیی ناوەڕاست (سپار) .

ناردن   -دن-   نار   <   نێر[١٤٤]   :   دەنێرم
نار

.....

گەڕاندن   -دن-   گەڕان   <   گەڕێن   :   دەگەڕێنم
گەڕان

ڕژاندن   -دن-   ڕژان   <   ڕژێن   :   دەڕژێنم
ڕژان

سووتاندن   -دن-   سووتان   <   سووتێن   :   دەسووتێنم
سووتان

لەرزاندن   -دن-   لەرزان   <   لەرزێن   :   دەلەرزێنم
لەرزان

پەڕاندن   -دن-   پەڕان   <   پەڕێن   :   دەپەڕێنم
پەڕان

مراندن   -دن-   مران   <   مرێن   :   دەمرێنم
مران

خەواندن   -دن-   خەوان   <   خەوێن   :   دەخەوێنم
خەوان

...

پاڵاوتن   -تن-   پاڵاو   <   پاڵێو   :   دەپاڵێوم
پاڵاو

ئەنگاوتن   -تن-   ئەنگاو   <   ئەنگێو   :   دەئەنگێوم
ئەنگاو

---

(١٤٤) ئێرانیی کۆن (نەر) .

ئاخاوتن   -تن-   ئاخاو / ئاخاو   <   ئاخێو   :   دەئاخێوم

...

تێبینی :

ئەم دەستوورە تەنیا کرداری تێپەڕ دەگرێتە خۆ .

ج-کردنی (ا)ی پێش کۆتایی بە (ێ) .

چاوگ				ڕەگ		
ڕستن	-تن-	ڕس / ڕس	<	ڕێس[١٤٥]	:	دەڕێسم

د-گۆڕینی دوا دەنگی (ش ، س) بە (ژ ، ز) .

چاوگ				ڕەگ		
کوشتن	-تن-	کوش / کوش	<	کوژ[١٤٦]	:	دەکوژم
کرۆشتن	-تن-	کرۆش / کرۆش	<	کرۆژ	:	دەکرۆژم
...						
گەستن	-تن-	گەس / گەس	<	گەز	:	دەگەزم

---

[١٤٥] ئێرانیی کۆن (ڕەس) ، هیندیی کۆن (ڕیش) .

[١٤٦] ئێرانیی کۆن (کەوش) ؛ ئاوێستا (کەۆش) .

خ+استن -تن- خواس > خواز : دەخوازم
خواس

..

هـ- گۆڕینی (ش)ی کۆتایی بە (ژ ، ر)و ، (س) بە (ز)و کردنی (ا ، ی ، اَ)ی پێش کۆتایی بە (ێ) :

چاوگ					ڕەگ	
(ش > ژ) ، (ا > ێ) :	ناشتن	-تن-	ناش ناش	>	نێژ	: دەنێژم
(ش > ژ) ، (ی > ێ) :	هاویشتن	-تن-	هاویش هاویش	>	هاوێژ[147]	: دەهاوێژم
(ش > ژ) ، (اَ > ێ) :	ڕشتن	-تن-	ڕش ڕش	>	ڕێژ[148]	: دەڕێژم

...

(ش > ر) ، (ا > ێ) :	داشتن	-تن-	داش داش	>	دێر	: دەدێرم
(س > ز) ، (ا > ێ) :	پاراستن	-تن-	پاراس پاراس	>	پارێز	: دەپارێزم

...

[147] ئێرانیی کۆن (ڤەیگ) ؛ ئاوێستا (ڤەیگ) .

[148] ئێرانیی کۆن (ڕەیک) ؛ ئاوێستا (ڕەیک) .

و-گۆڕینی (ش)ی کۆتایی بە (ڵ) .

رەگ				چاوگ
دەهێڵم :	هێڵ[149]،[150]	>	هێش -تن- هێش هێش	هێشتن

تێبینی :

سەرپاکی چاوگەکانی بەندی (ج) و (د) و (هـ)و (و)ی یاسای ژمارە (٣) ، تێپەڕن و کۆتایی‌یان بە (تن) هاتووە .

٤-لابردنی سێ دەنگی کۆتایی و گۆڕانکاری.

أ- گۆڕینی (و)ی کۆتایی بە (ۆ).

رەگ				چاوگ
دەشۆم :	شۆ[151]	>	شو - شتن شو	شوشتن

ب-گۆڕینی (و)ی کۆتایی بە (وو).

رەگ				چاوگ
دەنووم :	نوو[152]	>	نو - ستن نو	نوستن

[149] ئێرانیی کۆن (هرد / ز) ؛ ئاوێستا (هەرزە) .

[150] رەنگە (هێڵ) لە (هێڵان)ەوە وەرگیرابێ .

[151] ئێرانیی کۆن (خشەود).

[152] ئێرانیی کۆن (نهەد).

ج -گۆڕینی (ی)ی کۆتایی بە (ێ).

چاوگ				ڕەگ		
ویستن	–ستن	وی	>	وێ	:	دەمەوێ
		وی				
بیستن	–ستن	بی	>	بێ	:	دەبێم[١٥٣]
		بی				

د– گۆڕینی (i)ی کۆتایی بە (ە) .

چاوگ				ڕەگ		
بردن	– ردن–	بـ bi	>	بە[١٥٤]	:	دەبەم
		بـ bi				
کردن	– ردن–	کـ Ki	>	کە[١٥٥]	:	دەکەم
		کـ Ki				
خستن	– ستن–	خـ Xi	>	خە[١٥٦]	:	دەخەم
		خـ Xi				

ە–لابردنی چوار دەنگی کۆتایی .

چاوگ			ڕەگ		
گەیشتن	– یشتن	-	گە	:	دەگەم

---

[١٥٣] (بیستن) پتر بەر یاسای لابردنی دوا دەنگ دەکەوێ ، کە ڕەگەکەی دەبێ بە (بیست) .

[١٥٤] ئێرانیی کۆن و ئاوێستا و فارسیی کۆن (بەر) .

[١٥٥] ئێرانیی کۆن (کەر) ؛ فارسیی ناوەڕاست (کون) .

[١٥٦] ئێرانیی کۆن (خفەد ، خفەم) ؛ ئاوێستا (خفەستە) .

ڕۆیشتن – یشتن - ڕۆ[157] [158] : دەڕۆم

٦–لابردنی چوار دەنگی کۆتایی و کردنی (و) بە (ۆ) :

<u>چاوگ</u> <u>ڕەگ</u>

خواردن –اردن - خو > خۆ[159] : دەخۆم
خو

٧–لانەبردنی هیچ دەنگێك و کردنی (ا) بە (ێ) :

مان > مێن[160] : دەمێنم

چاوگی (مان) لە فارسیدا (ماندن)ە. بەپێی شێوە فارسی‌یەکەی وەرگرتنی ڕەگی دەچێتەوە سەر ئەو کردارانەی پاشگری (–اندن)یان پێوەیە .

٨–هەندێ چاوگ و ڕەگ هەیە ، کە لە شێوەی ئەمڕۆیاندا هیچ پێوەندی‌یێك لە نێوانیاندا بەدی ناکرێ . هەر یەك لەو ڕەگانەش بە ڕێگەیێکی سەربەخۆدا ڕۆیشتووە . بەوێنە :

ڕەگی (گوتن / وتن) - (ڵێ)یە ، کە بەر هیچ دەستوورێك ناکەوێ .

ڕەگی (دیتن / دین) لە کاتی ڕانەبوردوودا بە ڕەگی چاوگی (بینین) دەردەبڕێ . ... هتد .[161]

---

[157] ئێرانیی کۆن (ڕەف) ؛ فارسیی ناوەڕاست (ڕەف) .

[158] ئەگەر (گە) لە (گەین)ەوە وەرگیرابێ و (ڕۆ)ش لە (ڕۆیـن) ەوە ، ئەوە بەر دەستووورە بنەڕەتی‌یەکە دەکەون .

[159] ئێرانیی کۆن و ئاوێستا (خفەر) .

[160] ئێرانیی کۆن و ئاوێستا (مەن) .

[161] بینیمان ، کە بۆ ئەنجامهێنانی ڕەگی کردار ونـرای (ڕێگەی بنەڕەتی) – واتـە لابردنی (ن)ی چاوگ و دەنگەکەی پێشەوەی - (ڕێگەی بێزۆك)یش هەیە – واتە بەشێکی زۆری چاوگی تێنەپەڕی (ان)ی و تێپەڕی (دن)و تێنەپەڕ و تێپەڕی (تن)ی و کەمێکی چاوگی تێنەپەڕی

=

لە زمانی ئاوێستادا پتر لە سێ گرووپ کردار بەرچاودەکەوێ . کەواتە پتر لە سێ جۆر پێکهاتنی ڕەگی کردار هەبووە . لە زمانی فارسیی کۆندا نزیکەی پەنجا دەستە کردار دەبینرێ ... هەر لەبەر ئەوەشە لە زمانی فارسیی ناوەڕاستیشدا ڕەگی کردار هەمەجۆرە و چەشنی زۆرە .[١٦٢] ڕەگی کرداری زمانی فارسیی ناوەڕاست دەگەڕێتەوە بۆ ڕەگی کردار لە زمانی فارسیی کۆندا ، کە خاوەنی کۆمەڵی هەمەچەشن بوو و بە گرووپی جۆربەجۆری کردارەوە بەند بوو .[١٦٣]

بێگومان هۆی هەمەجۆری و فرەچەشنیی ڕەگی کردار لە زمانی کوردیشدا دەگەڕێتەوە بۆ هەمان هۆ .

لە زوربەی زۆری زمانە ئێرانی‌یەکاندا بۆ وەدەستهێنانی ڕەگی کردار ، بە هەمان شێوەی کوردی ، ڕێگەی بنەڕەتی و ڕێگەی بیژۆك لە کاردایە و پسپۆڕانی ئەو زمانانەش ئەو دوو ڕێگەیەیان بە ناوی ڕێگەی ڕاست و ڕێگەی ناڕاستەوە ناوناوە . بەوێنە ، لە سەرجەمی دیالێکتەکانی گرووپی زمانە شوگانو - ڕووشانی‌یەکان و زمانی یازگولیامی ..دا... ئەگەر لەباری ڕواڵەتەوە قەدی کردار و ڕەگی کردار بەراوردبکرێن (د) و (ت)ی کۆتایی دەبنە نیشانەی جیاوازیی زوربەی زۆری کردارەکان و دەشێ ئەمە بە ڕێگەی ڕاست دابنرێ ، وەك : (لووڤد ، لوڤد ، لیڤد) - (لووڤ ، لوڤ ، لیڤ) : (ئاخاوتن) ؛ (نڤشت ،

(ین)ی و تێپەڕی (ان)ی ... ناچنە نێو یاسا بنەڕەتی‌یەکەوە و بە گوێرەی دەستووری جۆربەجۆر پێکدێن ... کەچی سەرنج ڕاکێش ئەوەیە ، مامۆستا نووری عەلی ئەمین نووسیوێتی : "چاوگی سادە تێپەڕ بێت ، یان تێنەپەڕ ، ئەگەر نوونی چاوگێکە و پیتەکەی پێش نوونەکەی لێ فڕێ درا ، ئەوەی دەمێنێتەوە (ڕەگی فرمانە)ە" (بڕوانە وتاری : نیشانەکانی ڕێژەی فرمان ، گۆڤاری "ڕۆشنبیری نوێ" ، ژ ١٠٦ ، بەغدا ، ١٩٨٥ ، ل ٥٠) .

[١٦٢] ڤ. س. ڕاستۆرگویڤا ، زمانی فارسیی ناوەڕاست ، مۆسکۆ ، ١٩٦٦ ، ل ٧٨ .

[١٦٣] هەمان سەرچاوە ، ل ٧٨ .

نەڤشت) - (نڤش ، نەڤش) : (نووسین) ... هەرچی ڕێگە ناڕاستەکەیە ، هەمەجۆرە و فرەلایەنە[164] ... "لە زمانی بلووجیدا بنەمای کردار بەپێی جۆری پێکهاتنی دابەش دەبێ بەسەر پێکهاتنی ڕاست و پێکهاتنی ناڕاستدا "[165] ...

* *

ڕەگی کردار لە زمانی کوردیدا دەبێتە بنەمای هەموو جۆرە کاتێکی ڕانەبوردوو (ئێستا و ئایندە)ی ڕێژەی ئیخباری و ئینشائی و داخوازی و کەرەستەی چالاکی ڕۆنانی ناوی کارا و ناوی بەرکار و ناوی چاوگ و ناوی جێگا و ناوی ئامێر .

بۆ نموونە :

ڕانەبوردووی ئیخباری

تێنەپەڕ :

	کرمانجیی خواروو		کرمانجیی ژووروو	
	چاوگ	ڕەگ	چاوگ	ڕەگ
	کەوتن	کەو	کەتن	کەڤ
١-ئێستا	دە - کەو- م			د - کەڤ - م
	دە - کەو -ین			د- کەڤ - ن
٢-ئایندە	دە- کەو -م			دێ کەڤ - م
	دە- کەو- ین			دێ کەڤ - ن

(164) ت. ن. پاخالینا ، زمانە پامیرییەکان ، مۆسکۆ ، ١٩٦٩ ، ل ٢٩ - ٣١ ، ٦٦ - ٦٧ .
(165) ڤ. ئا. فورۆلۆڤا ، زمانی بلووجی ، مۆسکۆ ، ١٩٦٠ ، ل ٤٠ .

تێپەڕ :

	کرمانجیی خواروو		کرمانجیی ژووروو	
	چاوگ	ڕەگ	چاوگ	ڕەگ
	نووسین	نووس	نڤیسین	نڤیس
١-ئێستا :	دە - نووس - م		د - نڤیس - م	
	دە - نووس -ین		د - نڤیس - ن	
٢-ئاینده :	دە - نووس - م		دێ نڤیس - م	
	دە - نووس - ین		دێ نڤیس - ن	

ڕانەبوردووی ئینشائی

تێنەپەڕ :

	کرمانجیی خواروو		کرمانجیی ژووروو	
	چاوگ	ڕەگ	چاوگ	ڕەگ
	کەوتن	کەو	کەتن	کەڤ
١-ئێستا :	ب- کەو- م		ب - کەڤ - م	
	ب- کەو -ین		ب- کەڤ - ن	
٢-ئاینده :	ب- کەو -م		ئەزێ / دێ / وێ ب- کەڤ - م	
	ب- کەو- ین		ئەزمێ / دێ / وێ ب- کەڤ-ن	

تێ پەڕ :

کرمانجیی خواروو		کرمانجیی ژووروو	
چاوگ	ڕەگ	چاوگ	ڕەگ
نووسین	نووس	نڤیسین	نڤیس

١-نێستا :	بـ- نووس- م	د- نڤیس-م
	بـ-نووس-ین	د-نڤیس-ن
٢-ئاینده :	بـ- نووس- م	دێ نڤیس-م
	بـ-نووس - ین	دێ نڤیس-ن

ڕێژەی داخوازی

تێ نەپەڕ :

چاوگ	ڕەگ	
مردن	مر	بـ + مر + ە - بمرە
		بـ + مر + ن - بمرن
وەستان	وەست	بـ + وەست + ە - بوەستە
		بـ + وەست + ن - بوەستن

تێ پەڕ :

چاوگ	ڕەگ	
کڕین	کڕ	بـ + کڕ + ە - بکڕە
		بـ + کڕ + ن - بکڕن
خوێندن	خوێن	بـ + خوێن + ە - بخوێنە
		بـ + خوێن + ن - بخوێنن

ناوی کارا

لە زمانی کوردیدا ڕەگی کردار بە یاریدەی پێشگر یان پاشگر یان وشەی واتادار ناوی کارا پێکدێنن .

یەك - پێشگر :

١- پێشگری (بـ -)

چاوگ	ڕەگ	پێشگر	ناوی کارا
وێران	وێر		بوێر[١٦٦]
کوشتن	کوشت		بکوژ
نووسین	نووس	بـ -	بنووس
بڕین	بڕ		بڕ

... هتد

٢- پێشگری (نە-)

أ)تێنەپەڕ

چاوگ	ڕەگ	پێشگر	ناوی کارا
مردن	مر		نەمر
بەزین	بەز	نە -	نەبەز
ترسان	ترس		نەترس

...

[١٦٦] لە تێکستی کۆنی کوردیدا وشەی "بوێر" بە واتای "ئازا" بەرچاودەکەوێ . بۆ زانیاری لەو بارەوە ، بڕوانە : پەراوێزی (٤٤)ی لاپەڕە ٨٥ ی بەشی سێیەمی بەرگی یەکەمی ئەم بەرهەمە - (ئاوەڵناو) .

ب)تێپەڕ :

چاوگ	**ڕەگ**	**پێشگر**	**ناوی کارا**
زانین	زان	نە -	نەزان
دیتن	دی		نەدی [١٦٧]
... هتد [١٦٨]			

تێبینی :

پێشگری (بە -) هەر لەگەڵ ڕەگی کرداری تێپەڕدا دێت ، بەڵام (نە -) لە پێش ڕەگی هەردوو تێپەڕ و تێنەپەڕەوە دێت .

دوو- پاشگر :

أ) لەگەڵ ڕەگی کرداری تێپەڕ :

[١٦٧] کورد دەڵێ : (نەدی و بدی) .

[١٦٨] هەروەها بەشی زۆری ئەو پێشگرانەی یاریدەی ڕۆنانی کرداری داڕێژراو دەدەن ، وەك (ڕا - ، هەڵ - ، دا - ، وەر - ... پێ - ، تێ ...)یش لەگەڵ ڕەگی کرداری تێپەڕدا ناوی کارا دروست دەکەن ، وەك :

ڕا - : ڕاگر ، ڕاهێڵ ...
هەڵ - : هەڵگر ، هەڵڕێژ ...
دا - : داگر ...
وەر- : وەرگر ، وەرگێڕ ...
تێ - : تێگر ، تێبڕ
... هتد .

١- پاشگری (-ەر) .

چاوگ	ڕەگ	پێشگر	ناوی کارا
خوێندن	خوێن		خوێنەر
نووسین	نووس		نووسەر
ئاخاوتن	ئاخێو		ئاخێوەر
چاندن	چێن		چێنەر
ناردن	نێر	ـەر	نێرەر
...			
تێکۆشان	تێ - کۆش		تێکۆشەر
داهێنان	دا - هێن		داهێنەر
دانان	دا- نێ		دانەر [169]

پاشگری (-ەر) تەنیا لەگەڵ ڕەگی کرداری تێپەڕدا دێت و ناچێتە سەر ڕەگی کرداری تێنەپەڕ . پاشگرێکی زۆر چالاکە و بە بەردەوامی لە گەشەکردندایە و بەتایبەتی لەم ساڵانەی دواییدا بۆ دانان و ڕۆنانی زاراوەی هەمەجۆر کەڵکی زۆری لێ وەرگیراوە .

پێویستە پەنجە بۆ ئەو ڕاستی‌یە ڕابکێشین ، وشەی (خوێنەر ، نووسەر ... تێکۆشەر ، دانەر ...) ، کە بە نموونە هێناومانن‌ەتەوە لە تێکستی کۆنی کوردیدا نابینرێن و نوێباون و تا ڕادەیێک لە ڕۆنانیاندا لە دەستوور لادراوە . لادانەکەش ئەوەیە ، کە لە وشەی کۆنی کوردیدا پاشگری (-ەر) لەگەڵ ڕەگی کرداردا نەهاتووە ، بەڵکو چووەتە سەر ناو و ئاوەڵناو و ئاوەڵکردار . بەوێنە :

(١٦٩) لەم حاڵەتەدا کە دوو بزوێن - واتە (ێ)ی کۆتایی ڕەگی کرداری (دان)و (ە)ی سەرەتای پێشگری (-ەر) - بەیەک گەیشتوون ، (ێ)ی کۆتایی ڕەگ تێ‌چووە و (ە)ی سەرەتای پاشگر ماوەتەوە .

کۆچەر	:	کۆچ	+	ەر
سەنگەر	:	سەنگ	+	ەر
لەنگەر	:	لەنگ	+	ەر
چەپەر	:	چەپ	+	ەر

دانانی پاشگری (–ەر) لەگەڵ ڕەگی کرداردا ، ئەگەرچی ناچێتە نێو قاڵبی دەستووری بنەڕەتیی زمانی کوردییەوە و ئەو چەشنە بەکارهێنانە نوێیەش بە گەشەپێدان و فراوان کردنی سنووری بەکارهێنانی و دەوڵەمەندکردنی زمان ... لە قەڵەم بدرێ ، یاخود بە پێچەوانەوە بە کارێکی نادروست و لادان بژمێررێ ، هیچ لەو ڕاستی‌یە ناگۆڕێ ، کە دەیان وشە لە نووسین و ئاخاوتندا بە جۆرێک بنجیان داکوتاوە ، بڕیاری دەزگا زانستی‌یەکانیش ناتوانێ کاریان تێ‌بکا .

بێ‌گومان ڕەگی کردار بە تەنیا ناوی کارای لێ پەیدانابێ . واتە : "خوێن ، نووس ، ئاخێو ، چێن ، نێر ... " ، کە ڕەگی "خوێندن ، نووسین ، ئاخاوتن ، چاندن ، ناردن ..."ن نابنە ناوی کارا [170] ، بەڵام پاشگری (–ەر) کردوونی بە ناوی‌کارا . کاتێ لەپێش ڕەگی کردارەوە (جگە لە کرداری "کردن ، بردن ، خستن ، دان ، نان) پێشگر ، وەك (بە + وێر – بوێر) ؛ (نە + مر – نەمر) ؛ (ڕا + گر – ڕاگر) ؛ (هەڵ + ڕێژ – هەڵڕێژ) ؛ (وەر + گێڕ – وەرگێڕ) ؛ (تێ + بڕ – تێبڕ) ، یاخود وشەیێك دێ ، وەك (خۆش + نووس – خۆش‌نووس) ؛ (پیاو + کوژ – پیاوکوژ) ؛ (پەیام + نێر – پەیامنێر) ؛ (دوور + بین – دووربین) ؛ (مەلا + بەزێن – مەلابەزێن) ؛ (خوێن + مژ – خوێن‌مژ) ؛ (سەر + تاش – سەرتاش) ؛ (ئاو + کێش – ئاوکێش) ؛ (کەللە + تەزین – کەللەتەزێن) ؛ (خەم + ڕەوێن –

---

[170] هەندێ لەو کردارانەی بە یاریدەی پاشگری (–اندن) تێپەڕکراون ، ڕەگیان ناوی کارا پێك دێنن ، وەك :

تێنەپەڕ	تێپەڕکراو	ڕەگ و ناوی کارا
بزووتن	بزواندن	بزوێن

خەمڕەوێن) ؛ (سەرنج + ڕاکێش - سەرنجڕاکێش) ؛ (سەر + سوڕ + هێن - سەرسوڕهێن) ... لەبەر ئەوەی لە خودی خۆیاندا ناوی کاران ، ناشێ پاشگری (-ەر)یان بخرێتە سەر[171]. بەداخەوە زوربەی زۆری نووسەرانی کورد و تەنانەت زمانەوانان[172] و کەڵەشاعیرانیش (-ەر)یان بە هەڵە ئیزافەکردووە و

---

[171] هەرچی کرداری (خواردن)ە ، کە ڕەگەکەی (خۆ)یە ، دەمێ وشەیێک لە پێشی‌یەوە دێ لە شێوەی (خۆر)دا دەردەکەوێ ، وەك : زۆرخۆر ، کەم خۆر ، سوێندخۆر ...) . ئێمە وای بۆ دەچین ، کە هۆی ئەمە کارتێ‌کردنی زمانی فارسیی بێ ، چونکە قاڵبی ئەو کردارە لە فارسیدا (خوردن)ە و ڕەگەکەشی (خور)ە ... وێرای ئەوە ، ئەوەش دێنینەوە یاد ، کە لە بەشە دیالیکتی سلێمانیدا هەندێ کردار لە ڕێژەی داخوازیدا دەنگی (ر) لە کۆتاییەوە پەیدا دەبێ ، وەك (بچۆ - بچۆرە ؛ برۆ - برۆرە ؛ بە - بەرە ؛ بێ - بێرە ...) .

مامۆستا ڕەفیق شوانی وای داناوە ، کە وشەی (خومر)و (نان خومر) لە دیالیکتی کرمانجیی ژووروودا ناوی کاران و یەکەمیان لە (خو)ی ڕەگ و پاشگری (-مر) پێکهاتووە و دووەمیشیان لە (نان) + (خو) + (مر) . بۆ ئیسپاتی ئەو ڕایەشی پەنجەی بۆ لاپەڕە (٢٦٥)ی ژمارە (١٠٩)ی کۆڤاری "ڕۆشنبیری نوێ" ڕاکێشاوە ، کە مامۆستا فازیل عومەر ئەو باسەی تێدا کردووە (بڕوانە : ڕەفیق محەممەد شوانی ، ئەو وشانەی لە چاوگەوە وەردەگیرێن ، نامەی ماجیستێر ، زانکۆی سەلاحەددین ، ١٩٨٨ ، ل ٩٢).

ڕاستی‌یەکەی (-مر)ی وشەکانی (خومر) و (نان خومر) پاشگر نی‌یە و بۆ بەڵگەی ئەوەش لێرەدا تەنیا هێندە دەڵێم ، کە ڕەگی ئەو کردارە لە زمانی ئێرانیی کۆن و ئاوێستادا (خڤەر)ە و کۆڕینەوەی (ڤ) بە (و) یاسایێکی ئاشکرای زمانە ئێرانی‌یەکانە . کرداری (خواردن)یش لە دیالیکتی کرمانجیی ژووروودا لە قاڵبی (خومرن)دا دەردەکەوێ : "خومرن گەند و گویە ، شوشتن ڕەنگ و بوویە" (کوردۆ ، ل ٢٣٢) و (خومر)یش بنەماکەیەتی .

[172] یەکێک لەو زمانەوانانە خۆمم ، کە تاچەند ساڵێکیش لەمەوبەر لەگەڵێ نووسیندا ئەو هەڵەیەم کردووە . هەڵەیێکی دی ئەو تەرزە ، ئەوەیە لە لاپەڕە (٣١)ی کتێبی "وشەڕۆنان لە زمانی کوردیدا" (١٩٧٧)دا زاراوەی (وشە داڕێژەر)م بەکارهێناوە ، کە ڕاستەکەی (وشەداڕێژ)ە . باش بوو زوو هەستم بەو نادروستی‌یە کرد و ئەو چەوت و چەوتێی‌یەشم وەلاوە نا... ناهەوێ لێرەدا هێمە بۆ دەیان نووسینی ئەم یەك دوو ساڵەی دوایی نووسەرانی ناسراو بکەم ، کە لەو جۆرە هەڵانە تووشیار نەبوون و تەنیا هیوام وایە ، ئەوانیش ئەو ڕاستی‌یە لەبەرچاو بگرن .

(هەڵڕێژەر)و (سەرنج ڕاکێشەر)و (سەرسوڕمێنەر)... یان لە بریتی (هەڵڕێژ)و (سەرنجڕاکێش)و (سەرسوڕهێن) ... بەکارهێناوە و بەکاردەهێنین ... جا بەپێی ئەو ساز و ئاوازە نادروستە بێ ، دەبێ ئەو وشە جوان و ڕەسەنانەی سەرەوە بکرێن بە (خۆشنووسەر ، پیاوکوژەر ، پەیامنێرەر ، دووربینەر ، مەلابەزێنەر ، خوێنمژەر ، سەرتاشەر ، ئاوکێشەر ، کەللەتەزێنەر ، خەمڕەوێنەر ...)و بەمە بخرێنە نێو دەریای سەرگەردانی‌یەوە و وایان لێبێ بۆ کەس قووت نەچن .

ئەگەر هەڵەی (هەڵڕێژەر)و (سەرنجڕاکێشەر) تەنیا لە زیادکردنی پاشگری (-ەر)ەوە بێ ، ئەوە هەڵەی (سەرسوڕمێنەر) ، وێڕای زیادیی پاشگری (-ەر) ، هەڵەیێکی دیشی تێدایە ، ئەویش لە دانانی (مێن)دایە ، کە ڕەگی (مان)ە . وەك پێشتر باسمانکرد پاشگری (-ەر) دەچێتە سەر ڕەگی کرداری تێپەڕ ، بەڵام (مان) تێنەپەڕە . جا ڕاست وایە ، کرداری (هێنان) کە تێپەڕە بکرێتە کەرەستەی ئەو ڕۆنانە و ئەو ئەرکە (هێن)ی ڕەگی ببینێ و بوترێ : (سەرسوڕهێن) .

وەك پەنجەمان بۆ ڕاکێشا ، وشەی (دانەر ... تێکۆشەر ...) ، ئەگەر ڕۆنانیان دروستیش نەبێ ، دەرهاویشتنیان لە زمانی کوردی کارێکی ناهەموارە ... بە پێچەوانەشەوە وشەی وەك (سەرنجڕاکێشەر... سەرسوڕمێنەر ...) لەبەر ئەوەی تەواو نامۆن ، لەگەڵ ئەو هەموو بەکارهێنانە زۆرەشدا هەر بێشوێن و بێ لانەن و بە زۆرەملێش جێیان نابێتەوە .

پێویستە ئەوە لەبیرنەکەین ، پێنج کرداری (کردن ، بردن ، خستن ، دان ، نان) ، کە (کە ، بە ، خە ، دە ، نێ) دەبنە ڕەگیان ، ئەگەر وشەی واتادار لە پێشیانەوە بێ ، دەشێ پاشگری (-ەر) وەربگرن . وەك :

تەماشا + کە + ەر - تەماشاکەر

ڕاو + کە + ەر - ڕاوکەر[١٧٣]

...

ڕێ + بە + ەر - ڕێبەر

پەیام + بە + ەر - پەیامبەر

...

پێش + خە + ەر - پێش خەر

سەر + خە + ەر - سەرخەر

...

هەواڵ + دە + ەر - هەواڵدەر

ڕەنج + دە + ەر - ڕەنجدەر

...

چێشت + لێ + نێ + ەر - چێشتلێنەر

پاڵ + نێ + ەر - پاڵنەر

...

---

(١٧٣) ئەگەرچی تێکڕای نووسەرانی ڕێزمانی کوردی و نووسەری ئەم کتێبەش (کەر)یان بە پاشگر لە قەڵەم داوە بەڵام مامۆستا ڕەفیق محەممەد شوانی ڕاست بۆ ئەوە چووە ، کە دەڵێ (کەر) لە (کە)ی ڕەگی چاوگی (کردن)و پاشگری (-ەر) پێکهاتووە (بڕوانە : نامەی ماجیستێر ، ل٧٣).

بێگومان تیشکی ڕووناکیی ئەو بۆچوونەی مامۆستا ڕەفیق ، ئەوەشمان نیشان دەدا ، کە (بەر)و (دەر) و (خەر)و (نەر)یش لە ڕەگی (بردن) و (دان)و (خستن) و (نان)و پاشگری (-ەر)ەوە پەیدابووین .

چوار ڕەگی (کە ، بە ، خە ، دە) ، کە کۆتاییان بە بزوێنی (ە) هاتووە ، کاتێ پاشگری (ـەر) وەردەگرن ، وەك یاسایێکی گشتیی فۆنەتیکی کوردی لەو دوو (ە)یە - واتە (ە)ی کۆتایی ڕەگەکان و (ە)ی سەرەتای پاشگرەکە - یەکێکیان تێدەچێ . هەرچی (نێ)شە ، کە پاشگری (ـەر)ی پێوە دەلکێ (ێ)ی کۆتایی ڕەگەکە نامێنێ و (ە)ی سەرەتای پاشگرەکە دەمێنێتەوە .

پێویستە پەنجە بۆ ئەوەش ڕابکێشین ، کە جگە لە ڕەگی (نان) ، ڕەگی تێکڕای چوار کردارەکەی دی - واتە (کردن ، بردن ، خستن ، دان) - دەتوانرێ بە یاریدەی پێشگری (بـ)و پاشگری (ـەر) بکرێن بە ناوی کارا . بەوێنە :

چاوگ	پێشگر	ڕەگ	پاشگر	ناوی کارا
کردن		کە		بکەر
بردن	بـ	بە	ـەر	ببەر
خستن		خە		بخەر
دان		دە		بدەر

٢-پاشگری (ـا)

چاوگ	ڕەگ	پاشگر	ناوی کارا
توانین	توان		توانا
زانین	زان	ـا	زانا
بینین	بین		بینا

پاشگری (ـا)یش وەك پاشگری (ـەر) تەنیا لەگەڵ ڕەگی کرداری تێپەڕدا دێت و ناچێتە سەر ڕەگی کرداری تێنەپەڕ ، بەڵام لە ڕووی چالاکییەوە ، وەك (ـەر) نییە و کەم بەکاردێ .

وێنەی پاشگری (-ا)ی کوردی لە زمانی فارسیی ناوەڕاستدا لە شێوەی (-اك)دا دەبینرێ . بەوێنە : " داناك" ، کە لە "دانا"ی ڕەگی کرداری "دانستەن"و پاشگری (-اك) سازبووە ؛ یاخود وشەی "ڕەڤاك" ، کە لە "ڕەڤ"ی ڕەگی کرداری "ڕەفتەن" و پاشگری (-اك) پێکهاتووە [١٧٤]. لە زمانی فارسیی نوێدا بە هەمان شێوەی کوردی دەبینرێ . بەوێنە "دانا" (دانا) ؛ "شنوا" (گوێگر) ؛ "کوشا" (تێکۆشەر)... [١٧٥]

٣- پاشگری (-یار)

چاوگ	ڕەگ	پاشگر	ناوی کارا
کڕین	کڕ		کڕیار
فرۆشتن	فرۆش	-یار	فرۆشیار
زانین	زان		زانیار

... هتد [١٧٦]

٤- پاشگری (-گار)

چاوگ	ڕەگ	پاشگر	ناوی کارا
پاراستن	پارێز	-گار	پارێزگار [١٧٧]، [١٧٨]

[١٧٤] ف. س. ڕاستۆرگویڤا ، زمانی فارسیی ناوەڕاست ، مۆسکۆ ، ١٩٦٦ ، ل ٣٠ .

[١٧٥] ذو النور ، دستور پارسی در صرف و نحو و املای فارسی ، تهران ، ١٣٤٣ ، ل ١٥٢ .

[١٧٦] بۆ وەرگرتنی زانیاریی دی لەبارەی پاشگری (-یار)ەوە ، بڕوانە : پەراوێزی (٥٧)ی لاپەڕە (١٢٩)ی بەشی یەکەمی بەرگی یەکەمی ئەم بەرهەمە - (ناو) .

[١٧٧] ئەم پاشگرە دەچێتە سەر قەدیش ، بڕوانە لاپەڕە (١١٦)ی ئەم نووسینە .

[١٧٨] لە زمانی فارسیی نوێشدا بە هەمان شێوە و قالب دەبینرێ . بڕوانە ، سەرچاوەی ناوبراو (ذو النور ، ل ٥٢) .

ب) لەگەڵ ڕەگی کرداری تێنەپەڕ :

١- پاشگری (-ۆك)

چاوگ	ڕەگ		پاشگر	ناوی کارا
گەڕان	گەڕ			گەڕۆك
خشان	خش		-ۆك	خشۆك
لەرزین	لەرز			لەرزۆك[١٧٩]

بۆ بەکارهێنانی ئەم پاشگرە ، هەندێ جار ئەوەش بەدی دەکرێ ، کە ڕەگی کردار دووپات دەکرێتەوە . وەك :

خش‌خشۆك

پس‌پسۆك

٢- پاشگری (نۆك) :

چاوگ	ڕەگ		پاشگر	ناوی کارا
ترسان	ترس		-نۆك	ترسنۆك
گریان	گری			گرینۆك

ئەم پاشگرە بە هەمان واتا و مەبەستی پاشگری (-ۆك) دێت[١٨٠] و بە هەمان چەشن هەر لەگەڵ ڕەگی کرداری تێنەپەڕدا دێت .

---

[١٧٩] بۆ وەرگرتنی زانیاریی پتر سەبارەت پاشگری (-ۆك) ، بڕوانە : پەراوێزی (٥٨)ی لاپەرە (١٢٩)ی بەشی یەکەمی بەرگی یەکەمی ئەم کتێبە - (ناو) .

[١٨٠] ڕەفیق محەمەد شوانی ، نامەی ماجیستێر ، ل ١٠٩ .

٢- پاشگری (-ەك)

چاوگ	ڕەگ	پاشگر	ناوی کارا
نووسان	نووس		نووسەك
ڕوان	ڕوێ	-ەك	ڕووەك [١٨١]
خزین	خز		خزەك

ج) لەگەڵ کرداری تێپەڕ و تێنەپەڕ :

١- پاشگری (-ندە) .

	چاوگ	ڕەگ	پاشگر	ناوی کارا
تێپەڕ	گەزین ، گەستن	گەز		گەزندە
	بەخشین	بەخش		بەخشندە
	کوشتن	کوژ	- ندە	کوشندە [١٨٢]
	...			
تێنەپەڕ	فڕین	فڕ		فڕندە
	... [١٨٣]			

[١٨١] (ێ)ی کۆتایی ڕەگ تێدەچێ و بۆ پێکەوە بەستنی (و)ی کۆتایی (ڕو)و (ە)ی سەرەتای (-ەك) ، (و - W)ی نەبزوێن هاتووەتە بەینەوە .

[١٨٢] ئەگەر لە زمانی کوردیدا یاسای گۆڕین (Dissimilation) بە تەواوی لە کاردا بوایە ، ئەو دەم دەوترا (کوژندە) .

[١٨٣] لە زمانی فارسیی نوێشدا بە هەمان شێوەی کوردی دەبینرێ ، وەك : "خورندە ، برندە ، زنندە ..." (بڕوانە : ذو النور ، ل ١٥٥) .

٢-پاشگری (-دە / -یدە) .

چاوگ	ڕەگ	پاشگر	ناوی کارا
دیتن	دی		دیدە
...		-دە / -یدە	
گەڕان	گەڕ		گەڕیدە

... هتد [١٨٤]

سێ - وشەی واتادار :

١-ناو :

دەست	+	بڕ	=	دەستبڕ
خوێن	+	مژ	=	خوێنمژ
ئاشتی	+	خواز	=	ئاشتیخواز

٢-ئاوەڵناو :

ڕەش	+	پۆش	=	ڕەشپۆش
دوور	+	بین	=	دووربین

٣-ئاوەڵکردار :

پێش	+	گر	=	پێشگر
پاش	+	گر	=	پاشگر
بەر	+	گر	=	بەرگر

[١٨٤] بۆ زانیاریی پتر لە بارەی پاشگری (-دە / -یدە)ەوە ، بڕوانە : پەراوێزی (٦٣)ی لاپەڕە (١٣٢)ی بەشی یەکەمی بەرگی یەکەمی ئەم بەرهەمە - (ناو) .

تێبینی :

١-لە زمانی کوردیدا ڕەگی کردار بە ڕووتی - واتە بێ هیچ زیادەیێک (جا زیادەیەکە پێشگر یا پاشگر یا وشەی واتادار بێ) - ناوی کارای لێ پەیدا نابێ .

٢-پێشگری (بە - ، نە-)و زوربەی ئەو پێشگرانەی یاریدەی ڕۆنانی کرداری داڕێژراو دەدەن (ڕا ، هەڵ ، دا ، وەر ... پێ ، تێ ...)و پاشگری (-ەر ، -ا ، -یار ، -گار ، -ۆك ، -نۆك ، -ەك ، -ندە ، - دە / -یدە) لەگەڵ ڕەگدا ناوی کارا ڕۆدەنێن :

ا) پێشگری (بـ -)و سەرجەمی ئەو پێشگرانەی یاریدەی ڕۆنانی کرداری داڕێژراو دەدەن و پاشگری (-ەر ، -ا ، یار ، -گار) لەگەڵ ڕەگی کرداری تێپەڕدا دێن و لەگەڵ تێنەپەڕدا ڕێك ناکەون .

ب) پاشگری (-ۆك ، -نۆك ، -ەك) دەچنە سەر ڕەگی کرداری تێنەپەڕ و بە دوا تێپەڕدا نایەن .

جـ) پێشگری (نە -)و پاشگری (-دە / -یدە) لەگەڵ ڕەگی کرداری تێپەڕیش و تێنەپەڕیشدا دێن .

٣-وشەی واتادار و ڕەگ پێکەوە ناوی کارا سازدەکەن . وشە واتادارەکەش دەشێ (ناو) ، یان (ئاوەڵناو) ، یان (ئاوەڵکردار) بێ .

٤-ڕەگی کرداری تێپەڕ پتر لە تێنەپەڕ دەتوانێ ببێتە کەرەستەی ڕۆنانی ناوی کارا .

٥-ڕەگی کردار لە بەشداربوونی پێکهێنانی ناوی کارادا زۆر لە قەدی کردار چالاکترە .

٦-ڕەگ لە هاریکاریکردنی ڕۆنانی (ناوی کارا)دا گەلێ چالاکترە وەك لە یاریدەدانی سازکردنی (ناوی بەرکار)و (ناوی چاوگ)و (ناوی جێگا)و (ناوی ئامێر)دا .

ناوی بەرکار

بۆ پێکهێنانی ناوی بەرکار لە ڕەگەوە یان پاشگر ، یان وشەی واتادار ، یان وشەی واتادار و پێشگر پێکەوە هاریکاری دەکەن :

یەك - پاشگر

١- پاشگری (-وو) .

لە خاڵی دووەمی ئەو ناوی بەرکارانەی بە هۆی (قەد) + (پاشگری "-وو") پێك دێن ، ئەوەمان یادداشت کرد ، کە پاشگری (-وو) بە دوا قەدی زۆربەی کرداری کارا بزردا دێت . وەك :

کێڵران	کێڵرا	کێڵراو
نووسران	نووسرا	نووسراو

... هتد [١٨٥]

لەبەر ئەوەی بوونی ڕەگی کرداری ڕانەبوردوو بە بناغەی سازکردنی کرداری کارا بزر دەستوورێکی زمانی کوردییە ، بۆیە دەشێ وشەکانی (کێڵراو ، نووسراو ...) ڕێگەی پێکهێنانیان بە هۆی ڕەگیشەوە لێکبدرێتەوە .

(١٨٥) بڕوانە لاپەڕە (١١٨-١٢١)ی ئەم نووسینە .

وەك دەزانین گشت کردارێکی تێپەڕ ، کە پاشگری (ـر)ی وەرگرت ، دەبێتە کارا بزر . پاشگری (ـر)ی کارا بزریش بە کۆتایی ڕەگی کرداری ڕانەبوردووەوە دەلکێ . ئەگەر پێویست ڕێژەی ڕابوردوو بێ نیشانەی (ا) بەدوا پاشگری (ـر)دا دەهێنرێ . وەك :

چاوگ	ڕەگی ڕانەبوردوو	پاشگر	نیشانە	ناوی بەرکار
هێنان	هێن			هێنرا
چنین	چن	ـر	ا	چنرا
خوێندن	خوێن			خوێنرا
...				

کەواتە دەتوانین بڵێین ، کە ناوی بەرکاری (هێنراو ، چنراو ، خوێنراو ...) لە :

(ڕەگی کردار + ر + ا + و) پێکهاتووە – واتە پاشگری (ـوو) هاریکاری لەو ڕۆنانەدا کردووە .

دوو – وشەی واتادار

وشە واتادارەکانی ئەم حاڵەتە ناوەڵکردارن و ڕەگەکانیش دەشێ هی کرداری تێنەپەڕیش و تێپەڕیش بن :

	وشەی واتادار		ڕەگ		ناوی بەرکار
تێنەپەڕ	بەر	+	کوڵ	-	بەرکوڵ
	بن	+	کڕ	-	بنکڕ
	...				

تێپەڕ	بەر	+	کوت	-	بەرکوت
	بەر	+	پرس	-	بەرپرس

سێ - وشەی واتادار و پاشگری (-ە)

سەرنێشە

مەلاخۆرە

کوردکوژە

دۆشاومژە

... هتد.

تێبینی :

١-ناوی بەرکاریش وەک ناوی کارا لە ڕەگی ڕووت پەیدا نابێ.

٢-تەنیا دوو پاشگری (-وو)و (-ە) دەتوانن یاریدەی ڕۆنانی ناوی بەرکار بەن. (-وو) لەگەڵ کرداری کارا بزردا دێت و (-ە)ش بەدوا ڕەگێکدا دێت ، کە لە پێشی یەوە وشەیێکی واتادار هەبێ.

٣-وشەی واتادار و ڕەگ پێکەوە ناوی بەرکار سازدەکەن و وشە واتادارەکەش تەنیا دەشێ ئاوەڵکردار بێ. بەڵام لە ناوی کارادا (ناو)یش و (ئاوەڵناو)یش دەتوانن ئەو ئەرکە بەجێبێنن.

٤-ڕەگی کرداری تێپەڕ پتر لە تێنەپەڕ لەبارە ببێتە بنەمای ڕۆنانی ناوی بەرکار.

ناوی چاوگ

ئەو ناوی چاوگانەی ڕەگ دەبێتە بنەمایان لە دوو ڕێگەوە دروست دەبن :

یەك - ڕەگ بێ هیچ زیادیییەك :

ئەمەش لە هەردوو کرداری تێنەپەڕ و تێپەڕ پەیدا دەبێ :

	چاوگ	ڕەگ	ناوی چاوگ
تێنەپەڕ	لەرزان / لەرزین	لەرز	لەرز
	ئێشان	ئێش	ئێش
	لەوەڕان / لەوەڕین	لەوەڕ	لەوەڕ
	ترسان	ترس	ترس
	خەوتن	خەو	خەو
	...		
تێپەڕ	پێچان	پێچ	پێچ
	پرسین	پرس	پرس
	پاراستن	پارێز	پارێز
	چێژتن	چێژ	چێژ
	...		

دوو - پاشگر .

١- پاشگری (ـە)

ئەم پاشگرە بۆ ڕۆنانی ناوی چاوگ بە شێوەییکی چالاك بە دوا ڕەگی کرداری تێنەپەڕ و تێپەڕدا دێت :

	چاوگ	رەگ	پاشگر	ناوی چاوگ
	لەرزان / لەرزین	لەرز		لەرزە
	کۆکین	کۆک		کۆکە
تێنەپەڕ	نالین	نال	ـە	نالە
	لەقین	لەق		لەقە
	فڕین	فڕ		فڕە
	لەنگین	لەنگ		لەنگە
	...			
	بێژان	بێژ		بێژە
تێپەڕ	کێشان	کێش	ـە	کێشە
	پرسین	پرس		پرسە
	...			

تێبینی :

پاشگری (ـە) کاتێ دەچێتە سەر قەد دوو ئەرک بەجێ دێنێ :

١-ئەگەر کردارەکە تێنەپەڕ بێ ناوی کارا پێک دێنێ :

بوون	بوو	ە	بووە
پەککەوتن	پەک - کەوت	ە	پەککەوتە
...			

٢-ئەگەر کردارەکە تێپەڕ بێ ناوی بەرکار و ناوی چاوگ ڕۆدەنێ . وەک :

کوشتن	کوشت	ە	کوشتە
گرتن	گرت	ە	گرتە
...			

پستن	پست	ە	پستە
پشتن	پشت	ە	پشتە
...			

٢-پاشگری (-ست) .

چاوگ	ڕەگ	پاشگر	ناوی چاوگ
توانین	توان		توانست
زانین	زان	-ست	زانست
... هتد .			

٢-پاشگری (-ش / -شت)

چاوگ	ڕەگ	پاشگر	ناوی چاوگ
وەرزین	وەرز		وەرزش / وەرزشت
کۆشین	کۆش		کۆشش / کۆششت
ڕەوین [١٨٦]	ڕەو	- ش / -شت	ڕەوش / ڕەوشت
بڕین	بڕ		بڕشت
خواردن	خۆ		خۆرش / خۆرشت [١٨٧]
... هتد .			

---

[١٨٦] لیژنەی زمان و زانستەکانی کۆڕی زانیاری کورد وای داناوە ، کە وشەی (ڕەوشت) لە ڕەگی کرداری (ڕۆین)ەوە وەرگیراوە (ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی ... ل ٣٦٠) . بەڵام ئەگەر تەماشای "فەرهەنگی خاڵ" ، جزمی دووەم ، لاپەڕە (٢٠٢)و "فەرهەنگی هەنبانەبۆرینە"ی مامۆستا هەژار (ل ٣٦٣) بکەین ، تێدەگەین ، کە لە ڕەگی کرداری (ڕەوین)ەوە ڕۆنراوە .

[١٨٧] لە پەراوێزی (١٧١)ی ئەم نووسینەدا هۆی بەکارهێنانی (خۆر)مان لە بریتی (خۆ) ڕوون کردووەتەوە .

تێبینی :

پاشگری (–ست)و (–ش / –شت) کەم بەکاردێنرێن . (–ست) تەنیا بە دوا ڕەگی کرداری تێپەڕدا دێت ، بەڵام (–ش / – شت) بەدوا تێپەڕیش و تێنەپەڕیشدا دێ .

٤–پاشگری (–اک)

ناوی چاوگ	پاشگر	ڕەگ	چاوگ
پۆشاک	– اک	پۆش	پۆشین
خۆراک		خۆ	خواردن

ئەم پاشگرە تەنیا بە دوا ڕەگی کرداری تێپەڕدا دێ .

تێبینی :

١–لە نێو (ناوی کارا) و (ناوی بەرکار)و (ناوی چاوگ)و (ناوی جێگا)و (ناوی ئامێر)دا تەنیا (ناوی چاوگ) بە ڕەگی ڕووت پێک دێ .

٢–لە نێو ئەو پاشگرانە (–ە ، ست ، –ش / –شت ، – اک)ی دەچنە سەر ڕەگ و ناوی چاوگ سازدەکەن ، پاشگری (–ە) لە هەموویان چالاکترە .

٣–پاشگری (–ست)و (–اک) تەنیا بەدوا ڕەگی کرداری تێپەڕدا دێن ، بەڵام پاشگری (–ە)و (–ش / –شت) دەکەونە دوا ڕەگی تێپەڕیش و تێنەپەڕیشەوە .

٤–بۆ سازکردنی (ناوی چاوگ)یش بە هەمان چەشنی (ناوی کارا)و (ناوی بەرکار) ڕەگی کرداری تێپەڕ پتر لە تێنەپەڕ لەبارتر و چالاکترە .

ناوی جێگا

بۆ پۆنانی ناوی جێگا لە ڕەگەوە تەنیا پاشگر بەشداری دەکا :

١- پاشگری (-گە / -گا)

	چاوگ	ڕەگ	پاشگر	ناوی جێگا
	لەوەڕین	لەوەڕ		لەوەڕگە / لەوەڕگا
تێنەپەڕ	ڕوانین	ڕوان		ڕوانگە
	فڕین	فڕ		فڕگە
	...		-گە / -گا	
	کێڵان	کێڵ		کێڵگە
تێپەڕ	پەرستن	پەرست		پەرستگە / پەرستگا
	فرۆشتن	فرۆشت		فرۆشگە / فرۆشگا
	...			

٢- پاشگری (-ەن)

	چاوگ	ڕەگ	پاشگر	ناوی جێگا
تێنەپەڕ	سووتان	سووتێ [١٨٨]		سووتەن
	...		-ەن	
تێپەڕ	ڕشتن	ڕێژ		ڕێژەن
	...			

[١٨٨] ئەو پاشگرانەی بە بزوێنی (ە) دەست پێدەکەن ، وەک (-ەر) ، (-ە) ، (-ەن) ... گەلێ جار کە دەچنە سەر ڕەگی ئەو کردارانەی بە بزوێن کۆتاییان دێ ، بە سەر بزوێنی ڕەگەکەدا سەردەکەون - واتە دەنگی بزوێنی کۆتایی ڕەگە تێدەچێ و (ە)ی سەرەتای پاشگرەکە دەمێنێتەوە . وەک :

دانان : دا - نێ + ەر = دانەر

پاڵنان : پاڵ - نێ + ەر = پاڵنەر

سووتان : سووتێ + ەن = سووتەن

...

هەروەها بڕوانە پەراوێزی ژمارە (٧٤) و (٨٦)ی ئەم باسە .

تێبینی :

ڕەگی هەردوو کرداری تێپەڕ و تێنەپەڕ وەک یەک هاریکاریی پێکهێنانی ناوی جێگا دەکەن و پاشگری (-گە / -گا)ی ـ-ەن)یش دەچنە سەر هەردوو جۆرە ڕەگەکە .

ناوی ئامێر

ناوی ئامێریش وەک ناوی کارا بە یاریدەی پێشگر یان پاشگر یان وشەی واتادار پێک دێ :

یەک - پێشگر .

	چاوگ	ڕەگ	پاشگر	ناوی ئامێر
تێنەپەڕ	خەفتن	خەف		پێخەف
	...			
			پێ -	
تێپەڕ	خواردن	خۆ		پێخۆر
	نووسین	نووس		پێنووس
	...			

دوو - پاشگر .

ا)لەگەڵ ڕەگی کرداری تێپەڕ .

١- پاشگری (-ەک) .

چاوگ	ڕەگ	پاشگر	ناوی ئامێر
کوتان	کوت	-ەک	کوتەک
بڕین	بڕ		بڕەک

٢- پاشگری (- ك Ki)

چاوگ	ڕەگ	پاشگر	ناوی نامێز
کوتان	کوت	-ك -ik	کوتك
پێچان	پێچ		پێچك

٢- پاشگری (-کە)

چاوگ	ڕەگ	پاشگر	ناوی نامێز
پێچان	پێچ	-کە	پێچکە

٤- پاشگری (-نگ)

چاوگ	ڕەگ	پاشگر	ناوی نامێز
بێژان	بێژ	-نگ	بێژنگ

ب) لەگەڵ ڕەگی کرداری تێنەپەڕ .

١-پاشگری (-ۆك / -ۆکە)

چاوگ	ڕەگ	پاشگر	ناوی نامێز
فڕین	فڕ	-ۆك / -ۆکە	فڕۆك ، فڕۆکە

ج) لەگەڵ کرداری تێپەڕ و تێنەپەڕ .

١-پاشگری (-ە) .

	چاوگ	ڕەگ	پاشگر	ناوی نامێز
تێپەڕ	ماڵین	ماڵ	-ە	ماڵە
	...			
تێنەپەڕ	گیران	گیر		گیرە
	...			

سێ- وشەی واتادار :

١-ناو + ڕەگ

بەفر	+	ماڵ (ماڵین)	-	بەفرماڵ
دەست	+	کێش (کێشان)	-	دەستکێش
قەڵەم	+	بڕ (بڕین)	-	قەڵەمبڕ
پلاو	+	پاڵێو (پالاوتن)	-	پلاوپاڵێو
چا	+	پاڵێو (پالاوتن)	-	چاپاڵێو
شەکر	+	شکێن (شکاندن)	-	شەکرشکێن
دەست	+	هاڕ (هاڕین)	-	دەستاڕ[189]
دەست	+	شۆر (شۆردن)	-	دەستشۆر
مل	+	پێچ (پێچان)	-	ملپێچ

... هتد .

٢-ناو + ڕەگ + زیادی (ناوبەند ، پێشگر ...)

دەست	+	ە	+	سڕ (سڕین)			-	دەستەسڕ
پاژنە	+	هەڵ	+	کێش (کێشان)			-	پاژنەهەڵکێش

... هتد .

٣-ئاوەڵکردار + ڕەگ

بەر	+	ماڵ (ماڵین)	-	بەرماڵ
بەر	+	بەست (بەستن)	-	بەربەست
دوور	+	بین (بینین)	-	دووربین

...

(189) دەنگی (ه) تێچووە ، واتە بەر یاسای سوان و کورت کردنەوە کەوتووە .

٤-ناوەڵکردار + ڕەگ + ە

لا	+	گیر (گیران)	+	ە	-	لاگیرە
بەر	+	چن (چنین)	+	ە	-	بەرچنە

...[١٩٠]

تێبینی :

١-ناوی ئامێریش وەك (ناوی کارا)و (ناوی بەرکار)و (ناوی جێگا) لە ڕەگی ڕووت پەیدا نابێ .

٢-ناوی ئامێر وەك (ناوی کارا) لە ڕەگ و پێشگر یان پاشگر یان وشەی واتادار پێك دێ .

٣-پێشگری (پێ-)و پاشگری (-ەك ، -ك ik- ، -کە ، -نگ ، -ۆك / -ۆکە ، -ە) لەگەڵ ڕەگدا ناوی ئامێر ڕۆدەنێن :

ا)پاشگری (-ەك ، -ك ik - ، -کە ، -نگ) دەچنە سەر ڕەگی کرداری تێپەڕ و بەدوا تێنەپەڕدا نایەن .

ب)پاشگری (-ۆك / - ۆکە) لەگەڵ ڕەگی تێنەپەڕدا دێت و ناچێتە سەر ڕەگی تێپەڕ .

ج)پێشگری (پێ-)و پاشگری (-ە) لەگەڵ ڕەگی کرداری تێپەڕیش و تێنەپەڕیشدا دێن .

---

[١٩٠] بۆ باسی ڕۆنانی (ناوی کار) و (ناوی بەرکارا) و (ناوی چاوگ) و (ناوی جێگا) و (ناوی ئامێر) کەڵکێکی زۆرم لەم دوو سەرچاوەیە وەرگرتووە :

أ) ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی بەپێی لێکۆڵینەوەی لیژنەی زمان و زانستەکانی ، بەغدا ، ١٩٧٦ .

ب) ڕەفیق محەمەد شوانی ، ئەو وشانەی لە چاوگەوە وەردەگیرێن ، نامەی ماجیستێر ، زانکۆی سەلاحەددین ، ١٩٨٨ .

٤-وشەی واتادار و ڕەگ پێکەوە ناوی ئامێر پێکدێنن . وشە واتادارەکەش دەشێ (ناو) ، یان (ناوەڵکردار) بێ . هەندێ جاریش زیادی وەك ناوبەند یان پێشگر بەشداری ئەو ڕۆنانە دەکەن .

٥-ڕەگی کرداری تێپەڕ لە بەشداریکردنی پێکهێنانی ناوی ئامێردا زۆر چالاکە ، بەڵام ڕەگی کرداری تێنەپەڕ دەگمەن هاریکاری دەکا .

ئەنجام :

١- لە زمانی کوردیدا ، هەروەك زمانە ئێرانییەکانی دی ، کردار خاوەنی دوو بنەمایە : بنەمای کاتی ڕابوردوو - (قەد)و بنەمای کاتی ڕانەبوردوو - (ڕەگ).

٢- تێکڕای چاوگەکانی زمانی کوردی ، ئەگەر (ن)ی چاوگیان لێ لاببرێ ، قەدیان لێ پەیدادەبێ .

٣- قەدی کردار لە زمانی کوردیدا بنەمای گشت جۆرە ڕابوردوویێکی (نزیك ، بەردەوام ، تەواو ، دوور)ی ڕێژەی ئیخباری و ئینشائییە و هەروەها کەرەستەی پێکهێنی ناوی کارا و ناوی بەرکار و ناوی چاوگ و ناوی جێگایە .

٤- ئەو وشانەی بنەمای کردار هاریکاری ڕۆنانیان دەکا : (ناوی کارا) ؛ (ناوی بەرکار) ؛ (ناوی چاوگ) ؛ (ناوی جێگا) ؛ (ناوی ئامێر) دەوری قەد تێیاندا بەم چەشنەیە :

أ) قەد لە ڕۆنانی (ناوی کارا) و (ناوی بەرکار)و (ناوی چاوگ)و (ناوی جێگا)دا بەشداری دەکا و لە پێکهێنانی (ناوی ئامێر)دا هاریکاری ناکا .

ب) هاریکاریی قەد لە ڕۆنانی (ناوی کارا)و (ناوی بەرکار)دا چالاکە و لە سازکردنی (ناوی چاوگ) و (ناوی جێگا)دا سستە .

ج) قەدی کرداری تێنەپەڕ پتر لە تێپەڕ دەتوانێ ببێتە کەرەستەی ڕۆنانی (ناوی کارا)و (ناوی بەرکار)، بەڵام بۆ ڕۆنانی (ناوی چاوگ)و (ناوی جێگا) بەپێچەوانەوە قەدی کرداری تێپەڕ چالاکترە .

د) بۆ تەواو کردنی ڕۆنانی ئەو جۆرە ناوانە لە قەدەوە ، تەنیا پاشگر دەتوانێ ببێتە کەرەستە .

هـ) تەنیا پاشگری (ـوو) ؛ (ـە) ؛ (ـەوار) ؛ (ـگا) ؛ (ـار) ، (ـوە / ـەوە) ؛ (ـەمەنی) ؛ (ـگە / ـگا) ؛ (ـمان) دەتوانن بچنە سەر قەدی کردار . لە نێو ئەو پاشگرانەشدا ، پاشگری (ـوو) لە هەموویان چالاکترە و بەدوا ئەویشدا (ـە)و ئەنجا ئەوانی دی : (ـوە / ـەوە) ؛ (ـەمەنی) ؛ (ـار) ؛ (ـگە / ـگا) ؛ (ـەوار) ؛ (ـگار) ؛ (ـمان) .

٥-لە زمانی کوردیدا بۆ دۆزینەوەی ڕەگی کردار لە چاوگەوە ، بە هەمان شێوەی زمانە ئێرانی‌یەکانی دی ڕێگەیێکی بنەڕەتی و چەند ڕێگەیێکی بێڕۆك هەیە :

٦-سەرپاکی چاوگی تێنەپەڕی بە (وون)و (دن) کۆتایی هاتوو و تێپەڕە (ین)یەکان دەکەونە نێو حاڵەتە بنەڕەتی‌یەکەوە .

٧- زوربەی زۆری چاوگی تێنەپەڕی (ین)ی و تێپەڕی (ان)یش هەر بەر یاسا بنەڕەتی‌یەکە دەکەون . واتە لە چاوگی تێنەپەڕی (ین)یدا ، جگە لە دوو چاوگی (ژین)و (زاین) ، کە بێڕۆکن ، ئەوانی دی بەپێی ڕێگە بنەڕەتی‌یەکە ڕەگیان وەردەگیرێ . لە کۆمەڵە چاوگی (ان)یش دا ، تەنیا دوو چاوگی (دان)و (نان) ناچنە نێو دەستوورە بنەڕەتی‌یەکەوە .

٨-کەمێکی چاوگی تێنەپەڕی (تن)ی و (ان)ی و تێپەڕی (تن)ی و (دن)ی بەر یاسا بنەڕەتی‌یەکە دەکەون - واتە لە چاوگی (تن)یدا ، تەنیا تێنەپەڕی (کەوتن ، خەوتن ، بزووتن...)و تێپەڕی (ئاژووتن ، گرتن ...)...و لە تێنەپەڕی

(ان)یدا هەر (ترسان ، وەستان ، گریان)و لە تێپەڕی (دن)یدا (خوێندن ، ژەندن...) بە گوێرەی دەستوورە بنەڕەتی‌یەکە وەردەگیرێن .

٩-هیچ چاوگێکی تێپەڕی بە (وون) کۆتایی هاتوو ڕێگە بنەڕەتی‌یەکەی نەگرتووە - واتە گشتیان بیژۆکن - ڕەگیشیان بە لابردنی دوا دەنگ - واتە (ن)ی چاوگ پەیدا دەبێ .

١٠-بەشێکی زۆری چاوگی تێنەپەڕی (ان)ی و تێپەڕی (دن)ی و تێنەپەڕ و تێپەڕی (تن)ی لەسەر ڕێگە بنەڕەتی‌یەکە ناڕۆن - واتە لە چاوگی تێنەپەڕی (ان)یدا (گەڕان ، ڕژان ، خنکان ، سووتان ، ڕمان ، پسان... مان)و تێپەڕی (دن)یدا (سەندن ، بژاردن ، سپاردن ، بواردن ، ناردن ... بردن ، کردن ، خواردن)و لە (تن)یەکاندا تێنەپەڕی (هاتن ، نوستن ، گەیشتن...)و تێپەڕی (بەستن ، بیستن ، پەرستن ... پالأوتن ، ئەنگاوتن ، ئاخاوتن ... ڕستن ... کوشتن ، کرۆشتن ... گەستن ، خواستن ... ناشتن ، هاویشتن ، ڕشتن ، داشتن ... شوشتن ... ویستن ... خستن ...) ناچنە نێو یاسا بنەڕەتی‌یەکەوە و بە گوێرەی دەستووری جۆربەجۆر بەڕێوە دەچن :

أ)تێکڕای چاوگە تێنەپەڕە بە (ان) کۆتایی هاتووە بیژۆکەکان (جگە لە "مان" ، کە ڕەگەکەی "مێن"ە) ، دوا دەنگیان لێ‌دەکرێتەوە و (ا)ی کۆتاییان دەگۆڕدرێ بە (ێ) .

ب)چاوگە تێپەڕە (دن)یە بیژۆکەکان شێوەی ڕەگیان بە چوار ڕێگە پێک‌دێ :

یەکەم- تاکە چاوگی (سەندن) بە لابردنی دوا دەنگ .

دووەم- زوربەیان (بژاردن ، سپاردن ، بواردن ، ناردن...) دوو دەنگی کۆتایی چاوگەکانیان لادەبرێ و (ان)ی پێش کۆتاییان دەکرێ بە (ێ) .

سه‌رجه‌می ئه‌و چاوگه تێنه‌په‌ڕانه‌ش ، که به یاریده‌ی پاشگری (–اندن) کراون به تێپه‌ڕ : (گه‌ڕاندن ، ڕژاندن ، سووتاندن ...) به‌ر هه‌مان ده‌ستوور ده‌که‌ون .

سێیه‌م- دوو چاوگی (بردن ، کردن) سێ ده‌نگی کۆتاییان لاده‌برێ و (ا)ی کۆتاییان ده‌گرێ به (ه) .

چواره‌م- تاکه چاوگی (خواردن) چوار ده‌نگی کۆتایی لاده‌برێ و (و)ی کۆتایی ده‌کرێ به (ۆ) .

ج)چوار چاوگی (هاتن ، نوستن ، گه‌یشتن ، ڕویشتن)ی تێنه‌په‌ڕی (تن)ی بیژۆک به‌ر سێ یاسای جودا ده‌که‌ون .

یه‌که‌م- (هاتن) دوو ده‌نگی کۆتایی فڕێ ده‌درێ و (ا)ی کۆتایی ده‌گۆڕدرێ به (ێ) .

دووه‌م- (نوستن) سێ ده‌نگی کۆتایی هه‌ڵده‌گیرێ و (و)ی کۆتایی ده‌کرێ به (وو) .

سێیه‌م- دوو چاوگی (گه‌یشتن ، ڕۆیشتن) چوار ده‌نگی کۆتاییان لاده‌برێ .

د) چاوگه تێپه‌ڕه بیژۆکه به (تن) کۆتایی هاتووه‌کان به چه‌ند ده‌ستوورێکی جیاواز ڕه‌گیان وه‌رده‌گیرێ :

یه‌که‌م- لابردنی دوا ده‌نگ . وه‌ك :

(به‌ستن ، بیستن ، په‌رستن...)

دووه‌م- لادانی دوو ده‌نگی کۆتایی و گۆڕانکاری :

چاوگی (پالاوتن ، ئه‌نگاوتن ... ئاخاوتن ... ڕستن .... کوشتن ، کرۆشتن ... گه‌ستن ، خواستن ... هێشتن ... ناشتن ، هاویشتن ، ڕشتن ، داشتن ...) به‌ر ئه‌م یاسایانه ده‌که‌ون :

گۆڕانکاریی (پالاوتن ، ئەنگاوتن ، ئاخاوتن ...) ئەوەیە ، کە (ا)ی پێش کۆتاییان دەکرێ بە (ێ) . (ڕستن)یش (ا)ی پێش کۆتایی دەکرێ بە (ێ) . (کوشتن ، کرۆشتن ... گەستن ، خواستن) دوا دەنگی (ش ، س)یان دەگۆڕێ بە (ژ ، ز) . (هێشتن) دوا دەنگی (ش)ی دەبێ بە (ڵ) . (ناشتن ، هاویشتن ، ڕشتن ، داشتن) دەکەونە بەر گۆڕینی (ش)ی کۆتایی بە (ژ ، ز)و (س) بە (ز)و (ا ، ی ، ا)ی پێش کۆتایی بە (ێ) .

سێیەم- لادانی سێ دەنگی کۆتایی و گۆڕانکاری .

(و)ی (شوشتن) دەبێ بە (ۆ) ؛ (ی)ی (ویستن) بە (ێ) ؛ (ا)ی (خستن) بە (ە) .

١١-کەمێکی چاوگی تێنەپەڕی (ین)ی و تێپەڕی (ان)ی بەر دەستووری بنەڕەتییەکە ناکەون - واتە لە چاوگی تێنەپەڕی (ین)یدا (ژین)و (زاین) ؛ لە چاوگی تێپەڕی (ان)یدا (دان)و (نان) بیژۆکن و بە یاسای دی ڕەگیان پەیدا دەبێ :

ڕەگی چاوگی (ژین) پەیڕەوی دەستووری لابردنی دوا دەنگ دەکات .

ڕەگی چاوگی (زیان) دەستووری لابردنی دوو دەنگی کۆتایی و گۆڕینی (ا)ی کۆتایی بە (ێ)ی ڕەچاوکردووە .

ڕەگی چاوگی (دان) بەر یاسای لێکردنەوەی دوا دەنگ و گۆڕینی (ا)ی کۆتایی بە (ە) کەوتووە .

ڕەگی چاوگی (نان)یش وەك (دان) سەر بە یاسای لێکردنەوەی دوا دەنگە ، بەڵام هێندە هەیە ، کە (ا)ی کۆتایی (نا) بووە بە (ێ) ، نەك بە (ە) .

١٢-چەند چاوگێکی کەم هەیە ، وەك (گوتن / وتن ، دیتن ، مان ...) ، کە هەر یەکەیان ڕێگەیێکی سەربەخۆیان گرتووە :

ڕەگی (گوتن ، وتن) - (ڵێ)یە ، کە بەر هیچ دەستوورێك ناکەوێ .

ڕەگی (دیتن / دین) لە کاتی ڕانەبوردوودا بە ڕەگی چاوگی (بینین) دەردەبڕێ .

(مان) ، کە ڕەگەکەی (مێن)ە ، نە (ن)ی چاوگ و نە دەنگی دی لێ لانەبراوە و تەنیا (ا)یەکەی کراوە بە (ێ) .

١٣-گشت ئەو ڕەگانەی بەر ڕێگە بنەڕەتی‌یەکە دەکەون کۆتاییان بە دەنگی نەبزوێن دێت (جگە لە دوو سێ ڕەگی وەك : ئاژوو - ئاژووتن ؛ بزوو - بزووتن...) .

وەك : وەست - وەستان ، لەرز - لەرزین ، مر - مردن ، کەو - کەوتن ، هێن - هێنان ، کڕ - کڕین ، خوێن - خوێندن ، گر - گرتن ... و دەیانی دی .

١٤-ئەو ڕەگانەی بە ڕێگەی بیژۆك سازدەبن ، دەشێ بە بزوێن یش و نەبزوێنیش کۆتاییان بێت :

ا)بزوێن . وەك :

دروو - دروون ، گەڕێ - گەڕان ، دە - دان ، زێ - زاین ، کە - کردن ، شۆ - شوشتن ، گە - گەیشتن ، خۆ - خواردن ... و دەیانی دی .

ب)نەبزوێن . وەك :

بژێر - بژاردن ، کوژ - کوشتن ، خواز - خواستن ، ڕێس -ڕستن ، مێن - مان ، پەرست - پەرستن ، نێر - ناردن ... و چەندینی دی .

١٥-تەنیا لە چەند چاوگێکی یەکجار کەمدا (دروون ، سوون ، گروون ، جوون ، بەستن ، بیستن ، پەرستن ، سەندن ...) قەد و ڕەگ خاوەنی یەك بنەمان ، دەنا لە زوربەی زۆریاندا تەواو جیاوازن .

١٦-ڕەگ لە زمانی کوردیدا دەبێتە بنەمای هەموو جۆرە کاتێکی ڕانەبوردوو (ئێستا و ئاینده)ی ڕێژەی ئیخباری و ئینشائی و داخوازی و کەرەستەی چالاکی ڕۆنانی (ناوی کارا) و (ناوی بەرکار)و (ناوی چاوگ) و (ناوی جێگا) و (ناوی ئامێر) .

١٧–ئەو ناوانەی ڕەگی کردار هاریکاریی ڕۆنانیان ددکا : (ناوی کار) ؛ (ناوی بەرکار) ؛ (ناوی چاوگ) ؛ (ناوی جێگا) ؛ (ناوی ئامێر) دەوری ڕەگ تێیاندا بەم چەشنەیە :

أ)ڕادەی چالاکیی هاریکاریی ڕەگ پتر لە ڕۆنانی (ناوی کارا)دایە و ڕادەی هەرە سستیشی لە سازکردنی (ناوی جێگا)دایە .

ب)ڕەگی کرداری تێپەڕ کەرەستەیێکی یەکجار بەرفراوانی پێکهێنانی گشت جۆرە ناوێکە . هەرچی ڕەگی کرداری تێنەپەڕە لە سنوورێکی تەسکدا ئەو ئەرکە بەجێدێنێ .

جـ)ڕەگ لە گشت ئەو جۆرە ڕۆنانانەدا زۆر لە قەد چالاکترە و وێڕای ئەوەش قەد لە پێکهێنانی (ناوی ئامێر)دا هاریکاری ناکا ، بەڵام بەشداریی ڕەگ لە سازکردنی (ناوی ئامێر)دا ، تەواو دیار و بەرچاوە .

د)قەد بە تەنیا ناتوانێ هیچ جۆرە ناوێك پێك بێنێ ، بەڵام ڕەگ بە ڕووتی و بێ یاریدە دەتوانێ ببێتە (ناوی چاوگ) .

ﻫ)هەر پاشگر بۆی هەیە بچێتە سەر قەد ، بەڵام لەگەڵ ڕەگدا پێشگریش و پاشگریش و وشەی واتاداریش دێن .

١٨–پێشگری (بە – ، نە – ، پێ –)و زۆربەی ئەو پێشگرانەی یاریدەی ڕۆنانی کرداری داڕێژراو دەدەن : (ڕا – ، هەڵ – ، دا – ، وەر – ... پێ – ، تێ – ...)و پاشگری (–ەر ، –ا ، –یار ، –گار ، –ۆك ، –نۆك ، –ەك ، –ندە ، –دە / –یدە ، –وو ، –ە ، –ست ، –ش / –شت ، –اك ، –گە / –گا ، –ەن ، –ك ik– ، –کە ، –نگ ، –ۆکە) دەچنە سەر ڕەگی کردار . لە نێو ئەو پێشگر و پاشگرانەشدا :

أ)پێشگری (بـ–)و پاشگری (–ەر ، –ا ، –یار ، –ست ، –اك ، –ك ik – ، –کە ، –نگ) تەنیا لەگەڵ ڕەگی کرداری تێپەڕدا دێن .

ب)پاشــگری (-ۆك ، -نــۆك ، -ۆك / -ۆکــه) هــەر بــە ڕەگــی کــرداری تێنەپەڕەوە دەلکێن .

ج)پێشگری (نە - ، پێ -) و پاشگری (-ەك ، -دە / -یدە ، -ە ، -ش / -شــت ، -گــە / -گــا ، -ەن) لەگــەڵ ڕەگــی هــەردوو کــرداری تێپــەڕیش و تێنەپەڕیش ڕێك دەکەون .

د)پاشگری (-وو) لەگەڵ کرداری کارا بزردا دێت .

ه)پێشگری (بە - ، نە -) و پاشگری (-ەر ، -ا ، -یــار ، -گــا ، -نــۆك ، -نده ، -دە / -یــدە) لەگــەڵ ڕەگــدا نــاوی کــارا ســازدەکەن . پاشــگری (-وو) یاریدەی ڕۆنانی ناوی بەرکار دەدا . پاشگری (-ست ، ش / -شت ، -اك) لە پێکــهێنانی نــاوی چــاوگدا بەشــداردەبن . پاشــگری (-گــە / -گــا ، -ەن) کەرەستەی نــاوی جێگــەن . پێشــگری (پــێ -)و پاشــگری (-ك ik - ، -کــە ، -نگ ، -ۆکە)ش لە دروست کردنی ناوی ئامێردا بەشداری دەکەن .

پاشگری (-ۆك ، -ەك) دەبنە کەرەستەی ناوی کاراش و ناوی ئــامێریش . پاشگری (-ە)ش هی ناوی کارا و ناوی چاوگ و ناوی ئامێر .

ز)پاشگری (-وو ، -ە ، -گار ، -گە / -گا) لەگەڵ ئەوەدا ، کە لەگەڵ ڕەگی کرداردا دێن ، لە هەمان کاتدا دەکەونە دوا قەدیشەوە .

١٩)وشەی واتادار و ڕەگ پێکەوە ناوی کارا و ناوی بەرکار و نــاوی ئــامێر سازدەکەن و ناوی چاوگ و ناوی جێگا پێك ناهێنن . وشە واتادارەکەی نــاوی کاراش دەشێ (ناو) ، یان (ئاوەڵناو) ، یان (ئاوەڵکردار) بێ ؛ هی نــاوی ئــامێر (ناو) ، یان (ئاوەڵکردار) ؛ ئەوی ناوی ئامێریش تەنیا (ئاوەڵکردار) .

ڕێژە و کات

ڕێژە بەو حاڵەتە ڕێزمانی‌یە دەوترێ ، کە پێوەندیی ڕوودان (یان هەل و مەرج) بە واقیعەوە دەردەبڕێ . ڕێژە یەکێکە لە فۆرمە بنەڕەتی‌یەکانی دەربڕینی پێوەندیی گوزارەیی . بۆ تەواو دیاری کردنی ، دەبێ ئەوەش لەیاد نەکەین ، کە ڕێژە وەنەبێ پێوەندیی خودی ڕوودانەکە بە واقیعەوە ڕابگەیەنێ ، بەڵکو ئەو پێوەندی‌یە نیشان دەدا ، کە وا لە ڕستەدا لە نێوان ڕوودان و کارادا پەیدا دەبێ .

لە زمانی کوردیدا ڕاست وایە تەنیا ئەو ڕێژانە جیابکەینەوە ، کە لە ڕووی وشەسازی‌یەوە جیاوازییان لە نێواندا هەیە و بە فۆرمی پێکهاتن یان شیکاری دەردەبڕێن .

جیاوازیی پرسیار و ئەرێنی (مثبت) ، یان ئەرێنی و نەرێنی (منفی) سەر بەو بواری واتایەن ، کە ڕێژە ڕایان دەگەیەنێ ، چونکە هەموو ئەو جیاوازییانە بریتی‌ین لە جیاوازیی پێوەندی بە واقیعەوە . بەڵام لە زمانی کوردیدا نە پرسیار بە ئاوازی تایبەتی ڕادەگەیەنرێ یان بە یاریدەی ئامرازی پرسیار دەردەبڕێ (ڕوونکردنەوەی پێوەندیی ئەو کەرەستانە دەکەوێتە باسی ڕستەسازی‌یەوە) . بەڵام جیاوازیی ئاواز خاسیەتی سەرپاکی ڕستەکە دیاری

دەکا ، نەك چەند ئەندامێکی (ئاواز – واتە گۆڕینی دەنگ لە بەرز و نزمیی دەربڕینی وشەیەکدا دەشێ تەنیا لە ڕێی پێوەندیی گۆڕینی هێز و ئاوازی دەنگەوە لە سەرلەبەری ڕستەیەکدا دیاری بکرێ) . سەرباری ئەوەش ، وەنەبێ گۆڕینی ئاواز تەنیا پێوەندیی بە واقیعەوە ڕابگەیەنێ ، بەڵکو چەند لایەنێکی دیش دەگرنەوە ... ئامرازی پرسیاریش ناتوانرێ وەك ماکێکی پێکهێنی فۆرمی کردار تەماشا بکرێ (تەنانەت لە ڕووی شێکارییشەوە) ، چونکە مەرج نیيە تەنیا بە کردارەوە بەندبێ ، بەڵکو دەشێ بە هەر ئەندامێکی ڕستەوە پێوەند بێ . هەرچی نەرێتییشە ، وەك پرسیار بە یاریدەی ئامراز ڕادەگەیەنرێ . هەروەها وەنەبێ تەنیا بە فۆرمی کردارەوە بەندبێ و وەك ماکێکی پێکهێنی فۆرمی کرداریش خۆی نانوێنێ .

بەڵام فۆرمی کردار بە نیشانەی (بـ – bi)ەوە بە ڕێژەیێکی تایبەتی دادەنرێ ، ئەویش بە پێی ئەو بەڵگەیەی کە ئەو نیشانەیە لە ڕستەدا هەر دەورێك ببینێ ، هەمیشە پێوەندی بە فۆرمی کردارەوە هەیە ، نەك بە وشەیێکی دییەوە .

لە دیاریکردنی ڕێژەدا پێویستە ئەو فۆرمە جیاوازانەی کردار لەبەرچاو بگرین ، کە پێوەندیی ڕوودان بە واقیعەوە ڕادەگەیەنن . کەچی زوو لە لێکۆڵینەوەی هەندێ زماندا بە ڕێژەیێکی نەناسراو تەماشا دەکرا [١٩١] . تا ماوەیێکی درێژیش هەر بەو چەشنە باو بوو . بەڵام لە ڕاستیدا چاوگ تەنیا ناوی ڕوودانێك ڕادەگەیەنێ و پەنجە بۆ پێوەندیی ڕوودان بە واقیعەوە ڕاناکێشێ .

---

[١٩١] هەندێ لە نووسەرانی ڕێزمانی کوردیش چاوگیان بە ڕێژەیێکی کردار داناوە ، بەوێنە بڕوانە : تۆفیق وەهبی ، دەستووری زمانی کوردی ، بەرگی دووەم ، ل ٩ – ١٠ ...

لە دەست نیشان کردنی ڕێژەکانی کردار لە زمانی کوردیدا ناتوانین ئەو فۆرمانەی خاوەنی یەك پێکهاتنی ڕێزمانین بە ڕێژەی جیاواز دابنێین ، ئەگەرچی پێوەندیی جیاوازی ڕوودانیش بە واقیعەوە ڕادەگەیەنن . چونکە ئەم حاڵەتە مەسەلەی واتای جۆربەجۆری یەك ڕێژەیە . بۆ نموونە یەك گرتنی فۆرمی ڕابوردوو لەگەڵ نیشانەی (بـ - bi)دا واتای مەرجێش و ئارەزووش ... دەدا [192]. بەڵام جیاوازیی وشەسازی لە نێوان ئەو حاڵەتانەدا نییە و بۆیە ئێمە ئەو فۆرمانە وەك یەك ڕێژە تەماشا دەکەین و واتای جۆربەجۆریان ناکەینە بنەمای جیاوازیی ڕێژەیان .

لە زمانی کوردیی ئەمڕۆدا لە ڕووی وشەسازییەوە دەتوانین سێ ڕێژە جیابکەینەوە : (١-ئیخباری ؛ ٢-ئینشائی ؛ ٣-داخوازی) [193].ئەم سێ ڕێژەیە لەگەڵ یەکتردا خاوەنی یەك پێوەندی نین . هەروەها دەشێ ڕێژەی ئیخباری بە ڕێژەی ڕاستەوخۆ ناوبرێ و دوو ڕێژەکەی دیش بە ڕێژەی تیان .

---

[192] لەسەر ئەم بنەمایە هەندێ لە نووسەرانی ڕێزمانی کوردی ڕێژەی مەرجی و ئیحتیمالی و ئیلزامی ... یان جیاکردووەتەوە (بەوێنە بڕوانە : د. جەمال نەبەز ، زمانی یەکگرتووی کوردی ، بامبێرگ ، ١٩٧٦ ، ل ٣٧ – ٣٨ ؛ نووری عەلی ئەمین ، ڕێزمانی کوردی ، سلێمانی ، ١٩٦٠ ، ل ١٦١ – ١٧١؛ زمان و ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی شەشەمی ئامادەیی ، بەغدا ، ١٩٧٦ ، ل ١٤ – ٣٩ ؛ ق. کوردۆیێف ، دەستووری زمانی کوردی – بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجیی ژووروو و خواروو ، مۆسکۆ ، ١٩٧٨ ، ل ١٦٤ – ٢١٠ ؛ ك. ڕ. ئەیووبی و ئی. ئا. سمیرنۆڤا ، دیالێکتی کوردی موکری ، لینینگراد ، ١٩٦٨ ، ل ٨٤ – ٩٣ ؛ ڕ. ل. تسابۆلۆڤ ، لەبارەی مێژووی مۆرفۆلۆژیی زمانی کوردییەوە ، مۆسکۆ ، ١٩٧٨ ، ل ٦٤ – ٦٩ ...)

[193] زانایان لە کرداری ئێرانیی کۆندا چوار ڕێژە (١-ئیخباری ؛ ٢-ئینشائی ؛ ٣-ئارەزوو – ئیحتیمالی – مەرجی ؛ ٤-داخوازی)یان جیاکردووەتەوە و هەندێ جاریش (ئارەزوو و قەدەغە)شیان لە تەکیان دادەنێن ، کە ئەمەیان پتر تایبەتێتییەکی بەکارهێنانی کاتی ڕابوردووە (بڕوانە : ڕ. ل. تسابۆلۆڤ ، لەبارەی مێژووی مۆرفۆلۆژیی زمانی کوردییەوە ، مۆسکۆ ، ١٩٧٨ ، ل ٦٤).

لە هەندێ لێکۆڵینەوەی زمانی کوردی و زمانانی دیدا وا نیشان دراوە ، ڕێژەی ئیخباری ئەوە ڕادەگەیەنێ ، کە لە ڕاستیدا ڕوو دەدات یاخود ڕووی داوە . ئەم جۆرە دیاریکردنە ناتەواوە . لە ناوەڕۆکی ڕێژەی ئیخباریدا پێوەندیی ڕوودان بە واقیعەوە ڕاناگەیەنرێ . ئەگەر ئەم پێوەندییە لە ڕستەدا ڕابگەیەنرێ ، ئەوە بە هۆی فۆرمی ئیخبارییەوە نییە ، بەڵکو بە وەسیلەی دیـیە - واتە بە یاریدەی وشەی سەر بە بار و دۆخ یان ئامراز یان ئاواز . دوو ڕێژەکەی دی بە تەواوی نیشانی ئەوە دەدەن ، کە لە واقیعدا هیچ ڕووی نەداوە ، بەڵام دەبێ شتێك ڕووبدات ، یاخود دەبوایە لە بار و دۆخێکی زانراودا ڕووی بدایە .

لە ڕووی وشەسازییەوە ڕێژەی ئیخباری هیچ نیشانەیێکی تایبەتی نییە ، بەڵام لەوەدا لە ڕێژەکانی دی جیا دەبێتەوە ، کە ڕێژەی ئیخباری بە ڕێك و پێکی بە پێی کات دەگۆڕدرێ ، بەڵام ڕێژەکانی دی بەو شێوەیە نین .

ڕێژەی ئینشائی بەر لە هەر شت ئەو ڕوودانە ڕادەگەیەنێ ، کە لە واقیعدا بەجێنایەت ، بەڵام لە هەل و مەرجێکی ناسراودا دەکرا بەجێ بێت یان بەجێ بهێنرێت . لەبەر ئەوەی ئەو فۆرمە تەنیا ڕوودانێك ڕادەگەیەنێ ، کە لە هەل و مەرجێکی ناسراودا بەجێ بێت ، بۆیە زاراوەیێکی بێ لایەنی (ئینشائی)مان بۆ پەسەند کرد ، ئەگەرچی دەشزانین (modus coniunctivus)ی لاتینی واتای (ڕێژەی بەیەك گەیاندن ، بەیەکەوە بەستن) دەگەیەنێ .

(بـ – bi) کە نیشانەی هەرە گرنگی ڕێژەی ئینشائییە لە کرداری (بوون)ەوە وەرگیراوە (ڕەنگە ڕەگی کاتی ئێستای کردارەکە بێت) .

ڕێژەی داخوازی لە ڕووی کاتەوە تەنیا ئێستا و ئایندەی هەیە و ڕابوردووی نییە . لە ڕووی کەسەوە تەنیا فۆرمی کەسی دووەمی تاك و کۆی هەیە و کەسی یەکەم و سێیەمی نییە . ئەم ڕێژەیە نیشانە و پێکهاتنی تایبەتیی خۆی هەیە .

* *

کات وەك دەوروبەر یەکێکە لە فۆرمەکانی هەبوونی واقیعی جیهان . بە باوەڕی ئێنگلس " کرۆکی دەوروبەر و کات فۆرمی بنەڕەتیی هەموو هەبوونێکن ؛ هەبوون بەبێ کات هەمان بێ مانایی گەورەی هەبوونە بە بێ دەوروبەر " [١٩٤] . ف. ئی. لینینیش گەشەی بەم ڕایە داوە و وتوویە : "... چۆن شت و تەن دیاردەی سادە و کۆمەکی دەرك نین ، بەڵکو واقیعی مەوزوعین و کار دەکەنە سەر هەستمان ، بە هەمان چەشن دەوروبەر و کاتیش فۆرمی سادەی دیاردە نین ، بەڵکو فۆرمی واقیعیی مەزووعیی هەبوونن . لە جیهاندا جگە لە ماددەی بزوێن هیچ شتێکی دی نی‌یە و ماددەی بزوێنیش بە بێ دەوروبەر و کات ناتوانێ ببزوێ " . [١٩٥]

لە پێکهاتنی وشەسازیی زمانی کوردیدا پێوەندیی دەوروبەر بەتایبەتی لە فۆرمی جۆربەجۆری کاتی کرداردا بەباشی دەبینرێ . بەم جۆرە کاتی ڕێزمانی وەك یەکێك لە فۆرمەکانی ڕەنگدانەوەی واقیعیی مەوزووعیی هەبوونی کات لە زماندا خۆی دەنوێنێ .

ئێمە لە هەر هەواڵێك لە ڕووی پێوەندی بە کاتەوە وردببینەوە ، هەمیشە کەڵك لە مەودای جیابوونەوە وەردەگرین . لە ڕێزماندا ئەو مەودای جیابوونەوەیە بریتی‌یە لە دەمی ئاخاوتن . بەپێی ئەو بۆچوونە دەشێ بڵێین کاتی ڕێزمانی بەندە بە هۆش و ئاگای ئاخێوەرەوە . کاتی ئێستا وەك یەك کەوتن لەگەڵ دەمی ئاخاوتندا تەماشا دەکرێ . کاتی ڕابوردوو - وەك پێش ئەو دەمە ؛ کاتی ئایندەش وەك دوای . لە ڕاستیدا جیاکردنەوەی کاتەکانی ڕێزمانی بەپێی مەبەستی ئاخێوەر (یان نووسەر) دیاری دەکرێن . با تەماشای ئەو نموونەیە بکەین :

---

[١٩٤] ف. ئێنگلس ، دژی دیورنگ ، چاپی ١٩٥٠ ، ل ٤٩ .

[١٩٥] ف. ئی. لینین ، کارە کۆکراوەکانی ، ب ١٤ ، ل ١٦٢ .

خۆ تاکو دەمرم لێم نابێتەوە
کەواتە ، واتەی چیم لێ بێتەوە
(پیرەمێرد ، ل ١١٠)

ئەم وشانە بۆ ئەو دەمەی پیرەمێرد نووسیونی ، کاتی ئایندەیان ڕاگەیاندووە (واتە - دوای نووسینی وشەکان) ، بەڵام بۆ ئێمە بوونەتە ڕابوردوو . لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە ، ئەوە لەبەرچاو بگرین ، کە خودی دەمی ئاخاوتن دەمێک نی یە خۆیەکیەتی دیاریبکرێ و بە تەواوی پێوەندی بە هۆش و ئاگای قسەکەرەوە هەبێ ، بەڵکو ڕەنگدانەوەی پێوەندیی هەبوونی مەوزووعی یە بە بێ ئاخێوەر . دەمی ئاخاوتن ، واتە ئەو دەمەی شتێك دەوترێ یان دەنووسرێ و بەپێی کاتی ڕوودان هاوجووت دێن و کاتی ئێستا ڕادەگەیەنێ . ئەوەی پێشیشی دەکەوێ کاتی ڕابوردووە و ئەوەش کە بە دوایدا دێ کاتی ئایندەیە . هەرچی دەمە پێوەندی هەر بە هۆش و ئاگای قسەکەرەوە نی یە ، بەڵکو بەو کەسانەشەوە هەیە کە ڕووی قسەکردنیان تێ دەکرێ . ئەم دەمەش بەپێی تێپەڕبوونی مەوزووعیی کاتەوە دەشێ بە تەواوی دیار بێ .

بۆ لێکۆڵینەوەی کاتی ئێستا لە باری واتاوە ، بەر لە هەر شت پێویستە سنوور لە نێوان کاتی ڕەها (المطلق)و پێوەند (النسبی) دابنرێ . کاتی ڕەها ڕاستەوخۆ پێوەندیی پرۆتسێس بە دەمی ئاخاوتنەوە ڕادەگەیەنێ . کاتی پێوەند پێوەندیی پرۆتسێس بە کاتەوە وا ڕادەگەیەنێ ، کە جێبەجێ بوونی پرۆتسێسێك بە کردارێکی دی دەربڕرابێ . بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر ئەو فۆرمە لە بارێکدا دەتوانێ واتای کاتی ڕەها بدا و لە بارێکی دیدا واتای کاتی پێوەند بگەیەنێ . هەرسێ کاتە بنەڕەتی یەکەی زمانی کوردی ، بەر لە هەر شت واتای ڕەهایان هەیە ، بەڵام لە حاڵەتی دیاری کراودا دەتوانن واتای پێوەندیش ڕابگەیەنن . پێویستە سنوور لە نێوان بەکارهێنانی کات لە ڕستەی سەرەکی و

ڕستەی شووێنکەوتوودا دابنرێ . واتای کاتی پێوەند بە زۆری لە ڕستەی شوێنکەوتوودا دەردەکەوێ .

کاتی ئێستا پتر خاوەنی واتای جۆربەجۆرە . دوو واتای بنەڕەتی هەیە : یەکەم - ڕوودانێك ڕادەگەیەنێ ، کە لەگەڵ دەمی ئاخاوتندا یەك بکەوێ ؛ دووەم - ڕوودانێك ، کە بە بەردەوامی جێبەجێ دەکرێ ، لە گشت کاتێکدا و لەگەڵ ئەوەشدا لەگەڵ دەمی ئاخاوتندا یەك دەکەوێ .

کاتی ئێستا لەتەك ئەو دوو واتا بنەڕەتی‌یەدا ، گەڵێ جاریش بۆ دەربڕینی ڕوودانێك بەکاردێنرێ ، کە لە ڕابوردوودا ڕووی دابێ ، یان بۆ ڕوودانێك کە لە ئایندەدا ڕوو بدات . بەکارهێنانی کاتی ئێستا بۆ ڕاگەیاندنی هەواڵێك ، کە لە زوودا ڕووی دابێ ، زیندوویەتی‌یێکی گەورە بە گێڕانەوەی چیرۆك دەدات و لە لاتینی‌دا بۆ ئەم جۆرە دەربڕینە زاراوەی (Praesens historicum) – واتە (کاتی ئێستای مێژوویی) بەکاردەبرێ .

کاتی ئێستا هەروەها بۆ دەربڕینی واتای کاتی ئایندەش بەکاردێنرێ : (سبەینێ دەچین بۆ سەیران) . وشەی بار و دۆخی (سبەینێ) بە ئاشکرایی ڕوودان لە ئایندەدا نیشان دەدا .

کاتی ئایندەش بۆ ڕاگەیاندنی کاتی ڕابوردوو بەکاردێنرێ . کاتی ڕابوردووش وێڕای واتای ڕاستەوخۆی ، کە ڕاگەیاندنی ڕوودانی بەسەرچووە ، هەروەها دەتوانێ کاتی ئێستا یان ئایندەش نیشان بدا .[١٩٦]

---

[١٩٦] لە بەشێکی زۆری ئەو لێکۆڵینەوانەدا ، کە لەبارەی ڕێزمانی کوردییەوە نووسراون ، لەتەك ناتەواوی و جیاوازی لە دیاری کردنی کاتەکانی کرداردا ، هەڵەی تێکەڵ کردنی کات و ڕێژەش بەدی دەکرێ . مامۆستا سەعید صدقی کابان لە لاپەڕە (٣٥)ی کتێبی (مختصر صرف و نحوی کوردی "(١٩٢٨)دا ڕاست کرداری لە ڕووی کاتەوە بەسەر سێ جۆردا : "١-ڕابوردوو (ماضی) ؛ ٢-ئێستە (حال) ؛ ٣-لەمەوپاش (استقبال) " دابەش کردووە ، بەڵام لە لاپەڕە (٣٦)دا ، کە دەڵێ "فعل - چوار قسمە ١-فعل ماضی ؛ ٢-فعل حاڵ ؛ ٣-فعل استقبال ؛ ٤-فعل امر " ، ئەوە ڕێژەی داخوازی تێکەڵ بە کات کردووە . بەدوا ئەمەشدا ، کە پێنج جۆری ڕابوردووی باس کردووە : "ماضی پێنج نوعە - ١-ماضی

لە زمانی کوردیی ئەمڕۆدا ئەگەرچی کرۆکی گەردانی ئێرانیی کۆن دەبینرێ ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سیستەمی ڕێژە و کاتی کردار گۆڕانێکی زۆری بەسەردا هاتووە .(١٩٧)

-

شهودی ؛ ٢- ماضی نقلی ؛ ٣-ماضی استمراری ؛ ٤-ماضی بعید ؛ ٥-ماضی انشائی " (ل ٣٦) ، ڕێژەی ئینشائی ، کە باسێکی سەربەخۆیە بەکاتی ڕابوردووی داناوە .

مامۆستا نووری عەلی ئەمین لە کتێبی "ڕێزمانی کوردی" (١٩٦٠)دا لە ژێر سەرناوی "دەمەکانی کرداردا" نووسیویە :

"فرمان لە زمانی ئێمەدا ، بەپێی ئەو دەمانەی کە تیا ڕووئەدا ، ئەتوانرێ بکرێ بە سێ بەشی سەرەکییەوە :

١-فرمانی ڕابوردوو

٢-فرمانی دادێ

٣-فرمانی داخوازی " (ل ١٦١) .

... "فرمانی ڕابوردوویش پێنج بابەتی هەیە "١-فرمانی شهودی ؛ ٢-فرمانی نزیک ؛ ٣-ڕابوردووی دوور ؛ ٤-ڕابوردووی ئیستیمراری ؛ ٥-ڕابوردووی ئینشائی " (ل ١٦١ – ١٧١) بە هەمان چەشنی مامۆستا سەعید صدقی کابان کات و ڕێژەی تێکەڵ بە یەك کردووە .

د. ئەسرین فەخری لە نامەی دوکتۆرییەکەیدا ، بۆ کاتی ڕابوردوو پێنج جۆری دیاریکردووە : ١-ڕابوردووی سادە ؛ ٢-ڕابوردووی بەردەوام ؛ ٣-ڕابوردووی تەواو ؛ ٤-ڕابوردووی دوور ؛ ٥-ڕابوردووی دێرین (کورتەی نامەی دوکتۆری ، ل ١٧)و جۆری دوایان ، واتە (ڕابوردووی دێرین) لەگەڵ هەڵکەوتی زمانی کوردیدا ناگونجێ .

... هتد .

(١٩٧) ڕ. ل. تسابۆلۆف ، لەبارەی مێژووی مۆرفۆلۆژیی زمانی کوردییەوە ، مۆسکۆ ، ١٩٧٨ ، ل ٦٤ .

-١-

ڕێژەی ئیخباری

لە زمانی کوریدا کردار لە ڕێژەی ئیخباریدا لە ڕووی کاتەوە بەسەر دوو جۆری بنەڕەتی‌دا دابەش دەکرێ :

١-کاتی ڕانەبوردوو .

٢-کاتی ڕابوردوو .

کاتی ڕانەبوردوو

کرداری ڕانەبوردوو ئەو کردارەیە ، کە پرۆتسێسی ڕوودانێک لە دەمی ئاخاوتن یاخود دوای ئاخاوتندا نیشان دەدات .

لە دیالێکتی کرمانجیی خوارووودا کردار چ تێپەڕ بێ و چ تێنەپەڕ ، چ سادە و چ داڕێژراو و چ لێکدراو بۆ پێکهێنانی فۆرمی ڕانەبوردووی نیشانەی (دە / ئە)[198] دەخرێتە پێش ڕەگی کاتی ڕانەبوردوویەوە و بەدوا ڕەگەکەشیدا جێناوی لکاوی جۆری بێ هێز دادەنرێ . وەک :

---

[198] لە زمانە ئێرانیکاندا نیشانەی (دە / ئە) بۆ کاتی ڕانەبوردوو بەرچاونەکەوتووە ، بەلام لە زمانی بلووجیدا لە کاتی ڕابوردووی بەردەوامدا (ئە) هەیە ، کە شێوەی مۆرفێمی (ئەک)ە ، وەک : "مان – ئە – کورت – ون" (من – ئە / دە – م – کرد) (بڕوانە : ف. ئا. فورۆلۆڤا ، زمانی بلووجی ، مۆسکۆ ، ١٩٦٠ ، ل ٤٩) .

چاوگ			نیشانە	ڕەگ	جێناو	کرداری ڕانەبوردوو
تێپەڕ	سادە	گرتن	دە / ئە	گر	م... ین ...	دەگرم / ئەگرم ... دەگرین / ئەگرین ...
		کردن	دە / ئە	کە	م... ین...	دەکەم / ئەکەم ... دەکەین / ئەکەین ...
	داڕێژراو	داگرتن	دە / ئە	گر	م... ین ...	دادەگرم / دائەگرم ... دادەگرین / دائەگرین ...
		ڕاکردن	دە / ئە	کە	م... ین ...	ڕادەکەم / ڕائەکەم ... ڕادەکەین / ڕائەکەین ...
	لێکدراو	ڕێگاگرتن	دە / ئە	گر	م... ین ...	ڕێگادەگرم / ڕێگا ئەگرم ... ڕێگا دەگرین / ڕێگا ئەگرین
		بەخێوکردن	دە / ئە	کە	م... ین ...	بەخێودەکەم / بەخێو ئەکەم... بەخێو دەکەین/بەخێو ئەکەین
تێنەپەڕ	سادە	کەوتن	دە / ئە	کەو	م ... ین...	دەکەوم / ئەکەوم ... دەکەوین / ئەکەوین
		بوون	دە / ئە	بـ bi	م ... ین...	دەبم / ئەبم ... دەبین / ئەبین
	داڕێژراو	هەڵکەوتن	دە / ئە	کەو	م ... ین...	هەڵ دەکەوم / هەڵ ئەکەوم ... هەڵ دەکەوین / هەڵ ئەکەوین
		دابوون	دە / ئە	بـ bi	م... ین...	دادەبم / دائەبم ... دادەبین / دائەبین
	لێکدراو	سەرکەوتن	دە / ئە	کەو	م ... ین...	سەردەکەوم / سەرئەکەوم... سەردەکەوین / سەرئەکەوین
		ئازادبوون	دە / ئە	بـ bi	م... ین ...	ئازاددەبم / ئازاد ئەبم... ئازاددەبین / ئازاد ئەبین

لە دیالێکتی ژووروشدا بە هەمان چەشنی دیالێکتی خواروە و تەنیا ئەوەندە نەبێ کە گۆڕانێکی کەمی فۆنەتیکی بەسەر نیشانەکەدا دێت و دەبێتە (د – di) [199]

چاوگ		نیشانە	ڕەگ	جێناو	کاتی ڕانەبوردوو
تێپەڕ	نڤیسین	د di دێ	نڤیس	م... ن...	دنڤیسم ... دنڤیسن دێنڤیسم ... دێنڤیسن
تێنەپەڕ	کەتن	د di دێ	کەڤ	م... ن...	دکەڤم ... دکەڤن دێکەڤم ... دێکەڤن

فۆرمی کاتی ڕانەبوردوو دەکرێ بۆ ئەم مەبەستانە بەکاربهێنرێ :

١–پرۆتسێسی ڕوودان لە کاتی ئاخاوتندا :

من گریە ، ئەتۆ خەندە بە یەکدی <u>دەفرۆشین</u>

من لەعلی بەدەخشان و ، ئەتۆ لوئلوئی لالا

(نالی ، ل ١١٥)

لەو کێوە بەرزە <u>ئەکەویە خوارێ</u>

ڕیزە مرواریت لە دەم ئەبارێ

(پیرەمێرد ، ل ١٣٢)

---

[199] لە هەندێ بەشە دیالێکتی ژووروودا (د – di) ناوترێ و هەر وەك دیالێکتی خواروو (دە) بەکاردێنرێ . بەوێنە کوردەکانی تورکمەنستان و ئازەربایجان دەڵێن :

ئەز دەکەڤم

(بروانە : چ. خ. باکایێف ، زمانی کوردەکانی سۆڤێت ، مۆسکۆ ، ١٩٧٣ ، ل ١٧٦)

ئەبلەهـ دبینم وی هەلا
هەرچی ژ دل بت یارێ چەرخ

(جزیری ، ل ١٩٠)

٢-پرۆتسێسی ڕوودان لە کاتی ئایندەدا :

کە دادی یەئسی خۆمم بردە لا ، ئەم عارفە توند بوو
وتی ئاخر سبەینێ جەژنە ، خوێنی تۆ لە پێ دەگرم
(مەحوی ، ل ٢١٨)

گەر تەفرە خۆی بەمان خوێنت نەکرێتە کاسە
ژیانی کامەرانی بە هەوڵ و ڕەنجی شانە

(بێکەس ، ل ٦٤)

مویەگی ئەز ژ تە نادم بە دوو سەد زین و شرینان
چ دبت گەر تو حەسێب کی م ب فەرهاد و مەمێ
(جزیری ، ل ٤٣٢)

٣-گێڕانەوەی ڕوودانێك لە ڕابوردوودا ڕووی دابێ :

پار کە لە شەقڵاوە بووم لەپڕ دەبینم ئازاد بەرەو پیرم دێ

٤-پرۆتسێسی درێژەپێدان و بەردەوامی و دووپاتبوونەوە :

ئەی باڵداری ئێسك سووك ،

بلبلی دەنووك بچووك ،

باغچە بە باغچە ئەفڕی ،

(گۆران ، ل ١٠٢)

جۆگەی ئاوەگان تیایا قەتیس ماو

هەر ئەڕۆن ناگەن پێچی شاخ تەواو .

(گۆران ، ل ١٢٧)

باریك و لووس و نازگ وەك زولفی خاوی بادا

وەك شاخی گوڵ بە لادا ، شیرین تەشی دەڕێسێ

(وەفایی ، ل ١٩٢)

بیست و حەوت ساڵە بە بێ زیاد و کەم

ئەپاڕێمەوە ، هەر هاوار ئەکەم

(بێکەس ، ل ٧٧)

هەموو ڕۆژێ لەبەر سەیری بتی ئەو بەژن و باڵایە

لەسەر ڕێدا ئەوەستم من ، هەتاکو ئاوی پێم دایە

(هەردی ، ل ٧٧)

ئیسال ئەو پڕ کار دکن

٥-پرۆتسێسی ڕوودانی کارێك ، کە ڕاستییەك نیشان بدا . ئەو ڕاستییەش دەشێ هەمیشەیی بێ و هەر سێ کاتەکە (ئێستا و ئاییندە و ڕابوردوو) وەك یەك بگرێتەوە :

تا پیرێ نەمرێ ، هەزار جوان نەمرێ .

(پەندی پێشینان ، ل ١٤٦)

سۆزی شمشاڵ نەخمەمە کار دەمی ئێواران :

پۆل پۆل نافرەت ، شیردۆشی جوان ، نەکشێ بۆ ناو ڕان !

(گۆران ، ل ٥٠)

منداڵ حەز لە یاری دەکا

دەوڵەمەند باش دەژی .

ئەم شیرێ پێز ئو ناڤێ کانیێ‌یا فەدخون ، ئەم ژ نەخوەشیێ ناترسن .

... هتد [٢٠٠]

کاتی ڕانەبوردووش دوو جۆرە :

ا-کاتی ئێستا .

ب-کاتی ئاینده .

لە بەشێکی زۆری زمانەکانی جیهاندا ئەو دوو کاتە (ئێستا و ئاینده) فۆرمی جیاوازیان هەیە . لە دیالێکتی خوارووی کوردیدا لە ڕووی فۆرمەوە جیاوازی لە نێوان فۆرمی کاتی ئێستا و کاتی ئاییندەدا نی‌یە و هەردووکیان

[٢٠٠] شایانی باسە ، بەتایبەتی مامۆستایان : نووری عەلی ئەمین ، ڕێزمانی کوردی ، ل ١٧٧ ؛ د. زارێ یووسف ، دیالێکتی سلێمانی زمانی کوردی ، ل ٩٥ – ٩٦ ؛ چ. خ.باکاییڤ ، زمانی کوردەکانی سۆڤێت ، ل ١٧٧ – ١٧٨ ... باسی بەشێک لەو بەکارهێنانانەی فۆرمی کاتی ڕانەبوردوویان کردووە ... هەندێ لە نموونەکانی کرمانجیی ژووروووم لە باکاییڤەوە وەرگرتووە ...

هەر یەک قاڵبیان هەیە و جیاکردنەوەیان یان لە ڕستەدا ،مردەکەوێت یان بە هۆی باری دەوروبەرییەوە ئاشکرا دەبێت ، یان لە ڕێی بەکارهێنانی وشەی تایبەتییەوە ڕوون دەبێتەوە [٢٠١]. بەڵام لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا نەک هەر بە ئاسانی جیاوازی لە نێوان فۆرمی کاتی ئێستا و کاتی ئایندەدا دەکرێ ، بەڵکو بۆ جیاکردنەوەیان نیشانەی مۆرفۆلۆژییش هەیە .

لە کرمانجیی خواروودا بۆ جیاکردنەوەی کاتی ئێستا و کاتی ئایندە هیچ نیشانەییەکی وشەسازی نییە . جیاکردنەوەیان بە ڕێگەی لێکسیکی - واتە بە یاریدەی هەندێ وشە (بەتایبەتی ئاوەڵکردار)ەوە مەبەست دەردەبڕێ .

بەوێنە بۆ پتەوکردن و نیشاندانی بەجێهێنانی پرۆتسێسی ڕوودان لە دەمی ئاخاوتندا گەلێ جار (وا ، ئەوا ، ئێستا ، هەنووکە ...) بەکاردێنرێ . وەک :

وا دێم
ئەوا دێم
ئێستا دێم
هەنووکە دێم
... هتد .

فێری فرمێسکمە گوڵاڵەی دەورم
وا لە داخی تۆ بێوەفا ئەمرم

(پیرەمێرد ، ل ١٦٣)

---

[٢٠١] زمانی ئێرانیی کۆن و فارسیی ناوەڕاست و فارسیی تازە کاتی ئایندەیان پاراستووە (بڕوانە : د. جەمال نەبەز ، زمانی یەکگرتووی کوردی ، بامبێرگ ، ١٩٧٦ ، ل ٤٤) .

بۆ بەجێهێنانی کارێکیش لە ئایندەدا وشە و دەستەواژەی وەك : (سبەینێ ، دووسبەی ، بەیانی ، دووبەیانی ، ساڵێکی دی ، ساڵێکی تر ، هاوینێ ، بەهارێ ، ئەم هاوینە ... تۆزێکی تر ، پاش ماوەیەك ...) بەکاردێنرێ . وەك :

ساڵێکی دی دەڕۆم بۆ هەندەران
تۆزێکی تر دەنووم .
... هتد .

بۆ یەك شەو لای دایە ئەم دێیە ڕێی وێڵم ،
بەیانی ، ڕۆژهەڵات ، سوار ئەبم جێی دێڵم ...

(گۆران ، ل ٢٦)

لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا وەك وتمان ، بۆ جیاکردنەوەی کاتی ئێستا و کاتی ئایندە نیشانەی وشەسازی هەیە :

*کاتی ئێستا :
نیشانەی (د – di) + ڕەگی کاتی ڕانەبوردووی کردار + جێناوی لکاوی بێهێز :

ئەز دنڤیسم = د + نڤیس + م
ئەز دکەڤم = د + کەڤ + م
ئەز گوڕا ژنا خوە دکم ...

(کوردۆ ، ل ٤٥)

مەمێ گۆت : "میرۆ ، دلێ منی لیبانە !

ئەز دنێرِم گوتنێن تە نە گوتنێن حاکم و میرانە

شەرتێ میرێ حاکم ئەوسانە :

بەرێ دپرسن سەبەبێن تشتانە

(مەمێ ئالان ، ل ١٣٤)

*کاتی ئاینده :

نیشانەی (دێ ، وێ) + ڕەگی کاتی ڕانەبوردووی کردار + جێناوی لکاوی بێهێز :

ئەز دێ کەڤم

ئەز وێ کەڤم

ئەڤە ئەز دێچمە مالا خویشکا خوە ...

(خالید حسەین ، ل ٧)

... هتد .[٢٠٢]

واتە نیشانەی (د – di) بۆ کاتی ئێستایە و (دێ)و (وێ)یش هی کاتی ئایندەیە .[٢٠٣]

---

[٢٠٢] مەکسیمی خەمۆ (ئەزێ دەکەڤم)ی بە کاتی ئێستای ناسراو داناوە و (ئەز دکەڤم)یشی بە کاتی ئێستای نەناسراو لە قەڵەم داوە (د. مەکسیمی خەمۆ ، زمانی کوردەکانی بادینانی کوردستانی عێراق ، کتێبی "وڵاتان و میللەتانی ڕۆژهەڵاتی نێزیك و ناوەڕاست " ، ب ٧ ، یەریڤان ، ١٩٧٥ ، ل ٣٤٤) . بەپێی باوەڕی ئێمە ، حاڵەتی یەکەم – (ئەزێ دەکەڤم) کاتی ئایندەیە و (ئەز دەکەڤم)یش کاتی ئێستایە . هەرچی ئەو (ێ)یەی کۆتایی (ئەز)ی حاڵەتی یەکەمە ، کورتەی (دێ) یان (وێ)ی نیشانەی ئایندەیە و هەر بۆیەش کە دەچێتە سەر جێناوی کەسیی جوداش وەك حاڵەتی جودایی (دێ) و (وێ) دەوردەبینێ .

[٢٠٣] لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا بەشە دیالێکتی ئەوتۆ هەیە ، کە فۆرمی کاتی ئایندەی نییە . بەوێنە لە بەشە دیالێکتی کوردەکانی تورکمەنستاندا وەك دیالێکتی کرمانجیی خواروو بۆ کاتی ئێستا و ئایندە یەك فۆرم بەکاردێنێ (بڕوانە : ج. خ. باکایێف ، زمانی کوردەکانی سۆڤێت ، ل ١٨٠) .

کاتی ڕابوردوو

کرداری ڕابوردوو ئەو کردارەیە ، کە پرۆتسێسی ڕوودانەکەی پێش ئاخاوتن بکەوێ .

لە زمانی کوردیدا کرداری ڕابوردوو چوار جۆری هەیە :

١-ڕابوردووی نزیك .

کەرەستەی بنەڕەتیی فۆرمی کاتی ڕابوردووی نزیك قەدی کردار و جێناوی لکاوە .

أ-ئەگەر کردار تێنەپەڕ بێ ، ئەوە جێناوی دەستەی بێهێز وەردەگرێ . کردارەکەش چ سادە و چ داڕێژراو و چ لێکدراو بێ ، جێناوەکە دەکەوێتە دوای قەدەوە .

سادە	:	بوون	–	بووم ... بووین ...
		کەوتن	–	کەوتم ... کەوتین ...
واتە	:	قەد + جێناوی لکاوی بێهێز .		
داڕێژراو	:	دابوون	–	دابووم ... دابووین ...
		داکەوتن	–	داکەوتم... داکەوتین ...
واتە	:	پێشگر + قەد + جێناوی لکاوی بێهێز		
لێکدراو	:	ئازادبوون	–	ئازادبووم ... ئازاد بووین ...
		سەرکەوتن	–	سەرکەوتم ... سەرکەوتین ...
واتە	:	وشەیێکی واتادار + قەد + جێناوی لکاوی بێهێز .		

ب-هەرچی کرداری تێپەڕە جێناوی لکاوی بەهێز وەردەگرێ ، بەڵام :

*ئەگەر کردارەکە سادەبێ ، جێناوەکە دەکەوێتە دوای قەدەکەیەوە . وەك :

گرتن — گرتم ... گرتمان

کردن — کردم ... کردمان

واته : قەد + جێناوی لکاوی بەهێز .

*بێتو کردار داڕێژراو یان لێکدراو بێ ، ئەوە جێنارەکە لە پێش قەدی کردارەکەوە دێت . وەك :

داڕێژراو :

داگرتن — دامگرت ... دامانگرت

ڕاکردن — ڕامکرد ... ڕامانکرد

واته : پێشگر + جێناوی لکاوی بەهێز + جێناوی لکاوی بێهێز .

لێکدراو :

ڕێگاگرتن — ڕێگامگرت ... ڕێگامانگرت

بەخێوکردن — بەخێومکرد... بەخێومانکرد

واته : وشەیێکی واتادار + جێناوی لکاوی بەهێز + قەدی کردار

ئەم جۆرە فۆرمە - واتە فۆرمی ڕابوردووی نزیك بە گشتی ڕوودانێك ڕادەگەیەنێ ، کە لە کاتی ڕابوردوودا ڕووی دابێ و کۆتایی هاتبێ (ئازاد چوو بۆ قوتابخانە)... لە ناوەرۆکی ئەم فۆرمەدا واتای کورتی و درێژی ، بەردەوامی و کۆتایی نەهاتن نی‌یە ، بەڵام هەندێ جار مەبەستی ڕستە و بوونی وشەی خاوەن واتای بارودۆخ وای لێدەکەن واتای بەردەوامی و کۆتایی نەهاتن بگەیەنێ . وەك :

هەزار جار هات و هیچی نەکرد

مام بارام چەند ساڵێك لەسەر جێگە کەوت

وشەی سەر بە کات و باروذۆخ دەتوانن کاربکاتە سەر فۆرمی کاتی ڕابوردووی نزیك و واتای ئایندەی پێ ڕابگەیەنن وەك :

کەمێ بووەستە ، وا هاتم

کەی هاتم نامەکەت دەدەمێ

ئەگەر سبەینێ هاتم گلەیی مەکە

هەر کە هاتم یەکسەر بۆت باس دەکەم

یا توربەتێ ، یا غوربەتێ با ڕێ بشکێنین

هەر مونتەظیرە "نالی" ئەگەر مرد و ئەگەر ما

(نالی ، ل ١٢١)

سبەینێ کە جەنگ دامرکایەوە

ئاگری هەرا و شەڕ کوژایەوە

(بێکەس ، ل ٦٩)

٢-ڕابوردووی بەردەوام .

کەرەستەی بنەڕەتیی فۆرمی کاتی ڕابوردووی بەردەوام بریتی‌یە لە نیشانەی (دە / ئە)و قەدی کردار و جێناوی لکاو :

ا-ئەگەر کردارەکە تێنەپەڕ بێ بە هەمان شێوەی ڕابوردووی نزیك جێناوی لکاوی بێهێز وەردەگرێ و جێناوەکەش لە هەموو شێوە ڕۆنانێکی کردارەکەدا هەر دەکەوێتە دوای قەدەوە .

واتە : نیشانەی (دە / ئە) + قەد + جێناوی بێهێز . وەك :

سادە	:	بوون	—	دەبووم ... دەبووین ...
		کەوتن	—	دەکەوتم ... دەکەوتین ...
دارێژراو	:	دابوون	—	دادەبووم ... دادەبووین ...
		داکەوتن	—	دادەکەوتم ... دادەکەوتین ...
لێکدراو	:	ئازادبوون	—	ئازاددەبووم ... ئازاددەبووین ...
		سەرکەوتن	—	سەردەکەوم ... سەردەکەوین ...

ب-کرداری ڕابوردووی بەردەوامی تێپەڕ هەروەك کرداری ڕابوردووی نزیك جێناوی لکاوی بەهێز وەردەگرێ ، بەڵام :

*ئەگەر کردارەکە سادە بێ جێناوەکە دەکەوێتە پێش قەدی کردارەکە و دوای نیشانەکەوە . وەك :

گرتن	—	دەمگرت ... دەمانگرت ...
کردن	—	دەمکرد ... دەمانکرد ...

*بێتو کردار دارێژراو یان لێکدراو بێ ، ئەوە جێناوەکە لە پێش نیشانەکەوە دێت . وەك :

دارێژراو	:	داگرتن	—	دامدەگرت ... دامانDەگرت ...
		ڕاکردن	—	ڕامدەکرد ... ڕامانDەکرد ...
لێکدراو	:	ڕێگاگرتن	—	ڕێگامدەگرت ... ڕێگامانDەگرت ...
		بەخێوکردن	—	بەخێومدەکرد ... بەخێومانDەکرد ...

ئـەم جـۆرە فۆرمــە ڕوودانێکــی ڕابــوردووی وا ڕادەگەیــەنێ ، کــە پرۆتسێسەکەی بەردەوام بێ و کۆتایی دیار نەبێ . وەك :

جادە چۆڵ و سێبەر بوو ، کات بەیانی ،

ئەڕۆیشتم خەیاڵاوی ئەمڕوانی :

(گۆران ، ل ٢٤)

لەبەر خەندەی لەبی لەعلی ئەتۆ بو

کەوا شەککەر دەباری ، گوڵ دەپشکووت

(نالی ، ل ١٥٠)

هەر لە ئەجدەوە تا هەردەی دوجەیل

بۆ لەیل ئەگەڕام دەروون لەغەم کەیل

(پیرەمێرد ، ل ١١٥)

*بۆ دووبارە بوونەوەی کارێك لە ڕابوردوودا :

بەمنداڵی هەموو ڕۆژێکی هەینی دەچووین بۆ سەیران

هەر لەگەڵ تەقەی تفەنگێك ئەهات وەختەبوو ڕۆحم بچێت ...

(لەخەوما ، ل ٣٠)

*لە بارودۆخی مەرجیی نەهاتنەدی ڕوودانێك :

ئەگەر بە دوعا ئەبوو ، پشقل بە خورما ئەبوو

(پەندی پێشینان ، ل ٣٠)

٣-ڕابوردووی تەواو :

کەرەستەی بنەڕەتیی فۆرمی ڕابوردووی تەواو بریتییە لە قەدی کردار و نیشانەی (وو)و جێناوی لکاو . یاخود دەشێ بوترێ لە کەشەپێدانی فۆرمی ناوی کاراوە دروست بووبێ :

ا-ئەگەر کردارەکە تێنەپەڕ بێ بە هەمان چەشنی ڕابوردووی نزیک و بەردەوام جێناوی لکاوی بێهێز وەردەگرێ و جێناوەکەش لە گشت چەشنە ڕۆنانێکی کرداردا هەر لە پاش قەدەوە دێت .

واتە : قەد + نیشانەی (وو) + جێناوی بێهێز .

سادە :	بوون	—	بووم ... بووین ...
	کەوتن	—	کەوتووم ... کەوتووین
داڕێژراو :	دابوون	—	دابووم ... دابووین ...
	داکەوتن	—	داکەوتووم ... داکەوتووین ...
لێکدراو :	ئازادبوون	—	ئازادبووم ... ئازادبووین ...
	سەرکەوتن	—	سەرکەوتووم ... سەرکەوتووین ...

ب-کرداری ڕابوردووی تەواوی تێپەڕ ، وەك ڕابوردووی نزیك و ڕابوردووی بەردەوام تەنیا جێناوی بەهێز وەرناگرێ ، بەڵکو لەیەك کاتدا هەردوو جۆرەکە - واتە بەهێزیش و بێ هێزیش وەردەگرێ .

*ئەگەر کردار سادە بوو :

قەدی کردار + نیشانەی (وو) + جێناوی بەهێز + جێناوی بێهێز

گرتن	—	گرتوومە ... گرتوومانە
کردن	—	کردوومە ... کردووەمانە

*داڕێژراو :

پێشگر + جێناوی بەهێز + قەدی کردار + نیشانەی (وو) + جێناوی بێهێز

داگرتن	–	دامگرتووە ... دامانگرتووە ...
ڕاکردن	–	ڕامکردووە ... ڕامانکردووە ...

*لێکدراو :

وشەی واتادار + جێناوی بەهێز + قەدی کردار + نیشانەی (وو) + جێناوی بێهێز .[٢٠٤]

---

(٢٠٤) نووسەرانی ڕێزمانی کوردی (جگە لە مامۆستا مەسعوود محەمەد ، بڕوانە : ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی ، ل ١٧٩) وایان داناوە ، کە کرداری ڕابردووی تەواو دەکا – واتە ئەو (ە)یەی لە کۆتایی کەسی سێیەمدا دێت بە کرداری یاریدەدەریان داناوە (بەوێنە بڕوانە ، بەرهەمەکانی تۆفیق وەهبی ، نووری عەلی ئەمین ، محەمەد ئەمین هەورامانی ، عەبدوڵلا شاڵی ، قەناتی کوردۆ ، کەریمی ئەیووبی و ئی. ئا. سمیرنۆڤا ، زارێ یووسف ... و گەلێکی تر) .

من وای بۆ دەچم (ە) جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاکی دەستەی دووەم بێ و کرداری یاریدەدەر نەبێ . بۆ بەڵگەی ئەم ڕایەش ئەوەندە بەسە ، کە بڵێین ئەگەر کەسی کردارەکە بکەین بە سێیەمی کۆ ، ئەوە ئەو (ە)یە دەبێ بە (ن) . وەك :

گرتوومە	... گرتوومانە	گرتوومن	... گرتوومانن ...
دام گرتووە	... دامان گرتووە	دام گرتوون	... دامان گرتوون ...
ڕێگام گرتووە	... ڕێگامان گرتووە	ڕێگام گرتوون	... ڕێگامان گرتوون ...

(بۆ زانیاریی تەواو لەبارەی جێناوی "ە"وە ، بڕوانە : ل ١٤٢ – ١٤٩ی بەشی دووەمی ئەم کتێبە) .

ڕێگاگرتن - ڕێگامگرتووە ... ڕێگامانگرتووە ...

بەخێوکردن - بەخێومکردووە ... بەخێومانکردووە ...

ئەم جۆرە فۆرمەی ڕابوردوو ، ئەگەرچی دەتوانێ چەند حاڵەتێکی جۆراوجۆر دیاری بکا ، بەڵام بە زۆری ئەنجامی ڕووداوێک ڕادەگەیەنێ ، کە ئەسەر و ئەنجامی لە کاتی ئێستادا هەبێ . وەک :

فەرشی کەففی بەری پێتە نەرگس
سەری داخستووە وەک چاوی حەیا

(نالی ، ل ١٢٦)

عەشرەت هاوارە ، عەشرەت هاوارە
کەوتوومە ئاراس ئاو بێبوارە

(پیرەمێرد ، ل ١١٦)

... داوای جەزایەکی زۆریان لێکردووە ، ئەویش پارەی نەبووە بیدا ماڵەکەیان فرۆشتووە .

(لە خەرما ، ل ٣٦)

بەئاسمانەوە ئەستێرەم دیوە ،
لە باغچەی بەهار گوڵم چنیوە ،
شەونمی درەخت لە ڕووم پژاوە ،
لە زەردەی زۆر گەل سەرنجم داوە ،

(گۆران ، ل ٩)

٤-ڕابوردووی دوور :

کەرەستەی بنەڕەتیی فۆرمی ڕابوردووی دوور بریتی‌یە لە قەدی هەر کردارێك و قەدی کرداری (بوون)و جێناوی لکاو .

ا-ئەگەر کردارەکە تێنەپەڕ بێ :

قەدی کردارێکی تێنەپەڕ + قەدی کرداری بوون + جێناوی بێهێز

سادە	:	بوون	–	بووبووم ... بووبووین ...
		کەوتن	–	کەوتبووم ... کەوتبووین ... [٢٠٥]
داڕێژراو	:	دابوون	–	دابووبووم ... دابووبووین ...
		داکەوتن	–	داکەوتبووم ... داکەوتبووین ...
لێکدراو	:	ئازادبوون	–	ئازادبووبووم ... ئازادبووبووین ...
		سەرکەوتن	–	سەرکەوتبووم ... سەرکەوتبووین ... [٢٠٦]

ب-بێتو کردارە ڕابوردووە دوورەکە تێپەڕبێ

سادە :

قەدی هەر کردارێکی تێپەڕ + قەدی کرداری (بوون) + جێناوی بەهێز

---

[٢٠٥] پێم هەموو بووبوو بە بلۆق ، هەناسە بڕکێ پێ کەوتبوو ...

(لەخەوما ، ل ٢٩ -٣٠)

لە ڕێگاکانا گوڵە زەرد یەکسەر

بووبووە زنجیرەی تەلاری پشتەسەر

(پیرەمێرد ، ل ١٤١)

[٢٠٦] میوەم دی لە توێی شێوەی عوریانا

گرژ بووبوو لەناو گەڵا ڕنزانا

(پیرەمێرد ، ل ١٥٠)

گرتن — گرتبووم ... گرتبوومان ...

کردم — کردبووم ... کردبوومان ...

داڕێژراو :

پێشگر + جێناوی بەهێز + قەدی هەر کردارێکی تێپەڕ + قەدی کرداری (بوون) :

داگرتن — دامگرتبوو ... دامانگرتبوو ...

ڕاکردن — ڕامکردبوو ... ڕامانکردبوو ...

لێکدراو :

وشەی واتادار + جێناوی بەهێز + قەدی هەر کردارێکی تێپەڕ + قەدی کرداری (بوون) .

ڕێگاگرتن — ڕێگامگرتبوو ... ڕێگامانگرتبوو ...

بەخێوکردن — بەخێومکردبوو ... بەخێومانکردبوو ...[٢٠٧]

فۆرمی کرداری ڕابوردووی دوور ڕووداوێك ڕادەگەیەنێ ، کە ڕوودانەکەی پێش ڕوودانی کردارێکی دی بکەوێ .

---

[٢٠٧] جوابیان نووسیبوو بە شەونم لەسەر گیا

تا ئاسمان پریشکی بەدی ئێوە هەڵڕژا

(پیرەمێرد ، ل ١٠٧)

بە دوو زوڵفی وەك زنجیر

پێم بەسترابوو وەك نێچیر

(پیرەمێرد ، ل ١٦٢)

بەوێنە ، كە دەڵێین : (كاتێ چووین بۆ لای ئازاد ، نووستبوو) ، ئەوە ئاشكرا دیارە ، كە (نووستن)ی ئازاد پێش (چوون)ی ئێمە كەوتووە - واتە بەر لەوەی بچینە لای ئازاد ، ئەو نوستبوو .

فۆرمی كرداری ڕابوردووی دوور تەنیا هەر ڕوودانێك ڕاناگەیەنێ ، كە ڕوودانەكەی پێش ڕوودانی كردارێكی دی كەوتبێ ، بەڵكو ئەوەش نیشان دەدا ، كە ئەو ڕوودانە دەشێ پێوەندی بە كاتێكی دیاری كراوەوە هەبێ . لەم هەل و مەرجەدا دەكرێ لە پێش فۆرمی ناوبراوەوە وشەی سەر بە ڕابوردووی ، وەك : (دوێنێ ، پێرێ ، پار ، پێرار ...) بەكاربهێنرێ :

ئازاد پار هاتبوو بۆ بەغدا

تێبینی :

١-لە كاتی ڕابوردوودا كرداری تێنەپەڕ جێناوی بێهێز وەردەگرێ و كرداری تێپەڕیش جێناوی بەهێزی دەخرێتە سەر .

٢-كردار كە تێنەپەڕ بوو چ ساد بێ و چ داڕێژراو و چ لێكدراو لە گشت حاڵەتێكی ڕابوردوودا - واتە (نزیك ، بەردەوام ، تەواو ، دوور) بێ ، جێناو لە كۆتاییەوە دێت .

٣-هاتنی جێناوی لكاو لەگەڵ كرداری تێپەڕدا بە دوو جۆر دەبینرێ :

أ-ئەگەر كردارەكە سادە بێ لە حاڵەتی ڕابوردووی نزیك و ڕابوردووی تەواو و ڕابوردووی دووردا دەكەوێتە كۆتایی و لە حاڵەتی ڕابوردووی بەردەوامدا لە پێش قەدی كردارەكەوە دێت .

ب-بێتو کردارەکە ناسادە (دارێژراو یان لێکدراو) بێت ، لە حاڵەتی ڕابوردووی نزیک و ڕابوردووی تەواو و ڕابوردووی دووردا دەکەوێتە سەرەتای قەدی کردارەکە ، بەڵام لە حاڵەتی ڕابوردووی بەردەوامدا لە پێش نیشانەی (دە / ئە)ەوە دێت .

* * *

لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروشدا ، هەروەک دیالێکتی کرمانجیی خواروو ، کرداری ڕابوردوو چوار جۆری هەیە : (١-ڕابوردووی نزیک ؛ ٢-ڕابوردووی بەردەوام ؛ ٣-ڕابوردووی تەواو ؛ ٤-ڕابوردووی دوور) . لە ڕووی دەور و گەیاندنی مەبەستیشەوە خاوەنی هەمان دەور و هەمان مەبەستن . وێڕای ئەوەش ، لەوەشدا بەتەواوی یەک دەگرنە ، کە کردارە تێنەپەڕەکان نەک هەر بە هەمان شێوەی خواروو جێناوە لکاوەکانی دەستەی بێ‌هێز وەردەگرن ، بەڵکو وەک ئەویش لە کۆتاییەوە دین . بەوێنە :

١-ڕابوردووی نزیک :

ئەز کەتم

...

هوون کەتن

...[208]

---

[208] ... گولە ل ماعرێ سەر گەنجۆری ڕەشۆتانکی نەکەت ، لێ چوو ل دێلا ماعرێ سپی چیل کەت ...

(کوردۆ ، ل ٣٥)

٢-ڕابوردووی بەردەوام :

ئەز دکەتم

...

هوون دکەتن

...[٢٠٩]

٣-ڕابوردووی تەواو

ئەز کەتمە

...

هوون کەتنە

...[٢١٠]

٤-ڕابوردووی دوور :

ئەز کەتبووم

...

هوون کەتبوون

...[٢١١]

جیاوزای تەنیا لە کرداری تێپەڕدا هەیە ، ئەویش هۆی ئەوەیە ، جێناوە لکاوەکانی دەستەی یەکەم - واتە بەهێزەکان ، کە لە دیالێکتی کرمانجیی

---

(٢٠٩) ... دەما ئەو برێڤە دچوو ، شوین پێت وێ دبون تەقالێت زێڕی ...

(خالید حسێن ، ل ٨)

(٢١٠) ئەم کەتنە چۆلان و کەربەلانە .

(مەمێ ئالان ، ل ٤٠)

هەردوو ماعر ... جزیکاڤ کشیان چوون ، کەتنە مالا وی ...

(کوردۆ ، ل ٣٦)

(٢١١) ژنا عەلی مەمەد ... بووبوو گورا هار ، ب مێرێ خوەدا کەتبوو ...

(کوردۆ ، ل ٣٢)

خوارووودا زۆر چالاکن و بە شێوەییێکی سەرەکی دەچنە سەر کرداری تێپەڕی ڕابوردوو ، لە دیالێکتی کوردیی ژووروودا بە هیچ چەشنێك نابینرێن

لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا کرداری ڕابوردووی تێپەڕ بە دوو جۆر دەبینرێ :

ا-دەرکەوتنی جێناوی لکاوی دەستەی دووەم - واتە بێهێز :

ئەگەر لە ڕستەدا بەرکار هەبێ ، ئەو دەمە جێناوە لکاوە بێهێزەکان دێنە سەر کۆتایی کردار ، وەك :

١-ڕابوردووی نزیك :

تە ئەز شاندم

من هوون شاندن

...

٢-ڕابوردووی بەردەوام :

تە ئەز دشاندم

من هوون دشاندن

....

٣-ڕابوردووی تەواو :

تە ئەز شاندم

من هوون شاندنە

...

٤-ڕابوردووی دوور :

تە ئەز شاندبووم

من هوون شاندبوون

...

ب-دەرنەکەوتنی جێناوی لکاو :

ئەگەر لە ڕستەدا بەرکار نەبێ ، ئەو کاتە جێناوی لکاو پەیدا نابێ و کردارەکە لە یەک فۆرمدا بۆ هەموو کەسەکانی ژمارەی تاک و کۆ دەبینرێ .

وەک :

١-ڕابوردووی نزیک :



٢-ڕابوردووی بەردەوام :



٣-ڕابوردووی تەواو :



٤- ڕابوردووی دوور :



-٢-

ڕێژەی ئینشائی

لە زمانی کوردیدا کردار لە ڕێژەی ئینشائی‌دا ، هەروەك ڕێژەی ئیخباری بەسەر ڕابوردوو و ڕانەبوردوودا دابەش دەبێ و (بـ - bi)و (با)و (ایە)ش سێ نیشانەی گرنگی ئەو ڕێژەیەن .

کاتی ڕانەبوردوو

لە دیالێکتی کرمانجیی خواروودا چۆن لە ڕێژەی ئینخباریدا کردار چ تێپەڕبێ و چ تێنەپەڕ ، چ سادە و چ دارێژراو و چ لێکدراو نیشانەی (دە // ئە) دەخرێتە پێش کاتی ڕانەبوردوویەوە و بە دوا ڕەگەکەشیدا جێناوی لکاوی جۆری بێهێز دادەنرێ ، لە ڕێژەی ئینشائی‌یشدا بە هەمان جۆرە و تەنیا ئەوەندە هەیە نیشانەی (بـ - bi) لە بریتی (دە // ئە) دادەنرێ . لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروشدا ئەم نیشانەی (بـ - bi)ە بە هەمان شێوەی دیالێکتی کرمانجیی خواروو دەبینرێ .

*تێنەپەڕ :

سادە	:	بوون	–	ببم ... ببین ...
		کەوتن	–	بکەوم ... بکەوین ...
دارێژراو	:	دابوون	–	دابیم ... دابیین ...
		داکەوتن	–	دابکەوم ... دابکەوین ...

لێکدراو	:	ئازادبوون	–	ئازادببم ... ئازاد ببین ...
		سەرکەوتن	–	سەربکەوم ... سەربکەوین ...

*تێپەڕ

سادە	:	گرتن	–	بگرم ... بگرین ...
		کردن	–	بکەم ... بکەین ...
دارێژراو	:	داگرتن	–	دابگرم ... دابگرین ...
		ڕاکردن	–	ڕابکەم ... ڕابکەین ...
لێکدراو	:	ڕێگاگرتن	–	ڕێگابگرم ... ڕێگابگرین ...
		بەخێوکردن	–	بەخێوبکەم ... بەخێوبکەین ...

فۆرمی کاتی ڕانەبوردووی ئینشائی دەشێ بۆ مەبەستی دەربڕینی هیوا و ئاوات و مەبەست و توانست و تکا و دوعا و پاڕانەوە و نیاز و ڕازیبوون و جەخت و هاندان و هەڕەشە و پەسەندکردن و ڕاڵیبوون و گومان و دوودڵی و ترس و پرس و مەرج ... بەکاربهێنرێ .

چەند نموونەیەك :

ئاواتە خوازم کە زوو پێبگەی
بەشەرتێ کە من ڕەنجەڕۆ نەکەی

(بێ کەس ، ل ١٥٤)

چ خۆشە دەستەیەك دڵسۆز و یاران
ڕەفیقی یەکتری بێ غەرزکاران
بە تاقم پێکەوە فەسڵی بەهاران

بچینە بەزم و ڕەزم و کەیف و سەیران

لەسەر ئاوێ بە کۆمەڵ دابنیشین

بە نەشئەی بەستەوە بادە بنۆشین

(بێ کەس ، ل ١٥٧)

نای بۆ دەنگ خۆشێك لەگەڵ شمشاڵێ

بە نای‌نایەوە تیر بۆم بناڵێ

(پیرەمێرد ، ل ١٠٨)

بە ڕەنگی زەرد و شێوەی دەست و شمشاڵی گزا ، دەروێش

حەزم کرد بەستەیەك ببیەم سەراسەر حوزن و ماتەم بێ

(گۆران ، ل ١١٩)

... ئەمویست سەعاتێك زووتر بگەمە جێی مەقصەد و هەموو ئومێدێکم لەوێ پێك بێت و لەم نارەحەتی و ترس و لەرزە نەجاتم ببێت ...

(لەخەوما ، ل ٣١)

کەرووی لێنیشت گەردی شیعرم ،

هەی جوانەمەرگ خۆم ! هەی بمرم ! ..

(گۆران ، ل ٣٩)

ساخوایە هەلکەی گزەی شەماڵێ

هەوای زەنگی غەم لە دڵ بماڵێ

(پیرەمێرد ، ل ١٠٨)

لە ناکەس کارییا ، خاکم بەسەر ، ڕۆیی بە با عومرم

خودا ! تۆ بمرێنە تا لەبەر قاپیی کەسێ دەمرم

(مەحوی ، ل ٢٢٠)

شەرتە شەرتی پیاوەتی بێ گەر خودا دەستم بدا

دوژمنت پەت ئەم وەکوو سەگ بیخەمە ژێر پێتەوە

(بێکەس ، ل ٥٦)

ڕۆڵە ، لای‌لایە ... (شێرکۆ) لای‌لایە ...

یاخوا شێرانە بێیتە ناو کایە ...

(بێکەس ، ل ١٥٢)

دەگەی نەخچیری صەد دڵ هەر بە تیرێ

ئیلاهی هەر بمێنێ دەست و بازووت

(نالی ، ل ١٥١)

ڕۆژی تێکۆشانە ، سادەی هیمەتێ تاکوو زووە

بەشکو لەم حاڵە نەجاتمان بێ و لە دیلی دەربچین ...

(بێکەس ، ل ٧٩)

... ئەبێ سبحەینێ ئەم کوڕە بە (ضابط) قەید بکات ...

(لەخەوما ، ل ٤٦)

جارێ ئەبێ بزانین ئەمانە لە کوێوە هات

چی چاکترە لەمانە بۆ بەرزیی وڵات

(پیرەمێرد ، ل ٢٥١)

بەسەر پایزی زەردا با بە خوڕ بگری ، بەکوڵ بگری ،

لەسەر ئاخر گەڵا ، ئاخر چڵی تەنیایی گوڵ بگری !

(گۆران ، ل ١٦٥)

به ئاهم گەر ڕەقیبانت بسووتێنن ئەی گوڵی ڕەعنا
مەڕەنجە ، توو خودا شوغلە لە ئاقاری چقل چ بکا ؟

(مەحوی ، ل ١٤)

چی بچێنیت ، ئەوە ئەدرووێتەوە

(پەندی پێشینان ، ل ١٧٨)

بچێتە سەر سیروان وشکی دەکا

(پەندی پێشینان ، ل ٨١)

بۆ گریەیی تۆ ڕەنگە منیش هێندە بگریم
گەوهەر برژێنین بە بوڵندیی قەد و باڵات

(نالی ، ل ١٣٩)

منم سەرگردەتان بۆ لەشکری غەم
دەترسم من برۆم ، بشکێ سوپاتان

(نالی ، ل ٣١٩)

... هەر خێرا خێرا ئەمپرسی ، زۆرمان ماوە بگەینە شار یان نا ؟

(لە خەوما ، ل ٣١ – ٣٢)

... هتد [٢١٢]، [٢١٣]

---

[٢١٢] شایانی باسە ، مامۆستا نووری عەلی ئەمین "ڕێزمانی کوردی ، ل ١٧٨ – ١٧٩)و د. زارێ یووسف "دیالێکتی سلێمانی زمانی کوردی ، ل ٩٧ – ٩٨" ... باسی هەندێ لەو مەبەستانەی دەربڕینی ڕانەبوردووی ئینشائییان کردووە .

[٢١٣] لیژنەی زمان و زانستەکانی کۆڕی زانیاری کورد ڕێژەی کاتی ڕانەبوردووی ئینشائی بە جۆرێك لە کرداری داخوازی لە قەڵەم داوە و بە ناوی (فەرمانی ناصەریح)ەوە لێی دواوە (ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی ، ل ٢٢٢ – ٢٢٣) ، کەچی وشەکانی (بکەوتیامایە ، بم گرتبایە ، بووبم ، گرتبم ...)ی بە ڕێژەی ئینشائی داناوە . لە ڕاستیدا هەردوو جۆرەکە ڕێژەی ئینشائین و ئەوەندە هەیە (بخوێنن ، بچم ، بمرێ ، بیکەی ،

=

هەندێ کرداری ئەو نموونانە ، ئەگەرچی دەشێ پرۆتسیسی ڕوودانی کارێك ، کە ڕاستی‌یێك نیشان بدا ڕابگەیەنێ یاخود مەبەستێکی گشتیی بەرفراوان بگرێتە خۆ ، بەڵام زۆربەی زۆریان پرۆتسێسی ڕوودان لە کاتی ئایندەدا دەخەنە ڕوو و بۆیە هەڵە نی‌یە ، ئەگەر فۆرمی ڕانەبوردووی ڕێـژەی ئینشائی بە کاتی ئایندە دابنرێ . وا پێ‌دەچێ لەبەر هەمان هۆش بێ ، لە هەندێ لێکۆڵینەوەی سەر بە دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا ، وشەکانی : (بکەڤم ، بکەڤی ، بکەڤە ، بکەڤن ...) بە کاتی ئایندە دانراون .

لە دیالێکتی کرمانجیی خوارووداا نیشانەیێکی وا نی‌یە بچێتە سەر فۆرمی کاتی ئێستا و بیکاتە کاتی ئایندە ، بەڵام لە دیالێکتی ژووروی کوردیدا فۆرمێکی تایبەتی بۆ کاتی ئایندە پەیدابووە ، ئەویش ئەوەیە ، کە نیشانەی (دێ) ، (وێ) دەخرێتە دوای وشەی کاراوە یان بەتەنیا بەکاردێنرێ یان لە شێوەی جێناوی لکاوی (ێ)دا دەردەبڕِێ . وەك :

ئەز	دێ	بکەڤم	ئەز	وێ	بکەڤم	ئەزێ بکەڤم
تو	دێ	بکەڤی	تو	وێ	بکەڤم	توێ بکەڤی
ئەو	دێ	بکەڤە	ئەو	وێ	بکەڤە	ئەوێ بکەڤە

=

بکات ...) لە کاتی ڕانەبوردوودان و (بکەوتبامایە ، بم گرتبایە ، بووبم ، گرتبم ...)یش لە کاتی ڕابوردوودان . لە کاتێکدا کە ئەم ڕەخنەیە لە لیژنەی ناوبراو دەگرم ، پێ لەو ڕاستی‌یەش دەنێم ، کە خۆشم لە بەرگی یەکەمی بەشی دووەمی ئەم کتێبەدا (ل ١٧٨ ، ١٨١ ، ١٨٦ – ١٨٧ ...)دا تووشی هەمان هەڵە بووم .

ئەم		ئەم		ئەمێ	
هوون	دێ بکەڤن	هوون	وێ بکەڤن	هوونێ	بکەڤن
ئەو		ئەو		ئەوێ	

... هتد .[٢١٤]

نیشانەکانی (دێ)و (وێ) ئەگەرچی تا ئێستا لێکۆڵینەوەی تێر و تەسەلیان لەبارەوە نەکراوە و به تەواوی ئەسڵیان ساغ نەکراوەتەوە ، بەڵام هەندێ ڕا و بۆچوون نیشان دراوە ، کە شایانی باسن :

لەبارەی (دێ)وە د. جەمال نەبەز نووسیویە : " یا بریتی‌یە لە گەردان کردنی چاوگەی کاری (ویستن) ، چونکە گەردان کردنی ئەم چاوگەیە و بەکارهێنانی بۆ پیشاندانی کاری هاتوو ، هێندێ جار لە کرمانجی‌ی نێوەڕاستیشدا دەبینرێ . بۆ وێنە جاری وا هەیە کە بتەوێ لە پاشەڕۆژدا بچیت بۆ بەغدا دەڵێیت : (دەمەوێ بچم بۆ بەغدا) . واتا بە بەکارهێنانی کاری (دەمەوێ) وای پیشان دەدەیت کە لە پاشەڕۆژدا (نەک ئێستە) دەچێت بۆ بەغدا . دە کاری هاتوو لە کرمانجی‌ی ژووروودا ؛ ڕەنگە هەر ئەم (دەمەوێ)یە بێ لە بنچینەدا . ئەوجا دەبێ بزانین کە وشەی (دەوێ) بە کرمانجی‌ی ژووروو (دڤێ)یە . کەواتە دەبێ ئەو (دێ)یە لەم (دڤێ)یەوە هاتبێ . واتا (دڤێ) بووە بە

[٢١٤] لە سەرجەمی ئەو لێکۆڵینەوانەدا ، کە لەم کێشەیە دواون ، ئەو حاڵەتەیان بە کاتی ڕانەبوردووی جۆری دووەم لە قەڵەم داوە و بە لای ئەوەدا نەچوون ، کە ئەمە کاتی ئایندە بێ لە ڕێژەی ئینشائیدا (بە وێنە بڕوانە : ق. کوردۆیێف ، دەستووری زمانی کوردی ، مۆسکۆ ، ١٩٥٧ ، ل ٢٠٧ – ٢٠٨ ؛ ج. خ. باکاییڤ ، زمانی کوردەکانی سۆڤێت ، مۆسکۆ ، ١٩٧٣ ، ل ١٨٠ – ١٨١ ؛ ڕ. ل. تسابۆلۆڤ ، لەبارەی مێژووی مۆرفۆلۆژیی زمانی کوردییەوە ، مۆسکۆ ، ١٩٧٨ ، ل ٦٥ – ٦٦ ...) .

(دێ) و (دێ)ش بووه به (ئێ) . واتا بۆ وێنه (ئەز دڤێ بچم) بووه به (ئەز دێ بچم)و ئەوجا بووه به (ئەزێ بچم) .

ئا لەم ڕووەوە - ئەگەر ئەم لێکدانەوەیەی سەرەوە ڕاست بێ - دەبینین فارسی‌ی تازەش هەر ئەم ڕێیەی گرتووه بۆ داتاشینی کاری هاتووه . واتا دۆخی هاتوو (حالة المستقبل)ی لە چاوگەی کاری (خواستن) - واتا (ویستن)ەوه دروست کردووه . بۆ وێنه که بڵێیت : (من میروم) - واتا (من دەڕۆم) ، بەڵام که بڵێیت : (من خواهم رفت) - واتا (من دەمەوێ - لەمەولا - بڕۆم) . به کورتی (من به تەمام بڕۆم) .

یابریتی‌یه لە کەسی سێیەمی کاری (هاتن) که (دێ)یه . واتا ئەوەی به عەرەبی (یأتی) دەگرێتەوه . بەم جۆره که گوتت (ئەز دکەڤم) مانای (انا اقعُ) - واتا (من دەکەوم) . بەڵام که گوتت (ئەز دێ کەڤم) ئەمە مانای (انا یأتی وقت او یوم اقعُ فیه) . واتا (من کاتێك دێ که دەکەوم) . به کورتی (انا ساقعُ)ی عەرەبی دەگرێتەوه" (زمانی یەکگرتووی کوردی ، بامبێرگ ، ١٩٧٦ ، ل ٤٦) .

ڕ. ل. تسابۆلۆڤیش دەربارەی (وێ) وتوویه : "لە ئەنجامی بەراوردکردنی شێوازی دەربڕینی فۆرمی ئایندەی کوردی لەگەڵ ئەو جۆره فۆرمانەی زمانه ئێرانی‌یەکاندا ڕەنگه بگەینه ئەنجام . لە زمانی فارسیدا بۆ ئەم بەکارهێنانانه لە بناغەی کاتی ئێستای کرداری (خواستن)ەوه فۆرمی تایبەتی دروست بووه . لە زمانی سوگدی و خوارەزمیشدا لە بناغەی کاتی ئێستای (کەم) - واتە (ویستن)ەوه هەمان فۆرم پێکهاتووه . دەشێ بیر بۆ ئەوه بچێ ، که لە کرمانجیی ژووروودا (وێ) لە بناغەی کاتی ئێستای کرداری (خواستن)ەوه ، که (خوازِ)ە کەوتبێتەوه . لە کرمانجیی خوارووا ئەو کرداره لە فۆرمی (ویستن)ەوه وەرگیراوه و لە شێوەی بناغەکەیدا کە (وێ)یە دەرکەوتووه ، بەڵام لەم

دیالێکتەدا فۆرمی تایبەتی بۆ دەربڕینی کاتی ئایندە نی‌یە و پێکهاتنی ئەو حاڵەتە بە یاریدەی وشەی تر سازدەبێ .

بەپێی بوونی قالبی وەك (شیان) ، بیر بۆ ئەوە دەچێ کە نیشانەی (وی) بناغەی (ویان) بێ ، کە لە شێوەی ئاکرێ‌دا بەکاردێنرێ" (لە بارەی مێژووی مۆرفۆلۆژیی زمانی کوردییەوە ، مۆسکۆ ، ١٩٧٨ ، ل ٦٤ - ٦٧) .

لەو تێکستە کوردییانەی ناوچەی بادینانی عێراقدا ، کە د. مەکسیمی خەمۆ تۆماری کردوون (دا)ش وەك (دێ ، وێ) نیشانەی کاتی ئایندە خۆی دەنوێنێ . بۆ نموونە : (ئەز دا کەڤم ، تو دا کەڤی ...) [٢١٥]. سەبارەت بەم حاڵەتە ئەم نووسەرە وتوویە : ئەم فۆرمەی کاتی ئایندە لە شێوەی بادیناندا هەیە یەکجار کەم بەکاردێنرێ و یاریدەی ڕاگەیاندنی ڕوودانێکی ڕابوردووی مەرجی دەدات [٢١٦] ...

مامۆستا جگەر خوێن یش لە لاپەڕە (١٥٢ - ١٥٣)ی کتێبی "اوا ئو دەستوورا زمانێ کوردی)دا (ئێ)یشی لەگەڵ (دێ ، وێ)دا بە نیشانەی کاتی ئێستا داناوە و (ئێ نان بخوێ ؛ ئێ ئیرۆ چی ...)یشی بە نموونە بۆ هێناونەتەوە .

---

[٢١٥] سەرنج ڕاکێش ئەوەیە ، کە لەم حاڵەتەدا نیشانەی (بـ - bi) نی‌یە .

[٢١٦] د. مەکسیمی خەمۆ ، زمانی کوردەکانی بادینانی کوردستانی عێراق ، کتێبی "وڵاتان و میللەتانی ڕۆژهەڵاتی نێزیك و ناوەڕاست" ، ب ٧ ، یەریڤان ، ١٩٧٥ ، ل ٣٤٦) .

کاتی ڕابوردوو

ڕێژەی ئینشائیش وەك ڕێژەی ئیخباری چوار جۆر ڕابوردوو (١-نزیك ؛ ٢-بەردەوام ؛ ٣-تەواو ؛ ٤-دوور)ی هەیە و بە هەمان شێوەش جێناو وەردەگرن .

١-ڕابوردووی نزیك :

ا-تێنەپەڕ

سادە : بوون - بووبام ... بووباین ...

کەوتن - کەوتبام ... کەوتباین ...

واتە : قەد + نیشانەی (با) + جێناوی لکاوی بێهێز

داڕێژراو	:	دابوون	-	دابووبام ... دابووباین ...
		داکەوتن	-	داکەوتبام ... داکەوتباین ...
واتە	:	پێشگر +		قەد + (با) + جێناوی لکاوی بێهێز
لێکدراو	:	ئازادبوون	:	ئازادبووبام ... ئازادبووباین ...
		سەرکەوتن	:	سەرکەوتبام ... سەرکەوتباین ...
واتە	:	وشەیێکی واتادار +		قەد + (با) + جێناوی لکاوی بێهێز

ب–تێپەڕ :

سادە	:	گرتن	–	گرتبام ... گرتبامان ...
		کردن	–	کردبام ... کردبامان ...
واتە	:	قەد + (با) + جێناوی لکاوی بەهێز		
داڕێژراو	:	داگرتن	:	دامگرتبا ... دامانگرتبا
		ڕاکردن	:	ڕامکردبا ... ڕامانکردبا
واتە	:	پێشگر + جێناوی لکاوی بێهێز + قەد + (با)		
لێکدراو	:	ڕێگاگرتن	–	ڕێگامگرتبا ... ڕێگامانگرتبا
		بەخێوکردن	–	بەخێومکردبا ... بەخێومانکردبا
واتە	:	وشەیێکی واتادار + جێناوی لکاوی بەهێز + قەد + (با)		

٢–ڕابوردووی بەردەوام .

ا–تێنەپەڕ

سادە	:	بوون	–	ببووبامایە ...	یاخود	ببوومایە ...
				ببووبایینایە ...		ببووینایە ...
		کەوتن	–	بکەوتبامایە ...		بکەوتمایە ...
				بکەوتبایینایە...		بکەوتینایە ... [٢١٧]
واتە	:	ب + قەد + با + جێناوی بێهێز + ایە				
یاخود	:	ب + قەد + جێناوی بێهێز + ایە .				
داڕێژراو	:	دابوون	–	دابووبامایە ...	یاخود	دابوومایە
				دابووبایینایە ...		دابووینایە
		داکەوتن	–	داکەوتبامایە ...		داکەوتمایە
				داکەوتبایینایە ...		داکەوتینایە

[٢١٧] خۆزگەم ئەمەیە ئێستە تۆ

بهاتینایە گفتوگۆ

(بێکەس ، ل ١٥٥)

واتە : پێشگر + قەد + با + جێناوی لکاوی بێهێز + ایە .
یاخود : پێشگر + قەد + جێناوی لکاوی بێهێز + ایە .
لێکدراو : ئازادبوون – ئازادبووبامایە ... یاخود ئازادبوومایە
ئازادبووباینایە ... ئازادبووینایە
سەرکەوتن : سەرکەوتبامایە ... سەرکەوتمایە
سەرکەوتباینایە ... سەرکەوتینایە
واتە : وشەیێکی واتادار + قەد + با + جێناوی لکاوی بێهێز + ایە .
یاخود : وشەیێکی واتادار + قەد + جێناوی لکاوی بێهێز + ایە .

ب–تێپەڕ
سادە : – بم گرتبایە[٣١٨] ... یاخود بمگرتایە
بمان گرتبایە ... بمانگرتایە
کردن – بم کردبایە ... بمکردایە ...
بمانکردبایە ... بمانکردایە ...[٣١٩]
واتە : ب + جێناوی لکاوی بەهێز + قەد + با + ایە .
یاخود : ب + جێناوی لکاوی بەهێز + قەد + ایە .
داڕێژراو : داگرتن – دامبگرتبایە ... یاخود دامبگرتایە
دامانبگرتبایە ... دامانبگرتایە
ڕاکردن – ڕامبکردبایە ... ڕامبکردایە
ڕامانبکردبایە ... ڕامانبکردایە
واتە : پێشگر + جێناوی لکاوی بەهێز + ب + قەد + با + ایە .

---

(٣١٨) کاتێ کە (با)و (ایە) پێکەوە دێن لە دوو بزوێنی (ا)ی کۆتایی (با)و (ا)ی کۆتایی (با)و (ا)ی سەرەتای (ایە)یە یەکێکیان دەمێنێتەوە ، چونکە لە زمانی کوردیدا دوو بزوێن پێکەوە نایەن .

(٣١٩) ئەگەر کاوێژی بکردایە ، گۆشتی ئەخورا

(پەندی پێشینان ، ل ٣٤)

یاخود : پێشگر + جێناوی لکاوی بەهێز + ب + قەد + ایە .

لێکدراو : ڕێگاگرتن – ڕێگامبگرتبایە ... یاخود ڕێگامبگرتایە
ڕێگامانبگرتبایە ... ڕێگامانبگرتایە
بەخێوکردن – بەخێومبکردبایە ... بەخێومبکردایە
بەخێومانبکردبایە ... بەخێومانبکردایە

واتە : وشەیێکی واتادار + جێناوی لکاوی بەهێز + ب + قەد + با + ایە .

یاخود : وشەیێکی واتادار + جێناوی لکاوی بەهێز + ب + قەد + ایە .

٣–ڕابوردووی تەواو

ا–تێنەپەڕ

سادە : بوون – بووبم ... بووبین ...
کەوتن – کەوتبم ... کەوتبین ...

واتە : قەد + ب + جێناوی لکاوی بێهێز

دارێژراو : دابوون – دابووبم ... دابووبین ...
داکەوتن – داکەوتبم ... داکەوتبین ...

واتە : پێشگر + قەد + ب + جێناوی لکاوی بێهێز

لێکدراو : ئازادبوون – ئازادبووبم ... ئازادبووبین...
سەرکەوتن – سەرکەوتبم ... سەرکەوتبین ...

واتە : وشەیێکی واتادار + قەد + ب + جێناوی لکاوی بێهێز

ب–تێپەڕ

سادە : گرتن – گرتبم ... گرتبمان ...
کردن – کردبم ... کردبمان ...

واتە : قەد + ب + جێناوی لکاوی بەهێز

دارێژراو : داگرتن – دامگرتبێ... یاخود – دامگرتبێت
دامانگرتبێ... – دامانگرتبێت

	ڕاکردن	ڕامکردبێ ... –	ڕامکردبێت
		ڕامانکردبێ ... –	ڕمانکردبێت
واته	:	پێشگر + جێناوی لکاوی بەهێز + قەد + ب + جێناوی لکاوی بێ هێز	
لێکدراو	:	ڕێگاگرتن – ڕێگامگرتبێ ... یاخود ڕێگامگرتبێت	
		ڕێگامانگرتبێ ...	ڕێگامانگرتبێت
	بەخێوکردن –	بەخێومکردبێ ...	بەخێومکردبێت
		بەخێومانکردبێ ...	بەخێومانکردبێت
واته	:	وشەیێکی واتادار + جێناوی لکاوی بەهێز + قەد + ب + جێناوی لکاوی بێهێز	

٤–ڕابوردووی دوور :

أ–تێنەپەڕ

سادە	:	بوون – بووبووبامایە ...	یاخود	بوربوومایە
		بووبووبایێنایە...		بووبووینایە
		کەوتن – کەوتبووبامایە...		کەوتبوومایە
		کەوتبووبایێنایە ...		کەوتبووینایە

واته : قەدی هەر کردارێك + قەدی کرداری (بوون) + با + جێناوی لکاوی بێ هێز + ایە

یاخود : قەدی هەر کردارێك + قەدی کرداری (بوون) + جێناوی لکاوی بەهێز + ایە

دارێژراو	:	دابوون – دابووبووبامایە	یاخود	دابووبوومایە ...
		دابووبووبایێنایە		دابووبووینایە ...
		داکەوتن –داکەوتبووبامایە		داکەوتبوومایە...
		داکەوتبووبایێنایە		داکەوتبووینایە ...

واته : پێشگر + قەدی هەر کردارێك + قەدی کرداری (بوون) + با + جێناوی لکاوی بێ هێز + ایە

یاخود : پێشگر + قەدی هەر کردارێك + قەدی کرداری (بوون) + جێناوی لکاوی بەهێز + ایە

لێکدراو	:	ئازادبوون – ئازادبووبووبامایە	یاخود	ئازادبووبوومایە
		ئازادبووبووبایێنایە		ئازادبووینایە ...

سەرکەوتن –سەرکەوتبووبامایە   سەرکەوتبوومایە

سەرکەوتبووباینایە   سەرکەوتبووینایە

واتە : وشەی واتادار + قەدی هەر کردارێك + قەدی کرداری (بوون) + با + جێناوی لکاوی بێ هێز + ایە

یاخود : وشەیێکی واتادار + قەدی هەرکردارێك + قەدی کرداری (بوون) + جێناوی لکاوی بێ هێز + ایە

ب–تێپەڕ

سادە : گرتن – گرتبوومانایە ...   گرتبوومایە

کردن – کردبوومانایە   کردبوومایە ...

واتە : قەدی هەر کردارێك + قەدی کرداری (بوون) + با + جێناوی لکاوی بە هێز + ایە

یاخود : قەدی هەر کردارێك + قەدی کرداری (بوون) + جێناوی لکاوی بەهێز + ایە

داڕێژراو : داگرتن – دامگرتبووبایە ...   یاخود   دامانگرتبووایە

دامانگرتبووبایە   دامانگرتبووایە ...

ڕاکردن – ڕامکردبووبایە   ڕامکردبووایە ...

ڕامانکردبووبایە   ڕامانکردبووایە ...

واتە : پێشگر + قەدی هەرکردارێك + قەدی کرداری (بوون) + با + جێناوی لکاوی بێ هێز + ایە

یاخود : پێشگر + قەدی هەرکردارێك + قەدی کرداری (بوون) + جێناوی لکاوی بەهێز + ایە

لێکدراو : ڕێگاگرتن – ڕێگامگرتبووبایە ...   یاخود   ڕێگامگرتبووایە

ڕێگامانگرتبووبایە   ڕێگامانگرتبووایە ...

بەخێوکردن –بەخێومکردبووبایە   بەخێومکردبووایە ...

بەخێومانکردبووبایە   بەخێومانکردبووایە ...

واتە : وشەی واتادار + جێناوی لکاوی بەهێز + قەدی هەر کردارێك + قەدی کرداری (بوون) + با + ایە

یاخود : وشەی واتادار + جێناوی لکاوی بەهێز + قەدی هەر کردارێك + قەدی کرداری (بوون) + ایە

تێبینی :

(بـ – bi)و (با)و (ایە) سێ نیشانەی کرداری ڕابوردووی ئینشائین :

١–وا پێدەچێ ئەو نیشانەی (بـ - bi)ەی لە پێش ڕەگی ڕانەبوردووی ئینشائی‌یەوە بە ڕەوانی و بێگرێ دێت و دەردەکەوێ ، لە کاتی ڕابوردووشدا هەر هەبێ ، چونکە :

ا–لە کاتی ڕابوردووی بەردەوامدا بە هەمان شێوە خۆی دەنوێنێ – واتە لە سەرەتای بناغەی کردارەکەوە دێت . وەك :

ڕانەبوردوو : بکەوم ... بگرم ...

ڕابوردوو : بکەوتبامایە ... بمگرتبایە ...

ب–لە کاتی ڕابوردووی تەواودا دەکەوێتە دوا قەدی کردارەوە . وەك :

کەوتبم

گرتبم

جـ– لە هەندێ حاڵـەتدا ، بەتایبەتی لە کرداری تێنەپەڕی ڕابوردووی نزیکدا ، وا پێدەچێ بە ئەسڵ هەبێ و بۆ سووك‌کردن و ئاسانی قووت بدرێ . وەك :

بکەوتبام – کەوتبام

د– واش ڕێ دەکەوێ بە هیچ چەشنێك بەکارناهێنرێ ، جا هۆ قورسیی دەربڕین بێ یان هەر شتێکی دی . بەوێنە ، لە کرداری تێپەڕی ڕابوردووی نزیکدا دەوترێ : گرتبام ، کردبام ... و ناوترێ : بگرتبام ، بکردبام ...

٢–نیشانەی (با) هەمیشە بە دوا قەدی کرداردا دێت : (کەوتبام – کەوت + با + م ؛ گرتبام – گرت + با + م ؛ بکەوتبامایە – ب + کەوت + با + م + ایە ؛ بم گرتبایە – ب + م + گرت + با + ایە ...)و ئەمیش گەلێ جار و لە زۆر ناوچە

قــووت دەدرێ و لــە بریتــی (بکەوتبامایــە ، بم گرتبایــە ، کەوتبووبامایــە ، گرتبووبامایــە ...) دەڵێــن : (بکەوتمایــە ، بم گرتایــە ، کەوتبوومایــە ، گرتبوومایە ...)

٢-لە وشەیەکدا چ هەرسێ نیشانەکە (بـ - bi، با ، ایە) هەبن و چ دوانیان ، هــەرگیز (ایــە) لــە پێــش (بــا)وە نایــەت و (بــا)ش ناکەوێتــە پێــش (بـ - bi)ەوە . وەك :

*بوونی هەرسێ نیشانەکە . وەك :

بکەروتبامایە

ب با ایە

*بوونی دوانیان :

ا- (ب)و (با) :

بکەوتبام

ب با

ب_(با)و (ایە) :

کەوتبووبامایە

با ایە

فۆرمی کاتی ڕابوردووی ئینشائی بە زۆری بۆ مەبەستی داوا و ئــاوات و ئــارەزوو و دوعــا و پاڕانــەوە و مــەرج و پــرس و پێویســتی و ئیحتیمــال و تەصەور ... بەکاردێنرێ و لە ڕاگەیاندنی ئەو واتایانەشدا بەتایبەتی ئامراز و وشەی وەك : (خۆزگە ، کاشکی ، بریــا ، بــەڵکو ، ئەگــەر ، دەبــوو ، دەبوایــە ، دەبێ ، ڕەنگە ، دەشێ ...) هاریکاری دەکەن .

چەند نموونەیێک :

خۆزگە بڕۆیشتمایە و ڕزگارم بووایە .
کاشکی بمدیایە و کتێبەکەم لێوەربگرتبایە .
بریا بچووبوومایە و گلەییم نەهێنایەتە سەر - ۆم .
بریا بمردایە و لەسەر جێگە نەکەوتبایە
بەڵکو کەوتبم و هەستم پێ نەکردبێ .
ئەگەر بچووینایە ، پێیان دەزانی .
دەبوو بمان گرتبایا و تێرمان تێهەڵبدابایە .
دەبوایە بمان کڕیبایە
دەبێ زوو هاتبێ و زوو ڕۆیشتبێ
ڕەنگە چووبن بۆ بازاڕ .
دەشێ گەڕابن و ئێمەیان نەدۆزیبێتەوە .
... هتد .

لە زمانی کوردیدا لە نێو هەر چوار جۆرە ڕابوردووەکەی ئینشائیدا ، ڕابوردووی بەردەوام لە هەموان پتر بەکاردێ و بە دوا ئەویشدا ڕابوردووی تەواو و ڕابوردووی دوور . هەرچی ڕابوردووی نزیکە یەکجار کەم لە کاردایە .

فۆرمی کاتی ڕابوردووی نزیک بە گشتی بۆ ڕوودانی کارێک لە کاتی ڕابوردوودا بەکاردێنرێ و هەندێ جاریش بۆ ڕاگەیاندنی ڕوودانێک لە کاتی ئێستادا بەکاردەبرێ . دیارە هەر لەبەر ئەو هۆیەشە ، کە هەندێ لە نووسەرانی ڕێزمانی کوردی ئەم فۆرمەیان بە (کاتی ڕابوردووی ئێستا ناوبردووە (بەوێنە ، بڕوانە : چ. خ. باکاییڤ ، زمانی کوردەکانی سۆڤێت ، ل ٢٠٢) .

ناوبردنی فۆرمی ڕابوردووی بەردەوامیش بە (کاتی ڕابوردووی ئایندە) لەبەر ئەو هۆیەیە ، کە ئەو فۆرمە ئەگەرچی بە گشتی بۆ نیشاندانی ڕوودانێك لە کاتی ڕابوردوودا لە کاردایە ، بەڵام جارجارە بۆ دەربڕینی ڕوودانێك لە کاتی ئایندەشدا بەکاردێنرێ .

لەبەر ئەوەی لە فۆرمی ڕابوردووی تەواودا لەتەك ڕابوردوویدا هەندێ جار ئایندەیی هەیە ، بۆیە ئەم جۆرە کاتە بە (کاتی ڕابوردوو – ئایندە – مەرجی)ش ناودەبرێ .

هەرچی فۆرمی ڕابوردووی دوورە بۆ ڕاگەیاندنی کاتی ئێستا یان کاتی ئایندە بەکارنابرێ . وا دیارە ، کە ئەم فۆرمە بە (کاتی ڕابوردوو) ناودەبرێ ، لەبەر ئەوەیە ڕوودان تەنیا لە کاتی ڕابوردوودا نیشان دەدا .

* * *

لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا چۆن کردار لە ڕێژەی ئیخباریدا چوار جۆر ڕابوردووی هەیە و تەنیا تێنەپەڕەکانیان جیناوی لکاو (دەستەی بێهێز) وەردەگرن ، لە ڕێژەی ئینشائیشدا بە هەمان چەشنە .

١–ڕابوردووی نزیك :

تاك:
١–کەتبم
٢–کەتبی
٣–کەتبە

کۆ
١-
٢- کەتبن
٣-

واتە : قەدی کردار + ب + جێناوی لکاوی بێهێز

٢-ڕابوردووی بەردەوام :

تاک
١-بکەتاما
٢-بکەتایی
٣-بکەتا

کۆ
١-
٢- بکەتانا
٣-

واتە : ب + قەدی کردار + ا + جێناوی لکاوی بێهێز + ا

٣-ڕابوردووی تەواو :

تاک
١-بکەتاما
٢-بکەتایی
٣-بکەتا

کۆ
١-
٢- بکەتانا
٣-

واتە : ب + قەدی کردار + ا + جێناوی لکاوی بێهێز + ا

٤-ڕابوردووی دوور :

تاك
- ١-کەتبوویاما
- ٢-کەتبوویایی
- ٣-کەتبوویا

کۆ
- ١-
- ٢- کەتبوویانا ، کەتبوونا
- ٣-

واتە : قەدی هەر کردارێك + قەدی کرداری (بوون) + ا + جێناوی لکاوی بێهێز + ا

تێبینی :

١-بە ڕواڵەت لەوە دەچێ نیشانەی (با)و (ایە)ی کرمانجیی خواروو لە کرمانجیی ژووروودا هەر (ا)یەکەیان مابێ و دەنگەکانی دییان تێدا چووبن - واتە (ب)ی (با)و (یە)ی (ایە) نەمابن . ئەگەر ئەمە وابێ ، ئەوە دەتوانین بڵێین نیشانەکانی ڕێژەی ئینشائیی هەردوو دیالێکتی سەرەکیی کوردی وەك یەکن - واتە چۆن لە کرمانجیی خوارووودا (ب)و (با)و (ایە) [٢٢٠] سێ نیشانەی گرنگی

(٢٢٠) ئەو (ایە)یەی کوردی لە زمانی پشتۆدا لە قاڵبی (ای)دا دەبینرێ ، وەك "کە تا لیدلایِ" (ئەگەر تۆ بتدیایە) ... (ن. ئا. دڤۆریانکۆڤ ، زمانی پشتۆ ، ل٧١ .

ڕێژەی ئینشائین ، لە کرمانجیی ژووروشدا بە هەمان چەشنە و تەنیا ئەوەندە هەیە کە (با)و (ایە)یان بەر یاسای سوانی دەنگ کەوتوون :

کرمانجیی ژووروو	کرمانجیی خواروو
بکەتابا	بکەوتبامایە
ب ا ا	ب با ایە
کەتبوویاما [221]	کەوتبووبامایە
ا ا	با ایە

ئەوەی لەو بەرانبەر یەکتر ڕاگرتنە ڕواڵەتی‌یە گرنگتر بێ ، ئەوەیە کە لە زمانی ئاوێستادا (ا) نیشانەی ڕێژەی ئینشائی‌یە [222] . لە گەردانی کرداری جۆری دووەم و سێیەم و چوارەمی زمانی لاتینی‌دا هەر (ا) نیشانەی ئەو ڕێژەیەیە و لە کۆتایی بناغەوە دێت [223] (بەوێنە : recipi – a – m –برد – با – م) ... بەو پێیە دەبێ (ا)یەکەی کرمانجیی ژووروو وەك ئەسڵەکەی مابێ و گۆڕانی بەسەردا نەهاتبێ ، بەڵام لە دیالێکی کرمانجیی خوارووا لێی زیاد کرابێ و بووبێ بە (با)و (ایە) .

٢–فۆرمی ڕابوردووی بەردەوام و فۆرمی ڕابوردووی تەواو لە کرمانجیی ژووروودا خاوەنی یەك پێکهاتنن ، بەڵام لە کرمانجیی خوارووا فۆرمیان جیاوازە .

---

[221] دیارە لێرەشدا بۆیە (ی – y) پەیدابووە ، چونکە (ا) بە دوا (وو)دا هاتووە و دوو بزوێن پێکەوە نایەن .

[222] بڕوانە : س. ن. سۆکۆلۆف ، زمانی ئاوێستا ، مۆسکۆ ، ١٩٦١ ، ل ٩٥ – ٩٦ .

[223] بڕوانە : ن. م. لێمیێل ، زمانی لاتینی ، مۆسکۆ ، ١٩٦٦ ، ل ١٠١ – ١٠٢ .

-٣-

ڕێژەی داخوازی

واتای گشتیی ڕێژەی داخوازی ، فەرمان و داوا و تکاو ورپاکردنەوەیە بۆ بەجێهێنانی کارێك لە لایەن کەسێکەوە (تاك) ، یان چەند کەسێکەوە (کۆ) . لە ڕووی کاتەوە تەنیا ئێستا و ئایندەی هەیە و ڕابوردووی نی یە . لە ڕووی کەسەوە تەنیا فۆرمی کەسی دووەمی تاك و کۆی هەیە و کەسی یەکەم و سێیەمی نی یە . ئەم ڕێژەیە نیشانە و پێکهاتنی تایبەتی ی خۆی هەیە . کەرەستەی پێکهێنانی بریتی یە لە ڕەگی کاتی ڕانەبوردووی کردار و نیشانەی (بـ – b؛ بـ – bi) لە پێشی یەوە [٢٢٤] و جێناوی کەسیی لکاو لەدوایەوە ("ە" بۆ کەسی دووەمی تاك و "ن – n، ن – in" بۆ کەسی دووەمی کۆ) . وەك :

---

[٢٢٤] گردار سادەبێ یان ناسادە ، نیشانەی (بـ) لە پێش ڕەگەکەیەوە دێت . وەك :

ساده : فڕین – بفڕە

کڕین – بکڕە

داڕێژراو : هەڵگرتن – هەڵ بگرە

داخستن – دابخە

لێکدراو : فریاکەوتن – فریابکەوە

خێراکردن – خێرابکە

تێنەپەڕ :

ب	+	وەست (وەستان)	+	ە / ن	=	بوەستە / بوەستن
ب	+	فڕ (فڕین)	+	ە / ن	=	بفڕە / بفڕن
ب	+	ب (بوون)	+	ە / ن	=	ببە / ببن
ب	+	مر (مردن)	+	ە / ن	=	بمرە / بمرن
ب	+	کەو (کەوتن)	+	ە / ن	=	بکەوە / بکەون

... (٢٢٥)

تێپەڕ :

ب	+	هێن (هێنان)	+	ە / ن	=	بهێنە / بهێنن
ب	+	کڕ (کڕین)	+	ە / ن	=	بکڕە ، بکڕن
ب	+	خوێن (خوێندن)	+	ە / ن	=	بخوێنە ، بخوێنن
ب	+	گر (گرتن)	+	ە / ن	=	بگرە ، بگرن

... هتد (٢٢٦)

---

(٢٢٥) تینوو بە خوێنی عاشقە ، ئەی دڵ : ببە بە خوێن
ئەو لێوە ، مژدە بێ ، دڵی پڕ خوو نیە گەرەك

(مەحوی ، ل ١٩٢)

• بۆ وەفاکردن بە وەعدەی هاتنی بمرە ، وتی
کەس نیە ئیحتظاری کا وا هاتوە وادەی وەفات

(مەحوی ، ل ٥٧)

(٢٢٦) لەسەر مەیتی بخوێنە
وەفای جوانی بنوێنە

(گۆران ، ل ٨٨)

کەسی دووەمی تاکی ڕێژەی داخوازی جێناوی کەسیی لکاوی (ە) وەردەگرێ و کەسی دووەمی کۆش (ن) . ڕێژەی داخوازی فۆرمی کەسی یەکەم و سێیەمی نی یە ، چونکە فەرمان و داوا و تکا ، کە سەرجەمیان داخوازین ، بۆ بەجێ هێنانیان ڕووەکرێتە کەسی دووەم . بەڵێ کاتێ ئامرازی وەك (با ، دەبا ...) لەگەڵ کەسی یەکەم یان سێیەمدا بەکاردێنرێ : (با بڕۆین ، دەبا بڕۆین ... با بڕوا ، دەبا بڕوا ...) [٢٢٧] کەمێ واتای داخوازی تێدایە ، بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە ڕێژەی ئینشائی‌یە ، نەك داخوازی [٢٢٨] .

ڕۆن لە پیاو بکرە و گەنم لە ژن .

(پەندی پێشینان ، ل ٢٥٠)

قاسید وتی پێم : بگرە سەبر ، خانم ئەوا دێت ؛

سافەرموو ، سەبر بێ بە فیدای خاکی بەری پێت !

(گۆران ، ل ٣٦)

(٢٢٧) با شەو بڕوا سەحەر بێ ، باغی گوڵان وەبەر بێ

گەر تۆ مەیلت لەسەر بێ ، کافر ئیسلامی ناوە

(وەفایی ، ل ١٥٢)

بەسەر پایزی زەردا با بە خوڕ بگری ، بە کوڵ بگری

لەسەر ئاخر گەڵا ، ئاخر چڵی تەنیایی کوڵ بگری !

(گۆران ، ل ١٦٥)

(٢٢٨) شایانی باسە ، مامۆستا محەمەد ئەمین هەورامانیش لەو ڕایەدایە ، کە ئە جۆرە ڕێژانە ، ڕێژەی داخوازی نین و لەو بارەوە ، دەڵێ : "دیارە ، کاری فەرمان ، هەمیشە لە نێوان دوو کەسدایە ، فەرمان لە یەکەمەوە دەردەچێ ، دووەم جێبەجێی دەکات ، ئەگەر ... بە هۆی سێیەمەوە گەیەندرا بە دووەم ... ئەو وەختە لە شێوەی فەرمانی دەردەچێ ... بڕۆم ... بڕوا " (زاری زمانی کوردی لە ترازووی بەراورددا ، ل ٢٠٤) .

ئەو کردارەی ڕەگی کاتی ئێستای کۆتایی بەدەنگی نەبزوێن دێت ، لە ڕێژەی داخوازیدا بە ئاسانی جێناوی کەسیی لکاوی (ە) یان (ن) وەردەگرێ . وەك :

بـ	+	نووس (نووسین)	+	ە / ن	-	بنووسە / بنووسن
بـ	+	مالْ (مالْین)	+	ە / ن	-	بمالْە / بمالْن
بـ	+	مژ (مژین)	+	ە / ن	-	بمژە / بمژن
بـ	+	خەو (خەوتن)	+	ە / ن	-	بخەوە / بخەون

(٢٣٩) ...

ئەگەر ڕەگی کاتی ئێستای کردار کۆتایی بە دەنگی بزوێن بێت ، ئەوە وەك حالْەتی نەبزوێن بۆ کەسی دووەمی کۆ جێناوی لکاوی (ن) وەردەگرێ ، بەلاّم هەرچی جێناوی لکاوی (ە)ی کەسی دووەمی تاکە بە شێوەیێکی دی دەبینرێ .

١-کەسی دووەمی کۆ :

بـ	+	گەڕێ (گەڕان)	+	ن	-	بگەڕێن
بـ	+	نوو (نووستن)	+	ن	-	بنوون

(٢٣٩) لە سندووقی پڕی سینەم بترسە
کە ئاگر بەربداتە تەخت و تابووت

(نالی ، ل ١٤٩)

وا ظەن مەبە ڕوخسارەیی تۆ غائیبە قوربان
بنوارە چلۆن نەقشە لەنێو دیدەیی تەرما

(نالی ، ل ١٤٩)

بـ	+	کە (کردن)	+	ن	=	بکەن
بـ	+	ڕۆ (ڕۆیشتن)	+	ن	=	بڕۆن

... هتد [٢٣٠]

٢-کەسی دووەمی تاک :

بـ	+	گەڕێ (گەڕان)	+	ە	=	بگەڕێ
بـ	+	نوو (نووستن)	+	ە	=	بنوو
بـ	+	کە (کردن)	+	ە	=	بکە
بـ	+	ڕۆ (ڕۆیشتن)	+	ە	=	بڕۆ

... هتد [٢٣١]

---

[٢٣٠] ڕێگەی هودا طەریقەتی عیشقە ، دە "مەحویا"
وەرن و پیا بڕۆن و (و صلوا علی الرسول)

(مەحوی ، ل ٢٠٨)

[٢٣١] وەك هەنگ بگەڕێ و گۆرانی بڵێ ،
لادە جار جارێ بۆ بەرێبی گوڵێ .

(گۆران ، ل ١٥٣)

گشت هاواریانە لە بەختی نوستوو
من هاوار ئەکەم بەختە زوو بنوو

(پیرەمێرد ، ل ١٥٠)

هەم هەم عەنانی ئاهم و ، هەم هەم ڕیکابی ئەشك
ڕەحمێ بەم ئاه و ئەشکە بکە ، هەستە بێ قوصوور

(نالی ، ل ١٧٧)

لەبەر ئەوەی (ن) دەنگی نەبزوێنە بە ئاسانی بەدوا ئەو جۆرە ڕەگانەدا دێت ، بەڵام (ە) ، کە خۆی بزوێنە ناشێ بەدوا بزوێندا بێت ، چونکە لە زمانی کوردیدا دوو بزوێن پێکەوە نایەن و لەبەر ئەوە تێ دەچێ .

لە هەندێ ناوچەی کوردەواریدا ، بەتایبەتی لە کرداری وەك : (بنوو ، بخۆ ...)دا ، کە کۆتاییان بە (وو ، ۆ) هاتووە ، دەگۆڕێن بە (ۆ - W)ی نەبزوێن و جێناوی کەسیی لکاوی (ە) وەردەگرن . وەك :

بنوە .

بخوە

...

تەنانەت لە شێوەی سلێمانیشدا ، ئەو دیاردەیە بەرچاو دەکەوێ ، کە هەندێ جار لە بریتی (بدروو ، ببژوو ، بسوو ، بگروو ...) فۆرمی (بدروە ، ببژوە ، بسوە ، بگروە ...) بەکاردەبرێ .

کرداری (چوون) ، کە (چـ - ci) ڕەگی کاتی ئێستایەتی ، لە ڕێژەی داخوازیدا (ۆ) وەردەگرێ : (بچۆ) [232] .

فۆرمی (بچۆ) لە هەندێ بەشە دیالێکتی کوردیدا لە شێوەی (بچە) یان (بچوو)دا بەرچاو دەکەوێ . [233]

=

هەرمێیەك سەختە ، برۆ بیگرە .

(پەندی پێشینان ، ل ٤٩)

[232] د. زارێ یووسف لەو بارەیەوە نووسیویە دەڵێ : "دەشێ ئەم فۆرمە بەپێی وێکچوونی لەگەڵ فۆرمی داخوازیی کرداری (ڕۆیشتن) - (برۆ)وە دروست کرابێ " (دیالێکتی سلێمانی زمانی کوردی ، ل٩٨) .

[233] بروانە : دکتر ابراهیم پور ، دستور زبان کردی ، ل ٤٩ ؛ د. جەمال نەبەز ، زمانی یەکگرتووی کوردی ، ل ٤٧ ...

کرداری (هاتن) ، کە ڕەگی کاتی ئێستای (ێ)یە ، بەپێی دەستوور لە ڕێژەی داخوازیدا دەبێ بە (بێ ، بێن)و ئەمەش لە گەڵ شوێندا بەکاردێنرێ . بەلام ئەم کرداره شێوەییکی دی هەیە ، کە (وەرە ، وەرن)ە[٢٣٤] و تەنیا جێناوەکان بەپێی دەستووره گشتی‌یەکەی دروست بوونی ڕێژەی داخوازین ، دەنا نە (وەر) ڕەگی (هاتن)ە و نە (ب) لە ناواندا هەیە .[٢٣٥]

شایانی باسە ، لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروشدا ، ڕێژەی داخوازی بە هەمان شێوازی دیالێکتی کرمانجیی خواروو دروست دەبێ واتە : (ب + ڕەگی کاتی ئێستای کردار + جێناوی کەسیی لکاو) . وەك :

ب + نڤیس (نڤیسین) + ە / ن - بنڤیسە / بنڤیسن

ب + کەڤ (کەڤتن) + ە / ن - بکەڤە / بکەڤن

---

[٢٣٤] تۆ کە حۆریت ، وەرە نێو جەننەتی دیدەم . چ دەکەی
بەم دڵەی پڕ لە شەرەر و سینەیی سۆزانمدا !!
(نالی ، ل ٩١)

ڕێکەی هودا طەریقەتی عیشقە ، دە " مەحویا"
وەرن و پیا بڕۆن و (صلوا علی الرسول)
(مەحوی ، ل ٢٠٨)

[٢٣٥] د. ئەبەز دەربارەی ڕێژەی (وەرە) نووسیویە : " (وەرین) بە مانای (هاتن) دێ . ئەم کارە لە کرمانجیی ژووروودا ماوە ، بەلام لە کرمانجیی نێوەڕاستدا ؛ تەنیا دەمکاتی فەرمان ، واتا (وەرە) ماوە " (زمانی یەکگرتووی کوردی ، ل ١٠٦ ، پ ٥٠) . لەو فەرهەنگە کوردیانەی لەبەر دەستتان بە هیچ چەشنێك (وەرین) بە واتای (هاتن) لێك نەدراوەتەوە (بڕوانە : ق. کوردۆ ، فەرهەنگی کوردی - ڕووسی ، ل ٧٨٨ ...) . چەرکەزی بەکۆش ڕوون و ئاشکرا لە پاڵ وشەی (وەرە)دا نووسیویە : "ڕێژەی داخوازی تاکی کرداری (هاتن)ە " (ل ٥٠٣) . بەلام هێندە هەیە ، کە لە فەرهەنگەکەی قەناتی کوردۆدا ، وشەی (وەرانین) ، نەك (وەرین) مانای چوارەمی بە (هێنان) ، نەك (هاتن) لێك دراوەتەوە (بڕوانە : ل٧٨٧) .

... [٢٣٦]

وێکچوونی ڕێژەی داخوازیی هەردوو دیالێکتە سەرەکییەکەی کوردی بە چەشنێکە ، کە لە هەموو سەرێکەوە یەکدەگرنەوە . بۆ نموونە ، نەک هەر ئەو نموونانەی سەرەوە ، کە ڕەگی کاتی ئێستایان کۆتایی بە دەنگی نەبزوێن هاتووە و بە هەمان شێوەی کرمانجیی خواروو جێناوی (ە)و (ن)یان وەرگرتووە ، بەڵکو ئەو ڕەگانەش ، کە کۆتاییان بە دەنگی بزوێن دێ ، بە یەک چەشن خۆیان دەنوێنن - واتە لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروشدا ، ئەگەر ڕەگی کاتی ئێستای کردار کۆتایی بە دەنگی بزوێن بێت ، ئەوە وەک حاڵەتی نەبزوێن بۆ کەسی دووەمی کۆ جێناوی لکاوی (ن) وەردەگرن ، بەڵام بۆ کەسی دووەمی تاک هەرچی جێناوی (ە)یە دەرناکەوێ :

کرمانجیی خواروو	کرمانجیی ژووروو
بدروو	بدروو
بجوو	بجوو
بکە	بکە [٢٣٧]
... هتد .	

---

[٢٣٦] ... بێژە ، خوەدێ ژ گێ ستاندیە ...

(کوردۆ ، ل ٣٥)

بەنگین یەک شاندە بەر بەحرێ ، گۆت : "لاو هەلە هەرە بنێرە چ داهوا ڤان خەلکان ؟

(مەمێ ئالان ، ل ٤٣)

[٢٣٧] پرسیارێ ل مە جارەک بکە شیرین دەهەنا من
کو بەرێتینە فراقا تە ل سەر دەرد و غەمێ

(جزیری ، ل ٤٢٠)

لە هەندێ ناوچە ، بەتایبەتی سەر بە دیالێکتی ژووروودا ، لە باری تاکدا (ە) تێدەچێت . وەك :

بخور ، بکوژ ، بفروش ، بکر ، بمر ...[٢٣٨]

لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا ڕێژەی داخوازی (چوون ، ڕۆیین) دەبێتە (هەڕە)[٢٣٩] و هی (ئانین)یش دەبێتە (وەینە) . هەرچی (هاتن)ە وەك کرمانجیی خواروو (وەرە)یە .[٢٤٠]

دروست بوونی ڕێژەی داخوازی لە دیالێکت و بەشە دیالێکتەکانی زمانی کوردیدا ، وەك یەکە و لە باری مۆرفۆلۆژی‌یەوە جیاوازی‌یان لە نێواندا نی‌یە . ئەوەتە لە بەشە دیالێکتی هەورامانیشدا هەر لە (بـ + ڕەگی کاتی ئێستا + جێناوی لکاو) پێك دێ . وەك : بتاشە ، بچنە ، بکێشە ...[٢٤١]

---

[٢٣٨] بروانە : ق. کوردۆیێف ، دەستووری زمانی کوردی (بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجیی ژوورو و خواروو) ، ل ٢٠٨ - ٢٠٩ ؛ جگەر خوێن ، ئاوا ئو دەستوورا زمانێ کوردی ، ل ١٥٤ ... بەلام من وای بۆ دەچم ، کە ئەمە تەئسیری زمانی فارسی بێت .

[٢٣٩] بەنگین یەك ساندە بەر بەحرێ ، گۆت : "لاو هەلە هەڕە بنێرە چ داهوا ڤان خەلکانە !

(مەمێ ئالان ، ل ٤٢)

... گۆت "هەڕن ، ئیرۆ ئێڤارێ عەلی مەمەدێ ل ئۆدا خوەدا ڕۆنێ ...

(کوردۆ ، ل ٣٦)

[٢٤٠] ... دبێژە : "زوو وەرە ، شیر بمژە ..." .

(کوردۆ ، ل٤٢)

[٢٤١] بروانە : محەمەد ئەمین هەورامانی ، زاری زمانی کوردی لە ترازووی بەراورددا ، بەغدا ، ١٩٨١ ، ل ٢٠٣ - ٢٠٤.

تێبینی :

١-ئەوە بەرچاو دەکەوێ ، کە هەندێ جار لە دیالێکتی خوارووودا (وە)و لە دیالێکتی ژووروودا (ڤە) لە بریتی (بـ)ی نیشانەی داخوازی بەکاردەبرێن . وەك :

وەکە ، وەخۆ ...

ڤەکە ، ڤەخۆ ...

٢-لە بەشە دیالێکتی سلێمانی‌دا دیاردەیێکی یەکجار تایبەتی و سەرنج ڕاکێش هەیە و بەڵگەش وا ڕادەگەیەنێ ، کە لە زوروەوە هەبووبێ ، چونکە چۆن ئەمڕۆ بەکاردێنرێ ، لە شیعری شاعیرانی زووی ناوچەکەدا ، بە هەمان شێوە دەبینرێ . ئەو دیاردەیەش ئەوەیە ، کە پاشکۆی (-رە) دەخرێتە سەر کۆتایی هەندێ کرداری داخوازیی تاك . وەك :

چوون	-	بچۆ	،	بچۆرە
ڕۆیشتن	-	بڕۆ	،	بڕۆرە
هاتن	-	بێ	،	بێرە
بردن	-	ببە	،	ببەرە
خستن	-	بخە	،	بخەرە
شتن	-	بشۆ	،	بشۆرە
مانەوە	-	بمێنەوە	،	بمێنەرەوە
ڕشتن	-	بڕێژە	،	بڕێژەرە

سڕینەوە - بسڕەوە ، بسڕەرەوە

... هتد .[٢٤٢]

بە وێنە :

گەر بێ خەبەری لەم ئەحوالانە
شەوێ بچۆرە ئەو چاخانانە
(بێکەس ، ل١٠٦)

بلێ : بە قوربان ، تۆ ناوت پاکە
بمانخەرە ڕێی یەکێتی و چاکە
(پیرەمێرد ، ل١٣٤)

بێرە کوردستان عەزیزم گەر تۆ سەیرانت دەوێ
بت بەمە قەندیل ئەگەر گوڵزاری کوێستانت دەوێ
(ئەسیری ، ل ٣٩)

٣-لە وتنی وشەی ناسادەدا بە زۆری (ب)ی داخوازی تێدەبرێ . وەك :

دانیشە - دابنیشە
ڕاکە - ڕابکە
ڕاخە - ڕابخە
سەرخە - سەربخە
فریاکەوە - فریابکەوە
خێراکە - خێرابکە
... هتد .

---

[٢٤٢] واش پێدەچێ ، کە ئەو (رە)یە بە شێوەیێکی سەرەکی بخرێتە سەر ئەو کردارانەی ڕەگیان بە بزوێن کۆتایی دێت . ئەوەتە لەو نموونانەدا ، کە هێناومانەتەوە ، تەنیا دوا دوو کرداریان کۆتایی ڕەگیان نەبزوێنە .

بەوێنە :

ئەی شێوە شۆخ ، ئەی پەری !

دانیشە لای ژوور سەری ،

(گۆران ، ل٩٠)

وەتەن هەڵڕێژە ئەشکی خوێنینت

با بەرز بێ سەدای شین و ناڵینت

(بێ کەس ، ل٦٢)

سەیرکە هام فەردان ، هام دەردو هام مەشق

نازك خەیاڵان ماسیی دەریای عەشق

(پیرەمێرد ، ل٢٤٤)

گەر ئیشی ڕۆحتە ، کە ئەبوو کەس بە دەستەوە

دەستهەڵگرە لە ڕۆح و مەبە ئیلتیجا بە کەس

(مەحوی ، ل١٤٧)

فۆرمی ڕێژەی داخوازی لە زمانە ئێرانییەکانی دیشدا وێنەی یەکێتی لەگەڵ کوردی نیشان دەدەن :

لە زمانی بلووجیدا فۆرمی تاکی داخوازی بە خستنەسەری نیشانەی (بـ b ، بـ bi) بۆ سەر ڕەگی کاتی ئێستای کردار پێك دێ . وەك :

بپرۆش (بڕووخێنە)

برە (بڕۆ)

بۆ پێکهێنانی کۆ (it)ی جێناوی کەسیی لکاوی کەسی دووەمی کۆ دەخرێتە سەر ڕەگی کردارەکە . وەك :

بیرۆشت (بڕووخێنن)

برەت (بڕۆن)[243]

لە زمانی پشتۆدا کرداری داخوازیی تاك لە ڕەگی کرداری کاتی ئێستا و (ە) پێك دێ . وەك :

گۆرە (بڕوانە)[244]

لە زمانی فارسیی ناوەڕاستدا بۆ کەسی دووەمی تاك ، ڕەگ بە ڕووتی بەکاردێ و لە حاڵەتی کۆشدا (ێت) دەخرێتە سەر ڕەگ . وەك :

کەرتەن (کردن) :

ڕەگی کاتی ڕانەبوردووی (کون)ە

کون (بکە)

کونێت (بکەن)

کەمێ جاریش لە حاڵەتی کەسی دووەمی کۆدا کۆتایی یـ (ه) بەرچاودەکەوێ . وەك :

بەرێه (ببەن)

کەنێه (بکەن)[245]

[243] ف. ئا. فورۆلۆڤ ، زمانی بلووجی ، مۆسکۆ ، ١٩٦٠ ، ل ٤٢.

[244] ن. ئا. دڤۆریانکۆڤ ، زمانی پشتۆ ، مۆسکۆ ، ١٩٦٠ ، ل ٥٣ .

[245] ف. س. ڕاستۆرگویڤا ، زمانی فارسیی ناوەڕاست ، مۆسکۆ ، ١٩٦٦ ، ل ٩٠ – ٩١ .

کرداری یاریدەدەر

ئەرکی ڕێزمانیی کرداری یاریدەدەر بریتی‌یە لە نیشاندانی پێوەندیی شتێك یان دیاردەییێك بەخاسیەتی‌یەوە: ئەو ئازا بوو ؛ ئەو بوو بە مامۆستا ... هتد . لە دەربڕینی ئەم پێوەندی‌یەدا واتای ڕێزمانیی کرداری یاریدەدەر هاوبەشە . وێڕای ئەوە ، هەر یەکەشیان خاوەنی تایبەتێتی واتای سەربەخۆی خۆیەتی .

بێگومان ، ئەو کردارەی واتای جۆربەجۆری هەیە ، دەشێ بەتایبەتی پێوەندیی نێوان واتای و دۆخی ڕێزمانی‌یەکەی وەك یەك نەبن . لەباری ڕوونیی واتای لێکسیکی‌دا ، واتای ڕێزمانی دەکەوێتە پلەی دووەمەوە ، بەڵام لە حاڵەتی کزبوونی واتای لێکسیکی‌دا دێتە پلەی یەکەم . بەو پێیە ، ئەگەر کرداری خاوەن واتای تەواو دەوری یاریدەدەری ببینن ، ئەوە بە واتای لێکسیکیی ڕوونەوە خۆی دەنوێنێ و واتای هاوبەشیان زۆر ئاشکرا نی‌یە... لە زمانی کوردیدا ئەگەرچی ژمارەییێك لەو جۆرە کردارانە بەرچاو دەکەون ، بەڵام ڕادەی هەرە دیاری کزبوونی واتای لێکسیکی لە کرداری (بوون)دا دەبینرێ .

(بوون) چاوگێکی تێنەپەڕە .

قەدی ئەم کردارە ، وەك هەموو چاوگێکی کوردی بە لێکردنەوەی (ن)ی چاوگ سازدەبێ :

بوون – ن = بوو

هـەرچی چۆنێتـی وەرگرتنـی ڕەگەکەیـەتی ، وەك کـرداری (چـوون)ی تێنەپـەڕی هـاوەڵی بـەر ڕێگـە بنەڕەتی‌یەکـە دەکـەوێ - واتـە لابردنـی (ن)ی چاوگ و دەنگەکەی پێشەوەی (وو) -

بوون - وون - ب

(بوون) وەك کرداری بوونـەك (فعـل الكينونـة) بـە مانـای (کـان ، اصبـح ، صار ...) دێت - واتە (کان واخواتها)ی عەرەبی دەگرێتەوە .

کرداری (بوون) بە هـەر واتاییك بێت و وەك کردارێکی تـەواو لـە مـەیداندا بـێ ، یـان وەك کردارێکـی یـاریدەدەر دەور ببینـێ ، لـە ڕووی ڕێـژە و کـات و ئەرێتی‌یەوە وەك گشت کردارێکی تێنەپەڕی دی خۆی دەنوێنێ :

-باری ئەرێتی-

-١-

ڕێژەی ئیخباری

١-کاتی ڕانەبوردوو :

دە / ئە - ب - م [٢٤٦]

دە / ئە - ب - ین

...

واتە بۆ پێکهێنانی فۆرمی ڕانەبوردووی ، نیشـانەی (دە / ئـە) دەخرێتـە پێش ڕەگی کاتی ڕانەبوردوویەوە و بە دوا ڕەگەکەشیدا جێناوی لکاوی بێهێز دادەنرێ .

---

[٢٤٦] کابراکە پیاوێکی باش بوو ، وتی هەزار جاریش مەمنوونیش ئەبم

(لە خەوما ، ل ٣٠)

٢-کاتی ڕابوردوو :

أ)ڕابوردووی نزیك

بوو – م

بوو – ین

(٢٤٧)

...

واته : قەد + جێناوی لکاوی بێهێز

ب)ڕابوردووی بەردەوام

دە – بوو – م

دە – بوو – ین

(٢٤٨)

...

واته : نیشانەی (دە / ئە) + قەد + جێناوی لکاوی بێهێز

ج)ڕابوردووی تەواو

بوو – م bûwim

بوو – ین bûwîn

---

(٢٤٧) دەمێك بوو چاوەڕێی بەفرێکی وا بووم مژدەبێ باری

سەرم بەفرە کەچی هێشتا شەرەتۆپەڵەمە بۆ یاری

(پیرەمێرد ، ل ١٣٥)

... لەبەر ئەو باران و ڕەهێڵەیە ، نیو سەعات زیاتر بەم گێژمە و کێشەیەوە بووین ...

(لە خەوما ، ل ٣٢)

(٢٤٨) چی دەبوو بەفر شەکر بوایە

سەرمایە ئەبوو بۆ ئەم سەرمایە

(پیرەمێرد ، ل ١٣٨)

... [249]

واتە : قەد + نیشانەی (وو) + جێناوی بێهێز

د)ڕابوردووی دوور

بوو – بوو – م

بوو – بوو – ین

... [250]

واتە : دووپات بوونەوەی قەد + جێناوی لکاوی بێهێز

[249] ئایا بە جەمع و دائیرەیە دەوری (کانی)یا ،

یاخۆد بووە بە تەفریقەیی شۆرش و نشوور !!

(نالی ، ل ١٨٦)

گوێم پڕ بووە لە ئەفسانەی دڵداری ،

بە لەعنەت بێ زوهرەی جوانی و عەیاری ،

(گۆران ، ل ٣٧)

[250] پێم هەموو بووبوو بە بلۆق ...

(لە خەوما ، ل ٢٩ –٣٠)

لە ڕێگاکانا گوڵزمرد یەکسەر

بووبووە زنجیرەی تەلای پشتەسەر

(پیرەمێرد ، ل ١٤١)

-٢-

ڕێژەی ئینشائی

١-کاتی ڕانەبوردوو :

بـ - ـبـ - م

بـ - ـبـ - ین

... [٢٥١]

واتە : نیشانەی (بـ) + ڕەگ + جێناوی لکاوی بێهێز

٢-کاتی ڕابوردوو :

أ)ڕابوردووی نزیك

بوو - با - م

بوو - با - ین

...

---

[٢٥١] لامەدە "نالی" لە ئەنباری جیرایەی صاڵحان

گەرچی ببە خۆشەچینی دانەیی خەرمانی ڕۆم

(نالی ، ل ٣٠٤).

لەپێ حەرامە زڕەی سیلسیلەی موقەددەسی عیشق

ببی بە شێر و مەگەر هەڵگری لە دنیا دەست

(مەحوی ، ل ٧٠)

واتە : قەد + نیشانەی (با) + جێناوی لکاوی بێهێز

ب)ڕابوردووی بەردەوام

ب – با – م – ایە	یاخود	ب – بوو – م – ایە
ب – با – ین – ایە		ب – بوو – ین – ایە

...[252]

واتە : ب + قەد + با + جێناوی لکاوی بێهێز + ایە

یاخود : ب + قەد + جێناوی لکاوی بێهێز + ایە

ج)ڕابوردووی تەواو

بوو – ب – م

بوو – ب – ین

...

واتە : قەد + ب + جێناوی لکاوی بێهێز

د)ڕابوردووی دوور

بوو – بوو – با – م – ایە	بوو – بوو – م – ایە
بوو – بوو – با – ین – ایە	بوو – بوو – ین – ایە

...

واتە : دووپات بوونەوەی قەد + با + جێناوی لکاوی بێهێز + ایە

یاخود : دووپات بوونەوەی قەد + جێناوی لکاوی بێهێز + ایە

[252] زەمانێکی زۆر خۆش بوو برادەر

کاشکی هەر لێرا بووبایە برادەر

(بێکەس ، ل٩٠)

-٢-

ڕێژەی داخوازی

بـ - ـبـ - ە

بـ - ـبـ - ن [٢٥٣]

واتـە : کەرەستەی پێکهێنانی بریتی‌یـە لـە ڕەگی کـاتی ڕانـەبوردووی و نیشانەی (بـ - bi) لە پێشی‌یەوە و جێناوی کەسیی لکاو لـە دوایـەوە ("ە" بۆ کەسی دووەمی تاك و "ن" بۆ کەسی دووەمی کۆ .

باری نەرێنی

١-لەگەڵ فۆرمی ڕانەبوردووی ئیخباری‌دا ئامرازی (نا) بەکاردێنرێ :

نا - بم

نا - بن

... [٢٥٤] یاخود

٢-لە ڕانـەبوردووی ئینشـائی و گشـت جۆرێکـی ڕابـوردووی ئیخبـاری و ئینشائی‌دا (نە) وەردەگرێ . وەك :

---

[٢٥٣] ... کوڕە ... ڕووتەوە بن

(لە خەوما ، ل ٣٢)

[٢٥٤] فەضیلەی ئەصڵ و فەصڵ ئینسانی بێ نابێ بە صاحیب فضل

کە تۆ کۆسەی ، بە تۆ چی مامە ڕیشی باب و باپیرت !

(مەحوی ، ل ٦٧)

*ڕانەبوردووی ئینشائی :

نە - بم

نە - بین

...[255]

ڕابوردوو	ئیخباری	ئینشائی
١-نزیک	نەبووم	نەبووبام
٢-بەردەوام	نەدەبووم	نەبووبامایە
٣-تەواو	نەبووم nebûwim	نەبووبام
٤-دوور	نەبووبووم ...[256]	نەبووبووبامایە ...[257]

---

[255] داخڵ نەبی بە عەنبەری سارایی (خاک و خۆڵ)
هەتا نەکەی بە خاکی (سولەیمانی)یا عوبوور
(نالی ، ل ١٨١)

جیلوەت لە چاوم ون نەبێ
هەرگیز لای تۆ نوستن نەبێ !
(گۆران ، ل١٤)

[256] من لە زیکر و فیکری تۆ غافڵ نەبووم وا تێنەگەی
حەپس و تێهەڵدان و زیللەت تۆی لەبیر بردۆتەوە
(بێکەس ، ل ٥٥)

داخۆ دەروونی شەق نەبووە (پردی سەرشەقام)؟!
پیرو فوتادە تەن نەبووە (داری پیرەسوور)؟!
(نالی ، ل١٨٤)

[257] دەموت دو چاوی خۆمە ئەگەر (بەکرەجۆ)یی ئەشك
نەبوایە تیژ و بێ پەمەر و گەرم و سوێر و سوور
(نالی ، ل-١٨٠)

٣-بۆ داخوازی (مە)ی دەچێتە سەر :

مەبە

مەبن

...[٢٥٨]

کرداری (بوون) بە چەشنی کرداری (کردن) لە پێکهێنانی کرداری لێکدراودا دەورێکی گەورە دەبینێ و یاریدەی ڕۆنانی سەدان کرداری وەك : (ڕەش + بوون - ڕەش بوون ؛ سوور + بوون - سووربوون ؛ گەورە + بوون - گەورەبوون ؛ پیر + بوون - پیربوون ؛ هار + بوون - هاربوون ؛ هەژار + بوون - هەژار بوون ؛ گەرم + بوون - گەرمبوون ؛ جوان + بوون - جوانبوون ؛ شڕ + بوون - شڕبوون ؛ خڕ + بوون - خڕبوون ؛ پڕ + بوون - پڕبوون ... سەرما + بوون - سەرمابوون ؛ گەرما + بوون - گەرمابوون ؛ ئامادە + بوون - ئامادەبوون ؛ سوار + بوون - سواربوون ... دەر + بوون - دەربوون ... یەك + بوون - یەك بوون ...) دەدا و هاریکاری دەیان کرداری داڕێژراوی ، وەك : (دابوون ، ڕابوون ، هەڵبوون ، تێدابوون ، پێوەبوون ...) دەکا و لە سازکردنی چەندین وشەی وەك (بووە ، بوونەوەر ...) بەشدار دەبێ .

ئەم کردارە لە حاڵەتی ناسادەییشدا وەك حاڵەتی سادەی کات و ڕێژە و ئەرێتی بەپێی دەستوور دەڕوا .

کێشەی کرداری (بوون) لەوە ئاوکێشتر و فرەلایەنتر و پڕ دەمەتەقێتره ، کە باسمان کرد . کێشەی بنەڕەتی‌یش ئەوەیە : ئایا ئەم کردارە کردارێکی

[٢٥٨] بەر خودایە و بەس ، لە شەیطانی شەقی "مەحوی" پەناه
پەس لە غەدری شەیطەنەت پیشە مەبە بەر کەس شکات

(مەحوی ، ل٦١)

تەواوە یان کردارێکی یاریدەدەرە ؟ ئەگەر تەواوە چۆن یاریدەدەرە و ئەگەر یاریدەدەرە چۆن تەواوە ؟ ئەگەر تەواوە و بووە بە یاریدەدەر چ تایبەتێتییێك گۆڕیوێتی ؟ ئایا لەو گۆڕانەیدا پێویست دەکا فۆرمی بگۆڕێت و واتای نوێ پەیدا بکات ؟

بابڕوانینە ئەو چەند ڕستەیە :

١-دەمەو نیوەڕۆ بوو بەرەو ماڵ دەگەڕامەوە ...

هاوین لە شەقڵاوە بووم .

ئەو کچە هەر بۆ خۆت دەبێ .

... (٢٥٩)

٢-ئازاد بوو بە مامۆستا .

ئازاد دەبێ بە مامۆستا .

ئازاد ببە بە مامۆستا .

... (٢٦٠)

---

(٢٥٩) سبەینێ بوو ، لە خەو هەستام کە ڕوانیم بەفرە باریوە

سلێمانی ئەڵێی بەلقیسە ، تارای زیوی پۆشیوە

(پیرەمێرد ، ل١٣٥) .

دڵێ : گوڵزاری دڵداری و بەهەشتی خۆشەویستی بوو

وەکو بتخانە مەیدانی بتی جوانی پەرستی بوو

(هەردی ، ل٥٩)

(٢٦٠) دنیا لە پاش نیوەڕۆوە بوو بە هەور و هەڵلا ...

(لە خەوما ، ل٣١)

بووە بە گیسکەکەی هەیاسی خاس

(پەندی پێشینان ، ل ٩٧)

٣-گۆزەکە پڕبوو .

گۆزەکە پڕدەبێ .

... [٢٦١]

٤-کە من چووم ، میوانەکە هاتبوو .

ئازاد زمانی بستێ دەرکێشابوو

... [٢٦٢]

٥-دەبوو زوو بڕۆیشتایە

دەبێ زوو بچی

-

لە سایەی چاوەکانی بوومە ڕەندی خەرابات

لەلای پیری مەیخانە خەرقەم لە گرۆی مەی ناوە

(وەفایی ، ل ١٥٢)

[٢٦١] گوتم پڕبووە لە ئەفسانەی دڵداری ،

بە لەعنەت بێ زوهرەی جوانی و عەیاری !

(گۆران ، ل٣٧)

بەهەشت کە پڕبێ لە وشکە سۆفی

ئاوائە خوازم کە لە سەقەر بم

(بێکەس ، ل١٣٨)

[٢٦٢] دەستیان گرتبوو پڕجۆش و خرۆش

گۆرانی بێژیان بلبلی دەنگ خۆش

(پیرەمێرد ، ل١٤٢)

... هەناسە برکێم پێ کەوتبوو ، زمانم بستێ دەرکێشابوو ...

(لە خەوما ، ل٣٠)

... [263]

٦-ئازاد لە کوێیە ؟

دەبێ چووبێ بۆ سەیران

... [264]

(بوو) لە ڕستەی یەکەمدا ، کە بوونی (نیوەڕۆ) ڕادەگەیەنێ ، بە ڕوونی کاتی ڕوودانەکە نیشان دەدا و دەچەسپێنێ . کردارێکی تەواوە و بە تەنیا و بێ یاریدە ئەرکی گوزارە دەبینێ ... بەڵام لە ڕستەی دووەمدا ئەگەرچی دیسان بە ئاشکرا کاتی تێدا دیاری کراوە ، بەڵام کردارێکی ناتەواوە ، چونکە ئەرکە بنەڕەتی‌یەکەی گۆڕاوە بە گۆڕانکاری لە بارێکەوە بۆ بارێکی دی و لە چەمکی (بوون)ی ڕووت لایداوە [265]. لە ڕستەی سێیەمدا (پڕبوون)ی (گۆزە) دەردەخا ، کە بە دەمی ڕابوردووەوە بەندە . لێرەشدا هەر یاریدەدەرە ، چونکە وەک ڕستەی دووەم مەبەست تەنیا (بوون)ە ڕووتەکە نی‌یە و نە ئاوەڵناوەکە (پڕ)و نەکردارەکە - (بوون) ، بەتەنیا ئەنجام نادەن . (بوون) لەم ڕستەیەدا بە یاریدەی ئاوەڵناوی (پڕ)ەوە توانیوێتی ببێتە گوزارەی نیهادەکەی ، کە (گۆزە)یە ... (بوو) لە ڕستەی چوارەمدا بووە بە پاشکۆی کرداری (هات)و تەنیا واتای "ماوە

---

[263] ئەو جوانی‌یە ئەڕوات و لە چاو گوم ئەبێ وەک ئاو
ئەو ڕۆژە ئەبێ دائیمە هەر بێتە بەرچاو ...
(هەردی ، ل٥٢)
... وتیان ، ئێمە هەرچی‌یەکمان کردووە ئەبێ ئەمشەو خۆمان بگەیەنینە ناو شار .
(لە خەوما ، ل ٣٠ - ٣١)

[264] وێ بووە لەو ڕۆژەوە لێوی حەیات ئەفزاتی دی
وا دەبێ شەرم و حەیا ، ئەی ئافەرین ، ئاوی حەیات
(مەحوی ، ل٥٦)

[265] ڕەئووفی ئەحمەد ئالانی ، کاری هەبوون ، گۆڤاری "کاروان" ، ل ٣٩ ، شوباتی ١٩٨٥ ، ل١٥ .

دووری نیشان دەدا و چەسپاندنی وجود لە ئارادا نیە"[٢٦٦] . لە ڕستەی پێنجەم و شەشەمدا بە تەواوی لە واتا بنەڕەتییەکەی دوورکەوتوونەتەوە . لە ڕستەی پێنجەمدا مانای (پێویستە) - (کان یجب ، ینبغی ، یجب ان ، من الضروری ، لازم) دەگەیەنێ و لە ڕستەی شەشەمیشدا مانای (یجوز ، جائز ، ممکن) دەدات .

ئەگەر ئەو ڕایە وەربگیرێ ، کە وشەی یاریدەدەر بەشە ئاخاوتنێکی سەربەخۆ بێ ، ئەوسا دەبێ ددان بەوەدا بنرێ ، کە ئەو وشەیەی دەوری یاریدەدەری دەبینێ ، پێوەندی بە ئەسڵەکەیەوە نەبێ (واتە ، ئەو وشە یاریدەدەرە لە ئەسڵدا کردار نەبێ)و ئەو دەمە دەبێ کردارێکی تەواو و وشەیێکی یاریدەدەر جیابکرێنەوە . بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە ، کە لە بەراوردکردنی (بوون) وەك وشەی یاریدەدەر و (بوون) وەك وشەیێکی تەواو ، دەردەکەوێ ، کە هەردووکیان یەك وشەن و لە دۆخی جیاوازی بەکارهێناندان .

هەر لە هەر شت لە ڕووی واتاوە (بوون) چ وەك وشەی یاریدەدەر و چ وەك وشەی تەواو بەکاربهێنرێ ، بەو ڕادەیە لەیەك جیانابنەوە ، کە لە خاسیەتی وشەی هاوبێژدا هەیە .

پێویستە ئەوەش لەبیرنەکەین ، کە لە زمانی کوردیدا دەشێ ژمارەیێکی هەمەجۆری کردار ، وەك کرداری یاریدەدەر بەکاربهێنرێن .

ئەو کردارە هەمەچەشنانەی ئەرکی کرداری یاریدەدەر دەبینن ، وەك یەك نین و ئەمەش هۆی تایبەتێتی واتایانە . بەڵام هەندێ کردار بە زۆری وەك یاریدەدەر بەکاردێنرێن و ئەویش بەتایبەتی (بوون) . هەرچی ئەوانی دییە بەدەگمەن ئەم ئەرکە دەبینن ، وەك : (هاتن ، هێنان / هانین ، خستن ، دان / داین ، کردن / کرن ...) .

---

[٢٦٦] هەمان سەرچاوە ، ل١٦ .

دەتوانرێ نموونە بۆ ئەوە بهێنرێتەوە ، کە کرداری خاوەن واتای جیاواز زۆرە ، کە ئەو ئەرکە ببینێ .

لە هەمان کاتدا لە حاڵەتی بەکارهێنانی وشەدا لە دەوری یاریدەدەریدا ، واتای یاریدەدەری لەگەڵ ئەو حاڵەتانەدا ، کە کردارەکە بە واتای تەواو و سەربەخۆ بەکاردێ ، دەپارێزرێ . هەموو ئەمە ، ئەوە ئیسپات دەکا ، کە حاڵەتی یاریدەدەری نابێ بە بەشە ئاخاوتنێکی سەربەخۆ ، یان کردنی دوو بەشە ئاخاوتن بە یەکێك . لە ڕاستیدا واتای یاریدەدەری بریتی‌یە لە ئەرکێکی ڕستەسازیی دیاریکراو ، کە وا خاسیەتی کردارە بە گشتی .

کرداری (بوون) لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروشدا بە هەمان فۆرم و هەمان ناوەرۆکی دیالێکتی کرمانجیی خواروو دەردەکەوێ – واتە لە دیالێکتی ژووروشدا (بوون) وەك کرداری تەواویش و یاریدەدەریش خۆی دەنوێنێ و لە ڕووی کات و ڕێژە و ئەرێتی‌یەوە هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ دیالێکتی خوارووا نی‌یە [٢٦٧]. ئەو جیاوازییە کەمەش ، کە لە هەندێ بەشە دیالێکتدا لە

---

[٢٦٧] چەند نموونەیێك

ڕانەبوردووی ئیخباری :

کێت بن غەم ژ دل غافل و فەرزانە خلاس

کێ دبت شوری حەنون کافر و دێوانە خلاس

(پەرتوین هەکاری ، ل ١٣٧)

ڕانەبوردووی ئینشائی :

گەر کونجێ وەحدەتێ رونم دەمەك شەیدات بم

وەك ت هەڤ خەلقێ دکم سەیرا عەجب رسوات بم

(پەرتوین هەکاری ، ل ١٣٧)

-

رابوردووی ئیخباری :

یارێ بورِ حوسنەک ل باڵ بوو

دلبەرەک غایەت جەمال بوو

(جزیری ، ل ٣٥٦)

... چی ل دوّرا وی دبوو و دقەومێ گشک فەهم دکر .

(کوردێ ، ل٤٢)

عاقبەت بوومە شەهیدێ سەرێ نوکێ موژگان

ژ جەفا غەمزەئان نەرگسی مەستانە خلاص

(پەرتوێ هەکاری ، ل ١٣٧)

... ئەو ژ مالێ دنیایێ حورِ بووبوو ، بووبوو گورا هار .

(کوردێ ، ل ٣٣)

رابوردووی ئینشائی :

عەلی نکاربوو ژ وی خلاس ببویا .

(کوردێ ، ل٤٢)

... نکاربوو ژ ناڤ دەست و پێێد وی دەرکەتا خلاس بووبوویا .

(کوردێ ، ل ٣٥)

ئەرێتی :

ڤە ساغ نابت ب دەرمان و مثالان

ج لیٚ کت پرتوبی جەنەت نەڤێتن

(پەرتوێ هەکاری ، ل١٧٨)

... ئەو گونەه کار نەبوویە ...

(کوردێ ، ل ٣٨) .

.. و گەلێکی دی .

بوونی بزوێنی (وو)ی درێژ بە (ی)[٢٦٨] یان بە دیفتۆنگی (وی)دا دەبینرێ ، دیاردەیێکی فۆنەتیکیی ئاسایی یاساییە .

لەو جۆرە دیاردە فۆنەتیکییە لە هەندێ بەشە دیالێکتی هەردوو دیالێکتی سەرەکیی زمانی کوردیدا بەرچاو دەکەوێ . بۆ نموونە لە بەشە دیالێکتی کوردی گەرمیان و ئەردەڵان و تورکمەنستان...دا (ب)ی (بوو) دەبێ بە (و-W) :

دەوم ، دەوی ... دەون

ووم ، ووی ... وون

...

ئەوم ، ئەوی ... ئەوان[٢٦٩]

(وو)ی (بوون) لە بەشە دیالێکتی لوڕیدا لە شێوەی (ی)دا[٢٧٠] و لە هەورامانیشدا (ێ)دایە[٢٧١]. وەك :

لوڕی :

بی[٢٧٢] - بوو

هەورامانی :

بێ - بوو

---

[٢٦٨] مێرگەکی کچەك هەبی ، ئاڤێ وێ فاتفاتۆك بی ...

(خالید حسەین ، ل ٢٣)

[٢٦٩] بڕوانە :

أ) ڕەئووفی ئەحمەد ئالانی ، گەردانی (بوون) ، گۆڤاری "ڕۆشنبیری نوێ" ، ژ ٨٠ ، بەغدا ، ١٩٨٠ ، ل١٣ .

ب) چ. خ. باکایێف ، زمانی کوردەکانی سۆڤێت ، مۆسکۆ ١٩٧٣ ، ل ١٩٤ - ١٩٥ .

[٢٧٠] حەمید ئێزەد پەناه ، فەرهەنگی لەك و لوڕ (لێدوان و بەراوردکردنی : مەحموود زامدار) ، بەغدا ١٩٧٨ ، ل ٢٣٦ .

[٢٧١] محەممەد ئەمین هەورامانی ، زاری زمانی کوردی لە ترازووی بەراورددا ، بەغدا ، ١٩٨١ ، ل ١٩٨ .

[٢٧٢] لە زمانی ئینگلیزیشدا هەر (be) یە .

کرداری (هاتن) ، کە کردارێکی تەواوە [٢٧٣] و تێنەپەڕە ، لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا بە زۆری وەک کرداری یاریدەدەر خۆی دەنوێنێ ، ئەویش بەتایبەتی لەو بارەدا ، کە دەبێتە کەرەستەی پێکهێنانی دۆخی کارا بزریی : (ئەز هاتم دیتنێ) . لەبەر ئەوەی (هاتن) لەم حاڵەتەدا ناتوانێ وەک کردارێکی سەربەخۆ ئەرکی خۆی ببینێ و ئەو گوزارەیەی کە مەبەستی ڕستەکەیە بە دەستەوە بدات ، دەبێتە کردارێکی یاریدەدەر .

بەدوا کرداری (هاتن)دا هەمیشە کردارێکی تێپەڕ دێت ، کە مانای سەرەکی هەڵدەگرێت . ئەو کردارە سەرەکی‌یە گەردان ناکرێ و لە شێوەی چاوگیدا دەمێنێتەوە (لە هەندێ بەشە دیالێکتیشدا نیشانەی "ێ" یان "ە"ی دۆخی تیان وەردەگرێ)[٢٧٤] . هەرچی کرداری یاریدەدەری (هاتن)ە ، هەردەم دەکەوێتە پێش کردارە سەرەکی‌یەکەوە و وەک گشت کردارێکی تێنەپەڕی دی گەردان دەکرێ .[٢٧٥]

قەدی ئەم کردارە ، وەک هەموو چاوگێکی کوردی بە لێکردنەوەی (ن)ی چاوگ سازدەبێ :

هاتن - ن = هات

---

[٢٧٣] ... ئێوارە هاتم عەرزت بکەمەوە ، میوانت هات .

(لە خەوما ، ل٤٢ – ٤٣)

ڕۆژەکی دەوریش بابا هات و گۆتە کوڕێ پادشێ ...

(کوردۆ ، ل٩٥).

[٢٧٤] دەربارەی ئەو دیاردەیە ، لە باسی جۆنێتی گۆڕینی کرداری کارا دیار بۆ کرداری کار بزردا دواوین (بڕوانە : ل ٣٢٦-٣٤٦) .

[٢٧٥] بۆ وەرگرتنی زانیاریی تەواو لە بارەی گەردانی کرداری تێنەپەڕەوە ، بڕوانە لاپەڕە (٤٣-٦٧)ی ئەم بەرهەمە .

بەڵام چۆنێتی وەرگرتنی ڕەگەکەی ، بەر ڕێگە بنەڕەتی‌یەکە ناکەوێ و بە لابردنی دوو دەنگی کۆتایی و کردنی (ا) بە (ێ) پەیدا دەبێ . وێڕای ئەوەش بەر یاسای کورت کردنەوە کەوتووە و لە (هێ)وە بووە بە (ێ) . لە کاتی ئێستاشدا (د)ی موزارەعەتی دەبێ بە (ت) :

هاتن - تن - ها

ها > هێ > ێ : دەهێم > دێم > تێم

ئەز تێم گرتن / گرتنێ
ئەزێ بێم گرتن / گرتنێ
ئەز هاتم گرتن / گرتنێ
ئەز دهاتم گرتن / گرتنێ
ئەز هاتمە گرتن / گرتنێ
ئەز هاتبووم گرتن / گرتنێ

... ئەز نزانم من هند دیت دەرگەهـ هاتە ڤەکرن .

(خالید حسەین ، ل٨٩)

دەستەکا کەمیکا هاتن دیتن کو نولك تژی ناڤ سفرێت واتە پرسیان کر کا ئەڤە کێ وەکری‌یە .

(خالید حسەین ، ل٦٠)

ئەڤ ب خوەسەر نەچوو ، چوینا وی ب دلخۆشییا مە هەر سییانە .
کو یرۆ ژ مەمێ ڕە گوتنەك خراب بێتە کرن ، ئە ب مرنا مە گیانە .

(مەمێ ئالان ، ل١١٦)

"ڕاستە ، کولەکا مە هنەکی شاشە ، لێ هەما تێرا ڕووناکایی رند و راست تێ دیتنێ ... "

(کوردۆ ، ل١٧٧)

ڕۆژ هاتیە شراقێ

لەو دمرین ژ کوڤانان

(جزیری ، ل٥٧٦)

کرداری (هاتن) لە دیالێکتی کرمانجیی خوارووشدا جارجارە لە دەوری یاریدەدەریدا دەبینرێ ، بەڵام لەم دیالێکتەدا بە پێچەوانەی دیالێکتی ژووروو لە پێش کرداری تێپەڕەوە نایەت ، بەڵکو دەکەوێتە پێش تێنەپەڕەوە . وێڕای ئەوەش یاریدەی سازدانی دۆخی کارا بزری نادات :

... کە ئەوم دی هەموو لەشم هاتە لەرزین .

(لە خەوما ، ل٤٠)

هەرچی کرداری (کەوتن)ە ، کە بە چەشنی (هاتن) تێنەپەڕە ، لە (هاتن) چالاکترە و دەشێ بە دوایدا کرداری تێنەپەڕیش و تێپەڕیش بێت :

لەشم کەوتە لە رزین　　　　ئازاد کەوتە کوشتن

(هاتن) کردارێکی تێنەپەڕە و (هێنان / هانین)یش شێوەی تێپەڕێتی . وەك وتمان (هاتن) لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا بە زۆری دەبێتە کەرەستەی پێکهێنانی حاڵەتی کارا بزریی کردار و لەم بارەدا وەك کردارێکی یاریدەدەر خۆی دەنوێنێ . جا سەرنج ڕاکێش ئەوەیە لە دیالێکتی خوارووداا (هاتن) دەگمەن دەبێتە کرداری یاریدەدەر ، کەچی (هێنان / هانین) دەتوانێ چالاکانە دەوری یاریدەدەری ببینێ ، بەڵام وەك (هاتن) نابێتە هۆی دروست کردنی دۆخی کارا بزری ، بەڵکو دەبێتە یاریدەدەریی کردنی هەندێ کرداری تێنەپەڕ بە تێپەڕ ؛ بە وێنە (پێکەنین) ، (گریان) ... کە تێنەپەڕن ، ئەگەر لە پێشیانەوە (هێنان / هانین) بەکاربهێنرێ ، دەبنە تێپەڕ :

هێنانە پێکەنین

هێنانە گریان

...

لەم دیالێکتەشدا ، کاتێ (هێنان / هانین) وەک کرداری یاریدەدەر خۆی دەنوێنێ ، هەمیشە دەکەوێتە پێش کرداره سەرەکی‌یەکەوە و وەک گشت کردارێکی تێپەڕ گەردان دەکرێ . بەڵام کرداره سەرەکی‌یەکە گەردان ناکرێ و لە شێوەی چاوگیدا دەمێنێتەوە و هەردەم بە دوا کرداره یاریدەدەرەکەدا دێت :

ئازاد دەهێنمە پێکەنین

ئازادم هێنایە پێکەنین

ئازادم دەهێنایە پێکەنین

ئازادم هێناوەتە پێکەنین

ئازادم هێنابووە پێکەنین

ئازادم بهێنایەتە پێکەنین

...

پێویستە ئەوەش یادداشت بکەین ، کە کرداری (خستن) دەتوانێ هەمان دەوری (هێنان / هانین) ببینێ :

ئازاد دەهێنمە پێکەنین	ئازاد دەخەمە پێکەنین
ئازادم هێنایە پێکەنین	ئازادم خستە پێکەنین
ئازادم دەهێنایە پێکەنین	ئازادم دەخستە پێکەنین
ئازادم هێناوەتە پێکەنین	ئازادەم خستووەتە پێکەنین
ئازادم هێنابووە پێکەنین	ئازادم خستبووە پێکەنین
ئازادم بهێنایەتە پێکەنین	ئازادم بخستایەتە پێکەنین

لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا کرداری (دان / داین) ئەگەرچی وەک (هاتن) چالاک نی‌یە ، بەڵام تا ڕادەیێک لەسەر هەمان شێواز دەتوانێ دەوری یاریدەدەری ببینێ :

ئەو وی دەدا گرتنێ

ئەو ئەو دا گرتنێ

ئـەم چەشـنـە بەکارهێنانـەی کـرداری (دان) لـە دیـالێکتی کرمـانجیی خوارووشدا دەبینرێ :

ئەو منی دا بە گرتن

ئەوان ئێمەیان دا بە گرتن

لەو ڕستانەدا (دان) ، کە وەك کرداری سەبەخۆ ئەرکی نەبینیوە و بووەتە هۆی پێکهێنانی دۆخێکی تایبەتی ، دەشێ بە کرداری یاریدەدەر دابنرێ .

(دان) ، کە کردارێکی تێپەڕە ، بە دواشیدا هەر کرداری تێپەڕ دێت .

کرداری (کردن / کرن)یش لە هەندێ باردا ، بەتایبەتی کە دەوترێ (من ئازادم کرد بە مامۆستا ؛ گەرما بەفر دەکا بە ئاو ...) ... (کەڤر کرن خیزە ؛ سۆر کرن سپی ...) بە چەشنی (بوون) وەك کرداری یاریدەدەر خۆی دەنوێنێ .

وێڕای (بوون) ، کە مەودای گۆڕانکاری لە باری بنەڕەتی‌یەوە بۆ باری دی زۆر بەربڵاوە و کرداری (کردن)یش ، کە لە هەندێ حاڵەتی کەمدا لە چەمکی (کـردن)ە ڕووتەکە لادەدات ، ڕواڵـەتیان بە شـێوەی هەمەچەشـن دەبیـنرێ ... هەرچی سەرجەمی ئەو کردارانەی دی (هاتن ، هێنان / هانین ، خستن ، کەوتن ، دان ، کردن)یە ، تەنیا لە دۆخێکدا دەبنە یاریدەدەر ، کە چاوگ بە دوایـاندا بێت . لەو حاڵەتانەدا مەبەست تەنیا نە بە چاوگە ڕووتەکە ڕادەگەیەنرێ و نە بە کردارە یاریدەدەرەکە ، بەڵکو بە هاریکاری هەردووکیان ئەنجام دەدرێ .

کەواتە هەموو ڕواڵەتێکی بەیەکەوە هاتنی کردارێك لەگەڵ کردارێکی دی ناگرێ تێیدا کردارەکەی پێشەوەی بە یاریدەدەر دابنرێ . بەوێنە لە ڕستەکانی (دەمویست سەرتان‌لێبدەم ؛ توانیم بڕۆم ؛ پاڵکەوتم بنووم ...)دا (دەمویست ، توانیم ، پاڵکەوتم...) یاریدەدەر نین ، چونکە نە واتای لێکسیکی و نە دۆخی ڕێزمـانیی ئـەوان و نـە ئـەمان (سـەرتان‌لێـبدەم ، بـڕۆم ، بنـووم ...) لـە ڕووی ئاشـکرایی و نائاشـکرایی ؛ بـەهێزی و بێ‌هێزی‌یـەوە گۆڕانکاری‌یـان بەسـەردا نەهاتووە .

ئەو کردارانەی لە دەستوو لادەدەن

لە زمانی کوردیدا کرداری (هەبوون ، ویستن ، چوون ، هاتن ، زانین ، کارن ...) لە هەندێ ڕووی وشەسازی‌یەوە لە دەستووری گشتی لادەدەن .

(هەبوون) :

(هەبوون) چاوگێکی لێکدراوە و لە دوو مۆرفێمی ڕیشەیی (Root morpheme)ی (هە)و (بوون) پێکهاتووە .

هەندێ لە نووسەرانی ڕێزمانی کوردی (هە)یان بە پێشگر داناوە [٢٧٦] .

لە ڕێی دوو بەڵگەی زانستی‌یەوە ، پێشگر نەبوونی (هە) ڕوون دەکەینەوە :

١-(هە) پێشگر نی‌یە ، چونکە لە زمانی کوردیی ئەمڕۆدا دەبینین ، بە تەنیا بەکاردەهێنرێ و جێناوی لکاوی دەخرێتە سەر و واتای تەواو دەگەیەنێ :

هەم ... هەیە ... هەین ... هەتە ... هەمانە ... هەیانە ...

ئەهلێکی وای هەیە کە هەموو ئەهلی دانشن

هەم ناظیمی عوقوودن و هەم ناظیری نومووڕ

(نالی ، ل ١٨٤)

---

[٢٧٦] بەوێنە ، بڕوانە : نووری عەلی ئەمین ، چاوگی (بوون) و (هەبوون) لە زمانی کوردی‌دا ، گۆڤاری "ڕۆشنبیری نوێ" ، ژ ١٩ ، بەغدا ، ١٩٨٧ ، ل ٢٢٩ - ٢٥٦ .

چەند کەسانێ هەن لە گەنجی وەتەن
کە شەویان لێ هات هەر قومار ئەکەن
(بێکەس ، ل٩٢)

...

بەڵام ئەم تایبەتێتیە لە کرۆکی پێشگردا نیە و (ڕام ... ڕاین ... هەڵمان.. هەڵتان...) نە بە تەنیا دەوترێن و نە واتا دەدەن...

٢-لە زمانە ئێرانیە کۆن و نوێکان و گەلێ لە زمانە هیند و ئەوروپاییەکاندا ، بە هەمان شێوەی ئەمڕۆی کوردی ، یان بە شێوەیێکی یەکجار نێزیک لێوەی دەبینرێ :

ئەم کرداره لە زمانی فارسیی ناوەڕاستدا خاوەنی ڕەگی (ه) بووە ، کە لە (ئەه)ی فارسیی کۆنەوە وەرگیراوە . کرداری یاریدەدەری خاوەن ڕەگی (ه) کردارێکی ناتەواو بوو و تەنیا فۆرمی کاتی ئێستای ڕێژەی ئیخباری و ڕێژەی ئینشائی هەبوو . بەوێنە کاتی ئێستای ڕێژەی ئیخباری بەم چەشنە بوو :

		تاک	کۆ
١-	کەسی یەکەم	هەم	هێم
٢-	کەسی دووەم	هێ (ه)	هێت
٣-	کەسی سێیەم	هەست	هەند

پاپەک ڕاب پوس-ێ هەست (پاپەک کوڕی هەیە)

ئان ئەفزار کێ هەست ئوت بووت ئوت بێت (ئەو هێزە کە وا هەیە ، بووە و دەبێ)

فۆرمی کەسی سێیەمی تاکی حاڵەتی نەرێتیی ڕێژەی ئیخباری دەبێتە (نێست) :

کێ ڤتێشن نێست (ئەوەی کە کۆتایی نییە)

(٢٧٧)...

لە زمانی بلووجیدا فۆرمی تەواوی ئەو کردارە (ئەست)ە و بەجیا بەکاردێ . بۆ نموونە :

- دست ک چێ زەرێ و سۆرێ ئەست (بینیم لەوێ چەند زێڕ و پارە هەیە) .

ئەوەش نموونەی گەردان کردنی :

١-گەردانی فۆرمی تەواوی کاتی ئێستا

تاک		کۆ	
دیالێکتی رۆژئاوا	دیالێکتی رۆژهەلات	دیالێکتی رۆژئاوا	دیالێکتی رۆژهەلات
١-ئەستان ، هەستان ، ئەستون	ئەستان	ئەستن ، هەستن ، ئەستەن	ئەستوون
٢-ئەستێ ، هەستێ ، ئەستەی	ئەستێ	ئەستت ، ئەستێ ، هەستت ، هەستێ	ئەستیێ ئەستێ
٣-ئەست ، ئەستنت ، ئەستن ، هەست ، هەستنت ، هەستن	ئەستێن	هەستەنت ، هەستەن ، ئەستەن	ئەستانت ، ئەستان ، ئەستەن

٢-گەردانی کاتی ڕابوردووی :

تاک	کۆ
١-ئەستەیەن	ئەستەیوون
٢-ئەستەیێ	ئەستەیێ
٣-ئەستەی ، ئەستە	ئەستەیەنت ، ئەستەیەن

(٢٧٨)...

(٢٧٧) ف. س. ڕاستۆرگویڤا ، زمانی فارسیی ناوەڕاست ، مۆسکۆ ، ١٩٦٦ ، ل١٠٣-١٠٦ .

(٢٧٨) ف. ئا. فورۆڵۆڤا ، زمانی بلووجی ، مۆسکۆ ، ١٩٦٠ ، ل ٤٣ - ٤٤ .

لە زمانی فارسیی نوێدا (هست)ە و لە زمانی ڕووسیشدا (یەست)ە ... لە زمانی ئەڵەمانیدا (haben)و لە ئیسپانیدا (haber)ە .(٢٧٩)

(هەبوون) لە زمانی کوردیدا بە دوو واتا دێت : یەك – (بوون – وجود) ؛ دوو – (خاوەنێتی – تملك) . لە باری یەکەمدا واتە کاتێ بە مانای وجود دێت تێنەپەڕە ، بەڵام کاتێ واتای خاوەنێتی دەگەیەنێ تێپەڕە . ئەم تێنەپەڕی و تێپەڕیيەشی چ لە پێوەندیيدا بە بەرکارەوە و چ لە وەرگرتنی جیاوی لکاودا دەردەکەوێ .

-باری ئەرێتی-

-١-

ڕێژەی ئیخباری

	(بوون – وجود)		(خاوەنێتی – تملك)	
	ئێستا	ئایندە	ئێستا	ئایندە
کاتی ڕانەبردوو	هە – م	∅	هەمە	دەمبێ / دەمبێت
	هە – ین		هەمانە	دەمانبێ / دەمانبێت
	... (٢٨٠)			

---

(٢٧٩) عومەر دزەیی ، بەراوردکردنێکی (ڕابوردووی تەواو)ی کوردی لەگەڵ (perfect)ی زمانە ئەوروپاییەکان ، گۆڤاری "کاروان" ، ژ ٢٤ ، ئەیلوولی ١٩٨٤ ، ل ٥ .

(٢٨٠) ... زۆر ئەحواڵێکی خراپ و ناخۆشم هەیە .

(لە خەومدا ، ل٢٩)

٢- کاتی ڕابوردوو

ڕابوردووی نزیک	ڕابوردووی نزیک
هەبووم	هەم بوو
هەبووین	هەمان بوو
[٢٨١] ...	
ب- ڕابوردووی بەردەوام	**ڕابوردووی بەردەوام**
Ø	هەم دەبوو
	هەمان دەبوو
...	
ج-ڕابوردووی تەواو	**ڕابوردووی تەواو**
هەبووم hebûwin	هەم بووە hembûwe
هەبووین hebûwîn	هەمانبووە hemanbûwe
د-ڕابوردووی دوور	**ڕابوردووی دوور**
هەبووبووم	هەمبووبوو
هەبووبووین	هەمانبووبوو
...	

[٢٨١] بە باغچەی پاشادا وەرە گەڕام ، خوار و ژوور ،
زمرد هەبوو ، بۆم چنیت ! چنگ نەکەوت گوڵی سوور ،
(گۆران ، ل ١٧)

-٢-

ڕێژەی نیشانی

	(بوون – وجود)		(خاوەنێتی – تملك)	
١-کاتی ڕانەبردوو	هەبم		هەمبێ	
	هەبین		هەمانبێ	
	...[٢٨٢]			
٢-کاتی ڕابردوو: أ-نزیك	هەبووبام		هەمبووبایە	هەمبوایە
	هەبووباین		هەمانبووبایە یاخود	ئەمانبوایە
	...			
ب-بەردەوام	Ø		هەم دەبووبایە	هەم دەبوایە
			هەمان دەبووبایە یاخود	هەمان دەبوایە
			...	
ج-دوور	هەبووبامایە	هەبوومایە	هەم بووبایە	هەم بوایە
	هەبووباینایە یاخود	هەبووینایە	هەمان بووبایە یاخود	هەمان بوایە
	...			
د-دوورتر	هەبووبووبامایە یاخود	هەبووبووبومایە	هەم بووبووبایە یاخود	هەم بووبووایە
	هەبووبووباینایە	هەبووبووینایە	هەمان بووبووبایە	هەمانبووبووایە

-٣-

ڕێژەی داخوازی

(بوون – وجود)	(خاوەنێتی – تملك)
هەبە	هەتبێ
هەبن	هەتانبێ
...	

---

[٢٨٢] عارەق و پارە لە هەردوو گەر سەرو ڕووتم هەبێ
چیمە ئیتر من بەسەر ئەڵمان و ڕووس و چیکەوە
(بێکەس ، ل١٣٧)

باری نەرێتی

-١-

ڕێژەی ئیخباری

کات		(بوون – وجود)	(خاوەنێتی – تملك)
١-کاتی ڕانەبردوو		نیم	نیمە
		نین	نیمانە
		... [٢٨٣]	
٢- کاتی ڕابردوو	أ-نزیك	نەبووم	نەم بوو
		نەبووین	نەمان بوو
		... [٢٨٤]	
	ب-بەردەوام	نەدەبووم	نەم دەبوو
		نەدەبووین	نەمان دەبوو
		...	
	ج-تەواو	نەبوومە	نەم بووە
		نەبووینە	نەمان بووە
		... [٢٨٥]	
	د-دوور	نەبووبووم	نەم بووبوو
		نەبووبووین	نەمان بووبوو
		...	

---

[٢٨٣] لە تەنیایی شەوی ژینا ، ئەنێم هەنگاوی کوێرانە
نی‌یە دەستێ ، دەرمێنێ لە ناو ئەم گۆڕە وێرانە

(هەردی ، ل٧٩)

[٢٨٤] ڕۆژ نەبوو چاوم بە دیدار
شاد نەبێ ، نەسرەوێ ئازار

(گۆران ، ل٢١)

[٢٨٥] چ مشت و پەنجە ! وەکو مشتی شانە ڕەق کە دەڵێی
لە شانیدا نەبووە دەست و بردی گوشت و گیر

(نالی ، ل ٢١١)

-٢-

ڕێژەی نیشانی

		(بوون – وجود)	(خاوەنێتی – تملك)		
١-کاتی ڕانەبوردوو		ئەبم	ئەمبێ		
		ئەبین	ئەمانبێ		
		...[٢٨٦]			
٢- کاتی ڕابوردوو	أ-نزیک	ئەبووبام	ئەم بووبایە		ئەم بوایە
		ئەبووباین	ئەمان بووبایە	یاخود	ئەمان بوایە
		...			
	ب-بەردەوام	∅	ئەم دەبووبایە		ئەم دەبوایە
			ئەمان دەبووبایە	یاخود	ئەمان دەبوایە
			...		
	ج-تەواو	ئەبووبامایە	ئەم بووبایە		ئەم بوایە
		ئەبووبابنایە	ئەمان بووبایە	یاخود	ئەمان بوایە
		...			
	د-دوور	ئەبووبوومایە	ئەم بووبووبایە		ئەم بووبوایە
		ئەبووبووینایە	ئەمان بووبووبایە	یاخود	ئەمان بووبوایە
		...			

-٣-

ڕێژەی داخوازی

(بوون – وجود)	(خاوەنێتی – تملك)
مەبە	ئەتبێ
مەبن	ئەتانبێ

[٢٨٦] یاخوا کافریش نەبێ بە جەستەم
وێڵ و سەرگەردان بێ‌تین و خەستەم
(بێ‌کەس ، ل ٧٨)

تێبینی :

ا-(هەبوون) لە باری ئەرێنیدا :

١-لە کاتی ئێستا و ئایندەی (بوون - وجود)و ئێستای (خاوەنێتی - تملك)ی ڕێژەی ئیخبارییدا نیشانەی (دە) وەرناگرێت و دەوترێت : (هەم ... هەین) ؛ (هەمە ... هەمانە) و ناوترێ (دەهەم ... دەهەین) ؛ (دەهەمە ... دەهەمانە) ، بەڵام لەکاتی ئایندەی خاوەنێتیدا (دە) بەکاردێ و ئەویش بە تێچوونی (هە) : (دەمبێ / دەمبێت ... دەمانبێ / دەمانبێت)

هەردوو ڕانەبوردووی ڕێژەی ئینشائیی وجود و خاوەنێتی نیشانەی (ب)ی ئینشائییان لەگەڵدا ناوترێ و دەوترێ : (هەبم ... هەبین) ؛ (هەمبێ ... هەمانبێ) .

ڕێژەی داخوازیی (وجود)یش و (تملك)یشی (هەبوون) نیشانەی (ب)ی داخوازییان لەگەڵ ناوترێ و دەوترێ : (هەبە ... هەبن) ؛ هەتبێ ... هەتبن) .

٢-لە ڕانەبوردووی (ئێستا و ئایندە)ی ڕێژەی ئیخباریی حاڵەتی وجودیش و خاوەنێتییشدا هیچ ئەسەرێکی مۆرفیمی دووەمی وشەکە نامێنێ ، واتە (ب)ی ڕەگی (بوون) ، کە دەبوو لە پێکهاتنەکەدا بەشداربێ ، نییە .

٣-یاسای گشتیی وەرگرتنی جێناوی کەسیی لکاو بۆ کاتی ڕانەبوردووی تێنەپەڕیش و تێپەڕیش ، ڕێژەی ئیخباریش و ڕێژەی ئینشائیش ، هەر جۆری بێ هێزە - واتە دەستەی (م ، ی ، . ، ین ، ن ، ن)ە ... ئەگەرچی (هەبوون)ی وجود بەپێی یاسا جێناوی لکاوی جۆری بێهێزی دەچێتە سەر ، کەچی (هەبوون)ی خاوەنێتی جێناوی لکاوی جۆری بەهێز وەردەگرێ - واتە دەستەی (م ، ت ، ی ، مان ، تان ، یان)ی پێوە دەلکێ . ڕێژەی داخوازیی (هەبوون)ی خاوەنێتی بە هەمان چەشن لە جیاتی ئەوەی دەستەی بێهێزی جێناوی کەسیی لکاو وەربگرێ ، دەستەی بەهێزی دەچێتە سەر .

٤-بەپێی دەستوور دەبوو کاتی ڕانەبوردووی (هەبوون)ی (وجود)یش و خاوەنێتی‌یش بەم چەشنە بێ :

ڕێژەی ئیخباری	ڕێژەی ئینشائی	ڕێژەی داخوازی
هەدەبم	هەببم	هەببە
هەدەبین	هەببین	هەبن
...		

٥-چاوگی (هەبوون)ی ڕێژەی ئیخباریش و ئینشائیش ، کە بە واتای وجود دێت ، کاتی ڕابوردووی بەردەوامی لێ پەیدانابێ .

ب-(هەبوون) لە باری نەرێتی دا :

١-لە گشت حاڵەتێکی نەرێتی‌ی (هەبوون)دا ، چ بە مانای وجود و چ بە واتای خاوەنێتی ؛ چ ڕێژەی ئیخباری و چ ئینشائی و چ داخوازی ؛ ڕانەبوردوو بێ یان ڕابوردوو ... (هە) تێدەچێت .

٢-بەپێی یاسای گشتیی نەرێتیی زمانی کوردی ، نەرێتیی کرداری (هەبوون) لە کاتی ڕانەبوردووی ڕێژەی ئیخباریدا ، دەبوو لە هەردوو حاڵەتی وجودیش و خاوەنێتی‌یشدا : (هەنابم ... هەنابین) بێت ، کەچی هەردوو مۆرفیمی (هە)و (بوون) تێچوون و (ا)ی (نا)ش بووە بە (ی)و دەوترێ (نیم ... نین) ؛ (نیمە ... نیمانە) .

٣-لە کاتی ڕانەبوردووی ڕێژەی ئینشائی‌دا لە هەردوو باری وجود و خاوەنێتی‌دا تەنیا (هە) تێدەچێ و (ب)ی ڕەگی (بوون) بەشداری دەکا و (نە)ش وەك دەستووری گشتی خۆی دەنوێنێ و دەوترێ (نەبم ... نەبین) ؛ (نەمبێ ... نەمانبێ) .

٤-لە کاتی ڕانەبوردووی ڕێژەی ئیخباری و ئینشائی و ، ڕێژەی داخوازیشدا ، دەمێ (هەبوون) بە واتای خاوەنێتی دێت ، لە بریتی ئەوەی بەپێی یاسا جێناوی کەسیی لکاوی دەستەی بێهێز وەربگرن ، کەچی جێناوی کەسیی لکاوی دەستەی بەهێزیان دەچێتەسەر .

٥-تاکە جیاوازیی ڕێژەی ئیخباری و ئینشائیی کرداری (هەبوون) بە هەردوو باری وجود و خاوەنێتییەوە ، لەگەڵ یاسای گشتیی تەرێتیی سەرجەمی جۆرە کردارێکی ڕابوردوودا تێچوونی (هە)یە .

٦-لە کاتی ڕانەبوردوو و هەر چوار جۆری ڕابوردووی ڕێژەی ئیخباری و ئینشائیدا و هەروەها هەموو حاڵەتێکی ڕێژەی داخوازیدا ، دەمێ (هەبوون) مانای وجود دەگەیەنێ ، لە وەرگرتنی جێناوی لکاودا لە یاسا لانادەن - واتە لە سەرپاکی ئەو دۆخانەدا جێناوی کەسیی لکاوی بێهێزیان دەچێتە سەر .

٧-لە ڕێژەی داخوازیدا ئامرازی (مە) و (نە) لە یاسا دەرنەچوون .

* *

*

لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا (هەبین) و (هەبوون) هەیە . مامۆستا قەناتی کوردۆ دەڵێ : فۆرمی (هەبین) دێرینترە و لە ڕووی ڕەگەزەوە پێوەندی بە کرداری یاریدەدەری هەست (ەن)ی زمانانی ئێرانیی دێیەوە هەیە .(٢٨٧)

کرداری (هەبین) تەنیا فۆرمی کاتی ئێستای هەیە و بۆ پەیدابوونی کاتی ڕابوردوو (هە)ی بنەمای لەگەڵ کرداری (بوون) - (لە "بووین"ەوە) یەك دەگرن و

---

(٢٨٧) ق. کوردۆیێف ، دەستووری زمانی کوردی (بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجیی ژووروو و خواروو) ، مۆسکۆ ، ١٩٧٨ ، ل ٢١٠ .

فۆرمی (هەبوون) پێك دێنن.[٢٨٨] (هەبوون) لە ڕووی کاتەوە فۆرمی ڕانەبوردوو و ڕابوردووی هەیە ؛ لە ڕووی ڕێژەوە خاوەنی فۆرمی ئیخباری و ئینشائی و داخوازییە ... هەرچی (هەیین)ە لەگەڵ ئەوەدا ، کە تەنیا فۆرمی کاتی ئێستای هەیە ، بەبێ نیشانەی (د / دە)ی موزارەعەتیش گەردان دەگرێ .[٢٨٩]

هەردوو کرداری (هەیین) و (هەبوون) بە دوو جۆر بەکاردێنرێن : ١-وەك کردارێکی تەواو ؛ ٢-وەك کرداری یاریدەدەر . لە حاڵەتی یەکەمدا لەگەڵ (هە)ی بنەمایاندا گەردان دەکرێن ، بەڵام لە حاڵەتی دووەمدا بەبێ (هە) .[٢٩٠]

وەك وتمان کرداری (هەیین) تەنیا فۆرمی کاتی ئێستای هەیە و ئەم فۆرمەش لە بنەمای (هە)و جێناوی کەسیی لکاو پێك دێ :

ئەز هەمە

تو هەیی

ئەو هەیە[٢٩١]

ئەم
هوون } هەن[٢٩٢]
ئەوان

[٢٨٨] ق. کوردۆییڤ ، دەستووری زمانی کوردی ، ١٩٥٧ ، مۆسکۆ ، ل١٩٨ .

[٢٨٩] سەرچاوەی ناوبراو ، دەستووری زمانی کوردی (بە کەرەستەی ...) ، ل ٢١٠ .

[٢٩٠] سەرچاوەی ناوبراو دەستووری ڕێزمانی کوردی ، مۆسکۆ ، ١٩٥٧ ، ل ١٩٩ .

[٢٩١] گاڤ کالان ژ مەرە دگۆتن د بەحرێدە جەنەوەرەك هەیە ، مینا هسپانە . مە گۆت : "دەرەوە !"مە باوەڕ نەدکر گۆتنا وان کالانە !

(مەمێ ئالان ، ل ٤٢)

[٢٩٢] هەردوو ماعر ... کو نزان بوون کەڤر ، کۆچك ل سەر ڕێیا وان هەنە ، یان نا ...

(کوردێ ، ل ٣٦)

لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا هەموو فۆرمەکانی کرداری (هەبوون) بە تەڤڕی وەك کرمانجیی خواروو ە .

چەند نموونەیێك :

*کاتی ڕابوردووی نزیکی ڕێژەی ئیخباری

ئەز هەبووم

تو هەبوویی

ئەو هەبوو[٢٩٣]

ئەم

هوون — هەن[٢٩٤]

ئەوان

*کاتی ڕابوردووی ڕێژەی ئینشائی

ئەز هەبووما

تو هەبوویای

ئەو هەبوویا

ئەم

هوون — هەبونا

ئەوان

---

(٢٩٣) دناڤ وان خۆرتان دە یەکی دن هەبوو ...

(مەمێ ئالان ، ل ٤٢)

مرۆڤەك هەبوو ، ناڤێ عەلی مەمەد بوو .

(کورنۆ ، ل ٣٢)

(٢٩٤) ... دارێت کەڤنار هند لوا گەلیا هەبوون ...

(خالید حسەین ، ل٤٩)

*ڕێژەی داخوازی

هەبە

هەبن

لە فۆرمی نەرێتی‌یشدا ، ئەگەرچی کەمێ جیاوازی لە نێوان دوو دیالێکتە سەرەکی‌یەکەی کوردیدا دەبینرێ ، بەڵام ئەو جیاوازییە ، نەبووەتە هۆی لەیەک پچڕانی ئەو دۆخەی زمانی کوردی .

وەك وتمان (هەبین) تەنیا فۆرمی کاتی ئێستای هەیە و ئەمەش شێوەی نەرێتی‌یەتی :

نەرێتیی ئەم حاڵەتە ئامرازی (نی)و (تونە) دەری دەبڕن ، کە شوێنی (هە) دەگرنەوە :

ئەز	نینم	ئەز	تونەمە
تو	نینی	تو	تونەیی
ئەو	نینە [٢٩٥]	ئەو	تونەیە

ئەم / هوون / ئەوان ← نینن [٢٩٦]

ئەم / هوون / ئەوان ← تونەنە [٢٩٧]

---

[٢٩٥] ژنکێ گوتێ : زەحمەت نینە ، هەرە جلکا ژ ناڤ بوخچکێ بینە دەر .

(خالید حسەین ، ل ٢٣)

[٢٩٦] داغا دلێ من دەوا چو نینن

ژ وەجهێ کرەمێ تو هەر دەوا باش

(بەرتویێ هەکاری ، ل ١٣٥)

[٢٩٧] .. چما بێ مینا تە قەت ئێدا تونەنە ...

(گوردۆ ، ل ٤٤)

لەم بارەدا هەندێ جار ئامرازی (نە)ش بەکاردێنرێ [298]، بەڵام وەك (نی) و (تونە) شوێنی (هە) ناگرێتەوە :

ئەز   نە هەمە

تو   نە هەیی

ئەو   نە هەیە

ئەم
هوون   نە هەن
ئەوان

ئەرێتیی کاتی ڕابوردووی ڕێژەی ئیخباری و ڕێژەی ئینشائی و هەروەها ڕێژەی داخوازی بە یاریدەی (تونە ، نی ، نە) سازدەبێ :

ڕێژەی ئیخباری	ڕێژەی ئینشائی	ڕێژەی داخوازی
تونەبووم [299]	تونەبووما	تونەبە ، تونەبن
نیبووم [300]	نیبووما	
نەهەبووم	نەهەبووما	نەهەبە ، نەهەبن

[298] ق. کوردۆیێڤ ، دەستووری زمانی کوردی (بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجیی ژوورو و خواروو) ، مۆسکۆ ، ١٩٧٨ ، ل ٢١٠ .

[299] وەختەکی هەبوو تونەبوو ، نێچیرڤانەك هەبوو . ناڤێ وی نێچیرڤانی میرزە مەموود بوو . کەسەکی وی تونەبوو .

(کوردۆ ، ل ٨١)

ب خوەستنا خودێ زارۆێد وان تونەبوون .

(کوردۆ ، ل٣٢)

[300] کەیفا وی خوەش نیبوو ...

(کوردۆ ، ل٣٧)

کرداری (هەبوون) چۆن لە دیالێکتی خوارووی کوردیدا دوو جۆر گەردان - واتە گەردانی تێنەپەڕ و گەردانی تێپەڕ-ی هەیە ، لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروشدا بە هەمان چەشن لەتەك گەردانی تێنەپەڕدا ، گەردانی تێپەڕیشی هەیە . لە گەردانی تێنەپەڕدا وەك لێی دواین جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان ئەو دوو دیالێکتە سەرەکییەی کوردیدا نییە . هەرچی جیاوازیی گەردانی تێپەڕە ، ئەوەیە کە وەك هەموو کردارێکی دی تێپەڕ ، کاتی ڕابوردووی لە دیالێکتی خوارودا بە یاریدەی جێناوە لکاوەکانی دەستەی یەکەم - واتە بەهێزەکان - دەردەبڕرێن ، بەڵام لە دیالێکتی ژوورودا بە دوو ڕێگادا دەڕۆن : ١-ئەگەر لە ڕستەدا بەرکار هەبێ ، ئەو دەمە جێناوە لکاوەکانی دەستەی دووەم - واتە بێ هێزەکان - دێنە کۆتایی کردارەکە ؛ ٢-بێتو لە ڕستەدا بەرکار نەبێ ، ئەو دەمە جێناوی لکاو پەیدا نابێ و کردارەکە لە یەك فۆرمدا بۆ هەموو کەسەکانی ژمارەی تاك و کۆ دەبینرێ .

★ ★

(هەبوون)ی وجود لە بەشە دیالێکتی هەوراماندا لە شێوەی

"هەنا - هەم

هەنی[٣٠١] - هەیت

هەن[٣٠٢] ، هەنە - هەیە

---

[٣٠١] غەیرەز ماه و مەعلووم عامەن

ئاسمان هەنی فەضلی تۆ کامەن

(میرزا ئۆلقادر ، ل١٦٢)

[٣٠٢] نە ئارامێ هەن ، نەمۆ قەرارێ

جەی شار بەرمەشان ، هەرۆ هەزارێ

(صەیدی ، ل٢١٤)

=

هەنمێ – هەین

هەندێ – هەن

هەنێ – هەن"[٢٠٣] دا خۆی دەنوێنێ و ، بە واتای خاوەنێتیش قاڵبی :

"هەنمە – هەمە

هەنت – هەتە

هەنش – هەیەتی

هەنما – هەمانە

هەنتا – هەتانە

هەنشا – هەیانە"[٢٠٤] وەردەگرێ .

لە ناوچەی سنەو مەهاباد و کرماشان دەبێتە :

وجود	خاوەنێتی
هەم	هەسم
هەیت	هەست
هەس	هەسی
هەین	هەسمان
هەن	هەستان
هەن	هەسیان[٢٠٥]

=

خاستەر مەدینەی مونەوەرم هەن

من حوجرەی حەرەم پڕ گەوهەرم هەن

(میرزا ئۆلقادر ، ل١٧٠)

[٢٠٣] محەمەد ئەمین هەورامانی ، زاری زمانی کوردی لە ترازووی بەراورددا ، بەغدا ، ١٩٨١ ، ل١٩٩ ؛ دکتر ابراهیم پور ، دستور زبان کردی ، تهران ؟ ، ل٤٣-٤٤ .

[٢٠٤] هەمان سەرچاوە ، زاری زمانی کوردی ... ل١٩٧ .

[٢٠٥] سەرچاوەی پێشوو ، دستور زبان کردی ، ل٣٨ – ٣٩ .

له شێوەی لوڕیدا :

خاوەنێتی	وجود
	هیسەم
	هیسی
	هێ
	هێسەم
	هێسید
	هێسەن [٣٠٦]

له زمانی فارسیی نوێشدا :

خاوەنێتی	وجود
من دارم	هستم
تو داری	هستی
او دارد	هست
ما داریم	هستیم
شما دارید	هستید
انها دارند	هستند

* *

[٣٠٦] حەمید ئێزەد پەناه ، فەرهەنگی لەك و لوڕ (لێدوان و بەراوردکردنی : مەحموود زامـدار) ، بەغدا ، ١٩٧٨ ، ل ٢٢٧ .

لە نێوان مۆرفیمی (هە)ی خاوەنێتی و جێناوی هەیی (هی)دا [٣٠٧]، لە ڕووی فۆرمیش و ناوەڕۆکیشەوە ویکچوون و نێزیکی بەدی دەکرێ.

لەباری فۆرمەوە جیاوازییان تەنیا لە بزوێنی (ە)و (ی)دایە و لە زمانی کوردیشدا گۆڕینەوەی ئەو بزوێنانە بە یەکتر یاساییکی باوە.

هەرچی مەسەلەی ناوەڕۆکە، ئەوەیە هەردووکیان واتای خاوەنێتی دەگەیەنن. بەوێنە:

من ماڵم هەیە	:	ئەو ماڵە هی منە
م هەیە	:	هی منە
ئێمە ماڵمان هەبوو	:	ئەو ماڵە هی ئێمە بوو
مان هەبوو	:	هی ئێمە بوو

ئەو ئەڵێ بەخوا نایدەم هیی منە

ئەم ئەڵێ ڕابورد، دەستت بەم گونە

(بێکەس، ل٩٢)

* * *

(ویستن):

ئەم کردارەش وەك کرداری (هەبوون)ی خاوەنێتی، کە لە گەردانی کاتی ڕانەبوردوودا جێناوی کەسیی لکاو وەردەگرێ، لە سەرجەمی کردارەکانی دی زمانی کوردی جیادەبێتەوە - واتە لە بریتی ئەوەی جێناوی جۆری بێهێز (م،

---

[٣٠٧] بۆ باسی جێناوی هەیی (هی)، بڕوانە: ل ٢٧٨ - ٢٨٠ی بەشی دووەمی بەرگی یەکەمی ئەم کتێبە.

ی ، . ، ین ، ن ، ن)ی پێوە بلکێ ، کەچی جێناوی جۆری بەهێز (م ، ت ، ی ، مان ، تان ، یان)ی دەچێتە سەر .[٣٠٨]

ڕانەبوردووی ئیخباری	ڕانەبوردووی ئینشائی
دەمەوێ	بمەوێ
دەمانەوێ	بمانەوێ
...	

بەپێی دەستوور دەبوو بوترێ

دەوێم	بوێم
دەوێین	بوێین
...	

* *

(چوون) :

(چوون) کردارێکی تێنەپەڕە و لە دیالێکتی کرمانجیی خواروودا جگە لە ڕێژەی داخوازی ، کە دەبێتە (بچۆ) ، دەنا سەرجەمی کاتەکانی ڕێژەی ئیخباری و ئینشائی بە تەواوی بەپێی دەستووری گشتی گەردان دەکرێن ، بەڵام لە دیالێکتی کرمانجیی ژوورووا بۆ پێکهێنانی فۆرمی ئەرێتیی کاتی ئایندەی ڕێژەی ئیخباری و ئینشائی و فۆرمی داخوازی (هەڕ) دەبێتە بنەما . هەرچی فۆرمی نەرێتیی ئەو حاڵەتانە و گشت کاتێکی ڕابوردوویەتی ، بەپێی دەستوور دەڕوا و لە (چوون)ەوە[٣٠٩] وەردەگیرێ :

[٣٠٨] لە زمانی کوردیدا تەنیا ئەو دوو کردارە – واتە (هەبوون)ی خاوەنێتی و (ویستن) لە گەردانی کاتی ڕانەبوردوویاندا بە شێوەیەکی بێزۆک جێناوی کەسیی لکاو وەردەگرن .

[٣٠٩] ... قەسابچی چوو مالا خوە ...

(کوردۆ ، ل١٦٦)

ئەو و قەسابچی بەر ب خەزنێ چوون .

(کوردۆ ، ل ١٦٨)

***کاتی ئایندەی ڕێژەی ئیخباری**

ئەزێ هەڕم

تویێ هەڕی

ئەوێ هەڕە

ئەمێ
هوونێ — هەڕن [٣١٠]
ئەوانەیە

***کاتی ئایندەی ڕێژەی ئینشائی**

ئەگەر ئەز هەڕم

ئەگەر تو هەڕی

ئەگەر ئەو هەڕە

ئەگەر ئەم
ئەگەر هوون — هەڕن
ئەگەر ئەو (ان)

***ڕێژەی داخوازی**

هەڕە [٣١١]

هەڕن

[٣١٢] ...

---

[٣١٠] گاڤا خوەدێ کر و قەدەر ، ئەمێ هەڕن ، تویێ بی بووک و ئەز زاڤانە .

(مەمێ ئالان ، ل ١١٢)

[٣١١] پاشێ تو هەڕە گازی قەسابچی بکە .

(کوردۆ ، ل١٦٦)

[٣١٢] شایانی باسە ، مامۆستا قەناتی کوردۆ پەنجەی بۆ بەشێکی زۆری ئەو زانیارییانە ڕاکێشاوە (بڕوانە : ق. کوردۆیێف ، دەستووری زمانی کوردی "بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجیی ژووروو و خواروو" ، مۆسکۆ ، ١٩٧٨ ، ل٣٢١ – ٣٢٢ .

(هاتن) :

کرداری (هاتن) ، کە ڕەگەکەی (هێ)یە و لە زۆربەی دیالێکت و بەشە دیالێکتەکانی کوردی‌دا بەر یاسای کورت کردنەوە کەوتووە و بووە بە (یێ) ، لە دوو ڕووەوە لە دەستوو لادەدات :

١-بەتایبەتی لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا ، لە کاتی ڕانەبوردوودا (د)ی نیشانەی موزارەعەتی دەبێ بە (ت) :

ئەز تێم
تو تێی
ئەو تێ
ئەم
هوون تێن [٣١٣]
ئەوان

لە هەردوو دیالێکتە سەرەکی‌یەکەی کوردیدا ڕێژەی داخوازی لە بنەمای (وەر)ەوە سازدەبێ :

کرمانجیی ژووروو	کرمانجیی خواروو
وەرە [٣١٥]	وەرە [٣١٤]
وەرن	وەرن

[٣١٣] سەد نیلێ وە تێن و دەمرن قەلبێ مە
پێ ئاحسێن قولزمم دەریایێ ئەز

(جزیری ، ل٢١٧)

[٣١٤] جۆبارە ، لالەزارە ، وەرە سەر چەمم ، وتی :
ئاشووبە ئەم بەهارە ، بوە سەیری چەم حەرام

(مەحوی ، ل٢١٢)

[٣١٥] پەرتو وەرە گوهدە فێ نصیحەت
(أما) ژ دل و جان ب (دقت)

(پەرتۆی هەکاری ، ل٣٧)

(زانین)و (کارن)[316] :

ئەم دوو کردارە تێپەڕە لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا لە دوو ڕووەوە لە دەستووری گشتی لادەدەن :

١-فۆرمی ڕابوردووی تەواویان نی‌یە :

ڕابوردووی نزیك - من زانی

ڕابوردووی بەردەوام - من دزانی

ڕابوردووی دوور - من زانبوو

ڕابوردووی تەواو - Ø

٢-لە گشت کردارەکانی زمانی کوردیدا تەنیا ئەم دوو کردارە دەشێ حاڵەتی نەرێتی‌یان بە یاریدەی (ن، ni -) پێك بهێنرێ :

ئەز نزانم

ئەز نکارم

... ئەز نزانم من هند دیت دەرکەھ هاتە ڤەکرن

(خالید حسەین ، ل٨٩)

سەبری گۆت : "ناپۆ ئەم نکارن ب وی چەمێرا دەرباز بن ..." .

(کوردۆ ، ل١٧٢)

---

[316] کارن = توانین

نەرێتیی کردار

لەزمانی کوردیدا بۆ نەفی کردار سێ ئامرازی سەرەکی هەیە :

١-نا

٢-نە

٣-مە

ئامرازی (نا)

ئەم ئامرازە تەنیا لەگەڵ فۆرمی کرداری ڕانەبوردووی ڕێژەی ئیخباریدا بەکاردێنرێ . کردارەکەش تێپەڕ بێ یان تێنەپەڕ ، سادە بێ یان ناسادە ، شوێنی (نا) هەر پێش ڕەگەکەیە . وەك :

تێنەپەڕ :

سادە	:	دەکەوم	–	ناکەوم
		دەبم	–	نابم
دارێژراو	:	هەڵدەکەوم	–	هەڵناکەوم
		دادەبم	–	دانابم
لێکدراو	:	سەردەکەوم	–	سەرناکەوم
		ئازاددەبم	–	ئازادنابم

تێپەڕ :

سادە	:	دەگرم	–	ناگرم
		دەکەم	–	ناکەم
داڕێژراو	:	دادەگرم	–	داناگرم
		ڕادەکەم	–	ڕاناکەم
لێکدراو	:	ڕێگادەگرم	–	ڕێگاناگرم
		بەخێودەکەم	–	بەخێوناکەم

...(٣١٧)

تێبینی :

١-نیشانەی (دە / ئە)ی کاتی ڕانەبوردوو لە کرداری ئەرێتیدا لە کوێدا بێت ، لە حاڵەتی نەرێتیدا (نا) لە هەمان شوێنی ئەودا دادەنرێ . وەك :

تێنەپەڕ :

دە
بم
نا

(٣١٧) دڵ دەڵێ سەیری چەمەن خۆشە ، جەوابی نادەم
موددەتێکە لە قەفەسدایە ، عەذابی نادەم
(نالی ، ل ٣٠٥)

وەك ئەو گوڵەی ئەیدا لەسەر نازداری ،
تێر نابێ لێی هەر چاوێ بۆی ئەنواڕێ !..
(گۆران ، ل١٧٤)

مژدەیان ئەدا پشیلە عابدە
ئەزەر لە مێکە ناکات زاهیدە
(پیرەمێرد ، ل٤٠٨)



تێپەڕ :







٢-لە کرداری ناسادەدا بێگومان پارچەی یەکەم (پێشگر یان وشەی واتادار) سەر بە ڕەگی کردار نییە و (نا) هەمیشە دەکەوێتە پێش ڕەگەوە :

دا - نابم ، ڕا - ناکەم

سەر - ناکەوم ، بەخێو - ناکەم

٣-ئەگەر کردارەکە لە دۆخی کارا بزری‌دا بێ ، بە هەمان شێوەی کارا دیاری ، (نا) وەردەگرێ . وەك :

ناگرم - ناگیرێم

داناگرم - داناگیرێم

٤-لە دیالێکتی ژووروی زمانی کوردیدا ، (نا) بە هەمان شێوەی کرمانجیی خواروو خۆی دەنوێنێ - واتە تەنیا لەگەڵ فۆرمی کرداری ڕانەبوردووی ڕێژەی ئیخباریدا دێت :

دکەڤم - ناکەڤم

دنڤیسم - ناڤیسم

ئامرازی (نە)

کرداری ڕانەبوردووی ئینشائی و گشت جۆرێکی ڕابوردووی ئیخباری و ئینشائی و تەنانەت هەندێ حاڵەتی داخوازیش بە (نە) نەفی دەکرێن :

-١-

ڕانەبوردووی ئینشائی

تێنەپەڕ :

سادە	:	ببم	–	نەبم
		بکەوم	–	نەکەوم
داڕێژراو	:	دابېم	–	دانەبم
		دابکەوم	–	دانەکەوم
لێکدراو	:	ئازادببم	–	ئازادنەبم
		سەربکەوم	–	سەرنەکەوم

تێپەڕ :

سادە	:	بگرم	–	نەگرم
		بکەم	–	نەکەم
داڕێژراو	:	داگرم	–	دانەگرم
		ڕابگرم	–	ڕانەگرم
لێکدراو	:	ڕێگابگرم	–	ڕێگانەگرم
		بەخێوبکەم	–	بەخێونەکەم

... هتد [٣١٨]

---

[٣١٨] چاوی لە وەعدی کوشتنی من چاوی دزیبوە
خوونکاری وا ، دەبێ لە قسەی خۆی نەکا نکوول

(مەحوی ، ل٢٠٦)

تێبینی :

١-نیشانەی (بـ–bi)ی ئینشائی لە کرداری ئەرێتی‌دا لە کوێدا بێت ، لە حاڵەتی نەرێتی‌دا (نە) لە هەمان شوێنی ئەو دادەنرێ .

تێنەپەڕ :





-

جوانترم نەدی وەك بووك وەستابێ ،
سەیرانگای چەمی وابێ ئاوا بێ !..

(گۆران ، ل١٧٧)

خاڵی‌یە شوێنی نازك خەیاڵان
نەما گۆرانیی ئەگریجە و خاڵان

(پیرەمێرد ، ل٢٤٤)

تێ‌پەڕ :





٢-(نە) هەمیشە دەکەوێتە پێش ڕەگی کردارەوە .

		نەکەوم
دا	–	نەکەوم
سەر	–	نەکەوم
		نەکەم
ڕا	–	نەکەم
بەخێو	–	نەکەم

لە کرمانجیی ژووروشدا (نە) لەگەڵ کرداری ڕانەبوردووی ئینشائی‌دا بە هەمان شێوەی دیالێکتی کرمانجیی خواروو خۆی دەنوێنێ :

بکەڤم	–	نەکەڤم
بنڤیسم	–	نەنڤیسم

-٢-

ڕابوردووی ئیخباری و ئینشائی

١-لە کرداری ڕابوردووی نزیک و تەواو و دووری سادە و ناسادەی تێنەپەڕی ئیخباری و ڕابوردووی نزیک و بەردەوام و تەواو و دووری سادەی تێنەپەڕ و ناسادەی تێپەڕی ئینشائیدا ، (نە) دەکەوێتە پێش قەدەوە :

*سادەی تێنەپەڕ :

أ-ڕابوردووی نزیک

ئیخباری			ئینشائی		
بووم	-	نەبووم	بووبام	-	نەبووبام
کەوتم	-	نەکەوتم	کەوتبام	-	نەکەوتبام

ب-ڕابوردووی تەواو

ئیخباری			ئینشائی		
بووم	-	نەبووم	بووبام	-	نەبووبام
کەوتووم	-	نەکەوتووم	کەوتبام	-	نەکەوتبام

ج-ڕابوردووی دوور

ئیخباری			ئینشائی		
بووبووم	-	نەبووبووم	بووبوومایە	-	نەبووبوومایە
کەوتبووم	-	نەکەوتبووم	کەوتبوومایە	-	نەکەوتبوومایە

د–ڕابوردوی بەردەوام

ئیخباری	ئینشائی
×	بووبوومایە – نەبووبامایە
×	بکەوتبامایە – نەکەوتبامایە

لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروشدا بە هەمان چەشنە :

ا–ڕابوردووی نزیك

ئیخباری	ئینشائی
ئەز کەتم – نەکەتم	کەتبم – نەکەتبم

ب–ڕابوردووی تەواو

ئیخباری	ئینشائی
ئەز کەتمە – نەکەتمە	بکەتامایە – نەکەتامایە

ج–ڕابوردووی دوور

ئیخباری	ئینشائی
ئەز کەتبووم – نەکەتبووم	کەتبووباما – نەکەتبووباما

*ئاسادەی تێنەپەڕ و تێپەڕ :

ا–ڕابوردووی نزیك

		ئیخباری				ئینشائی			
تێنەپەڕ	دارێژراو	دابووم	دا	–	نەبووم	دابووبام	دا	–	نەبووبام
		داکەوتم	دا	–	نەکەوتم	داکەوتبام	دا	–	نەکەوتبام
	لێکدراو	ئازادبووم	ئازاد	–	نەبووم	ئازادبووبام	ئازاد	–	نەبووبام
		سەرکەوتم	سەر	–	نەکەوتم	سەرکەوتبام	سەر	–	نەکەوتبام

		ئیخباری		ئینشائی	
تێپەڕ	داڕێژراو	دام گرت	دام – نەگرت	دام گرتبا	دام – نەگرتبا
		ڕام کرد	ڕام – نەکرد	ڕام کردبا	ڕام – نەکردبا
		ڕێگام گرت	ڕێگام – نەگرت	ڕێگام گرتبا	ڕێگام – نەگرتبا
	لێکدراو	بەخێوم کرد	بەخێوم–نەکرد	بەخێوم کردبا	بەخێوم – نەکردبا

ب–ڕابوردووی تەواو

		ئیخباری		ئینشائی	
تێنەپەڕ	داڕێژراو	دابووم	دا–نەبووم	دابووبم	دا– نەبووبم
		داکەوتووم	دا–نەکەوتووم	داکەوتبم	دا– نەکەوتبم
		ئازادبووم	ئازاد–نەبووم	ئازادبووبم	ئازاد – نەبووبم
	لێکدراو	سەرکەوتووم	سەر–نەکەوتووم	سەرکەوتبم	سە – نەکەوتبم

		ئیخباری		ئینشائی	
تێپەڕ	داڕێژراو	دام گرتووە	دام – نەگرتووە	دام گرتبێ	دام– نەگرتبێ
		ڕام کردووە	ڕام – نەکردووە	ڕام کردبێ	ڕام–نەکردبێ
		ڕێگام گرتووە	ڕێگام – نەگرتووە	ڕێگام گرتبێ	ڕێگام– نەگرتبێ
	لێکدراو	بەخێوم کردووە	بەخێوم – نەکردووە	بەخێوم کردبێ	بەخێوم– نەکردبێ

ج–ڕابوردووی دوور

		ئیخباری		ئینشائی	
تێنەپەڕ	داڕێژراو	دابووبووم	دا–نەبووبووم	دابووبوومایە	دا–نەبووبوومایە
		داکەوتبووم	دا–نەکەوتبووم	داکەوتبوومایە	دا–نەکەوتبوومایە
	لێکدراو	ئازادبووبووم	ئازاد–نەبووبووم	ئازادبووبوومایە	سەر–نەکەوتبوومایە
		سەرکەوتبووم	سەر–نەکەوتبووم	سەرکەوتبوومایە	سەر–نەکەوتبوومایە

		ئیخباری		ئینشائی	
تێپەڕ	داڕێژراو	دامگرتبوو	دام–نەگرتبوو	دام گرتبووایە	دام–نەگرتبووایە
		ڕام کردبوو	ڕام–نەکردبوو	ڕام کردبووایە	ڕام–نەکردبووایە
		ڕێگامگرتبوو	ڕێگام–نەگرتبوو	ڕێگام گرتبووایە	ڕێگام–نەگرتبووایە
	لێکدراو	بەخێومکردبوو	بەخێوم–نەکردبوو	بەخێوم کردبووایە	بەخێوم–نەکردبووایە

د-ڕابوردووی بەردەوام

			ئیخباری	ئینشائی
تێنەپەر	داڕێژراو	Ø	دابووبامایە	دا-نەبووبامایە
			داکەوتبامایە	دا-نەکەوتبامایە
	لێکدراو	Ø	ئازادبووبامایە	ئازاد-نەبووبامایە
			سەرکەوتبامایە	سەر-نەکەوتبامایە

			ئیخباری	ئینشائی
تێپەر	داڕێژراو	Ø	دام بگرتبایە	دام- نەگرتبایە
			ڕام بکردبایە	ڕام-نەکردبایە
	لێکدراو	Ø	ڕێگام بگرتبایە	ڕێگام- نەگرتبایە
			بەخێوم بکردبایە	بەخێوم-نەکردبایە

٢-لە کرداری سادەی ڕابوردووی نزیك و تەواو و دووری تێپەڕی ئیخباری و ڕابوردووی نزیك و بەردەوام و تەواو و دووری تێپەڕی ئینشائیدا جێناوی لکاو دەکەوێتە نێوان (نە)و قەدی کردارەوە . وەك :

ا-ڕابوردووی نزیك

ئیخباری	ئینشائی
گرتم نە - م - گرت	گرتبام نە - م - گرتبا
کردم نە - م - کرد	کردبام نە - م - کردبا

ب-ڕابوردووی تەواو

ئیخباری	ئینشائی
گرتوومە نە - م - گرتووە	گرتبێم نە - م - گرتبێ
کردوومە نە - م - کردووە	کردبێم نە - م - کردبێ

ج–ڕابوردووی دوور

نیغباری **نیشانی**

گرتبووم نە – م – گرتبوو گرتبوومایە نە – م – گرتبووایە

کردبووم نە – م – کردبوو کردبوومایە نە – م – کردبووایە

د–ڕابوردووی بەردەوام

نیغباری **نیشانی**

Ø بم گرتبایە نە – م – گرتبایە

Ø بم کردبایە نە – م – کردبایە

لەم حاڵەتەدا دیالێکتی ژووروو وەك خواروو نی‌یە – واتە جێناوی لکاو ناکەوێتە نێوان (نە)و قەدی کردارەوە و (نە) لە پێش قەدەوە دێت . وەك :

*لە حاڵەتی بوونی بەرکاردا :

ا–ڕابوردووی نزیك

تە ئەز دیتم تە ئەز نەدیتم

ب–ڕابوردووی تەواو

تە ئەز دیتمە تە ئەز نەدیتمە

ج–ڕابوردووی دوور

تە ئەز دیتبوو تە ئەز نەدیتبوو

*لە حاڵەتی نەبوونی بەرکاردا

ا–ڕابوردووی نزیك

ئەز کر ئەز نەکر

ب–ڕابوردووی تەواو

ئەز کردی‌یە ئەز نەکری‌یە

ج-ڕابوردووی دوور

ئەز کربوو ئەز نەکربوو

٣-لە کرداری ڕابوردووی بەردەوامی ئیخباریدا :

أ-لە تێنەپەڕی سادە و تێنەپەڕ و تێپەڕی ناسادەدا ، (نە) دەکەوێتە پێش نیشانەی (دە-)وە - واتە لە نێوان (نە)و قەددا (دە-) دێت . وەك :

*تێنەپەڕی سادە

دەبووم نە-دە-بووم

دەکەوتم نە-دە-کەوتم

لە کرمانجیی ژووروشدا بە هەمان شێوەیە :

ئەز دکەتم نە-د-کەتم

*تێنەپەڕ و تێپەڕی ناسادە :

تێنەپەڕ	داڕێژراو	دادەبووم	دا	-	نە	دە	-	بووم
		دادەکەوتم	دا	-	نە	دە	-	کەوتم
	لێکدراو	ئازاددەبووم	ئازاد	-	نە	دە	-	بووم
		سەردەکەوتم	سەر	-	نە	دە	-	کەوتم

تێپەڕ	داڕێژراو	دام دەگرت	دام - نە - دە - گرت
		ڕام دەکرد	ڕام - نە - دە - کرد
	لێکدراو	ڕێگام دەگرت	ڕێگام - نە - دە - گرت
		بەخێوم دەکرد	بەخێوم - نە - دە - کرد

ب-لە تێپەڕی سادەدا (نە + جێناوی لکاو + دە + قەد) . وەك :

دەم گرت	نە - م - دە - گرت
دەم کرد	نە - م - دە - کرد

لەم بارەدا کرمانجیی ژووروو وەك خواروو نی‌یە و جێناوی لکاو ناکەوێتە نێوان (نە) و (دە)وە . وەك :

*لە حاڵەتی بوونی بەرکاردا

تە ئەز دیتم	تە ئەز نەدیتم

*لە حاڵەتی نەبوونی بەرکاردا

ئەز دکر	ئەز نەدکر

-٣-

داخوازی

لە زوربەی دیالێکت و بەشە دیالێکتەکانی کوردیدا ، (نە) وەك (مە) بۆ نەفی داخوازی بەکاردێنرێ .

بووەستە	نەوەستی	نەوەستن
بفڕە	نەفڕی	نەفڕن
بگەڕێ	نەگەڕێی	نەگەڕێن
بنوو	نەنووی [٣١٩]	نەنوون
... [٣٢٠]		
بنڤیسە	نەنڤیسە	نەنڤیسن
بکەڤە	نەکەڤە	نەکەڤن

[٣١٩] کاتێ (نە) بۆ نەفی کرداری داخوازی بەکاردێ ، لە حاڵەتێ تاکدا (ی)یەك دێتە ناوانەوە :

أ-ئەگەر ڕەگی کردارەکە بە نەبزوێن کۆتایی هاتبێ ، بزوێنی (ی - î) لەجێی (ە) دادەنرێ . وەك :

بـ + فڕ + ە	نە + فڕ + ی
بـ + نووس + ە	نە - نووس - ی

ب-ئەگەر دوا دەنگی ڕەگی کردار بزوێن بێ ، ئەوە (ی - y)ی کۆنسۆنانتی دەخرێتە سەر . وەك :

ب + گەڕێ	نە - گەڕێ - ی
بـ + نوو	نە - نوو - ی
ب + ڕۆ	نە - ڕۆ - ی

[٣٢٠] ... کوڕە نەیەنە پێشەوە نەکوژرێن .

(لە خەوما ، ل٣٢)

تێبینی :

ئامرازی (نە) لە هەموو ئەو حاڵەتە کارا دیارانەی سەرەوەدا ، چۆن خۆی دەنوێنێ ، لە باری کارا بزریشدا بە هەمان چەشن دەردەکەوێ . وەك :

نەگیرێم ، دانەگیرێم ...

نەگیرا ، دانەگیرا ...

دانەگیراوە ، دانەگیرابێ ...

دانەگیرابوو ، دانەگیرابووایە ...

نەگیرابام ، دانەگیرامایە ...

نەگیرابوو ...

دانەدەگیرا ...

ئامرازی (مە)

ئەم ئامرازە تەنیا لە نەفی داخوازیدا بەکاردێنرێ و هەمیشە لە شوێنی (بـ - bi)ی داخوازی دادەنرێ . وەك :

بـ
فرە
مە

بـ
مینە
مە

ب
نوو
مە

ب
بۆ
مە

ب
هەڵ گرە
مە

ب
فریا کەوە
مە

... (321)

---

(321) دوور لە تۆ ئیدی مەپرسە ، قوربان
حاڵی "نالی" کە نە مرد و نە ژیا !

(نالی ، ١٢٨)

مەثەلی عەمەد و وەفا وەك مەثەلی عەنقایە
پیاوەتی باسی لە کن کەس مەکە ، ئادەم بووە قات

(مەحوی ، ل٦٢)

مەنعی مەکەن (وەفایی) کە خاوی دڵ بڵاوە
سەرێکە مەستی نازی ، دڵێکە بۆی نەماوە

(وەفایی ، ل ١٩٧)

ئەم دێیە جێدێڵم : بێ نیشان ، بێ شوێن پێ ،
ئەی پەری ! سڵمەکە ، لامەدە بۆ لاڕێ !

(گۆران ، ل٣٦)

... جەردە هاتنە سەر ڕێگامان ، کوڕە مەڕۆن ڕووتەوە بن ...
(لە خەوما ، ل٣٢)

ب
نفیسه
مه

ب
که
مه
(۳۲۲)
...

وێڕای ئەو سێ ئامرازە ، لە چەند حاڵـەتێکدا (نـی)و (تـون)و (نـ – ni)ش وەك ئامرازی نەرێتی دەبینرێن .

ئامرازی (نی) لە گەردان کردنی کرداری (هەبوون / هەین)دا بەرچاو دەکەوێ . (نێ) لە دیالێکتی خوارووودا تەنیا لە کاتی ڕانەبوردوودا بەکاردێ ، بەڵام لە دیالێکتی ژووروودا لە ڕانەبوردووش و ڕابوردووشدا دەبینرێ .

کرمانجیی خواروو

(هەبوون) :

ڕانەبوردوو	من	هەم	نیم
	تۆ	هەی	نیت
	ئەو	هەیە	نی‌یە
	ئێمە	هەین	نین
	ئێوە	هەن	نین
	ئەوان	هەن	نین
ڕابوردوو	Ø		

(۳۲۲) واعظ مەبێژە بەیهودە وەعظان
ب وەعظ و قەولان نابت هدایەت
(پەرتووین هەکاری ، ل ۱۰٦)

دبێ : گەلی برا مەگرین ! ڕەبێ عالەمێ دەلیلێ حەیرییانە ئیرۆ
ڕۆژا جەژنە قوربانێیە ، وە دەڤ ژ قوناغێن خوە بەردانە .

(مەمێ ئالان ، ل٤٠)

کرمانجیی ژووروو

ڕانەبوردوو	ئەز	هەمە	نینم
	تو	هەیی	نینی
	ئەو	هەیە	نینە
	ئەم / هوون / ئەوان		نینن

ڕابوردوو	ئەز	هەبووم	نیبووم
	تو	هەبوویی	نیبوویی
	ئەو	هەبوو	نیبوو
	ئەم / هوون / ئەوان	هەبوون	نیبوون [٣٢٣]

(تون) تەنیا لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا دەبینرێ و بۆ نەرێتیی کاتی ئێستای کرداری (هەبین) - (ئەز تونەمە ... ئەم تونەنە...)و ڕابوردووی ئیخباری و ئینشائی و ، ڕێژەی داخوازی (هەبوون) : (تونەبووم ... تونەبووما ...) ، (تونەبە ... تونەبن) ... بەکاردێ .

ئامرازی (نـ ni) هەر لە دیالێکتی ژووروی کوردیدا بەکاردێ و ئەویش تەنیا لە کرداری (کارن ، زانین)دا [٣٢٤]
بەوێنە :

لێ ماعرێ قەرقاش کر و نەکر ، نکاربوو ژ ناڤ دەست و پێنێد وی دەرکەتا ...

(کوردۆ ، ل٣٥)

---

[٣٢٣] ق. کوردۆیێڤ ، دەستووری زمانی کوردی (بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجیی ژووروو و خواروو) ، مۆسکۆ ، ١٩٧٨ ، ل ١٦٥ ، ٢١١ - ٢١٢ .

[٣٢٤] هەمان سەرچاوە ، ل١٦٥ .

... ئەز نزانم ، کیژان ماعر بوو ...

(کوردۆ ، ل٣٦)

* * *

لە زمانی ئاوێستا و فارسیی ناوەڕاستدا شێوەی ئامرازی (نا)ی کوردیی ئەمڕۆ نابینرێ . هەرچی (نە)و (مە)یە بەم جۆرەن :

لە زمانی ئاوێستادا (نە - یت)[٣٢٥] و لە زمانی فارسیی ناوەڕاستدا (نێ)[٣٢٦] بۆ نەرێتیی هەموو ڕێژەکانی کردار (جگە لە ڕێژەی داخوازی) بەکاردێنرێ .

هەرچی شێوەی (مە)ی کوردییە لە زوربەی زمانە ئێرانییە نوێکاندا بە هەمان شێوەی کوردی دەبینرێ[٣٢٧] . لە ئاوێستا و فارسیی ناوەڕاستیشدا لە شێوەی (ما)دا هەیە .[٣٢٨]

---

[٣٢٥] س. ن. سۆکۆلۆف ، زمانی ئاوێستا ، مۆسکۆ ، ١٩٦١ ، ل١٠٢ .

[٣٢٦] ف. س. ڕاستۆرگویڤا ، زمانی فارسیی ناوەڕاست ، مۆسکۆ ، ١٩٦٦ ، ل٨٧ .

[٣٢٧] بڕوانە :

أ-ڤ. ئا. فورۆلۆڤا ، زمانی بلووجی ، مۆسکۆ ، ١٩٦٠ ، ل٤٦ .

ب-ن. ئا. دڤۆریانکۆڤ ، زمانی پشتۆ ، مۆسکۆ ، ١٩٦٠ ، ل٥٢ .

جـ-ئا. ل. گریونبیرگ ، لەبارەی ڕێزمانی ئەفغانییەوە (پشتۆ) ، لینینگراد ، ١٩٨٧ ، ل٢١٧ .

[٣٢٨] بڕوانە :

أ-سەرچاوەی ناوبراو ، زمانی ئاوێستا ، ل١٠٢ .

ب-سەرچاوەی ناوبراو ، زمانی فارسیی ناوەڕاست ، ل٨٧ .

کرداری کارا دیار و کرداری کارا بزر

بەراوردکردن و بەرانبەر یەکتر ڕاگرتنی کرداری کارا دیار و کارا بزر (چالاك و سست – Active and passive) بە ڕێگەی جیاکردنەوە لە خودی پرۆتسێسدا ناڕوات ، بەڵکو بە ڕێگەی جیاکردنەوە لە ڕێڕەوی پرۆتسێسدا تێدەپەڕی ، کە بە کردار دەربڕراوە . ئەم ڕێڕەوەی پرۆتسێس لە ڕووی هاوجووتی و پێوەندیی وشەی چەسپاو بە قاڵبی ڕێزمانیی کردارەوە تەماشا دەکرێ . هەرچی وشەی چەسپاویشە دەوری کارا دەبینێ : (منداڵەکە نووسی ...) ؛ (نامەکە نووسرا ...) . لەگەڵ ئەوەشدا حاڵەتی ئەوتۆش هەیە ، کە کردار پێوەندیی بە کاراوە نییە و بە ئەندامێکی دی ڕستەوە بەندە : (سەبارەت کوڕەی نووسی ...) ؛ (باسی نامە نووسراوەکە ...)

جیاوازیی بنەڕەتیی نێوان کارا دیاری و کارا بزری لەم ڕوونکردنەوەیەی خوارەوەدا دەردەکەوێ :

فۆرمی کارا دیار نیشانی دەدا پرۆتسێسی دیاریکردنی کردار لەو شتەوە دێ ، کە بۆ ئەو وشەیە تەرخان کرابێ و لەگەڵیدا فۆرمی کردارەکە هاوجووت بێ و لێیەوە بەرەو ناوەوە بچێ . بەڵام بە نیسبەت فۆرمی کارا بزرەوە ، مەسەلە بەپێچەوانەوەیە و پرۆتسێسی دیاریکردنی کردار بۆ ئەو شتە ئاراستە کراوە ، کە وشە تەرخان کراوەکە لەگەڵ فۆرمی کردارەکە هاوجووت بێ و لە ناوەوە بەرەو دەرەوە بچێ .[٣٢٩]

---

[٣٢٩] ئا. ئی. گولانۆف ، وشەسازیی زمانی ڕووسیی ئەمرۆ ، چاپی دووەم ، مۆسکۆ ، ١٩٦٥ ، ل ١٣٢ .

بۆ نموونە لە ڕستەی (ئازاد نامەی نووسی)دا ، کردارەکە فۆرمی دیاری هەیە و واتای پرۆتسێسێك دەگەیەنێ ، کە لە کەسێکی ناسراو (ئازاد)ەوە پەیدا بووبێ و ئاراستەی ناوەوە کرابێ . ئەوەی پێوەندی بە نیشاندانی بەرکارەوە هەبێ ، لەم بارەدا هەرگیز شتێکی پێویست نی‌یە ، ئەگەرچی لەو ڕستەیەدا ئەو نیشانانە هەیە . ڕستەی "ئازاد دەتوانێ بنووسێ" ئەگەرچی ڕێژەی کارا دیارە ، بەڵام هیچ ئیشارەتێك بۆ بەرکار نەکراوە (لەبەر نەبوونی تەواوکەری ڕاستەوخۆ) . بەم جۆرە ، بوونی تەواوکەر (ئیشارەت کردن بۆ بەرکار) لە دیاریکردنی کارا دیاری و کارا بزریدا شتێکی پێویست نی‌یە . بەڵام بوونی تەنیا لە جیاکردنەوەی تێنەپەڕی و تێپەڕیدا دەور دەبینێ .[330]

بە پێچەوانەوە ، لە ڕستەی "نامەکە لە لایەن ئەوانەوە نووسرا"دا ، کردارەکە لە فۆرمی کارا بزری‌دا خۆی دەنوێنێ و پرۆتسێسی دیاریکراوی هاوجووتی لە وشەی (نامە)وە نی‌یە ، بەڵکو بۆی ئاراستە کراوە . لەم نموونەیەدا ، هەروەها ئەوەش ئاشکرایە ، کە سەرچاوەی ڕوودان لە کوێوە هەڵدەقوڵێ : لێرەدا کارکەر بە ڕستەی تەواوکەری (لە لایەن ئەوانەوە) دەربڕراوە . لەگەڵ ئەوەدا (دیاری کردنی کارکەر) شتێکی پێویست نی‌یە . ئەگەر دیاریکردنی کارکەر لە ئاواندا نەبێ ، ئەوە لە حاڵەتێکی یەکجار زۆردا فۆرمی کردار بە شێوەی سست دەمێنێتەوە .

پێویستە ئەوەش یادداشت بکەین ، کە وا کاتێ بە بۆنەی حاڵەتی کارا دیاری و کارا بزری‌یەوە باسی ئاراستەکردنی پرۆتسێس دەکرێ ، ئەوە بێگومان لەم بارەدا مەبەست ڕێڕەوی "ڕێزمانی"یەتی ، نەك ڕێڕەوێکی دی ، کە وا لە واتای تایبەتی لێکسیکی ئەو وشەیەوە هەڵهێنجرابێ .[331]

---

[330] سەرچاوەی ناوبراو ، سامیرنیتسکی ، وشەسازیی زمانی ئینگلیزی ، ل ٣٦٩ .

[331] هەمان سەرچاوە ، ل ٣٧٠ .

چالاکی یان سستی دەشێ واتای لێکسیکیی خودی کردارەکە بێت : بۆ نموونە ، پێوەندیی لێکسیکی نێوان کرداری (کارکردن)و (خۆڕاگرتن) لە پێوەندیی نێوان حاڵەتی چالاکی و حاڵەتی سستی دەچێ . ئەو گرانی‌یەی پێوەندی بە جیاکردنەوەی لێدوانی حاڵاتی کارا دیاری و کارا بزری‌یەوە هەیە ، بەر لە هەر شت لەوەدایە ، کە واتای ڕێزمانیی ئەم حاڵەتی بە ناوەرۆك لە واتای لێکسیکی کردارەوە نێزیکە . جا بۆیە گەلێ جار لێکدانی ئەو واتایەی بە فۆرمی ڕێزمانیی کارا دیاری و کارا بزری دەربڕاوە و ئەو واتایەی بە کردار وەك وشە ڕاگەیەنراوە ، ڕوودەدات . بەو پێیە لە حاڵاتی ئاشکرای واتای ڕێزمانیی کارا دیاری و کارا بزری بە فۆرمی کردار ڕاگەیەنراو ، خاسیەتی چالاکی و سستی واتای تایبەتی لێکسیکی وشە بەرانبەر یەك ڕادەگرێ . بۆ نموونە ، لە حاڵەتی (ئەو ئەوانی دی)دا ، لێکدانەوەی ڕێزمانی وا دەگەیەنێ ، یەکەم شت (ئەو) بە سەرچاوەی پرۆتسێسێ - (دیتن) وەربگیرێ ، کە ئاراستەی شتێکی دی (ئەوان) کراوە . بە پێی بۆچوونی واقعی ، پێوەندیی نێوان شتی دیاری‌کراو - (ئەو) ، (ئەوان)و ئاراستەکردنی پرۆتسێس بریتی‌یە لە نەسازیی ڕاستەوخۆ : ئێمە کارناکەینە سەر ئەو شتەی دەیبینین ، بەڵکو بەپێچەوانەوە ، شتەی لە لایەن ئێمەوە بینراو کاردەکاتە سەر ئێمە ، یان بە واتایێکی ڕاستتر کاردەکاتە سەر ئەندامەکانی هەستمان . بەم چەشنە واتای لێکسیکیی کرداری (دیتن) سستە ، کەچی واتای ڕێزمانیی فۆرمی کردارەکە لە ڕستەی (ئەو ئەوانی دی)دا چالاکە .

ئەم نەسازی‌یەی نێوان واتای ڕێزمانی و واتای لێکسیکی لە فۆرمی سستی کرداریشدا دەبینرێ . بەوێنە لە حاڵەتی (هەواڵ بیسترا)دا بەپێی بۆچوونی ڕێزمانی (هەواڵ) وەك شتێك خۆی دەنوێنێ ، کە لەژێر تەئسیری لەناوەوە بەرەو دەرەوە چووندا بێ و ئەوساش (هەواڵ) وەك لێکسیك واتای شتێك دەدات ، کە کاربکاتە سەر کەسێك و زۆری لێبکا وەری‌بگرێ .

ئەسازیی نێوان مانای تایبەتی لێکسیکیی کردار و واتای ڕێزمانیی فۆرمی یار و بزر لە کرداری (خۆش‌ویستن ، دانیشتن ، گوێکرتن ... هتد)دا بەرچاودەکەوێ . لە هەندێ زماندا کرداری ڕوودان و ئەو کردارانەی بە هەستەوە بەندن بە شێوەی جیاواز لێك دەدرێنەوە [٣٣٢]. بۆ نموونە (ئەو ئەوان دەبینێ) و (ئەو ئەوان دەکوژێ) لە ڕووی ڕێزمانیشەوە جیاوازییان هەیە . بەڵام لە زمانی کوردی و زمانە هیند و ئەورووپاییەکانی دیدا وەك یەك جیاوازی لە نێوان ئەم حاڵەتانەدا نی‌یە . ئەم جۆرە حاڵەتانە ، وەك (ئەو ئەوان دەبینێ) ؛ (ئەو ئەوان دەکوژێ) ؛ (ئەو دەخوات) تەنیا لە ڕووی لێکسیکی‌یەوە لەیەك جیادەبنەوە ، ئەو جۆرە نموونانە لە زمانی کوردیدا لە ڕووی کارا دیاری و کار بزری‌یەوە لەیەك جیانابنەوە و گشتیان لە ژێر یەك جۆردا دادەنرێن ، ئەویش کارا دیاری‌یە ، ئەگەرچی ڕەنگە بەشێك لە کرداری ئەو نموونانە چالاك نەبن .

پێوەندیی نێوان واتای لێکسیکی و واتای فۆرمی ڕێزمانیی کارا دیاری و کارا بزری دەستەی جیاوازی کردار ، دەکرێ بەم شێوەیەی خوارەوە نیشان بدرێ :

ئەو دەکوژێ

لێکسیك : ←——

ڕێزمان : ←——

(ڕووکاری تیرناسایی جودا پەنجە بۆ ئەوە ڕادەکێشێ ، کە ئەو بابەتی لێکسیکی و ڕێزمانی‌یەی بە جێناوی "ئەو" دیاری کراوە ، وەك سەرچاوەی ڕوودان خۆی دەنوێنێ) .

---

[٣٣٢] ن . س . پۆسپێلۆف ، پێوەندیی نێوان حاڵاتی ڕێزمانی و بەشەکانی ئاخاوتن ، کتێبی "کێشەی پێکهاتنی ڕێزمانی" ، مۆسکۆ ، ١٩٥٥ ، ل ١٧٨ .

ئەو دەنوێ

لێکسیك : ⟵——

ڕێزمان : ——⟶

(ڕووکاری تیر ئاسایی جودا ، نیشانیدەدا ، کە بابەتی ڕێزمانی بە جێناوی "ئەو" دیاریکراو ، وەك سەرچاوەی ڕوودان خۆی دەنوێنێ . هەرچی ڕووی لێکسیکییە ، وەك بەرکارێك کە کەوتبێتە ژێر کارتێکردنەوە ، دەردەکەوێ) .

حاڵەتی سست لە کاتێکدا بەکاردێنرێ ، کە کارا لە ئارادا نەبێ . ئەگەر کارا دیار ئیشارەت بۆ سەرچاوە یاخود کارا بکا ، ئەوە کارا بزر ئەو ئیشارەتە ناکات . جیا بوون و تایبەتێتی بەکارهێنانی حاڵەتی سست لەمەدایە . لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە ئەوەش یادداشت بکەین ، کە حاڵەتی ئەوتۆ هەیە ، ئەگەرچی ڕێژە هی کارا بزرییە و کاراکە ناونەبراوە ، کەچی سەرچاوە و کارا ناسراوە . بۆ نموونە ، کاتێ نووسەری کتێبێ دەڵێ : وەك پێشتر نیشاندرا (لە بریتی : وەك پێشتر نیشانم دا). بێدەنگی خۆنیشاندان لەم ڕاستییە ، دەگەڕێتەوە بۆ لەخۆبوردوویی نووسەر . دەشێ ئەم جۆرە حاڵەتانە بە (کارا بزری لە خۆبوردوو) ناوبرێ [٣٣٣]. ئەم بارودۆخە - (توانستی نیشان نەدانی کارا) ، جارێکی دی ئەوە ئیسپات دەکا ، کە وا بۆ حاڵەتی کارا بزری گرنگ ئەوە نییە بزانرێ ڕوودان لە کوێوە دێ ؛ بەڵکو مەبەست ئەوەیە بزانرێ ئەو ڕوودانە بۆ کوێ ئاراستە کراوە .

---

[٣٣٣] ئا. مایە ، شێوازی بەراوردکاری لە زمانناسیی مێژووییدا ، مۆسکۆ ، ١٩٥٤ ، ل ٨٣ .

بە پێچەوانەشەوە لە حاڵەتی کارا دیاریدا پرۆتسێسی ئەوتۆ هەیە ، کە سەرچاوەی ئاشکرا نییە ، بۆ نموونە : (ئازاد ئەما) ...

بەم بۆنەیەوە پێویستە پەنجە بۆ ئەوە ڕابکێشین ، کە کرداری تێنەپەڕ تەنیا لە فۆرمی چالاکدا بەکاردێنرێ ، بەتایبەتی بە هۆی هێزی تایبەتی لێکسیکییانەوە . بەکارنەهێنانی ئەو کردارانە لە حاڵەتی سستدا ، هۆی ئەوەیە ، کە ئەو ڕوودانەی ئەم جۆرە کردارانە دیاری دەکەن ناتوانن ببنە مەفهوومی ئاراستەکراو بۆ شتێك .[٣٣٤]

هەروەها دەبێ ئەوەش لەبیر نەکەین ، کە ئەگەرچی لە ڕێژەی کارا بزریدا نیشاندانی کارای ڕوودان پێویست نییە ، کەچی لە هەندێ حاڵەتی سستدا سێبەری کارای پرۆتسێس خۆی نیشان دەدا . بۆ نموونە ، لە حاڵەتی (هەواڵ بیسترا)دا تا ڕادەیێك ئاشکرایە ، کە کەسێك هەواڵەکەی بیستووە . جا ئەمەیە کرۆکی جیاوازیی کارا بزری و سستی واتای خودی کردار . ئێستاش با سەیرێکی ئەم بەراوردە بکەین : (دەرگاکە داخرا) - لێرەدا پرۆتسێس وای دەردەخا ، کە دەرگاکە خۆی لە خۆیەوە داخراوە . جا لەبەر ئەوە سەرنج تەنیا بۆ بزووتنەوەی دەرگاکە ڕادەکێشرێ ، نەك بۆ ئەوەی کێ دایخست . بە پێچەوانەوە ، لە حاڵەتی (دەرگاکە داخرابوو)دا ، کە ناوەرۆکی چەسپاوی پرۆتسێس هەر یەك شتە ، سەرنج بۆ ئەوە دەچێ ، کە داخستنی دەرگاکە بریتییە لە ئەنجامی کارتێ کردنی دەرەکی ، ئەگەرچی لەم بارەدا ئیشارەت نەکراوە ، کە ئەو کارتێکردنە لە کوێوە هاتووە .

---

[٣٣٤] ف. ف. ڤینۆگرادۆڤ ، زمانی ڕووسی ، مۆسکۆ - لێنینگراد ، ١٩٤٧ ، ل ٦٠٧ .

بەو باسەی سەرەوەدا دەردەکەوێ ، ئەو ڕایە ڕاست نی یە ، کە وا ڕادەگەیەنێ ، گوایا گشت حاڵەتێکی چالاك دەشێ بگۆڕێ بە سست ، یان بە پێچەوانەوە هەموو حاڵەتێکی سست دەکرێ بکرێ بە حاڵەتی چالاك . وەك نیشانمان دا ، لە لایەکەوە ڕوودانی چالاك مەرج نی یە هەمیشە بەرکاری ڕوودان بخاتە ڕوو . لە لایێکی دیسەوە لە حاڵەتی ڕوودانی سستدا دەشێ کارا ئاشکرا نەبێ ، ئەگەرچی لە بیر و خەیاڵدا هەیە .

حاڵاتی کارا دیاری و کارا بزری چ لە زوودا و چ ئەمڕۆ بە بابەتێکی گرنگ و بایەخداری گەورە و بەپێزی لێکۆڵینەوەی گەلێك لە زمانناسان دادەنرێ . "... ڕێزمانناسانی جیا بە جۆری جیاواز لە قەوارە و ناوەڕۆکی ڕێزمانیی حاڵاتی کارا دیاری و کارا بزری گەیشتوون . هەندێکیان لەم کێشەیەدا تەنیا ڕەنگدانەوەی پێوەندیی ڕوودان بۆ بەرکاریان بینیوە . بەشێکی دی بۆ نێو جغزی واتای کارا دیاری و کارا بزری لەگەڵ پێوەندیی بەرکاری ، هەروەها پێوەندیی جۆراوجۆری ڕوودان بەرانبەر کاراشیان خستووەتە ناو . بەشی سێیەم کۆششی دیاری کردنی مەفهورمی کارا دیاری و کارا بزرییان کردووە ، کە بە پێوەندی بە کاراوە دەردەبڕێ " . [٣٣٥]

لەباری پێوەدیی ڕوودان بە کاراوە هەندێ لە زمانناسانی زووی ئەورووپا شەش جۆریان دیاری کردووە . ئەگەرچی زۆربەی زمانناسانی هاوچەرخ لەسەر دوو جۆری کارا دیار و کارا بزر ڕێکەوتوون ، [٣٣٦] بەڵام لە لێکدانەوەیاندا ڕای جیاوازیان هەیە .

---

[٣٣٥] بۆ نموونە ، م. ف. لۆمۆنۆسۆڤی زانای ڕووس لە لێکۆڵینەوەی ڕێزمانی ڕووسیدا شەش جۆری جیاکردووەتەوە و تا سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم پەیڕەوی کراوە .

[٣٣٦] بەڵام ئێستاش زمانناس هەیە لە دوو جۆر پتری باس کردبێ .

بەشێك لە زمانناسانی ئەمڕۆ وەك حاڵەتی دەربڕینی پێوەندیی ڕوودان بە بەرکارەوە دەڕواننە کارا دیاری و کارا بزری . بەپێی ئەم مەفهوومەش باسەکە لەگەڵ تێپەڕاندن و تێنەپەڕاندندا هاوشان ڕادەگرن . بەشێکی دی لە زانایان حاڵەتی تێپەڕاندن و تێنەپەڕاندن لە حاڵەتی کارا دیاری و کارا بزری جیادەکەنەوە و لەو ڕایەدان ، کە مەسەلەکە بریتی‌یە لە پێوەندیی ڕوودان بە کاراوە . کۆمەڵی سێیەم وەك دەربڕینی حاڵەتی پێوەندیی کارا بە بەرکارەوە لێك دەدەنەوە .[337]

لە لێکۆڵینەوەی زمانی کوردیدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ ، کە پێوەندیی ڕوودان بە بوون و نەبوونی کاراوە مەرجی بنەڕەتیی دیاریکردنی کرداری کارا دیار و کارا بزرە . کێشەکەش بەبێ ڕەچاوکردنی تێپەڕاندن و تێنەپەڕاندن بەڕێوە ناچێ . وێڕای ئەوە ڕێژەی کارا بزر هەر لە کرداری تێپەڕەوە پەیدا دەبێ و پاشگری (ـ ر)ش نیشانەی ڕێزمانی‌یەتی .

ئەو کردارە تێپەڕانەی واتای ڕوودانێك ، کە کارا ئەنجامی دابێ و چالاکانە ئاراستەی بەرکار کرابێ ، بە کارا دیار ناوبەبرێن . حاڵەتی کارا دیاری خاوەنی

-

بەوتنە :

أ-ق. کوردۆیێف ، دەستووری زمانی کوردی (بە کەرەستەی دیالیکتی کرمانجیی ژووروو و خواروو) ، مۆسکۆ ، ١٩٧٨ ، ل ١٨٨ - ١٩٣ .

ب-د. نەسرین محەمەد فەخری ، کردار لە زمانی کوردیدا (کورتەی نامەی دوکتۆری) ، باکۆ ، ١٩٦٥ ، ل ١٣-١٤ .

[337] ن. س. ڤالگینا ، د. ێ. ڕۆزنتال ، م. ئێ. فۆمینا ، ف. ف. تساپکێڤیچ ، زمانی ڕووسیی ئەمڕۆ ، چاپی چوارەم ، مۆسکۆ ، ١٩٧١ ، ل ٢٤٦ .

ئەو خاسیەتە ڕستەسازی‌یەیە ، کە کارای ڕوودان نیهادە و بەرکاریش - گوزارەیە .

کرداری کارا بزر لە ڕووی واتاوە هاوشانی کرداری کارا دیارە ، بەڵام خاوەنی خاسیەتی وشەسازی و ڕستەسازیی خۆیەتی . لە زمانی کوردیدا کرداری کارا بزر بە زۆری بە لکاندنی پاشگری (-ر) بە کرداری کارا دیارەوە دەردەبڕیٚ و ئەمەش ڕێگەی وشەسازی‌یە . وێڕای ئەمە ڕێگەی ڕستەسازی و شیکاریش هەیە ، کە لە ئەنجامی جیاوازیی ڕستەسازی لە دەربڕینی کارا و بەرکاری ڕووداندا ، یان بوونی بەرکاری ڕوودان و نەبوونی یەکجارەکی ، یاخود جیاوازیی فۆرم و واتای ئەو ناوانەی کردارەکە ناراستەدەکەن ... پێك دێ .

دەستووری گشتیی هەموو زمانێك لە گۆڕینی ڕستەییکی کارا دیار بۆ کارا بزر بریتی‌یە لە دەرهاویشتنی کارا و سپاردنی ئەرك بە بەرکار (بەڵام بەرکار هەمان ئەرك و مەفهوومی خۆی دەمێنێ) . ئاشکراشە هەر زمانە خاوەنی تایبەتێتی خۆیەتی :

نیشانەی کارا بزری کاتی ئێستا لە زمانی فارسیی ناوەڕاستدا پاشگری (-یە)ە . کاتی ئێستای کارا بزر بە لکاندنی ئەو پاشگرە بە ڕەگی کرداری کاتی ئێستاوە دروست دەبوو و بە دوا ئەویشدا کۆتایی پێویست دادەنرا . بەوێنە کرداری "کارتان" (کردن) بۆ کەسی سێیەمی تاکی کرداری کارا بزری کاتی ئێستا دەبێ بە "کونیهێت" . کرداری "خوارتان" (خواردن) لە کەسی سێیەمی تاکی کارا بزری کاتی ئێستادا دەبێ بە "خواریهێت" ... کاتی ڕابوردووی کارا بزریش ، هەروەها لە ڕەگی کرداری کاتی ئێستا و هەمان پاشگری کارا بزریی (-یە) سازبووە . بەڵام کۆتایی تایبەتی (یست)ی وەرگرتووە . بۆ نموونە ، کرداری "داتان" (دان) لە کەسی سێیەمی تاکی کارا بزری کاتی ڕابووردوودا

دەبێ بە "داهیهیست" . کرداری "کارتان" (کردن) لە ڕابوردووی کارا بزریدا ڕەگی کۆنی بەکاردێ - "کاریهێست" . [٣٣٨]

لە زمانی فارسیی نوێدا ئەگەرچی "شد" و "گشت"و "گردید" یاریدەی سازکردنی کرداری کارا بزر دەدەن ، بەڵام "شد" پتر بەکاردێنرێ . بۆ نموونە "بردەشد" (برا) ؛ "خوردەشد" (خورا) ؛ "زدەشد" (لێدرا) . [٣٣٩]

لە دیالێکتی ڕۆژئاوای زمانی بلووجیدا کارا بزر بە هاتنی چاوگ لەگەڵ فۆرمی گەردان کراوی کرداری "بایاگ" (بوون)دا دروست دەبێ . بۆ نموونە "مان کوشاگابان" (من دەکوژرێم) ؛ "ئێ کوشانگا بیت" (ئەو دەکوژرێ) ... هتد . لە دیالێکتی ڕۆژهەڵاتیشدا کارا بزر لە فۆرمی ڕەگی کاتی ئێستای کردار و پاشگری (–یژ)ی لە زمانی هیندی‌یەوە وەرگیراو و کۆتاییەکانی کردار پێك دێت . [٣٤٠]

لە زمانی پشتۆدا حاڵەتی کارا بزر لە کرداری تێپەڕەوە دروست دەبێ . بۆ پێکهێنانی ئەم ڕێژەیە ، کرداری یاریدەدەری (کیدل) و هاوتاکانی (سول ، شول) دەوردەبینن . [٣٤١]

کارا بزر لە زمانی ڕووشانیدا لە ڕەگی کاتی ڕابوردووی کردار + پاشگری (–اك) + کرداری یاریدەدەری "ساو ، سوت" (بوون) پێك دێ . [٣٤٢]

---

[٣٣٨] ف. س. ڕاستۆرگویڤا ، زمانی فارسیی ناوەڕاست ، مۆسکۆ ، ١٩٦٦ ، ل ١١٢ – ١١٣ .

[٣٣٩] ذو النور ، دستور پارسی در صرف و نحو و املای فارسی ، تهران ، ١٣٤٣ ، ل ٨٧ – ٨٨ .

[٣٤٠] ف. ئا. فورولۆڤ ، زمانی بلووجی ، مۆسکۆ ، ١٩٦٠ ، ل ٥٥ .

[٣٤١] ن. ئا. دڤۆریانکۆڤ ، زمانی پشتۆ ، مۆسکۆ ، ١٩٦٠ ، ل٥٦ .

[٣٤٢] ت. ن. پاخالینا ، زمانە پامیری‌یەکان ، مۆسکۆ ، ١٩٦٩ ، ل ٣٨ .

لە زوودا بەکارهێنانی پاشگری (–ن) وەک کەرەستەی سازکردنی حاڵەتی کارا بزری بە تایبەتێتییێکی زمانی گرووپی ئیتالی تەماشا دەکرا ، بەڵام دواتر زمانناسان لە قووڵبوونەوەی لێکۆڵینەوەی بەراوردی رێزمانی زمانە هیند و ئەوروپاییەکاندا تا دەهات پووتر پێوەندیی و نێزیکیی ئەو زمانانەیان ئاشکرا دەکرد . یەکێک لەو دۆزینەوانە نیشاندانی خاسیەتی بەکارهێنانی هەمان پاشگری (–ن)ە لە زمانە کەلتی‌یەکاندا[243] . ئەم وێکچوونە بووە هەوێنی وەدەستهێنانی ئەنجامی گەورەتر .[244]

"لە لێکۆڵینەوەی بەراوردی تایبەتێتی رێزمانی زمانە هیند و ئەوروپاییەکاندا بەڵگەی هەندەکی (الجزئی) هاوجووتی ئەوتۆ سەرنج رادەکێشێ ، کە نەک سەرجەمی زمانە هیند و ئەوروپاییەکان ، بەڵکو بەشێکیان دەگرنەوە . یەکێک لە نموونەی ئەو دیاردەیە ، بریتی‌یە لە پێکهاتنی حاڵەتی ناوەندیی کارا بزری بە یاریدەی (–ن) ، کە تا دۆزینەوەی بەڵگەنامەکانی

---

[243] هەرچەندە ئاخاوتنی زووی هۆزە کەلتی‌یەکان لە هەزارەی یەکەمی پێش زایندا دەورێکی گەورەی مێژوویی بینیوە ، بەڵام ئەوەی گەیشتیتە ئێمە ، پاشماوەیێکی هەژاری زمانی گالی (بە شێوەیێکی سەرەکی نووسراوی سەر کێل)و چەند نووسینێکی ئیرلەندیی سەدەکانی ٦–٤ی پێش زایینە .

زمانە کەلتی‌یە زیندووەکانی ئەمرۆ ئەمانەن : ئیرلەندی ، سکۆتلەندیی ، وێلشی ، کە نزیکەی ملیۆنێ کەس لە ناوچەی ویلزدا پێی دەدوێن ؛ بریتۆن – زمانی دانیشتوانی هەرێمی بریتان لە فەرەنسا (لە سەدەکانی ٦–٥ی پ. زدا بریتۆنەکان لە ئەنجامی دەست دریژی کردنی ئەنگلۆ – ساکسۆنەکانەوە بەریتانی نیشتمانی خۆیان بەجێ هێشتووە) . پاشماوەی ئاخاوتنی کەلتی هەروەها لە زمانی مێن‌دا (کە لە دوورگەی مێن دەژین) ماوە .

[244] ئا. ف. دیەنیسکایا ، کێشەی لێکۆڵینەوەی خزمایەتیی زمانە هیند و ئەورووپاییەکان ، مۆسکۆ – لینینگراد ، ١٩٥٥ ، ل ١٤٥ .

تۆخاری [٣٤٥] و هیتی ، تەنیا وەك تایبەتێتی خاسیەتی گرووپی زمانی ئیتالی و کلتی تەماشادەکرا " . [٣٤٦]

لە زمانی لاتینیدا [٣٤٧] فۆرمی کردای کارا بزر بەڕێگەی ئیزافەکردنی کۆتایی بۆ سەر ڕەگی کردار پێك دێ . ئەگەر کردارەکە بەر گەردانی یەکەم یان دووەم یان چوارەم بکەوێ ، کۆتایی (ri) وەردەگرێ ، بەڵام بێتو سەر بە گەردانی سێیەم بێت ، ئەوە (i)ی دەخرێتە سەر . [٣٤٨]

گەردان	ڕەگی کردار	فۆرمی کارا بزر	واتای بە کوردی
١-	Cur-ā-	Cūr-a-ri	چارکران
٢-	Misc-ē-	Misc-ē-ri	تێکەڵکران
٤-	Sud-ī-	Sudī-ri	بیستران
٣-	Defend-	Defend-i	بەرگریکران

---

[٣٤٥] زمانە تۆخارییەکان ، دوو زمانی خزمی یەکجار لە یەك نزیکن و لقیکی سەربەخۆی زمانە هیند و ئەوروپاییەکانن (مێژووی دانانیان بە زمانی هیند و ئەوروپایی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٠٨ ، کە زانایانی ئەڵمان : ئێ . زیگوف.زیگلین ئیسپاتیان کرد . تۆخارییەکان لە سەدەکانی ٦-٧ دا لە ڕۆژهەڵاتی تورکستان ژیاون . تا ئێستا نەزانراوە کە ناوی ئەو میللەتە لە چییەوە هاتووە . بۆیە وا بووە بە باو یەکێك لەو دوو زمانە - تۆخاریی ڕۆژهەڵات - بە تۆخاریی أ ناوبرێ و ئەوی دییان - تۆخاریی ڕۆژئاوا - بە تۆخاریی ب .

[٣٤٦] سەرچاوەی ناوبراو ، کێشەی لێکۆڵینەوەی خزمایەتیی زمانە هیند و ئەوروپاییەکان ، ل ١٤٩ .

[٣٤٧] زمانی لاتینی یەکێکە لە زمانە دێرینەکانی گرووپی ئیتالی . کۆنترین بەڵگەنامەی لاتینی دەگەڕێتەوە بۆ شەش سەد ساڵ پ. ز. هەرچی زۆربەی بەڵگەنامەکانیشێتی هی سەدەکانی ٣-٢ی پێش زاینن .

[٣٤٨] ن. م. لێمیك ، زمانی لاتینی ، مۆسکۆ ، ١٩٦٦ ، ل ٥٣ .

کـرداری تێنەپـەڕ بـە فۆرمـی هەمەچەشـنی‌یەوە نـاتوانی پێوەندیـی جۆربەجۆری ڕوودان یان باروداۆخ بە کاراکەیەوە یان بەرکارەکەیەوە نیشان بدا (جگە لە هەندێ حاڵەتی تایبەتی نەبێ)و هەروەها کرداری تێپەڕیان لێ دروست نابێ . کرداری تێنەپەڕ پێوەندی بە کێشـەی کـارا دیـاری و کـارا بزری‌یـەوە نی‌یە و کرداری کارا بزری لێ پەیدا نابێ . لە کرداری تێپەڕەوە دەکرێ کرداری تێنەپەڕ دروست بکرێ و کرداری تێپـەڕیش دەتوانێ پێوەندیی ڕوودان بە کارا و بەرکارەوە ڕابگەیەنێ .[٣٤٩]

وەسیلەی باو و چالاکی دەربڕینی پێوەندیی هەمە جۆری ڕوودان بە کارا و بەرکارەوە ، لە دیالێکتی خوارووی کوردی‌دا ، بوون یـان نـەبوونی پاشـگری (-ر)ە . گشت کردارێکی تێپەڕ ، کە ئەو پاشگرەی وەرگرت دەبێتە کارا بزر .

پاشـگری (-ر)ی کـارا بـزر بـە کۆتـایی ڕەگـی کـرداری ڕانـەبوردووەوە دەلکێ[٣٥٠] . لە هـاتنی ئـەو پاشـگرە بـە دوا ڕەگـی کـرداری ڕانـەبوردوودا سـێ حاڵـەت هەیە :

١-ئەگەر فۆرم چاوگ بێ و چاوگەکەش بە هەر چەشنێک کۆتایی هاتبێ - (ان ، ین ، وون ، دن ، تن) ، ئـەوە سـەرپاکیان دەبـن بـە (ان) - واتـە : ڕەگـی کرداری ڕانەبوردوو + ر + ان . بۆ نموونە :

---

[٣٤٩] ف. ف. ڤینۆگـرادۆڤ ، زمـانی ڕووسـیی ئـەمڕۆ (وشەسـازی) ، مۆسـکۆ ، ١٩٥٢ ، ل ٣٣٨ - ٣٣٩ .

[٣٥٠] هەرچەندە کە بوونی ڕەگی کرداری ڕانەبوردوو بە بناغەی سازکردنی کرداری کارا بـزر دەستوورێکی گشتی‌ی زمانی کوردی‌یە ، بەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا هـەندێ حاڵـەتی بـێزۆک هەیـە (دواتر لێیان دەدوێین) .

کۆتایی	چاوگ	ڕەگی ڕانەبوردوو	پاشگر	کۆتایی	چاوگی کارا بزر
ان	هێنان کێڵان شێلان	هێن کێڵ شێل	ر	ان	هێنران کێڵران شێلران
ین	ماڵین چنین بینین	ماڵ چن بین	ر	ان	ماڵران چنران بینران
وون	جوون دروون گروون	جوو دروو گروو	ر	ان	جووران درووران گرووران
دن	ناردن ژمەندن خوێندن	نێر ژمەن خوێن	ر	ان	نێرران ژمەنران خوێنران
تن	هێشتن کوشتن شوشتن	هێڵ کوژ شۆ	ر	ان	هێڵران کوژران شۆران

٢-کردار لە ڕێژەی ڕانەبوردودا بێ ، نیشانەی (ێ) وەردەگرێ - واتە : نیشانەی (دە / ئە)ی ڕانەبوردوویی + ڕەگی ڕانەبوردوو + ر + ێ . بەوێنە :

چاوگ	(دە/ ئە)ی نیشانەی ڕانەبوردوویی	ڕەگی ڕانەبوردوو	پاشگر	کۆتایی	کرداری کارا بزر لە دەمی ڕانەبوردوودا
هێنان کێڵان شێلان	دە / ئە	هێن کێڵ شێل	ر	ێ	دەهێنرێ دەکێڵرێ دەشێلرێ[٣٥١]

[٣٥١] شێکە و بروێش تێک هەڵ ئەشێلرێ
چاڵێکی قووڵی بۆ هەڵ ئەکەنرێ
(پیرەمێرد ، ل ٣٧٢)

ماڵین		ماڵ			دەماڵرێ
چنین	دە / نە	چن	ر	ێ	دەچنرێ
بینین		بین			دەبینرێ
جوون		جوو			دەجوورێ[352]
دروون	دە / نە	دروو	ر	ێ	دەدroورێ
گروون		گروو			دەگروورێ
ناردن		نێر			دەنێررێ
ژەندن	دە / نە	ژەن	ر	ێ	دەژەنرێ
خوێندن		خوێن			دەخوێنرێ
هێشتن		هێڵ			دەهێڵرێ
کوشتن	دە / نە	کوژ	ر	ێ	دەکوژرێ[353]
شوشتن		شۆ			دەشۆرێ

٣-ڕێژەی ڕابوردووی کردار نیشانەی (ا)ی پێوە دەلکێنرێ واتە : ڕەگی کرداری ڕانەبوردوو + ر + ا . وەك :

چاوگ	ڕەگی ڕانەبوردوو	پاشگر	کۆتایی	کرداری کار بزر لە دەمی ڕابوردوودا
هێنان	هێن			هێنرا
کێلان	کێڵ	ر	ا	کێڵرا
شێلان	شێل			شێلرا

(٣٥٢) پاروو هەتا نەجوورێ ، قووت نادرێ .

(پەندی پێشینان ، ل ١٢٠)

(٣٥٣) ... ئەمووت ئەها هەر ئێستا ئەگوژرێم

(لە خەوما ، ل ٣٠)

... کوڕە نەیەنە پێشەوە ئەکوژرێن

(لە خەوما ، ل ٣٢)

ماڵین	ماڵ			ماڵرا
چنین	چن	ر	ا	چنرا
بینین	بین			بینرا
جوون	جوو			جوورا
دروون	دروو	ر	ا	دروورا
گروون	گروو			گروورا
ناردن	نێر			نێررا
ژەندن	ژەن	ر	ا	ژەنرا
خوێندن	خوێن			خوێنرا
هێشتن	هێڵ			هێڵرا
کوشتن	کوژ	ر	ا	کوژرا[٣٥٤]
شوشتن	شۆ			شۆرا[٣٥٥]

(٣٥٤) کە کوژرا ، شاهی عالی جاهی عیشقە
هەتا سەیدت نەکەن ناگەیتە فیتراك

(مەحوی ، ل١٨٦)

سەر بوو بناگوێ و دەنگوباس پرسین
"کێ مرد لە بەرلین ؟ کێ کوژرا لە چین ؟"

(گۆران ، ل١٤٦)

(٣٥٥) مەگەر هەر یاری نەقشینم ببێتە نەقشبەندی دڵ
کە نەقشی غەیری ڕەنگی ئەو بە ئاوی دیدە شۆرابێ

(نالی ، ل٦٠٠)

بەو پێیە دەرکەوت ، کە پاشگری کرداری کارا بزر لە دیالێکتی خوارووی کوردیدا نە (ران)ە و نە (رێ)یە و نە (را)یە و نە (درا)... یە ، بەڵکو تەنیا (-ر)ە[٣٥٦] . هەرچی هەڵکەوتی (ان)و (ێ)و (ا)یشە ، ئەمەیە :

(ان)– نیشانەی چاوگە لە حاڵەتی کارا بزریدا .

(ێ)– نیشانەی کاتی ڕانەبوردووی کردارە لە حاڵەتی کارا بزریدا .

(ا)– نیشانەی کاتی ڕابوردووی کردارە لە حاڵەتی کارا بزریدا .

کرداری کارا بزر لە گەردان کردندا وەك کرداری تێنەپەڕی کارا دیار جێناوی لکاو وەردەگرێ . بۆ ئیسپاتی ئەمە با تەماشای ئەو خشتەیەی خوارەوە بکەین .

---

[٣٥٦] تەنیا مامۆستایان : کەریمی ئەیووبی و ئی. ئا. سمیرنۆڤا (دیالیکتی کوردی موکری ، لێنینگراد ، ١٩٦٨ ، ل٧٦)و زارێ یووسف (دیالیکتی سلێمانی زمانی کوردی ، لێنینگراد ، ١٩٨٥ ، ل١٠٤ ؛ کرداری کارا بزر لە زمانی کوردیدا – بە کەرەستەی دیالێکتی خواروو– "نووسراوە دێرینەکان و مەسەلەی مێژووی کولتووری گەلانی ڕۆژهەلات" ، لێنینگراد ، ١٩٧٣ ، ل١٤٧)و محەمەد ئەمین هەورامانی ، زاری زمانی کوردی لە ترازووی بەراورددا ، بەغدا ، ١٩٨١ ، ل٢١٢)، (-ر)یان بە پاشگری کارا بزر داناوە ، دەنا سەرجەمی نووسەرانی دی بە (-ران) یان (رێ) یان (را)یان لە قەڵەم داوە .

جێناوی کەسیی جودا	کارا دیار					کارا بزر				
	ڕانەبوردوو	ڕابوردوو				ڕانەبوردوو	ڕابوردوو			
		نزیک	بەردەوام	تەواو	دوور		نزیک	بەردەوام	تەواو	دوور
من	دەمرم	مردم	دەمردم	مردووم	مردبووم	دەبینرێم	بینرام	دەبینرام	بینراوم[257]	بینرابووم
تۆ	دەمری (یت)	مردی (یت)	دەمردی (یت)	مردووی (یت)	مردبووی (یت)	دەبینرێی (یت)	بینرای (یت)	دەبینرای (یت)	بینراوی (یت)	بینرابووی (یت)
ئەو	دەمرێ (ێت)	مرد	دەمرد	مردووە	مردبوو	دەبینرێ (ێت)[258]	بینرا	دەبینرا	بینراوە	بینرابوو
ئێمە	دەمرین	مردین	دەمردین	مردووین	مردبووین	دەبینرێین	بینراین	دەبینراین	بینراوین	بینرابووین
ئێوە	دەمرن	مردن	دەمردن	مردوون	مردبوون	دەبینرێن	بینران	دەبینران	بینراون	بینرابوون
ئەوان										

---

(٢٥٧) بزوێنی (وو) ، کە بە دوا بزوێنی (ا)دا دێت ، دەبێتە کۆنسۆنانت .

(٢٥٨) دوو (ێ) ، کە دەکەونە پاڵ یەکیان تێدادەچێ .

هەرچەندە بوونی ڕەگی کرداری ڕانەبوردوو بە بناغەی سازکردنی کرداری کارا بزر دەستوورێکی گشتیی زمانی کوردییە ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ حاڵەتی بیژۆک و هەندێ گۆڕانی فۆنەتیکی بەرچاو دەکەوێ :

أ)حاڵەتی بیژۆک :

١-بوونی ڕەگی کاتی ڕابوردوو بە بناغە . بۆ نموونە :

چاوگ	کاتی ڕەگی ڕانەبوردوو	کاتی ڕەگی ڕابوردوو	کارا بزر
وتن / گوتن	ڵێ	وت / گوت	وتران / گوتران ، دەوترێ / دەگوترێ ، وترا / گوترا ...
ویستن	ەوێ	ویست[٣٥٩]	ویستران ، دەویسترێ ، ویسترا ...
... هتد			

٢-بوونی ڕەگی کرداری ڕانەبوردووش و ڕابوردووش بە بناغە . بۆ نموونە :

چاوگ	ڕەگی کاتی ڕانەبوردوو	کارا بزر	ڕەگی کاتی ڕابوردوو	کارا بزر
هاویشتن	هاوێژ	هاوێژران ، نەهاوێژرێ ، هاوێژرا ...	هاویشت	هاویشتران ، نەهاویشترێ ، هاویشترا ...
خواستن	خواز	خوازران ، نەخوازرێ ،	خواست	خواستران ، نەخواسترێ ،

(٣٥٩) بۆ کرداری (بیستن ، فرۆشتن ، لیستنەوە ، پەستن ، ڕێستن ...) کە دەشێ : ١-(بیسترا ، فرۆشترا ، لیسترایەوە ، پەسترا ، ڕێسترا ...) یاخود ٢-(بیسرا ، فرۆشرا ، لیسرایەوە ، پەسرا ، ڕێسرا ...)ش بووترێ ، هۆی ئەوە نی‌یە ، کە ئەوانەی دەستەی یەکەم بەیاریدەی ڕەگی کاتی ڕابوردوو دروست کراون و ئەوانی کۆمەڵی دووەمیش لە ڕێگەی ڕەگی کاتی ڕانەبوردووەوە سازکراون ، بەڵکو مەسەلە ئەوەیە ، کە لە حاڵەتی دووەمدا بۆ مەبەستی سووك وتن (ت)ەکە دەسوێ . بەڵگەیێکی دی بۆ ئیسپات کردنی ئەوەی ، مەسەلەکە هۆی بوونی ڕەگی جیاواز نی‌یە ، وشەیێکی وەك (ویستن) دەکەینە نموونە . ئەم وشەیە ، کە لەسەر بناغەی ڕەگی ڕابوردوو دەبێتە کارا بزر ، هەمان ڕوودانی (ت)ی تێدا دەبینرێ : (ویست – ویسترا / ویسرا)و چاکیش دەزانین (ەوێ) ڕەگی کاتی ڕانەبوردوویەتی ، نەك (ویس) .

		خوازرا ...		خواسترا ...
ستن	خه	خران ، ئەخرێ ، خرا[٣٦٠]	خست	خستران ، ئەخسترێ ، خسترا
هتد				

ب)گۆڕانی فۆنەتیکی :

١-ئەو کردارانەی ڕەگی ڕانەبوردوویان کۆتایی بە (ۆ) هاتبێ ، دەبنە (و) . وەك :

چاوگ	ڕەگی کاتی ڕانەبوردوو	دوا دەنگی ڕەگ	گۆڕاو	کرداری کارا بزر
خواردن	خۆ	ۆ	و	خوران ، ئەخورێ[٣٦١] ، خورا[٣٦٢]
... هتد				

٢-ئەگەر دوا دەنگی ڕەگی کردارێکی ڕانەبوردوو (ە) یان (ێ) بێ ، ئەوە لە حاڵەتی کردنی بە کارا بزردا دەبن بە بزرۆکەی (i) یاخود تێدا دەچن[٣٦٣]. بۆ نموونە :

---

[٣٦٠] هاوار بە ماڵم چیمان پێ کرا
لە چارەکێکا سەدمان لێ خرا

(بێکەس ن ل ٥٨)

[٣٦١] تەیر هەیە گۆشتی ئەخورێ ، تەیر هەیە گۆشتی ئەدرێ .

(پەندی پێشینان ، ل ١٦٢)

[٣٦٢] بە هەرچ دەردێك بوو نان و چا خورا
دیسان بۆ ڕێگا ناوی خوا برا

(گۆران ، ل ١٤٠)

[٣٦٣] لە حاڵەتی چاوگی و کاتی ڕابوردوودا دەبن بە (i) ، وەك ، (biran , bira) ، (dira و diran) ، (kira , kiran) ، (debrê) ، (dedrê) ، (dekrê) ، (dexrê)...

چاوگ	ڕەگی کاتی ڕانەبوردوو	دوا دەنگی ڕەگ	گۆڕان	کارا بزر
بردن	بە			بران ، دەبرێ ، برا ...[٣٦٤]
دان	دە			دران ، دەدرێ[٣٦٥] ، درا ...[٣٦٦]
کرد	کە	ـە		کران ، دەکرێ ، کرا ...[٣٦٧]
خستن	خە			خران ، دەخرێ ، خرا
... هتد				
نان	نێ	ێ	Ø, i	نران ، دەنرێ ، نرا ...[٣٦٨]،[٣٦٩]،[٣٧٠]

[٣٦٤] بڕوانە پەراوێزی ژمارە (٣٦)

[٣٦٥] جوانێ لە پیرێ گەر مارە بکرێ
بێشک زەربەیە لە ئەخلاق ئەدرێ

(بێکەس ، ل ١٢٧)

[٣٦٦] ... خەبەر بە برایم پادشای درا

(تحفة مظفريه ، ب١ ، ل٢٤٦)

[٣٦٧] بڕوانە پەراوێزی ژمارە (٣٤)

[٣٦٨] حوقەیکی زەڕی صافی لەسەر بانی نرا بێ
ئەختیکی بەصەد صەنعەتی (مانی) قڵەشابێ ؟؟

(نالی ، ل٦١٤)

[٣٦٩] زۆربەی نووسەرانی ڕێزمانی کوردی لەبەر تیشکی ناتەواوی نەبوونی نیگار بۆ بزوێنی (i) لە نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبیدا ، وایان داناوە ، کە (ە) و (ێ)ی دوا دەنگی ڕەگی کرداری ڕانەبوردوو لە حاڵەتی کردنیان بە کارا بزر تێدا دەچن . ئەگەرچی ئەو ڕێنووسە لە ڕەچاونەکردنی بزرۆکەی (i)دا ناتەواوە ، بەڵام ئەوانەی لە باسی زمان دەدوێن ، نابێ وا ساکار تەنیا تەماشای ڕواڵەت و ڕوخساری نووسین بکەن . بۆ نموونە ، لیژنەی زمان و زانستەکانی کۆڕی زانیاری کورد وتوویە ؛ "لە دوو کاری (دەکەم ، دەبەم) بزوێنی دوای کاف و بێیەکە نامێنێ و دەێنە (کرا ، برا) " (ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی ، ل ١٣٩) .

[٣٧٠] د. زارێ یووسف لە وتاری "کرداری کارا بزر لە زمانی کوردیدا" وای داناوە ، کە (ێ) تێدا دەچێ ، کەچی لەو نموونەیەدا کە هێناویەتییەوە ، بە ئاشکرا (i) دیارە ؛

.. هتد (٣٧١)

٣-کرداری (گرتن) ، کە ڕەگەکەی (گر - gir)ە ، (i)ەکەی دەبێ بە (ی - i) . (٣٧٢)

گر گیر ← گیران ، دەگیرێ ، گیرا(٣٧٣)

٤-ئەو کردارانەی ڕەگی کاتی ڕانەبوردوویان بە دەنگی (ڕ) یان (ر) کۆتایی دێت بە سێ چەشن دەبینرێن :

=

"nan (nê̂) > niran" (ل ١٤٨) ... شایانی باسە ، لە کتێبی "دیالێکتی سلێمانی زمانی کوردی"دا ئەو هەڵەیەی ڕاست کردووەتەوە و نیشانی داوە ، کە لەو جۆرە حاڵەتانەدا "(ێ) دەگۆڕدرێ بە (i) " (ل١٠٤) .

(٣٧١) وا پێدەچێ ئەم کۆمەڵە کردارە (بران ، دران ، کران ، خران ، نران ...)و هەندێکی دی ، کە دواتر کراونەتە نموونە ؛ (شۆران ، کوژران ، گۆڕان ...) لەگەڵ (بران ... نران ... شۆران ... گۆڕان ...)ی تێنەپەڕدا هاوبێژ (مشترك لفظي – Homonym)بن .

(٣٧٢) کرداری (گرتن) لە حاڵەتی کارا بزریدا ئەو فۆرمەشی هەیە ، کە بە یاریدەی ڕەگی کاتی ڕابوردوو پێک دێ . وەک :

گرتن گرت ← گرتران ، دەگرترێ ، گرترا

(٣٧٣) بەڵایێک هات و پێی گیرا ، بە بایێک نووری کوژراوە
درێغا ! شەمسی عیرفان و چرای تاریکە ڕێگاکەم

(وەفایی ، ل ٧٨)

تەدارکی کاکە مەمی گیرا فوقەرە بە فوقەرە

(تحفەء مظفریە ، ب١ ، ل ٢٤٩)

أ)ئاخێوەری هەندێ ناوچە (د) دەخەنە نێوان ڕەگی کردارەکە و پاشگری (ـڕ)ی کارا بزرییەوە . وەک :

گێڕان - گێڕ + د + ڕ + (کۆتایی) = گێڕدران / دەگێڕدرێ / گێڕدرا

گۆڕین - گۆڕ + د + ڕ + (کۆتایی) = گۆڕدران / دەگۆڕدرێ / گۆڕدرا

هاڕین - هاڕ + د + ڕ + (کۆتایی) = هاڕدران / دەهاڕدرێ

هاڕدرا

بڕین - بڕ + د + ڕ + (کۆتایی) = بڕدران / دەبڕدرێ / بڕدرا

کڕین - کڕ + د + ڕ + (کۆتایی) = کڕدران / دەکڕدرێ / کڕدرا

... هتد .[٣٧٤]

ژماردن - ژمێر + د + ڕ + (کۆتایی) = دەژمێردرێ / ژماردرا

---

[٣٧٤] نەک هەر لە وشەی (بوواردن)دا ، بەڵکو لە نموونەکانی دیشدا دەشێ بیر بۆ ئەوە بچێ ، کە ئەو (د)ەی نێوان ڕەگی کاتی ڕابوردوو و پاشگری کارا بزری لە دەرەوە نەهاتبێ ، بەڵکو کارا بزریی ئەم جۆرە حاڵەتانە لە ڕەگی کاتی ڕابوردووەوە سازدەبێ .

بژاردن - بژێر + د + ر + (کۆتایی) - دەبژێردرێ / بژێردرا

سپاردن - سپێر + د + ر + (کۆتایی) - دەسپێردرێ / سپێردرا

بووردن - بوور + د + ر + (کۆتایی) - دەبووردرێ / بووردرا

هتد ...[٣٧٥]

ب)لە هەندێ شێوەدا تەنیا یەك (ر) تەلەفوز دەکرێ و یەکێکیان تێدا دەچێ . وەك :

بڕین	-	بڕ	+	ر	+	(کۆتایی)	-	بڕا ...[٣٧٦]
دڕین	-	دڕ	+	ر	+	(کۆتایی)	-	دڕا ...
گۆڕین	-	گۆڕ	+	ر	+	(کۆتایی)	-	گۆڕا...

... هتد

ژماردن	-	ژمێر	+	ر	+	(کۆتایی)	-	ژمێرا...
بژاردن	-	بژێر	+	ر	+	(کۆتایی)	-	بژێرا...
بوواردن	-	بوور	+	ر	+	(کۆتایی)	-	بوورا...

... هتد

[٣٧٥] لە هەندێ ناوچە ئەتانەت کرداری (کردن ، بردن)یش شێوەی (کردرا ، بردرا) ؛ (دەکردرێ ، دەبردرێ) ... یان هەیە .

[٣٧٦] سەیر ئەکەی شەخسێکی مەئموور گەر وەزیفەی لێ بڕا
هیچی پێ ناکرێ لەبەر عەیب ، ماڵی خۆی تاڵان ئەکا

(بێکەس ، ل٨٨)

ج) لە ئاخاوتنی گەلێ شێوەدا (ـڕ)ی پاشگری کارا زی بە ئاسانی بە دوا (ڕ)و (ر)ی کۆتایی ڕەگی کردارەکەدا دەردەبڕێ . بەوێنە :

بڕرا

دڕرا

گۆڕرا

... هتد .[٣٧٧]

ژمێررا[٣٧٨]

بژێررا

بووررا

... هتد .[٣٧٩]

٥-هەندێ کرداری وەك (بیستن ، فرۆشتن ، لێستنەوە ، پەستن ، ڕێستن...) لە حاڵەتی کارا بزربیدا بە دوو جۆر دەبیترێن :

ا)دەنگی (ت)ی پێش (ن)ی چاوگ دەوترێ .

ب) بۆ مەبەستی سووك وتن ئەو (ت)ە قووت دەدرێ .

---

[٣٧٧] کەرێك بە پارەی بەفر بکڕرێ ئەبێ لە ئاوا بخنکێ .

(پەندی پێشینان ، ل ٣٤٤)

[٣٧٨] جووجەڵە لە پایزدا ئەژمێررێ

(پەندی پێشینان ، ل ١٦٢)

[٣٧٩] ... ئەترسم ئەم جارەش بێ فائیدە بێ ، چونکە ئەمە سەری چەند جارەیە کە پیاو ئەنێررێت و بێ فائیدەیە .

(لە خەوما ، ل٦٢)

-پ-	-أ-
بیسرا	بیسترا
فرۆشرا[٢٨٠]	فرۆشترا
لێسرایەوە	لێسترایەوە
پەسرا	پەسترا
ڕێسرا	ڕێسترا
	... هتد .

٦-ئەو چاوگانەی بە هۆی پاشگری (-اندن)ەوە کراون بە تێپەڕ لە دوو ڕێگەوە دەکرێن بە کارا بزر :

أ) ڕێگەی سەرەکی و باو بە پەیڕەوی کردنی دەستوورە گشتی‌یەکەیە ، کە دەخرێتە سەر بناغەی کاتی ڕانەبوردووی کردارەکە . وەك :

تێنەپەڕ	تێپەڕ	ڕەگی ڕانەبوردوو	کارا بزر
ڕژان	ڕژاندن	ڕژێن	ڕژێنرا، دەڕژێنرێ ...
سووتان	سووتاندن	سووتێن	سووتێنرا ، دەسووتێنرێ...
لەرزین	لەرزاندن	لەرزێن	لەرزێنرا ، دەلەرزێنرێ ...
خەوتن	خەواندن	خەوێن	خەوێنرا ، دەخەوێنرێ ...
مردن	مراندن	مرێن	مرێنرا ، دەمرێنرێ ...[٣٨١]
... هتد .			

ب) لە هەندێ شێوەدا لەسەر بناغەی ڕەگی کاتی ڕابوردوو پێك دێنرێ .

وەك :

---

[٢٨٠] حاجی تووتنەکەت مادەم فرۆشرا
فیرووسیا لەصەد کوشتن و هەرا

(بێکەس ، ل٥٧)

[٢٨١] بۆ بەشی زۆری ئەم جۆرە وشانە ، لە هەندێ شوێن (د) دەخەنە نێوان ڕەگ و پاشگرەکەوە . واتە دەڵێن : ڕژێندرا ، سووتێندرا ...

تێنەپەڕ	تێپەڕ	ڕەگی ڕابوردوو	کارا بزر
ڕژان	ڕژاندن	ڕژاند	ڕژاندرا ...
سووتان	سووتاندن	سووتاند	سووتاندرا ...
لەرزان	لەرزاندن	لەرزاند	لەرزاندرا ..
پەڕان	پەڕاندن	پەڕاند	پەڕاندرا ..
خەوتن	خەواندن	خەواند	خەواندرا ..
مران	مراندن	مراند	مراندرا ...[382]
... هتد[383]			

ئەگەرچی مەرج وایە لە باری کارا بزریدا کارا دیار نەبێ ، بەڵام لە زمانی کوردیدا حاڵەتی ئەوتۆ بەرچاو دەکەوێ ، کە بە ڕێگەی وەسفی ڕستەسازیدا پەنجە بۆ کارا ڕابکێشرێ :

١–بە یاریدەی دەستەواژەی وەك (لە لایەن ... ەوە ؛ لە ڕێگەی ... ەوە ؛ بە هۆی ... ەوە ... هتد) . وەك :

ئازاد لە لایەن ئەوزادەوە نێرراوە .

ئازاد لە ڕێی ئەوزادەوە نێرراوە .

ئازاد بە هۆی ئەوزادەوە نێرراوە .

... هتد .

٢–بە یاریدەی پاشبەندی (بە ، لە ...) . وەك :

زەوی‌یەکە بە گاسن کێڵراوە .

---

[382] لەو شێوانەشدا کە کلۆرکردن و قووت دان و سوان باوە ، (د)ی نێوان (ن)ی چاوگەکە و (–ر)ی کارا بزری تێدا دەبرێ ، دەوترێ : ڕژانرا ، سووتانرا ، لەرزانرا ، پەڕانرا ، خەوانرا ، مرانرا ....

[383] شایانی باسە ، لیژنەی زمان و زانستەکانی کۆڕی زانیاری کورد "ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی" (ل ١٥٣ – ١٤٥)و د. زارێ یووسف "دیالیکتی سلێمانی زمانی کوردی" (ل ١٠٤ – ١٠٥)دا لە بەشێکی ئەو تایبەتێتی‌یانەی حاڵەتی کارا بزری دواون .

بەردەکە بە قۆچەقانی هاوێژراوە .

وڵات بە سەرباز دەپارێزرێ .

...

باج لە دەوڵەمەند دەستێنرێ .

زانیاری لە کتێب وەردەگیرێ .

... هتد .[٣٨٤]

لە ناوچەی هەورامان[٣٨٥] و هەندێ شوێنی دی کوردستان[٣٨٦] (ـی) پاشگری کارا بزرییە و (ا)ش نیشانەی کاتی ڕابوردوو و (ۆ)ـ ڕانەبوردووە . بۆ نموونە :

دزیا = دز + ی + ا	واتە : دزرا = دز + ر + ا
دڕیا = دڕ + ی + ا	واتە : دڕرا = دڕ + ر + ا
...	
مەدزیۆ = مە + دز + ی + ۆ	واتە : دەدزرێ = دە + دز + ر + ێ
مدڕیۆ / مەدڕیۆ = م / مە + دڕ + ی + ۆ	واتە : دەدڕرێ = دە + دڕ + ر + ێ[٣٨٧]
...	

... هتد[٣٨٨]

---

[٣٨٤] د. قەناتی کوردۆ لە کتێبی "دەستووری زمانی کوردی (بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجیی ژووروو و خواروو) " (ل ١٨٩)و د. زارێ یووسف لە وتاری "کرداری کارا بزر لە زمانی کوردیدا" (ل ١٤٩)دا باسی هەندێ لەو حاڵەتانەیان کردووە .

[٣٨٥] محەمەد ئەمین هەورامانی ، زاری زمانی کوردی لە ترازووی بەراورددا ، بەغدا ، ١٩٨١ ، ل ٢١١ .

[٣٨٦] لە شیعرەکانی مەلا عەباس حیلمی کاکەیی و خەلیل منەوەر و هەندێکی دیدا ، لەو بارەیەوە گەلێ نموونە بەرچاودەکەون .

[٣٨٧] سەرچاوەی ناوبراو ، محەمەد ئەمین هەورامانی ، زاری زمانی کوردی ل ٢١١ – ٢١٢ .

[٣٨٨] چەند نموونەیێک:

ئەو ڕۆ ڕەستاخێز پەی شیرین کریا

فرێ زوڵف و خاڵ بە غارەت دڕیا

(خانای قوبادی ، ل٩٦)

دەستووری سازبوونی حاڵەتی کارا بزریی کردار لە کرمانجیی خواروو و ژووروودا یەک ناگرنەوە . وەک باسمان کرد لە دیالێکتی خوارووی پاشگری (-ر) کرۆکی پێکهێنانی ئەو حاڵەتەیە و ئەمەش ڕێگەیێک ، وشەسازی‌یە ، بەڵام لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا حاڵەتی کارا بزریی کردار بە هۆی کرداری تێنەپەڕی یاریدەدەری (هاتن)ەوە دەردەبڕێ ، کە هەمیشە دەکەوێتە پێش کردارە سەرەکی‌یە تێپەڕەکەوە . کرداری (هاتن) گەردان دەکرێ . هەرچی کردارە سەرەکی‌یەکەشە گەردان ناکرێ و لە شێوەی چاوگدا دەمێنێتەوە و بە سێ جۆر خۆی دەنوێنێ :

١-لە زوربەی بەشە دیالێکتەکاندا هیچ نیشانەیێک وەرناکرێ . وەک :

هاتن گرتن

هاتن کوشتن

... هتد .

٢-لە هەندێ بەشە دیالێکتدا نیشانەی (ێ)ی دۆخی تیان وەردەگرێ . وەک :

هاتن گرتنێ

هاتن کوشتنێ

... هتد .

٣-لە چەند شێوەیەکدا (ە) لە بریتی (ێ) بەکاردێنرێ .وەک :

هاتن گرتنە

هاتن کوشتنە

... هتد .

ئەم جۆرە دەربڕینەی کارا بزری لە زمانناسیدا بە ڕێگەی ڕستەسازی ناسراوە .

لە گەردان کردنی فۆرمی کارا بزری‌دا کرداری یاریدەدەری (هاتن) بێ ئەوەی پێوەندی بە خاسیەتی کردارە سەرکی‌یەکەوە هەبێ ، گۆڕانی بەسەردا دێ و لە ڕووی ژمارە و کەس و کاتەوە لەگەڵ نیهاددا هاوجووت دەبێ - واتە کرداری کارا بزر (سست) لە ڕووی فۆرمەوە ، گەردانی چالاکە:[٣٨٩]

کاتی ڕابوردوو

ڕابوردووی نزیك	ئەز	هاتم	گرتن / گرتنێ ...
	تو	هاتی	
	ئەو	هات[٣٩٠]	
	ئەم	هاتن	
	هوون		
	ئەو		

ڕابوردووی بەردەوام	ئەز	دهاتم	گرتن / گرتنێ ...
	تو	دهاتی	
	ئەو	دهات	
	ئەم	دهاتن	
	هوون		
	ئەو		

[٣٨٩] ق. کوردۆیێف ، دەستووری زمانی کوردی (بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجیی ژووروو و خواروو) ، مۆسکۆ ، ١٩٧٨ ، ل٢٥٤-٢٥٥ .

[٣٩٠] ئەو ئەسیر هات کوشتن ، ئێدی ڤەنەگەڕیا ل مالا خوە و خودیانە .

(مەمێ ئالان ، ل٤٤)

رابوردووی تەواو

ئەز	هاتمە	گرتن / گرتنێ ...
تو	هاتیی‌ی	
ئەو	هاتی‌یە	
ئەم / هوون / ئەو	هاتنە[٣٩١]	

رابوردووی دوور

ئەز	هاتبووم	گرتن / گرتنێ ...
تو	هاتبوویی	
ئەو	هاتبوو	
ئەم / هوون / ئەو	هاتبوون	

---

(٣٩١) ئەڤ چەند چیرۆکێن کەڤن ، مە ، ژ بیر و کالێن خوە وەرگرتینە نە ئەڤ چیرۆک تێ ژ مەرا ، هاتە گوتن ...

(خالید حسەین : ل٢)

کاتی ڕانەبوردوو

کاتی ئێستا.

ئەز	تێم	گرتن / گرتنێ ...
تو	تێ‌یی	
ئەو	تێ	
ئەم	تێن	
هوون		
ئەو		

کاتی ئاینده :

جۆرێ یەکەم	ئەزێ	بێم[٣٩٢]	گرتن / گرتنێ ...
	تویێ	بێ‌یی	
	ئەوێ	بێ[٣٩٣]	
	ئەمێ	بێن	
	هوونێ		
	ئەوێ		

---

(٣٩٢) کەسەك من ناسناکە ناڤا ئێلا تەدا ،
ئەز <u>بێمە کوشتن</u> ، نابە کەسەر دلدا
(سیابەند و خەجێ ، ل٤٨)

(٣٩٣) وەکی سیابەند <u>بێ کوشتن</u> ، نەکەدمرە .
(سیابەند و خەجێ ، ل٥٠)

جۆری دووەم	ئەزێ		بێم	گرتن / گرتنێ ...
	توێ		بێ‌یی	
	ئەوێ		بێ	
	ئەمێ	وێ		
	هوونێ	بێن		
	ئەوێ			

لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروشدا بە یاریدەی هەندێ دەستەواژە یان ئامراز دەکرێ پەنجە بۆ کارا ڕابکێشرێ . ب (بە ، وە) دەستێ ؛ ب (بە ، وە) کۆمەکیا ... کەرەستەی ئەم ڕێگە وەسفی ڕستەسازی‌یەن . بەوێنە :

ڤان دارانا گشك ب دەستێ شاگرتا هاتنە چەڤاندنێ .

باخچێ زارا ب کۆمەکیا سۆڤخۆزێ تێ خوایکرنێ .[٣٩٤]

---

[٣٩٤] چ. خ. باکاییف ، زمانی کوردەکانی سۆڤێت ، مۆسکۆ ، ١٩٧٣ ، ل٢١١ .

نیشانەی نموونەکان

١- (ئەدەب)
مێژووی ئەدەبی کوردی ، عەلائەددین سەجادی ، بەغدا ، ١٩٥٢ .

٢-(نەسیری)
دیوانی نەسیری ، مستەفا عەسکەری کۆی کردۆتەوە و لەسەری نووسیوە ، بەغدا ، ١٩٨٧ .

٣-(بێکەس)
دیوانی بێکەس ، محەمەدی مەلا کەریم ڕێکی خستووە و سەرەتای بۆ نووسیوە و سەرپەرشتیی لە چاپدانی کردووە ، چاپی دووەم ، بەغدا ، ١٩٨٠ .

٤-(پەرتویێ هەکاری)
دیوانا پەرتویێ هەکاری ، بەرهەڤکرن و توێژاندنا صادق بەهائەدین ئامێدی ، بەغدا ، ١٩٧٨ .

٥-(پەندی پێشینان)
پەندی پێشینان ، کۆکردنەوەی شێخ محەمەدی خاڵ ، چاپی دووەم ، ١٩٧١ .

٦-(پیرەمێرد)
پیرەمێردی نەمر ، محەمەد ڕەسووڵ هاوار ، بەغدا ، ١٩٧٠ .

٧-(تحفەء مظفریە ، ب١)
ئۆسکارمان ، تحفەء مظفریە ، بەرلین ، ١٩٠٥ ، پێشەکی و ساخکردنەوە و هێنانە سەر ڕێنووسی کوردی : هێمن موکریانی ، بەشی یەکەم ، بەغدا ، ١٩٧٥ .

٨-(جزیری)
دیوانا مەلایێ جزیری ، تویژاندنا صادق بەهائەدین نامیدی ، بەغدا ، ١٩٧٧ .

٩-(خالید حسەین)
چەند چیرۆك ، بەغدا ، ١٩٨٤ .

١٠-(خانای قوبادی)
شیرین و خوسرەو ، شاکاری شاعیری ناوداری کورد : خانای قوبادی . محەمەدی مەلا کەریم ساغی کردووەتەوە و فەرهەنگی بۆ ڕێك خستووە و پێشەکی بۆ نووسیوە ، بەغدا ، ١٩٧٥ .

١١-(سیابەند و خەجێ)
سیابەندۆڤ سەمەند ، سیابەند و خەجێ (شوکور مستەفا لە ڕێنووسی سلاڤییەوە خستوویەتیە سەر ڕێنووسی کوردی و فەرهەنگۆکی بۆ کردووە ، بەغدا ، ١٩٨٠ .

١٢-(صەبری)
عوسمان صەبری ، باهۆز و چەند نڤیسارێن دی ، شام ، ١٩٥٦ .

١٣-(صەیدی)
دیوانی صەیدی ، کۆکردنەوە و شیکردنەوەی : محەمەد ئەمین کاردۆخی ، سلێمانی ، ١٩٧١ .

١٤-(فۆلکلۆر)

فۆلکلۆری هۆنراوەکانی کوردەواری ، کۆکردنەوەی محەمەد کەریم شەریف ، کەرکووک ، ١٩٧٤ .

١٥-(کوردۆ)

کۆمەڵە تێکستی فۆلکلۆری کوردی ، پرۆفیسۆر قەناتی کوردۆ لە زاری کوردەکانی سۆڤێتەوە تۆماری کردووە . شوکور مستەفا و ئەنوەر قادر هێناویانەتە سەر ڕێنووسی کوردی ، بەغدا ، ١٩٧٦ .

١٦-(کوردی)

دیوانی کوردی ، چاپی سێیەم ، لەسەر ئەرکی چاپخانەی کوردستان گرد و گۆ و چاپکراوە ، هەولێر ، ١٩٧٣ .

١٧-(گۆران)

سەرجەمی بەرهەمی گۆران ، بەرگی یەکەم ، دیوانی گۆران ، محەمەدی مەلا کەریم کۆی کردووەتەوە و ئامادەی کردووە و پێشەکی و پەراوێزی بۆ نووسیوە ، بەغدا ، ١٩٨٠ .

١٨-(لە خەوما)

جەمیل صائب ، لە خەوما ، پێشکەش کردن و لێکۆڵینەوەی جەمال بابان ، بەغدا ، ١٩٧٥ .

١٩-(مەحوی)

دیوانی مەحوی ، لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی : مەلا عبدالکریمی مدرس و محەمەدی مەلا کەریم ، بەغدا ، ١٩٧٧ .

٢٠-(مەمن ئالان)
مەمن ئالان ، چیرۆك نڤیس کۆی کردووەتەوە و پێشەکی بۆ نووسیوە ، صالح عەلی گوللی و ئەنوەر قادر محەمەد لە ڕێنووسی لاتینی‌یەوە هێناویانەتە سەر ڕێنووسی کوردی ، بەغدا ، ١٩٧٧ .

٢١-(میرزا ئۆلقادر)
میرزا ئۆلقادر ، محەمەد ئەمین هەورامانی ، بەغدا ، ١٩٨٤ .

٢٢-(نالی)
دیوانی نالی ، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی : مەلا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم ، بەغدا ، ١٩٧٦ .

٢٣-(هەردی)
ڕازی تەنیایی ، ئەحمەد هەردی ، چاپی دووەم ، ١٩٨٤ .

٢٤-(وەفایی)
دیوانی وەفایی ، لێکۆڵینەوەی : محەمەد عەلی قەرەداغی ، بەغدا ، ١٩٧٨ .

سەرچاوە

بە زمانی کوردی

(١)ئەحمەد تاقانە ، لقە کۆمەڵە چاوگی (ست)یی ، گۆڤاری "ڕۆژی کوردستان" ، ژ٤٩ ، بەغدا ، ١٩٧٨ ، ل٥٩ - ٦٢ .

(٢)ئەحمەد حەسەن ئەحمەد ، پێشگر و پاشگر ، "گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد" ، ب ٣ ، ژ١ ، بەغدا ، ١٩٧٥ ، ل٣١٩ - ٣٥٧ .

(٣)ئەحمەد حەسەن ئەحمەد ، ڕێزمانی کوردی ، بەغدا ، ١٩٧٦ .

(٤)د. ئەورەحمانی حاجی مارف ، ڕابەری سەرچاوە لەبارەی زمانی کوردییەوە ، بەغدا ، ١٩٨٩ .

(٥)د. ئەورەحمانی حاجی مارف ، ڕێزمانی کوردی ، بەرگی یەکەم ، بەشی یەکەم - (ناو) ، بەغدا ، ١٩٧٩ .

(٦) د. ئەورەحمانی حاجی مارف ، ڕێزمانی کوردی ، بەرگی یەکەم ، بەشی دووەم - (جێناو) ، بەغدا ، ١٩٨٧ .

(٧)د. ئەورەحمانی حاجی مارف ، ڕێزمانی کوردی ، بەرگی یەکەم ، بەشی سێیەم - (ئاوەڵناو) ، بەغدا ، ١٩٩٢ .

(٨)د. ئەورەحمانی حاجی مارف ، ڕێزمانی کوردی ، بەرگی یەکەم ، بەشی چوارەم - (ژمارە و ئاوەڵکردار) ، بەغدا ، ١٩٩٨ .

(٩)د. ئەورەحمانی حاجی مارف ، زمانی کوردی لەبەر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا ، بەغدا ، ١٩٧٦ .

(١٠)د. ئەورەحمانی حاجی مارف ، وشەڕۆنان لە زمانی کوردیدا ، بەغدا ، ١٩٧٧ .

(١١)د. ئەورەحمانی حاجی مارف ، وشەی زمانی کوردی ، بەغدا ، ١٩٧٥ .

(١٢)د. ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم ، گیروگرفتی نووسینی فرمان لەگەڵ ڕاناو لە ڕووی پێکەوە نووسان و پێکەوە نەنووسانەوە ، "گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق - دەستەی کورد ، ب٩ ، بەغدا ١٩٨٢ ، ل٤٥٠ - ٤٨٨ .

(١٣)بەهزاد ، چارگی کوێربووەوە لە زمانی کوردیدا ، گۆڤاری "بەیان" ، ژ٧ ، بەغدا ، ١٩٧٢ ، ل٢٤ - ٢٥ .

(١٤)د. پاکیزە ڕەفیق حیلمی ، بووژاندنەوەی زمان ، "گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد" ، ب٣ ، ژ١ ، بەغدا ، ١٩٧٥ ، ل١٤٣ - ١٩٧ .

(١٥)تۆفیق وەهبی ، دەستووری زمانی کوردی ، جزمی یەکەم ، بەغدا ، ١٩٢٩ .

(١٦)جگر خوێن ، ئاوا ئو دەستوورا زمانێ کوردی ، بەغدا ، ١٩٦١ .

(١٧)د. جەمال نەبەز ، زمانی یەکگرتووی کوردی ، بامبێرگ ، ١٩٧٦ .

(١٨)حەمیدی ئیزەد پەناه ، فەرهەنگی لەک و لوڕ (لێدوان و بەراوردکردنی : مەحموود زامدار) ، بەغدا ، ١٩٧٨ .

(١٩)ڕەئووفی ئەحمەد ئالانی ، بەسەردا چوونەوەی ڕێزمانی کوردی ، گۆڤاری "کاروان" ، ژ٢٣ ، سالی دووەم ، هەولێر ، ئابی ، ١٩٨٤ ، ل ٢٣ - ٣٥ .

(٢٠)ڕەئووفی ئەحمەد ئالانی ، دیاردەیێکی زمانەوانی ، گۆڤاری "نووسەری کورد" ، ژ٨ ، خولی دووەم ، بەغدا ، ١٩٨٢ ، ل٣٦ - ٤١ .

(٢١)ڕەئووفی ئەحمەد ئالانی ، کاری هەبوون ، گۆڤاری "کاروان" ، ژ٢٩ ، شوباتی ١٩٨٥ ، ل ١٥ -٢١ .

(٢٢)ڕەئووفی ئەحمەد ئالانی ، کێشەیەک لە ڕێزمانی کوردی ، بەغدا ، ١٩٨١ .

(٢٣)ڕەئووفی ئەحمەد ئالانی ، گەردانی (بوون) ، گۆڤاری "ڕۆشنبیری نوێ" ، ژ ٨٠ ، بەغدا ، ١٩٨٠ ، ل١٢ - ١٥ .

(٢٤)ڕەفیق محەمەد شوانی ، ئەو وشانەی لە چاوگەوە وەردەگیرێن ، نامەی ماجیستێر ، زانکۆی سەلاحەددین ، ١٩٨٨ .

(٢٥)ڕەفیق محەمەد شوانی ، لێکۆڵینەوە دەربارەی ئەو وشانەی لە چاوگەوە وەردەگیرێن ، گۆڤاری "ڕۆشنبیری نوێ" ، ژ١٢٣ ، ئەیلوولی ١٩٨٩ ، ل٧١-٨٣ .

(٢٦)ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی ، بەپێی لێکۆڵینەوەی لیژنەی زمان و زانستەکانی کۆڕ ، بەغدا ، ١٩٧٦ .

(٢٧)زاراوە زانستییەکان ، دانان و لێکۆڵینەوەی لیژنەی زاراوە زانستییەکانی کۆڕ ، بەغدا ، ١٩٧٦ .

(٢٨)د. زارێ یووسف ، ڕەگی فرمان لە دیالێکتی هەورامیدا ، "چەند وتارێکی کوردناسی" ، ستۆکهۆڵم ، ١٩٨٩ ، ل٢٧ - ٣٤ (د. ئەنوەر قادر محەمەد لە ڕووسی‌یەوە کردوویە بە کوردی) .

(٢٩)د. زارێ یووسف ، کار ، گۆڤاری "ڕۆشنبیری نوێ" ، ژ١١٦ ، بەغدا ، ١٩٨٨ ، ل٧١ - ٩٢ (د. کوردستانی موکریانی لە ڕووسی‌یەوە کردوویە بە کوردی) .

(٣٠)د. زارێ یووسف ، گرووپەکانی کردار لە دیالێکتی سلێمانی‌دا ، گۆڤاری "ئاسۆی زانکۆیی" ، ژ٣ ، ساڵی ١ ، کانوونی یەکەمی ١٩٧٧ ، ل ٨٦ - ٨٩ (د. کوردستانی موکریانی لە ڕووسی‌یەوە کردوویە بە کوردی) .

(٣١)سەعید صدقی ، مختصر صرف و نحوی کوردی ، بەغدا ، ١٩٢٨ .
(٣٢)شێخ محەمەدی خاڵ ، پێشگر و پاشگر ، "گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد" ، ب٢ ، ژ١ ، بەغدا ، ١٩٧٤ ، ل ٢٥٦ - ٢٧٩ .
(٣٣) صادق بەهائەدین ئامێدی ، ڕێزمانا کرمانجی ، بەغدا ، ١٩٧٦ .
(٣٤)صادق بەهائەدین ئامێدی ، زمانێ کوردی ، گۆڤاری "ڕۆژی کوردستان" ، ژ٥-٦ ، ساڵی ١ ، بەغدا ، ١٩٧١ ، ل٤٩-٥١ .
(٣٥)صاڵح حسێن حەسەن پشدەری ، کورتەیێك لە ڕێزمانی کوردی ، بەغدا ، ١٩٨٥ .
(٣٦)عوسمان خەزنەیی ، کاتەکانی فرمانی ڕابوردوو لە زمانی کوردیدا ، گۆڤاری "بەرەو ڕووناکی" ، ژ٣ ، هەولێر ، ١٩٧٣ ، ل٣٠-٣١ .
(٣٧)عومەر دزەیی ، بەراوردکردنێکی (ڕابوردووی تەواو)ی کوردی لەگەڵ (Perfect)ی زمانە ئەوروپاییەکان ، گۆڤاری "کاروان" ، ژ٢٤ ، ئەیلوولی ١٩٨٤ ، ل٥-٨ .
(٣٨)عەبدولڕەحمان محەمەد ئەمین زەبیحی ، قامووسی زمانی کوردی ، بەرگی یەکەم ، بەغدا ، ١٩٧٧ ؛ بەرگی دووەم ، بەغدا ، ١٩٧٩ .
(٣٩)عەبدوڵلا شاڵی ، ڕابەری قوتابیان بۆ چاوگ و بۆ فرمان ، بەغدا ، ١٩٧٦ .
(٤٠)عەبدوڵلا شاڵی ، ناوی بکەر (الفاعل) لە زمانی کوردیدا ، گۆڤاری "پەروەردە و زانست" ، ژ١٥ ، بەغدا ، ١٩٧٩ ، ل ٥-٧ .
(٤١)عەبدوڵلا شاڵی ، (ە)ی سواو ، گۆڤاری "پەروەردە و زانست" ، بەشی یەکەم ، ژ١٢ ، ساڵی ٦ ، بەغدا ، ١٩٧٧ ، ل ٣-٧ ؛ بەشی دووەم ، ژ١٣ ، ساڵی ٦ ، بەغدا ، ١٩٧٧ ، ل١٤ - ١٩ .
(٤٢)عەبدوڵلا شاڵی ، د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ ، د. ئەمین عەلی ، نووری عەلی ئەمین ، فەرەیدون عەلی ئەمین ، عەلائەددین سەجادی ، کەمال مەحموود فەرەج ، ئەبووزەید مستەفا سەندی ، زمان و ئەدەبی کوردی ، بۆ پۆلی

یەکەمی ناوەندی ، بەغدا ، ١٩٧٦ ؛ بۆ پۆلی دووەمی ناوەندی ، بەغدا ، ١٩٧٦ ؛ بۆ پۆلی سێیەمی ناوەندی ، بەغدا ، ١٩٧٦ ؛ بۆ پۆلی چوارەمی ئامادەیی ، بەغدا ، ١٩٧٦ ؛ بۆ پۆلی پێنجەمی ئامادەیی ، بەغدا ١٩٧٦ ؛ بۆ پۆلی شەشەمی ئامادەیی ، بەغدا ، ١٩٧٦ .

(٤٣)د. عەبدوڵلا نەقشبەندی ، پاشکۆی (درا) ، "گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد" ، ب١ ، ژ١ ، بەغدا ، ١٩٧٣ ، ل ١١٥ - ١٣١ .

(٤٤)د. قەناتێ کوردۆ ، ڕێزمانی کوردی بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجی و سۆرانی ، بەغدا ، ١٩٨٤ (د. کوردستانی موکریانی لە ڕووسییەوە کردوویە بە کوردی) .

(٤٥) د. قەناتێ کوردۆ ، ڕێزمانی کوردی ، چاپی یەکەم ، یەریڤان ، ١٩٤٩ .

(٤٦)د. قەناتێ کوردۆ ، زمانێ کوردی ، چاپی چوارەم ، یەریڤان ، ١٩٧٠ .

(٤٧)د. قەناتێ کوردۆ ، زمانێ کوردی ، فرانکفۆرد ، ١٩٨١ .

(٤٨)د. کوردستانی موکریانی ، چۆنیەتی نووسینی چاوگەی نەسادە ، "گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق - دەستەی کورد" ، ب٩ ، بەغدا ، ١٩٨٢ ، ل ١٨٦ - ٢١١ .

(٤٩)د. کوردستانی موکریانی ، سینتاکسی ڕستەی سادە لە زمانی کوردیدا ، بەغدا ، ١٩٨٦ .

(٥٠)لیژنەی دەستووری زمانی کوردی کۆڕی زانیاری عێراق - دەستەی کورد ، هەندێ لە بابەتە کێشەدارەکان لە ڕێزمانی کوردیدا ، بەغدا ، ١٩٨٥ .

(٥١)لیژنەی زمانی کوردی ، بەراوردکاریی لە نێوان زارە کوردییەکاندا ، "گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق - دەستەی کورد" ، ب ١٠ ، بەغدا ، ١٩٨٣ ، ل ٢٧٧ - ٣٢٧ .

(٥٢)محەمەد ئەمین هەورامانی ، بەراوردێکی سەرپێیی نێوان زمانی ئاڤێستا و زمانی ئەمڕۆی کوردی ، گۆڤاری "کاروان" ، ژ٥٥ ، هەولێر ، ١٩٨٧ ، ل ٢٤ - ٣١ .

(٥٣)محەمەد ئەمین هەورامانی ، زاری زمانی کوردی لە ترازووی بەراورددا ، بەغدا ، ١٩٨١ .

(٥٤)محەمەد ئەمین هەورامانی (سۆکۆلۆڤ ، زمانی ئاوێستا - وەرگێڕان و لێدوان و بەراوردکردنی لەگەڵ زمانی کوردیی ئەمڕۆدا) ، بەغدا ، ١٩٨٨ .

(٥٥)محەمەد ئەمین هەورامانی ، سەرەتایێك لە فیلۆلۆژیی زمانی کوردی ، بەغدا ، ١٩٧٣ .

(٥٦)محەمەد ئەمین هەورامانی ، فەرهەنگی نێریان ڤاچ ، بەغدا ، ١٩٨٧ .

(٥٧)محەمەد ئەمین هەورامانی ، (کە) لە زمانی یەکگرتووی ئەدەبیی کوردی‌دا ، گۆڤاری "کاروان" ، ژ١٢ ، هەولێر ، ١٩٨٣ ، ل ١٩ - ٢٨ .

(٥٨)محەمەد مەعرووف فەتتاح ، کارپۆلێن کردن بەپێی ڕۆنان ، گۆڤاری "ڕۆشبیتری نوێ" ، ژ ١٢١ ، ١٩٨٩ ، ل ٤٠ - ٥٩ .

(٥٩) مەسعوود محەمەد ، بەسەرداچوونەوە ، "گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد" ، ب٥ ، بەغدا ، ١٩٧٧ ، ل ١٣٥ - ١٧٦ .

(٦٠)مەسعوود محەمەد ، بەکارهێنانی (ی) لە ڕێزمانی کوردیدا ، "گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد" ، ب١ ، ژ١ ، بەغدا ، ١٩٧٣ ، ل ٣٩ - ١١٤ .

(٦١)مەسعوود محەمەد ، چەند حەشارگەیێکی ڕێزمانی کوردی ، بەغدا ، ١٩٧٦ .

(٦٢)مەسعوود محەمەد ، لە ئاوێنەی ئەم گوتارەدا تیشکی چەند چرایەك ، گۆڤاری "کاروان" ، ژ٢٠ ، هەولێر ، ١٩٨٤ ، ل ١٧ - ٢٥ .

(٦٣)مەسعوود محەمەد ، هەڵدانەوەی چەند ڕووپەڕەیێکی زمانی کوردی ، "گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد" ، ب ٥ ، بەغدا ، ١٩٧٧ ، ل ٢٦٤ - ٣١١ .

(٦٤)د. نەسرین فەخری ، پاشگری (–اندن) لە زمانی کوردیدا ، "گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد" ، ب٢ ، ژ١ ، بەغدا ، ١٩٧٥ ، ل ١٩٨ – ٢٤٣ .

(٦٥)د. نەسرین فەخری ، (ڤە) یان (وە/ەوە) لە زمانی کوردیدا ، "گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد" ، بەغدا ، ب١ ، ژ١ ، بەغدا ، ١٩٧٣ ، ل ٢٣٤ – ٢٧٢ .

(٦٦)د. نەسرین فەخری ، چاوگی بێ واتا لە زمانی کوردیدا ، نەجەف ، ١٩٧٢ .

(٦٧)د. نەسرین فەخری و د. کوردستانی موکریانی ، ڕێزمانی کوردی بۆ پۆلی یەکەمی بەشی کوردی زانکۆی سەلاحەددین ، ١٩٨٢ .

(٦٨)نووری عەلی ئەمین ، چاوگی "بوون" و "هەبوون" لە زمانی کوردیدا ، گۆڤاری "ڕۆشنبیری نوێ" ، ژ١٠٩ ، بەغدا ، ١٩٨٧ ، ل ٢٢٩ – ٢٥٦ .

(٦٩)نووری عەلی ئەمین ، ڕێزمانی کوردی ، سلێمانی ، ١٩٦٠ .

(٧٠)نووری عەلی ئەمین ، شێوازی ئەرێ و نەرێ لە ئاخاوتنی کوردیدا ، "گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق – دەستەی کورد" ، ب١٥ ، بەغدا ، ١٩٨٦ ، ل١٣٩ – ١٨١ .

(٧١)نووری عەلی ئەمین ، گرتنی کەلێنێکی تر لە ڕێزمانی کوردی ، بەغدا ، ١٩٥٨ .

(٧٢)نووری عەلی ئەمین ، قەواعیدی زمانی کوردی (لە صرف و نەحو)دا ، بەرگی یەکەم ، بەغدا ، ١٩٥٦ ؛ بەرگی دووەم ، بەغدا ، ١٩٥٨ .

(٧٣)نووری عەلی ئەمین ، نیشانەکانی ڕێژەی فرمان ، گۆڤاری "ڕۆشنبیری نوێ" ، بەشی یەکەم ، ژ١٠٦ ، بەغدا ، ١٩٨٥ ، ل٥٠ – ٥٩ ؛ بەشی دووەم ، ژ١٠٧ ، بەغدا ، ١٩٨٥ ، ل٢٠١ –٢١٥ .

(٧٤) وريا عومەر ئەمين ، تێنەپەڕ فرمانێکی بکەر نادیارە ، گۆڤاری "ڕۆشنبیری نوێ" ، ژ١٠٧ ، ئەیلوولی ١٩٨٥ ، ل ١٩٦-٢٠٠ .
(٧٥) وريا عومەر ئەمين ، ڕستەی بکەر نادیار ، گۆڤاری "ڕۆشنبیری نوێ" ، ژ٩٥ ، بەغدا ، ١٩٨٢ ، ل ٢٤-٣٥ .
(٧٦) وريا عومەر ئەمين ، کات و ڕەگی فرمان ، گۆڤاری "ڕۆژی کوردستان" ، ژ٦٥ ، بەغدا ، ١٩٨٤ ، ل ٧٨ - ٨٢ .
(٧٧) وريا عومەر ئەمين ، یاسایێکی فۆنۆلۆجی ، گۆڤاری "ڕۆژی کوردستان" ، ژ ٦٦ ، بەغدا ، ١٩٨٤ ، ل ٥١-٥٢ .
(٧٨)هەژار ، هەنبانە بۆرینە (فرهنگ کردی فارسی) ، تاران ، ١٣٦٩ .

بەزمانی فارسی

(٧٩)دکتر ابراهیم پور ، دستور زبان کردی ، تهران ؟
(٨٠)دکتر پرویز ناتل خانلری ، تاریخ زبان فارسی ، جلد اول ، ١٣٥٤ ؛ جلد دوم ، ١٣٥٤ ؛ جلد سوم ، ١٣٥٤ .
(٨١)ذو النور ، دستور پارسی در صرف و نحو و املای فارسی ، تهران ، ١٣٤٣ .
(٨٢)سید کمال طالقانی ، دستورزبان فارسی ، چاپ ششم ، ١٣٥١ .
(٨٣)علی برناك ، دستور زبان فارسی ، ١٣٤٧ .
(٨٤)محمد صدیق مفتی زاده ، درس زبان کردی ، جزوه ١-٢ ، تهران ، ٢٥٣٦ .
(٨٥)محمد کیوان پور ، نامهای پرندگان در لهجەهای کردی ، تهران ، ١٣٢٦ .

به زمانی عەرەبی

(٨٦)الدكتور ابراهيم انيس ، من اسرار اللغة ، الطبعة الرابعة ، القاهرة ، ١٩٧٢ .

(٨٧)الدكتور ابراهيم السامرائى ، فقه اللغة المقارن ، بيروت ، ١٩٦٨ .

(٨٨)الدكتور ابراهيم السامرائى ، مباحث لغوية ، النجف ، ١٩٧١ .

(٨٩)توفيق وهبى ، اصل الاكراد و لغتهم ، "مجله المجمع العلمى الكردى" ، المجلد ٢ ، العدد ٢ ، بغداد ، ١٩٧٤ ، ص ١-٢٤ .

(٩٠)توفيق وهبى ، قواعد اللغة الكردية ، الجزء الاول ، الباب الثانى ، بيروت ، ١٩٥٦ .

(٩١)توفيق وهبى ، قواعد اللغة الكردية ، الجزء الاول (الف باء) ، مجموعة من المحاضرات التى القيت في نادى الارتقاء الكردى ببغداد فى سنة ١٩٥٥ - ١٩٥٦ ، بغدا ، ١٩٥٦ .

(٩٢)زبير بلال اسماعيل ، تاريخ اللغة الكردية ، بغداد ، ١٩٧٧ .

(٩٣)صلاح سعدالله ، حول اللغة الكردية ، بغداد ، ١٩٨٥ .

(٩٤)عبدالباقى الصافى ، دراسة و مقارنة للكلمة و علم الصرف فى اللغتين العربية و الانكليزية ، مستل من مجلة كلية الاداب جامعة البصرة ، العددان ٤ و ٥ .

(٩٥)عبدالهادى مطر ، دراسات فى قواعد اللغة العربية ، الجزء ١-٣ ، النجف ، ١٣٨٥ هـ.

(٩٦)الدكتور عبده الراجحى ، التطبيق الصرفى ، بيروت ، ١٩٧٩ .

(٩٧)الدكتور على عبدالواحد وافى ، علم اللغة ، الطبعة السابعة ، القاهرة ، ١٩٧٢ .

(٩٨)فتحية توفيق صلاح ، التيسير فى النحو والصرف ، عمان ، ١٩٧٨ .
(٩٩)الدكتورة كوردستان موكرياني ، قواعد اللغة الكردية ، بغداد ، ١٩٨٩ .
(١٠٠)محمد التقى الحسينى الجلال ، نزهة الطرف فى علم الصرف ، النجف ، ١٩٧٧ .
(١٠١)محمد سعيد عبدالرحمن ، قواعد اللغة العربية فى النحو و الصرف ، بغداد ، ١٩٧٠ .
(١٠٢)مسعود محمد ، لسان الكرد ، بغداد ، ١٩٨٧ .
(١٠٣)ميريللا غاليتى ، التراث الكردي فى مؤلفات الايطاليين ، "گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق - دەستەی کورد" ، ب٨ ، بەغدا ، ١٩٨١ ، ل ٢٢٥-٣٠٠ (ئەم بەرهەمە د. یووسف حبی لە زمانی ئیتالییەوە کردوویە بە کوردی) .

بە زمانی ڕووسی

(١٠٤)ئۆ. س. ئاخمانۆڤا ، فەرهەنگی زاراوەکانی زمان ، مۆسکۆ ، ١٩٦٦ .
(١٠٥)یو. یو. ئاڤالیانی ، جۆرەکانی واتای کرداری ڕابوردووی نزیک لە زمانە ئێرانییەکاندا (بە کەرەستەی زمانی کوردی) ، "کارەکانی زانکۆی ئوزبەگستان" ، ١٩٥٦ ، ب ٦٢ ، ل ١٣٣- ١٤١ .
(١٠٦)یو. یو. ئاڤالیانی ، دابەش کردنی کرداری ناسادە و کێشەی تێپەڕاندن و تێنەپەڕاندن لە کرمانجیدا ، کتێبی "کورتەی وتارەکانی کۆنفرانسی فیلۆلۆژیی ئێرانی " ، لێنینگراد ، ١٩٦٢ ، ل ٣-٥ .

(١٠٧)یو. یو. ئاڤالیانی ، دەستووری ڕێژەی کردار لە زمانی کوردیدا (دیالێکتی کرمانجیی خوارو) ، "کورتەی وتارەکانی کۆنفرانسی ڕۆژهەڵاتناسان" ، باکۆ ، ١٩٦٣ ، ل٦-٧ .

(١٠٨)یو. یو. ئاڤالیانی ، کرداری ناسادە لە زمانی کوردیدا ، گۆڤاری "کارەکانی زانکۆی ئوزبەگستان" ، ب٩٥ ، ١٩٥٩ ، ل١٣٧ - ١٥٠ .

(١٠٩)یو. یو. ئاڤالیانی ، کرداری ناسادە و کێشەی کرداری تێپەڕ و تێنەپەڕ لە زمانی کوردیدا ، "کورتەی وتارەکانی کۆنفرانسی فیلۆلۆژیی ئێرانی" ، لینینگراد ، ١٩٦٢ ، ل ٣-٥ .

(١١٠)یو. یو. ئاڤالیانی ، کێشەی جیاکردنەوەی کرداری لێکدراو و ئیدیۆمی کرداری (بە کەرەستەی زمانی کوردی) ، گۆڤاری "کورتەی دەنگوباسی زانکۆی سەمەرقەند" ، سەمەرقەند ، ١٩٥٨ ، ل٤٠-٤٣ .

(١١١)یو. یو. ئاڤالیانی ، لەبارەی جۆرەکانی واتای کرداری ڕابوردووی بەردەوامەوە لە زمانە ئێرانییەکاندا (بە کەرەستەی زمانی کوردی) ، "کارەکانی زانکۆی ئوزبەگستان" ، ١٩٥٩ ، ب٦٠ ، ل ٧٩-٩٠ .

(١١٢)یو. یو. ئاڤالیانی ، لەبارەی هەندێ ڕێگەی گەشەکردنی ڕۆنانی کردارەوە لە دیالێکتی ژووروی زمانی کوردیدا ، "ئیدیۆم و شێواز و پێکهاتنی ڕێزمانیی زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان" ، سەمەرقەند ، ١٩٧٢ ، ل٢٨-٤٠ .

(١١٣)ك. ر. ئەیووبی و ئی. ئا. سمیرنۆڤا ، دیالێکتی کوردی موکری ، لینینگراد ، ١٩٦٨ .

(١١٤)ئی. م. ئۆرانسکی ، زمانە ئێرانییەکان ، مۆسکۆ ، ١٩٦٣ .

(١١٥)د. ن. ئوشاکۆڤ ، فەرهەنگی زمانی ڕووسی ، مۆسکۆ ، بەرگی یەکەم ، ١٩٣٥ ؛ بەرگی دووەم ، ١٩٣٨ ؛ بەرگی سێیەم ، ١٩٣٩ ؛ بەرگی چوارەم ١٩٤٠ .

(١١٦)چ. خ. باکاییڤ ، بەشە دیالێکتی کوردی تورکمەنستان ، مۆسکۆ ، ١٩٦٢ .

(١١٧)چ. خ. باکاییڤ ، زمانی کوردەکانی ئازەربایجان ، مۆسکۆ ، ١٩٦٥ .

(١١٨)چ. خ. باکاییڤ ، زمانی کوردەکانی سۆڤیێت ، مۆسکۆ ، ١٩٧٣ .

(١١٩)چ. خ. باکاییڤ ، لەبارەی کێشەی گەردانی سوبیەکت و ئۆبیەکتی کرداری تێپەڕەوە لە زمانی کوردیدا ، "کێشەی زمانەوانی" ، مۆسکۆ ، ١٩٦٠ ، ژ ٤ ، ل ١٠٣ – ١٠٦ .

(١٢٠)س. ڤ. برۆملێی ، ل. ن. بوولانۆڤا ، دەربارەی وشەسازیی بەشە دیالێکتەکانی زمانی ڕووسی ، مۆسکۆ ، ١٩٧٢ .

(١٢١)ل. بلومفیلد ، زمان (تەرجومەی ڕووسی) ، مۆسکۆ ، ١٩٦٨ .

(١٢٢)پ. ئا. بوداگۆڤ ، مرۆڤ و زمانی ، مۆسکۆ ، ١٩٧٤ .

(١٢٣)ڤ. م. بیریزین ، ب. ن. گۆلۆڤین ، زمانناسیی گشتی ، مۆسکۆ ، ١٩٧٩ .

(١٢٤)ت. ن. پاخالینا ، زمانە پامیرییەکان ، مۆسکۆ ، ١٩٦٩ .

(١٢٥)ن. س. پۆسپێلۆڤ ، پێوەندیی نێوان حاڵاتی ڕێزمانی و بەشەکانی ئاخاوتن ، کتێبی "کێشەی پێکهاتنی ڕێزمانی" ، ، مۆسکۆ ، ١٩٥٥ ، ل ١٦١ – ١٨٥ .

(١٢٦)م. ن. پیترسۆن ، لەبارەی بەشەکانی ئاخاوتنی زمانی ڕووسییەوە ، کتێبی "کێشەی پێکهاتنی ڕێزمانی ، مۆسکۆ ، ١٩٥٥ ، ل٦١ – ٨٨ .

(١٢٧)ل. ئا. پیرێنکۆ ، بەراوردکردنی تایبەتێتی کرداری ڕابوردووی تێپەڕ لە زمانی کوردی و تالیشی دا ، مۆسکۆ ، ١٩٥٦ (کورتەی نامەی دوکتۆری)

(١٢٨)ئا. م. پیشکۆڤسکی ، ڕستەسازیی ڕووسی لەبەر ڕووناکیی زانستدا ، چاپی حەوتەم ، مۆسکۆ ، ١٩٥٦ .

(١٢٩)ر. ل. تسابۆلۆڤ ، لەبارەی مێژووی وشەسازیی زمانی کوردییەوە ، مۆسکۆ ، ١٩٧٨ .

(١٣٠)ئی. ئی. تسوکەرمان ، دیاریکردنی واتای کرداری تێپەڕ لە زمانی کوردیدا ، "گۆڤاری فەلەستین" ، ب١١ ، ژ٧٤ ، مۆسکۆ - لێنینگراد ، ١٩٦٤ ، ل٣٩ - ٤٤ .

(١٣١)ئی. ئی. تسوکەرمان ، ڕێزمانی کوردی ، مۆسکۆ ، ١٩٦٢ .

(١٣٢)ئی. ئی. تسوکەرمان ، لەبارەی یەکێتی ڕەگەزی نیشانەی کرداری کاتی ئێستا و حاڵەتی حازرەوە لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروی زمانی کوردیدا ، گۆڤاری "کێشەی ڕۆژهەلاتناسی" ، ١٩٥٩ ، ب٢ ، ل١٤٨ -١٥٥ .

(١٣٣)ئی. ئی. تسوکەرمان ، هاوڕەگەزایەتیی نیشانەی کاتی ئایندە و نیشانەی حاڵەتی غائیب لە زمانی کوردی (کرمانجی)دا ، "کێشەی ڕۆژهەلاتناسی" ، ١٩٥٩ ، ژ٢ ، ل١٤٨ - ١٥٥ .

(١٣٤)ئا. س. چیکۆباڤا ، سەرەتاییکی زمانناسی ، بەرگی یەکەم ، چاپی دووەم ، مۆسکۆ ، ١٩٥٣ .

(١٣٥)ن. ئا. دڤۆریانکۆڤ ، زمانی پشتۆ ، مۆسکۆ ، ١٩٦٠ .

(١٣٦)م. دۆکولیل ، کێشەی حاڵەتەکانی وشەسازی ، گۆڤاری "کێشەی زمانناسی" ، ژ٦ ، مۆسکۆ ، ١٩٦٧ .

(١٣٧)ئا. ڤ. دیسنیسکایا ، کێشەی لێکۆڵینەوەی خزمایەتیی زمانە هیند و ئەوروپاییەکان ، مۆسکۆ - لێنینگراد ، ١٩٥٥ .

(١٣٨)ڤ. س. ڕاستۆرگویڤا ، زمانی فارسیی ناوەڕاست ، مۆسکۆ ، ١٩٦٦ .

(١٣٩)ئا. ئا. ڕیفۆرماتسکی ، سەرەتاییکی زمانناسی ، چاپی چوارەم ، مۆسکۆ ، ١٩٦٧ .

(١٤٠)د. زارێ یووسف ، دیالێکتی سلێمانی زمانی کوردی ، مۆسکۆ ، ١٩٨ .

(١٤١)د. زارێ یووسف ، کرداری کارا بزر له زمانی کوردیدا (به کەرەستەی دیالێکتی کرمانجیی خواروو) ، "نووسراوە دێرینەکان و مەسەلەی مێژووی کولتووری گەلانی ڕۆژهەلات" ، لینینگراد ، ١٩٧٣ ، ل ١٤٧ - ١٥٠ .

(١٤٢)د. زارێ یووسف ، گرووپەکانی کردار له بەشە دیالێکتی سلێمانیدا ، "نووسراوە دێرنیەکان و مەسەلەی مێژووی کولتووری گەلانی ڕۆژهەلات" ، مۆسکۆ ، ١٩٧٧ ، ل ٢٧٥ - ٢٧٩ .

(١٤٣)گ. ئا. زۆگراف ، کرداری تێپەڕ وەك حاڵەتێکی وشەسازیی لە زمانە هیند و ئەوروپاییەیە نوێکاندا ، "نووسراوە دێرینەکان و مەسەلەی مێژووی کولتووری گەلانی ڕۆهەلات" ، لینینگراد ، ١٩٧٣ ، ل١٢٧ - ١٣٠ .

(١٤٤)یێ. ئا. زیمسکایا ، وشە چۆن سازدەبێ ، مۆسکۆ ، ١٩٦٣ .

(١٤٥)ئا. م. زیمسکی ، س. یێ. کریوچکۆڤ ، م. ڤ. شڤێتلاییڤ ، زمانی ڕووسی ، بەرگی یەکەم ، چاپی حەوتەم ، مۆسکۆ ، ١٩٦٦ .

(١٤٦)ڤ. ئا. ژڤێگینسێڤ ، زمان و تیۆریی زمانناسی ، مۆکسو ، ١٩٧٣ .

(١٤٧)ئا. ئی. سامیرنیتسکی ، وشەسازیی زمانی ئینگلیزی ، مۆسکۆ ، ١٩٥٩ .

(١٤٨)یو. س. ستیپانۆڤ ، بنەماکانی زمانناسیی گشتی ، مۆسکۆ ، ١٩٧٥ .

(١٤٩)ئی. ئا. سمیرنۆڤا ، پێوەندیی بنەماکانی کردار لە زمانی کوردیدا (دیالێکتی سۆرانی) ، "کورتەی هەواڵەکانی ئامۆژگای میللەتانی ئاسیا" ، ژ ٦٧ ، ١٩٦٣ ، ل ٣٨ - ٤٠ .

(١٥٠)ئی. ئا. سمیرنۆڤا ، گەردانی کرداری تێپەڕ لە دیالێکتی خوارووی کوردی (سۆرانی)دا ، کتێبی "کورتەی وتارەکانی کۆنفرانسی فیلۆلۆژیی ئێرانی" ، لینینگراد ، ١٩٦٢ ، ل ٢٣- ٢٤ .

(١٥١)س. ن. سۆکۆلۆڤ ، زمانی ئاوێستا ، مۆسکۆ ، ١٩٦١ .

(١٥٢)ل. ف. شێربا ، بەشەکانی ئاخاوتن لە زمانی ڕووسیدا ، کارە هەڵبژاردەکانی دەربارەی زمانی ڕووسی ، مۆسکۆ ، ١٩٥٧ ، ل٢١٣ - ٢٤٢ .

(١٥٣)ف. ئا. فورۆلۆڤا ، زمانی بلووجی ، مۆسکۆ ، ١٩٦٠ .

(١٥٤)ن. س. ڤالگینا ، د. ئ. رۆزێنتال ، م. ئی. فۆمینا ، ف. ف. تساپکینڤیچ ، زمانی ڕووسیی ئەمڕۆ ، چاپی چوارەم ، مۆسکۆ ، ١٩٧١ .

(١٥٥)ف. ف. ڤینۆگرادۆڤ ، زمانی ڕووسیی ، مۆسکۆ - لینینگراد ، ١٩٤٧ .

(١٥٦)ف. ف. ڤینۆگرادۆڤ ، زمانی ڕووسیی ئەمڕۆ (وشەسازی) ، مۆسکۆ ، ١٩٧٢ .

(١٥٧)ك. س. کاچکینا ، کێشەی واتای مۆرفیم ، مۆسکۆ ، ١٩٦٧ .

(١٥٨)ڤ. ئی. کۆدۆخۆڤ ، سەرەتایێکی زمانناسی ، مۆسکۆ ، ١٩٧٩ .

(١٥٩)ق. کوردۆ (کوردۆیێڤ) ، دوو بنچینەی ڕۆنانی وشە لە زمانی کوردیدا ، "کورتەی دەنگوباسی ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتناسی" ، ١٩٥٩ ، ب ٢٩ .

(١٦٠)ق. کوردۆ (کوردۆیێڤ) ، دەستووری زمانی کوردی ، مۆسکۆ ، ١٩٥٧ .

(١٦١)ق. کوردۆ (کوردۆیێڤ) ، دەستووری زمانی کوردی (بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجیی ژووروو و خواروو) ، مۆسکۆ ، ١٩٧٨ .

(١٦٢)ق. کوردۆ (کوردۆییڤ) ، ڕۆنانی وشە لە زمانی کوردیدا ، "ڕێزمان و مێژووی زمانەکانی ڕۆژهەلات" ، لێنینگراد ، ١٩٥٨ ، ل ١٠٩ -١٤٢ .

(١٦٣)ق. کوردۆ (کوردۆییڤ) ، زمانی کوردی ، مۆسکۆ ، ١٩٦١ .

(١٦٤)ق. کوردۆ (کوردۆییڤ) ، گەردانی ئۆبێکتی و سوبێکتی کرداری تێپەڕ لە زمانی کوردیدا (بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجیی ژووروو و خواروو) ، مۆسکۆ ، ١٩٦٠ .

(١٦٥)ق. کوردۆ (کوردۆییڤ) ، گەردانی کرداری تێپەڕ لە زمانی کوردیدا ، گۆڤاری "وتاری نوێنەرانی سۆڤێت لە کۆنگرەی بیست و چوارەمی ڕۆژهەلاتناسیدا" ، مۆسکۆ ، ١٩٦٠ .

(١٦٦)ق. کوردۆ (کوردۆییڤ) ، مانا و دەوری ڕێزمانیی کرداری (چوون) لە زمانی کوریدا ، "نووسراوە دێرینەکان و مەسەلەی مێژووی کولتووری گەلانی ڕۆژهەلات" ، مۆسکۆ ، ١٩٧٤ ، ل١٣٨ – ١٤١ .

(١٦٧)ئێ. ئۆ. کۆستیێتسکایا ، ڤ. ئی. کارداشیڤسکی ، ڕێزمانی فەرەنسی ، چاپی حەوتەم ، مۆسکۆ ، ١٩٧٣ .

(١٦٨)ئا. ل. گریونبێرگ ، لەبارەی ڕێزمانی ئەفغانییەوە (پشتۆ) ، لێنینگراد ، ١٩٨٧ .

(١٦٩)ئا. ن. گڤۆزدیڤ ، زمانی ئەدەبیی ڕووسیی ئەمڕۆ ، بەرگی یەکەم ، چاپی سێیەم ، مۆسکۆ ، ١٩٦٧ .

(١٧٠)ئا. ئی. گولانۆڤ ، وشەسازیی زمانی ڕووسیی ئەمڕۆ ، چاپی دووەم ، مۆسکۆ ، ١٩٦٥ .

(١٧١)ب. ن. گۆلۆڤین ، سەرەتاییکی زمانناسی ، چاپی دووەم ، مۆسکۆ ، ١٩٧٨ .

(١٧٢)ن. م. لیمپیل ، زمانی لاتینی ، مۆسکۆ ، ١٩٦٦ .

(١٧٣)ئا. ماییە ، شێوازی بەراوردکاری لە زمانناسیی مێژووییدا ، مۆسکۆ ، ١٩٥٤ .

(١٧٤)د. مەکسیمی خەمۆ ، زمانی کوردەکانی بادینانی کوردستانی عێراق ، کتێبی "ولاتان و میللەتانی ڕۆژهەلاتی نیزیك و ناوەڕاست" ، ب٧ ، یەریڤان ، ١٩٧٥ ، ل٢٧٣ – ٣٨٢ .

(١٧٥)ڤ. ن. یارخۆ ، ڤ. ئی. لۆبۆدی ، زمانی لاتینی ، چاپی چوارەم ، مۆسکۆ ، ١٩٦٩ .

بە زمانە ڕۆژئاواییەکان

(176)H. W. Bailey , The Persian Language , - "The Legacy of Persia" , ed by A. J. Arberry , Oxford , 1953 .

(177)C. E. Bazel , Linguistic typology , London , 1958 .

(178)C. E. Bazel , Meaning of the morpheme "Word" , V.18 , 1962 , No. 1-2 .

(179)Bedir – Khan Kamuran , Languga Kurda , Paris , 1964 .

(180)G. O. Curme , A Grammar of English Language , London , N.-Y, 1931 .

(181)C. J. Edmonds , Prepositions and Personal Affixes in Southern Kurdish . – BSOAS , 1955 , Vol.17 , pt.3 .

(182)Ernest N. Maccarus , A Kurdish Grammar , New – York , 1958 .

(183)J. R. Firth , Papers in Linguistics (Oxford University Press , 1957) .

(184)H. A. Gleason , Linguistics and English Grammar , New – York , 1966 .

(185)M. P. Garzoni , Grammatca e vocabolario della Lingua Kurdia , Roma , Socra Congregazione di Propogande Fide , 1787 .

(186)Z. Harris , From Morpheme to Utterance , USA , 1946 .

(187)C. F. Hockett , A course in modern Linguistics , New – York , 1958 .

(188)James Sledd , A Short Introduction to English Grammar , Chicago , 1959 .

(189)R. F. Jardine , Bahdinan Kurmanji , a grammar of the Kurmanji of the Kurds of Mousul division and surtounding districts of Kurdistan , Baghdad , Govermant Press , 1922 .

(190)Joyce Blau , Manuel De Kurde , Paris , 1980 .

(191)F. Justi , Kurdishe Grammatik , S. – pb , 1880 .

(192)D. N. Mackenzie , Kurdish , Dialect Studies , London , 1957 .

(193)D. N. Mackenzie ,Kurdish Dialects Studies , London , 1961 .

(194)J. C. Nesfield , English Grammar , Past and Present , London , 1931 .

(195)Norman C. Stageberg , An Introductory English Grammar , New – York , 1965 .

(196)H. E. palmer , A Grammar of Spoken English (W. Heffer and Sons Ltd , Cambridge , 1950) .

(197)Paul Roberts , Patterns of English , New – York , 1956 .

(198)E. B. Soane , Elemantary Kurmanji Grammar , Baghdad , 1919 .

(199)E. B. Soane , Grammar of the Kurmanji or Kurdish Language , 1913 .

(200)A. V. Wiliams Jackenzie , Avesta Grammar , Part I , Stuttgart W. Kohlhammer , 1892 .

ناوەڕۆك

پێشەکی ٣
کێشەی کردار.................... ٦
١-کێشەی سنووری کردار وەك دانەیێکی لێکسیکی ل٧ ؛ ٢-کێشەی سیستەمی حالآتی کردار ل١١ ؛ ٣-کێشەی سیستەمی فۆرمی ڕێزمانیی کردار ل١٣ ؛ ٤-کێشەی پێکهاتنی وشەسازیی کردار ل ١٤ .
چاوگ ١٧
١-کۆمەڵی بە (-ان) کۆتایی هاتوو ل ٣٣ ؛
٢-کۆمەڵی بە (-ین) کۆتایی هاتوو ل ٣٣ ؛
٣-کۆمەڵی بە (-وون) کۆتایی هاتوو ل ٣٤ ؛
٤-کۆمەڵی بە (-تن) کۆتایی هاتوو ل ٣٥ ؛
٥-کۆمەڵی بە (-دن) کۆتایی هاتوو ل ٣٥ ؛
کرداری تێنەپەڕ و کرداری تێپەڕ ٤٣
کردار لە ڕووی ڕۆنانەوە ٦٨
کرداری ساد ل ٦٨ ؛ کرداری دارێژراو :
ا-پێشگر (یەك - پێشگری سادە ل ٦٩ ؛ دوو پێشگری ناسادە ل ٨١) ؛ ب- پاشگر ل ٨٥ ، کرداری لێکدراو ل ٩٠ .

بنەمای کردار ١٠٦
ا- قەدی کردار ل ١٠٧ ، ب- ڕەگی کردار : ڕێگەی بنەڕەتی ل ١٢٩ ؛ ڕێگەی بیژۆك ل ١٣٦ .
ناوی کارا ل ١٥٠ ؛ ناوی بەرکار ١٦٢ ؛
ناوی چاوگ ل ١٦٦ ؛ ناوی جێگا ل ١٧٠ ؛
ناوی ئامێر ل١٧١ .
ئەنجام ل١٧٥ .
ڕێژە و کات ١٨٣
١-ڕێژەی ئیخباری ١٩١
کاتی ڕانەبوردوو (ا-کاتی ئێستا ل١٩٨ ؛ ب-کاتی ئاینده ل١٩٩) .
کاتی ڕابوردوو (١-ڕابوردووی نزیک ل٢٠٠ ؛ ٢-ڕابوردووی بەردەوام ل٢٠٢ ؛ ٣-ڕابوردووی تەواو ل٢٠٥ ؛ ٤-ڕابوردووی دوور ل٢٠٨) .
٢-ڕێژەی ئینشائی ٢١٦
کاتی ڕانەبوردوو (ا-کاتی ئێستا ل٢١٦ ؛ ب-کاتی ئاینده ل٢٢١).
کاتی ڕابوردوو (١-ڕابوردووی نزیک ل٢٢٥ ؛ ٢-ڕابوردووی بەردەوام ل٢٢٦ ؛ ٣-ڕابوردووی تەواو ل٢٢٨ ؛ ٤-ڕابوردووی دوور ل٢٢٩) .
٣-ڕێژەی داخوازی ٢٣٨
کرداری یاریدەدەر ٢٥١
کرداری (بوون) ٢٥١
باری ئەرێتی : ١-ڕێژەی ئیخباری ل٢٥٢ ؛ ٢-ڕێژەی ئینشائی ل٢٥٥ ؛ ٣-ڕێژەی داخوازی ل٢٥٧.

باری نەرێتی : ١-ڕێژەی ئیخبا ی ل٢٥٧ ؛
٢-ڕێژەی ئینشائی ل٢٥٨ ؛ ٣-ڕێژەی داخوا ی ل٢٥٩.
کرداری (هاتن) ٢٦٧
کرداری (هێنان / هانین) ٢٦٩
کرداری (دان / داپین) ٢٧٠
کرداری (کردن / کرن) ٢٧١
ئەو کردارانەی لە دەستوور لادەدەن ٢٧٢
کرداری (هەبوون) ٢٧٢
باری ئەرێتی : ١-ڕێژەی ئیخباری ل٢٧٥ ؛
٢-ڕێژەی ئینشائی ل٢٧٧ ؛ ٣-ڕێژەی داخوازی ل٢٧٧.
باری نەرێتی : ١-ڕێژەی ئیخباری ل٢٧٨ ؛
٢-ڕێژەی ئینشائی ل٢٧٩ ؛ ٣-ڕێژەی داخوازی ل٢٧٩.
کرداری (هەبین) ٢٨٢
کرداری (وبستن) ٢٩٠
کرداری (چوون) ٢٩١
کرداری هاتن) ٢٩٣
کرداری (زانین) و (کارن) ٢٩٤
نەرێتیی کردار ٢٩٥
ئامرازی (نا) ل٢٩٥ ؛ ئامرازی (نە) ل٢٩٨ ؛
ئامرازی (مە) ل٣١٠ ؛ ئامرازی (نی) ل٣١٢ ؛
ئامرازی (تون) ل٣١٢ ؛ ئامرازی (نـ – in) ل٣١٣ .
کرداری کارا دیار و کرداری کارا بزر ٣١٥
نیشانەی نموونەکان ٣٤٩
سەرچاوە ٣٥٣

زنجیرەی کتێبە چاپکراوەکانی دەزگای چاپو پەخشی سەردەم

١-پیکاسۆ	ئینگو والتەر	و. زۆراب
٢-خەون	ئەفلاتوون	و. ئاوات ئەحمەد
٣-مار-ساد	پیتەر قایس.	شێرزاد حەسەن
٤-دنیای شتە بچووکەکان	ڕێبوار سیوەیلی	
٥-جەژنی لەدایکبوونی کەروێشکە خرین	ئەلیسۆن ئەتتلی	و. تۆفیق ئەحمەد عبدول
٦-هێلانە	حسێن عارف	
٧-ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران	رۆبەرت ئۆلسن	و. ئەبوبەکر خۆشناو
٨-هوشیاریی ئابووری	فوئاد تاهیر سادق	
٩-بیناى هونەری لە کورتە چیرۆکی کوردیدا	ئەحلام مەنسور	
١٠-کوردو کوردستان	د. ولید حمدی	و. محەممەد نوری تۆفیق
١١-زمانی ئاگایی، ئاگایی زمان	عبدالمطلب عبدالله	
١٢-پەهەشتی ئەوبەر پردەکە	ڕێبوار حەمە ڕەحیم	
١٣-مستەفا سائیب ئەستێرەگەشەی	کەمال رەئووف محەممەد	
١٤-ڕووەک و پزیشکیتی میللی کوردی	کەمال جەلال غەریب	
١٥-زستانە خەون	گوڵی تەرەقی	و. دلاوەر قەرەداغی
١٦-هاوڕێنامە بۆ مێژووی کوردستان	هاوڕێ باخەوان	
١٧-پیدرۆ پارامۆ	خوان ڕۆلفۆ	و. ئازاد بەرزنجی و ڕێبوار سیوەیلی
١٨- ئاغا و شێخ و دەوڵەت	مارتین فان برونەسن	و. کوردۆ
١٩-پاڵمە خۆی		و. ڕێبوار رەشید
٢٠-چراکانی سەر هەڵەموت	شێرکۆ بێکەس	
٢١- گۆران وگەڕان بەدوای یەقیندا	عەتا قەرەداغی	
٢٢- کتێبی (ژن)	کەژاڵ ئەحمەد	
٢٣- ڕێویەکی سەیر		و. حەمە رشید
٢٤- لە پەراوێزی مێژووی ئەردەڵاندا	ئەوشیروان مستەفا ئەمین	
٢٥- مێژووی ئارامییەکان	شاسوار. خ هەرشەمی	
٢٦-٢٢ گوللە	ئیسماعیل بێشکچی	و. ئاسۆس ئەحمەد هەردی
٢٧- دیوانی بێکەس	کۆکردنەوەی ئومێد ئاشنا	

د. عبدالرحمن الحاج معروف

قواعد اللغة الكردية

المجلد الأول

(المورفولوجيا)

القسم الخامس

- الفعل -

Dr. AWRAHMANI HAJI MARF

KURDISH GRAMMAR

Volume 1

(MORPHOLOGY)

Part 5

-VERB-

Sulaimany- 2000